٣

نیسانی ٢٠١٦

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکریه، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات

ڕیشەکانی بنبەست وقەیرانی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی کورد،
بەرەو ١٧ شوباتێکی تر، هەنگاوێکی لەبایکۆت کارسازتر
پیویستە، ڕەخنەلە پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان،
تیرۆریزمی ئیسلامی وڕاسیزم لەئەورپا، مافەکانی ژنان
لەبەرنامەی دونیایەکی باشتردا، دەربارەی دەسەڵات،
هەڵوەشانەوەی کاری بەکرێ، بەڵگەنامەکان..


عوسمانی حاجی مارف
محسن کەریم
ڕێبوار ئەحمەد
خەسرەو سایە
دەشتی جەمال
موئەیەد ئەحمەد
جەمال محسن

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە ٣ / ساڵی دووەم / نیسانی ٢٠١٦

سەرنوسەر:

**جەمال محسن**

دیزاین:

**خەسرەو سایە**

هەڵەبڕ:

**ئیبراهیم موحەمەد**

بەشدارانی ژمارە:

**عوسمانی حاجی مارف، محسن کەریم،**
**دەشتی جـەمال، خـەسرەو سایە، ڕێبوار ئەحمەد، موئەیەد**
**ئەحمەد، فریردك ئەنگلس، مەنسور حكمەت**
**جەمال محسن**

پەیوەندی:

0047 47276028

**didgaisocialisti@gmail.com**

## ناوەڕۆك:


★ **سیمینارێك دەربارەی ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی کورد**
جەمال محسن، عوسمانی حاجی مارف، خەسرەو سایە،
محسن کەریم، موئەیەد ئەحمەد.................................. .......... ٢

★ **بەرەو ١٧ ی شوباتێکی تر**
ڕێبوار ئەحمەد......................... .................... ٧٦

★ **هەنگاوێکی لە بایکۆت کارسازتر پێویستە**
ڕێبوار ئەحمەد.............................................................. ٨٣

★ **پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟**
ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا (٢)
خەسرەو سایە.............................................................. ٨٨

★ **تیرۆریزمی ئیسلامی و ڕاسیزم لە ئەوروپا**
دەشتی جەمال.............................................................. ١٢٥

★ **داواکاریە بەرنامەییەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەربارەی مافەکانی ژنان**
مەنسور حکمەت.............................................................. ١٣١

★ **دەربارەی دەسەڵات**
فریدریك ئەنگڵس.............................................................. ١٣٩

★ **دەربارەی هەڵوەشانەوەی کاری بە کرێ**
مەنسور حکمەت.............................................................. ١٤٣

★ **بەڵگەنامەکان:**.............................................................. ١٥١
- نەخشەڕێگای دەرهێنانی کۆمەڵگای کوردستان لە قەیران و بنبەستی ئێستا
- بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری و ئەرکەکانمان
- بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە ڕاگەیاندنی فیدراڵیزم لە "ڕۆژئاوا- باکوری سوریا"

## ووتەیەکی کورت بۆ ئەم ژمارەیە:

ئەم ماوانە کوردستان بە هەلومەرجێکی نالەبارداتێئەپەڕێ. ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و دەستەنگ بە لە تونێلێکی ڕەشدا گیرکراوە و لە بری ئاسودەیی دابینبوونی ژیان، گۆشخوزەرانی و ئازادی، هەژاری و برسێتی و نەبوونی خزمەتگوزاریە سەرەکی و پێویستیەکانی ژیان و نەمانی هیچ سیمایەکی ژیانی هاوچەرخ بۆتە نەگبەتیەک و یەخەی خەڵکی گرتووە. لێکدانەوەی ئەوەی سەرچاوەی ئەم کێشە و بنبەستانە لە چیدایە و ناڕەزایەتیەکانی خەڵک ئەبێ چ ئاقارێک وەربگرن، بەشێکی سەرەکی ئەم ژمارەیەی دیدگای سۆشیالیستی پێکدێنن.

سەرەتا سیمینارێکە کە هەوڵ ئەدات لە چەند گۆشەیەکەوە سەرچاوەی قەیران و بنبەستی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و نوقمبونی کۆمەڵگای کوردستان لەم نەهامەتیەدا خراونەتە بەرباس.

بە دوای ئەوەدا دوو بابەت دێت کە سەبارەت بە ناڕەزایەتیەکان و ئاسۆکانی و گۆڕینی شێوازی ناڕەزایەتیەکانە. ئەگەرچی ئەم دوو بابەتە لەکاتی گەرمەی ناڕەزایەتیەکانی ماوەی ڕابردوی کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایاندا دێت بەڵام گرنگیەکەی لەوەدایە کە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ڕێگایەک لەبەردەم ناڕەزایەتیەکاندا کە چ لە ساڵانی پێشودا درێژەی بووە و چ ئیمکانی هەیە دوبارە سەرهەڵبدەنەوە.

لەم ژمارەیەشدا و لە درێژەی ئەو لێکدانەوە و ڕەخنانەدا کە سەبارەت بە بزوتنەوەی گۆڕان و بەرنامە سیاسیەکەیەتی بەشی دوەم دێت و هەروا درێژەی ئەبێ بۆ بەشەکانی داهاتوو.

لەپاڵ ئەمانەشدا بابەتێکتان بەرچاو ئەکەوێت سەبارەت بە سەرهەڵدانی ڕەگەزپەرستی و تیرۆریزمی ئیسلامی و گەشەیان لە دنیادا.

ئەمە و چەند بابەتێکی وەرگێڕدراو بە ناوەکانی (داواکاریە بەرنامەییەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەربارەی مافەکانی ژنان) و (دەربارەی هەڵوەشانەوەی کاری بە کرێ) دێنە بەرچاو.

دواتریش ئەو ڕاگەیاندنانەی حزب دێن کە سەبارەت بە هەلومەرجی کوردستان و ڕێگاچارەی دەربازبوون لێیان دەرچوون: (نەخشەڕێگای دەرهێنانی کۆمەڵگای کوردستان لە قەیران و بنبەستی ئێستا، بۆ پێشەوە بەرەو دەسەڵاتداریێتی شورایی)، (بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری و ئەرکەکانمان).

دوابەش ڕاگەیاندنی حزبە سەبارەت بە ڕاگەیاندنی فیدراڵیزم لە کوردستانی سوریا، لەژێر ناوی (بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە ڕاگەیاندنی فیدراڵیزم لە "باکوری سوریا_ڕۆژئاوا") دا.

سوپاس بۆ هەر پێشنیار و بۆچونێکتان کە لەسەر ئەم ژمارەیە هەتانبێ بگات بە دەستمان لە ڕێی ئیمەیلی گۆڤارەکەوە.

سەرنوسەر

نیسانی ٢٠١٦

# سیمیناریك دەربارەی:
# ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتداریێتی

<u>خوێنەرانی خۆشەویست،</u>

ئەم بابەتەی بەردەستەتان دەقی گەڵاڵە کراوی سیمینارێکی ناوخۆییە، کە بەمەبەستی شیکردنەوەی بارودۆخی کوردستان، لە لەلایەن سەرنوسەری گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستیەوە، لەمانگی شوباتی ٢٠١٦ دا و بەشداری هاوڕیان، عوسمانی حاجی مارف، خەسرەو سایە، موئەیەد ئەحمەد، محسن کەریم، جەمال محسن، سازدراوە. شایانی باسە سمینارەکە سەرەتا بە شێوەی دەنگ ئامادە کرا و پاشان هاوڕێیان ئەحمەد عەلی، بنار مستەفا، بە سوپاسەوە ئەرکی نووسینەوەیان کێشاوە ودواتریش لەلایەن بەشداربوانی سمینارەکەوە وردبینی وپێداچوونەوەی پیویستی تیائەنجامداروە، تا وەك بابەتێکی نوسراو بۆ بڵاوبوونەوە بگونجێنرێ.

**دیدگای سۆشیالیستی**

**جەمال محسن:**

سڵاو... ئەم کاتەتان باش..

لەم سیمینارەدا هەوڵدەدەین ریشەکانی بنبەست و قەیرانی ئێستای دەسەڵات بخەینە بەرباسەوە و چەند مەسائیلێک بوروژێنین، بنەمای باسەکە ئەوەیە ئێمە تێگەیشتنێکی کۆمۆنیستی وە لێکدانەوەیەکی مارکسیستی لەسەر هەلومەرج و دۆخێک کە کوردستانی پیا ئەڕوات بدەین بە دەستەوە. باسەکانی ئەم سیمینارە هەریەک لە هاوڕێیان عوسمانی حاجی مارف، خەسرەوسایە،

# ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتداریتی

موئەیەد ئەحمەد، موحسن کەریم و جەمال موحسن تیایدا بەشدارن. بێگومان باسەکانی ئەم سیمینارە بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی لە گۆڤاری فیکری و سیاسی، "دیدگای سۆسیالیستی"دا ئەنجام دەدرێ.

سەرەتا بۆ چونە نێو باسەکەوە، بە پێویستی ئەزانم لەپێشەکیەکی کورتدا چوارچێوەک بخەمە ڕوو: هەڵبەتە لە هیچ کەس شاراوە نیە کە هەلومەرجی کوردستان بە بارودۆخێکی قەیراناوی و ژیانێکی سەخت و کولەمەرگی و هەژارییەکی کەموێنەدا تێئەپەڕێت. ئەوەی کە بە ئاشکرا ئەبینرێ سیماکانی ژیان و بژێوی خەڵکە کە مەترسی لەسەر خەڵکی هەژار و دەستەنگ و ئەوانەی موچە وەردەگرن داناوە. بەتایبەتی کە بۆ چەندین مانگ، کە لە ئێستادا بۆ ٥ مانگ ئەچێت حکومەت موچەی نەداوە. ئیستا تەواوی بوارەکانی ژیانی ئابوری خەڵک بەرەوخوار ملی گرتووە. هەروەها ئەشبینین کە لەولاوە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانا چ پەرلەمانەکەی و چ حکومەتەکەی بەو شێوەو فۆرمەشەوە کە خۆیان بۆ خۆیانیان دانابوو بەبنبەست گەیشتووە و سەرەنجام گیرۆدە بووە بە ئەزمەیەکی سەراپاگیر. بۆرژوازی کورد و ئەحزابە سیاسیەکانی، یانی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد و هەروەها ئیسلامیەکانیش کە پێکەوە لە دەسەڵاتدا بەشدار بوون قسەی جیا ئەکەن لەسەر ئەم بارودۆخە و هەر یەک بەجۆرێک ناوی لێئەنێن و جۆرێک لێکدانەوەی بەپێی بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی خۆیانی بۆدەکەن. لایەنێکی سیاسی بیەوێ و بتوانێ لێکدانەوەیەکی دروست و تەحلیلێکی مارکسیستی بۆ ئەم وەزعە بدا بە دەستەوە ئێمە کۆمۆنیستەکان و حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە، بۆیە لێرەدا هەوڵ ئەدەین بەپێی بواری ئەم سیمینارە کۆمەڵێک مەسائیل لەم بارەوە بوروژێنین.

بۆ ئەوەی بتوانین دەسپێبکەین لە سەرەتاوە ئەتوانین بڵێین لایەن هەیە ئەڵی ڕیشەی دۆخەکە قەیرانی داراییە و باسی ئەوە ئەکات کە لە کوردستاندا پارە نیە، یان پارە بەشی ئەوە ناکات کە ژیانی خەڵک دابین بکرێ، حکومەت مووچە بدات، خەستەخانەکان و خزمەتگوزاریەکانی خەڵک چاک بکرێ، پارە نیە کارەبا دابین بکرێ و زۆر شتی تر..

لایەنێکی تر ئەڵێ ئەسڵەن حکومەت حکومەتی قەیرانە. یەک لە سەر یەک قەیرانی ئامادەکردوە تا خەڵک مەشغوڵ بکات.. لایەنێکی تر ئەڵێ لەبەرئەوەی حزبە باڵادەستەکان لەوانە پارتی ئیحترام و ڕێز بۆ پەرلەمان و سەروەری پەرلەمان دانانێن تارۆڵی نیشتمانی و موئەسەساتی بگێڕێ بۆیە سەرچاوەی هەموو ئەمانە لەوێوە هاتووە. لە کاتێکا وەکو وتم تەواوی گۆشەکانی ژیانی خەڵک دەرگیری بارخراپی و داڕمان بووە.

ئێمە کۆمۆنیستەکان دەڵێین چی؟ لە ئەدەبیاتی حزبدا زۆر جار باس لەوە کراوە بارودۆخێک کە کوردستانی تێکەوتوە زۆرتر بە بنبەستی بۆرژوازی کورد، یانی بە بنبەستی ئابوری و سیاسی و حکومەتی بۆرژوازی کورد ناوی دەبەین. بەڵام ئەم دەربڕینە هێشتا قسەیەکی گشتیە و بۆ ئەوەی بچینە ناوەرۆک ولایەنەکانیەوە دەمانەوێت لێرەوە دەست پێبکەین.

بە هەر حاڵ ئەگەر قەیرانی ئابووری هەیە لەکوردستاندا با ڕونیبکەینەوە لایەنەکان و هۆکاری سەرەکی ئەم قەیرانە و ئەم بنبەستە چییە کە کۆمەڵگەی تێکەوتووە و لە کوێوە سەرچاوەی

گرتووە؟ ئەگەر باسی بنبەستی سیاسی بۆرژوازی کورد دەکەین، ماناکەی چیە و لەکوێوە هاتووە..
هیوادارم هاوڕێیان بتوانن لەقسەوباسەکانیاندا بێنە سەر گۆشە و کەنارەکانی ئەم مەسەلەیە.
خاڵێکی تر کە بە پێویستی دەزانم لەسەرەتاوە ئاماژەی بۆبکەم ئەوەیە کە لە ئێستدا جیهان دەرگیری قەیرانێکی ئابووریە کە لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە دەستیپێکردووە، ڕەنگدانەوەو کاریگەری ئەم قەیرانە لەسەر کوردستان و ناوچەکە چیە و یان ئایا ئێمە ئەتوانین تەنها چوارچێوەی لێکدانەوەکانمان بۆ ئەم قەیرانە بەتەنها لە ئاستی محەلی و لە کوردستاندا سەرنج بدەین یان پێویستە فراوانتر بۆی بڕوانین؟
من ئەم پێشەکیە کورتەم تەنها بۆ دەستپێکی باسەکە بەپێویست زانی بەڵام دیارە لەچوارچێوەی قسە و جەدەل و پلیمێکی سیاسیدا ئەتوانین مەسائیلی زیاتر لەوبارەوە بوروژێنین. بۆ چوونە ناو باسەکەوە سەرەتا لە خەسرەوسایە وە دەست پێدەکەم:
تۆ پێتوایە سەرچاوەی وەزعیەت و بارودۆخی ئەزمە گرتووی ئیستای کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە و سەرەکیترین لایەنەکانی چین؟ فەرموو هاوڕێ خەسرەو.

**خەسرەوسایە:**

بە پێچەوانەی ئەوانەی کە ریشەی ئەم قەیرانەی ئێستا، یا ئەو دۆخەی کە کوردستانی پێگەیشتووە، دەگەڕێننەوە بۆ غیابی عونسوری عەقڵ و پێیوایە ئەوانەی کاروباری ئابووری و سیاسەتیان لەدەستدایە ئاقلانە مامەڵەیان نەکردووە و سەرەنجام دۆخی ئێستا وەک بەرهەمی پرۆسەیەکی تالانچێتی تاقمێکی میلیشیایی دەبینن، وەیان هەندێکیتر ریشەی دۆخی ئێستا ئەگێڕنەوە بۆ بارخراپی ئیدارە و نەبوونی موئەسەسات و دامەزراوەی نیشتمانی و نەتەوەیی.. من پێموایە ریشەی ئەم بنبەست و قەیرانە لەکاپیتالیزمی کوردستان و سیستەمێکدایە کە بورژوازی کورد لەجەرگەی هەلومەرجێکی جیهانی و ناوچەییدا دایمەزراندووە. قەیرانی ئێستاش قەیرانێکی پێکهاتەیی (ساختاری-هەیکەلی) و سەراپاگیرە لە کاپیتالیزمی کوردستاندا کەپێشینەیەکی تەئریخی هەیە و پەیوەستە بەشکڵگرتنی سەرمایە و دەسەڵات لەدوای ساڵانی ٩١ەوە تا ئێستا. هاوکات ئەم سیستەمە و ئەم قەیرانە ساختاریەی کاپیتالیزم لەکوردستان بەشێکە لەقەیرانی سیاسی و حکومەتی و قەیرانێکی ئابوری سەرمایەداری جیهانی و ناوچەیی و کاریگەریەکانی عەکس بووەتەوە لەکوردستانا، بەواتایەکیتر ئەمەوێ بڵێم قەیرانێک کەلەکوردستانا هەیە، ریشەی لەمەوجودییەتی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری و سەرخانێکی سیاسیدایە کەلەدوای ڕاپەڕین پرۆسەی شکڵگرتنی ئەم دەسەڵاتە و نەزم و نیزامی سەرمایەداری و تێپەرکردنی چەند دەورەیەک، هاتۆتە بوون.
بە ڕای من ئەگەرچی مەودای دەرکەوتی ئەم قەیرانە فراوانە و لە بوعدێکی کۆمەڵایەتیدا شۆڕ بۆتەوە و واوەتریش لەئاستەکانی حکومەت، پەیوەندیەکان لەگەڵ بەغدا، ئیقتیساد و پرۆسەی بازرگانی ڕۆیشتوە، هاوکات عەکس بوەتەوە لەسەر ئەخلاقیات، هەڵسوکەوتی چینی دەسەڵاتدار و خودی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم و بەجۆرێک لە جۆرەکان لە هەموو ئەم ئاستانەدا ڕەنگی

## ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتدارێتی

داوەتەوە، بەڵام من پێموایە سێ مەیدان یانی سێ لایەن و دەرکەوتەی ئەسڵی ئەم قەیرانە ساختاریە لە سێ گۆشەی سەرەکیدا خۆی ئەنوێنێ، گۆشەی یەکەمیان قەیرانی ئیقتیسادیە کە ئەویش وەک وتم ریشەی لە شکڵگرتنی ئیقتسادی کاپیتالیستیدایە لەکوردستان کەلە رابردوودا لەسالآنی ۷۰کانەوە دەسپێئەکا و دوای دەورانێکی ماوە درێژ لەچاوەڕوانی دەکەوێتە قۆناغێکی پەرەسەندنەوە. بەتایبەت دوای روخانی حکومەتی بەعس لە ۲۰۰۳ تا ناوەڕاستی ۲۰۱۳ دەورەیەک لەگەشەی سەرمایەداری قۆناغێک تەواو ئەکا، وە دوای تەواوبوونی ئەو قۆناغە دووبارە لەحاڵەتی راوەستان و چاوەڕوانیدا، بەرامبەر بەهەلومەرجێکی جیهانی (کە وەک خۆتان وتتان قەیرانێکی ئیقتیسادی جیهانی هەیەو هەلومەرجی ئەمنیەتی ناوچەکە، شەڕوپێکدادان هەیە) سەردەردێنێتەوە. بەتایبەتی ئێمە ئەبینین کە کوردستان بەشێکە لەعێراق یانی لەژێر کاریگەری سیاسەت و ئیقتیساد لە عێراقدایە و عێراقیش بەشێکە لەهەلومەرجی سیاسی و ئیقتیسادی لەڕۆژهەلآتی ناوەڕاست و ئێستا بۆتە کانونێک بۆ رەقابەتێکی ئیمپریالیستی و دەوڵەتانی ناوچەکە. مەعلومە تادۆخی عێراق و ناوچەکە وابێت ئیقتسادی کوردستانیش لەچاوەڕوانیدا دەبێ. گۆشەی دووەمیان قەیرانی حکومەتیە، ئەم دەسەلآتە بەرهەمی هەلومەرجێکی سیاسی و جەنگێکی ناوچەیی و ناوخۆییە و فەرزکراوە بەسەر دۆخی ئابووریدا. ئێستا ئەم شکڵە بۆردو کارکردەکانی بەو شێوەیەی کە هەلومەرجی سیاسی ئابوری سەرمایەداری جیهانی دەیخوازێ بە ولآتانی وەک کوردستان و عێراقی سپاردووە، ئاڵوگۆری بەسەر هاتووە، ئەم شێوەیە لەحکومڕانی و دەوڵەت ناتوانێ موناسب بێ بۆ دەورەیەکی ماوەدرێژ لەگەشەی سەرمایە کە تەمسیلی واقعی دەوڵەتی سەرمایەداران بکا و زامنی هەلومەرجی ئەمنی لەبار بکات بەرادەی ئەوەی کە بتوانێ بەشەکانی چینی سەرمایەدار لە کوردستان لە خۆیا کۆبکاتەوەو لەنەتیجەی رەقابەتیاندا رۆڵبگێڕێ.. بەعەکسەوە دەسەلآتی ئێستا شکڵێکە لەئیدامەی ئەو حکومەتە حزبیەی کەدوای جەنگی کەنداو دەسەلآت و نفوزی ئەحزابی میلیشیای ناوچەیی بەسەر بازاڕی کار و سەرمایەدا زاڵکردووە و سەرەڕای چەندین دەورە لەهەڵبژاردن و وجودی پەرلەمان و ئۆپۆزسیۆن، نەیتوانیوە ئەم حاڵەتە تەجاوز بکات. ئیدامەی ئەمە بۆ سالآنێکی زۆر، ناگونجێ لەگەڵ رەوتی سەرمایەدا، یانی سەرمایە سەرخانێکی موتەناسب بەخۆی ئەوێ. دەرکەوتەیەکیتر جگە لەقەیرانی حکومەتی و ئابووری واتە گۆشەی سێهەم بەڕای من مەوقعییەتی جیۆپۆلەتیکی کوردستانە، واتە دیاری نەکردنی ئەم جوگرافیایە وەک ناوچەیەک لەبڕانەوەی حەقی حاکمیەت و مەشروعیەت پێدانیەتی وەک ناوچەیەکی سەربەخۆ بەپێی قانونە نێونەتەوەییەکان. ئەمە بەڕۆشنی لە قەیرانی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدادا هەرجارە سەردەرئەهێنێ. بە واتایەک ئەمەوێ بڵێم کوردستان ئێستا مەعلوم نیە نە خۆی دەوڵەتێکە نە بەشێکە لە دەوڵەتێک کە بتوانێ قەوانینی نێودەوڵەتی بۆ کارکردە سیاسی و ئیقتیسادیەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا موعتەرەف بێ، شەرعیەتی هەبێ و بتوانێ بچێتە نێو پێکهات و رەوابیتە سیاسی و ئیقتیسادیە جیهانیەکانەوە، تا بتوانێ بەشێوەی دەوڵەتێک کار بکا. ئێمە دەبینین کەچۆن بەرئەنجامی کێشمەکێشی سەرانی سیاسی و دەستەبەندییەکان لەناوخۆی عێراقدا، هاوکات سیراعاتی دەوڵەتانی ناوچەکە، ئەحزابی سیاسی لە کوردستاندا بەبلۆکبەندی و

دابەشبوونێکی ئاشکراگەیاندووە. ئەم دۆخە پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدای هەمیشە بە هەڵپەسێراوی بەناڕۆشنی و بەقەیرانێکی بەردەوامدا بردووە. لەم دواییانەدا مەسعود بارزانی لەژێر ناوی سەربەخۆیی کردنی بازرگانی نەوت و مەسەلەی ڕیفراندۆمی کوردستاندا، ئەم قەیرانەی لەئاست پەیوەندی لەگەڵ بەغدادا قوڵترکردۆتەوە، لەکاتێکدا کەڕۆشنە پلاتفۆرم و ستراتیجیەتێکی سیاسی و ئیقتیسادی دەباتە پێشەوە کە دەوڵەتی تورکیا لەئاستی مەنتیقەکەدا ئەیگێڕێ، وە پارتیش وەکو حزبێک کە زۆرتر ئەم خەتەی هەڵبژاردووە. هەر لەم کاتەدا ئێمە دەبینین کە یەکێتی نیشتیمانی وەکو حزبێک (وە ئەحزابەکانی تر) زۆرتر لەژێر تیشکی ئێراندا خەریکن هەڵسوکەت دەکەن، بەم مەعنایە کوردستان ناتوانێ و حەقی نیە و ڕێگەپێدراو نیە لە ئاستی جیهانیدا بەم حاڵەتە دوو فاکتۆییەوە و بەو هۆیەوە کە خۆی دەوڵەتێکی بە ڕەسمی ناسراو نیە لە ئاستی جیهاندا ئازادانە و قانونی تەسەروفی سیاسی و ئیقتسادی لەئاستی نێودەوڵەتیدا بکات هەربۆیە دیسانەوە دەرگیری راوەستان و چاوەڕوانیە بەدیار تەوازنی هێزی دەوڵەتان و ڕەوت و تەیاراتی سیاسی کە لە عێراقدا ڕۆڵدەگێڕن. من پێموایە بەردەوام بوون و درێژەکێشانی ئەم دەرکەوتانەیە کەئەبعادی بنبەست و قەیرانی بۆرژوازی کوردی بەرینکردۆتەوەو هەتا هاتووە شۆڕ بووەتەوە بۆ هەموو بوارەکانیتر و هاوکات لە حاڵەتێکی راوەستان و چاوەڕوانیدا بەدیار ئەوزاعی سیاسی و ئیقتیسادی و یەکلا کردنەوەی کێشمەکێشی لایەنەکاندا راگیراوە. واتە لەدەورەیەکی ئینتیزار و چاوەڕوانیدا قەراری گرتووە.

### جەمال محسن:

بەڵام هاوڕێ خەسرەو لێرەدا خاڵێک هەیە کەگرنگەو بەجۆرێکیش لە قسەکانتدا هات و وەکو تەوەرەی یەکەمیش باست کرد، ئەویش مەسەلەی قەیرانی ئابووریە، با بڵێین سیماکانی ئەم قەیرانەی ئەمڕۆی کوردستان بناسین و دەستی بخەینە سەر، بۆ نموونە لە شێوە گشتیەکەیدا ئامانجێکی سەرەکی سەرمایە، هێنانی زیاتری قازانج و کەڵەکەی سەرمایەیە، ئەمە لەکوردستاندا بەجۆرێک ئەبینین، بەتایبەتی کاتێک کە پرۆسەی بەرهەمهێنان نەتوانێ بەپێی قاعیدە ئەم هەدەفە بباتە پێشەوە توشی قەیرانێک ئەبێ، یانی دەورانێکی قەیراناوی بە ڕێ ئەکا، بەبڕوای تۆ ئەم لێکدانەوە گشتیە بەسەر کوردستانا چۆن جێبەجێ ئەبێ لەکاتێکدا ئەزانین بۆ نموونە بڕێکی زۆر پارە و داهات لە کوردستان هەیە وە بەشێوەیەکی مۆڵیش وەک باس ئەکرێ لەبانکە جیهانیەکانیشدا هەیە، چۆنیەتی لێکدانەوەی ئەو پارەیەی کەلە کوردستاندا هەیە لە گەڵ ئەو سیماتە گشتیەی ئەو قەیرانەی باسی لێئەکرێ بە بڕوای تۆ چۆنە؟

### خەسرەو سایە:

لەسەر مەسەلەی قەیرانی ئیقتیسادی سەرەتا حەز ئەکەم لەسەر یەک نوقتە ڕاوەستم: ئەویش ئەوەیە کە کوردستان قەیرانی دارایی نیە (قەیرانی دارایی بەمانای کەمی سەرمایە ئەڵێم)، قەیرانی ئابووری هەیە. بەڵام بەرلەوەی باسی ئەوە بکەم کەئەم قەیرانە ئابووریە لە کوێوە هاتووە و

## ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتداریتی

تەبیعەتەکەی چۆنە، بەپێویستی دەزانم لەپێشدا وەڵامی ئەو بۆچوونە بدەمەوە کەدەڵێ قەیرانەکە داراییەو بەتایبەتیش کەئەحزابی حاکم و زۆرێک لەحزبەکانیتر لەروانگەی چینی بۆرژوازی دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە، دەیانەوێت زۆرتر وا پیشان بدەن کە گوایە پارە نەماوەو دابەزینی نرخی نەوت بووەتە بەرهەمی نەقسی سەرمایە لەکوردستان. من پێموایە لە کوردستان نەقسی سەرمایە نیە، قەیرانەکە بە شکڵی قەیرانی دارایی خۆی نانوێنێ چونکە لە کوردستان سیستەمێکی بانکی نیە. لە بنەڕەتدا ئەم بۆچوونە نەقڵکردنی مەفهومێکی ئۆتۆماتیکی و کۆپیە لەئەورووپاو زیاتر بۆ بەلاڕێدابردنی سەرنجی جەماوەرە. بۆنموونە لە ئەوروپا ئەکرێ بڵێین قەیرانی دارایی هەیە، واتە قەیرانی ئابووری سەرمایەداری لەنەقسی سەرمایەدا خۆی دەنوێنێ، ئەمەش بەدوای دەورەیەک لە گەشەی سەرمایە و تەرکیز بوونەوە و کەڵەکەبوونی سەرهەڵدەدات. لەپرۆسەیەکی ئاوادا و بەپێی روانگەی مارکسیستی سەرمایەی مالی وەختێک ئەبێتە دیاردەیەک بۆ قەیرانی ئیقتیسادی کەسەرمایەی مالی بەئاستێکی یەکجارزۆر جیائەبێتەوە لەسەرمایەی سەنعەتی و ئەم سەرمایەیە لە پرۆسەی کەڵەکەی خۆیدا ئەمەندە صوری ئەبێتەوە، (وەک ئەوەی مارکس پێی ئەڵێ ئەبێتە سەرمایەیەکی صوری_واتە شکڵی یان ساختە)، وە لەشێوەی ئەرقام و چەک و ئەوراقە نەقدیەکاندا بەئەوجی خۆی دەگات و لەبەینی دەوڵەتان و بانکەکاندا بەشکڵی ئەرقام دەردەکەوێ، بەڵام لە واقعدا ئەوبڕە لەشکڵی دراو و پارەدا وجودی نیە، بەم هۆیەشەوە ئەبێتە مایەی داڕمانی بانکەکان، وەک ئەوەی کەبینیمان لەوڵستریت و بانکەکانی هەندێ لە وڵاتە کانیتر روویدا. بەڵام کوردستان خۆی بە حوکمی ئەوەی کەدەوڵەت نیە و وەک دەوڵەتێکی بەڕەسمی ناسراو و خاوەنی سیستەمێکی بانکی نیە لەپەیوەند بەبازاڕی جیهانیەوە، هاوکات پیشەسازی هێندە گەشەی نەکردووە تاپرۆسەی جیابوونەوەی سەرمایەی مالی بەو رادەیەی لەئەورووپادا هەیە شکڵ بگرێ بۆیە من پێموایە مەسەلەکە نە قەیرانی دارایی و نەکەمی پارەیە.

بەڵام لەبارەی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری لە کوردستان و سیما گشتیەکانیەوە کە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەی بۆ دەکەن، سەرەتا رێگام بدەن با بەکورتی باسی قانونێک کە مارکس بۆ ناسینی قەیرانی ئابووری بەکاری دەهێنێ بدوێم. مارکس باسی ئەوە ئەکا کە قەیران لەپرۆسەی بەرهەمهێنان و گەشەکردنی ئیقتیسادی سەرمایەداریدا، وەک ئەنجامێک بۆ کارکردی یاسای هاتنە خوارەوەی مەیلی تێکڕایی خۆی دەنوێنێ، واتە داکەوتنی موتەوەستی رێژەی قازانج وەک مەیلێک. بەڵام خودی هاتنەخوارەوەی ئەم مەیلەو کارکردەکانی ئەم قانونە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانداییەو ئاکامی پەرەسەندن و چوونەسەری رێژە و ئاستی سەرمایەی سابتە (یانی ئەو بەشە لەسەرمایە کەتەخسیس ئەکرێ بۆ کڕینی هۆیەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان) کە بە خێراییەکی زۆر ئەچێتە سەرەوە لەچاو سەرمایەی گۆڕاودا (سەرمایەی موتەغەیر) کە تەرخان ئەکرێ بۆ کڕینی هێزی کار، تا وای لێدێ هێندە ئەچێتە سەرەوە، متەوەستی رێژەی قازانج لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا مەیل بۆ خوارەوە دێنێ، چونکە زێدەباییەک (فائض القيمة) کەلەم پرۆسەیەدا بەرهەمهاتووە و دواتر لەشکڵی قازانجی سەناعی –الربح الصناعي– و ریع و ربحی تیجاری و فائیدەی بانکیدا دەرئەکەوێ،

لە سەرمایەی موتەغەیرەوە بەدەست دێت و ئەمیش ڕێژەکەی لەچاو سەرمایەی سابتدا لەهەموو سەرمایەی کۆمەڵایەتی کەمی کردووە..
لەئیقتسادی کوردستاندا ئەم موعادەلەیە بەهەمان جۆر کە لە وڵاتانی ئەوروپادایە کارناکات، چونکە کوردستان حەوزەیەکە بۆ هێنانی سەرمایە (تصدیر الراسمال)، ئیقتیسادی کوردستان، ئیقتیسادێکی ژێردەسەڵاتی ئیمپرالیزم و مۆنۆپۆلی جیهانە. بەمجۆرەش قەیرانی ئابووری لەکوردستان راستەوخۆ بەرئەنجامی کارکردی قانونی مەیلی ڕوولەخواری تێکرایی قازانج نیە لەبازاڕی ناوخۆی کوردستاندا. بەڵکو بەرئەنجامی کارکردەکانی سەرمایەی جیهانی و ڕەنگدانەوەیەتی لەبازاڕی ناوخۆی کوردستاندا. جێگاوڕێگای ئیقتیسادی کوردستان لە کاردابەشکردنی جیهانیدا، وەک وڵاتێکی بەرهەمهێنی و مەوادی ژێرزەوی، لەوانە نەوت و گاز و چیمەنتۆ، ئاسن.. ڕێگای سەرەوژێربوونەوە و هاتنە ناوەوەی سەرمایە (تصدیر الرأسمال) بۆ کوردستان زامن دەکات. بەرهەمهێنانی ئەم کاڵایانە و ناردنەدەرەوەیان بۆ بازارەکانی جیهان، بەپێویست بەشی هەرەزۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەناوخۆدا وەک سەرمایەی بەرهەمهێنی زیدەبایی رووی تێئەکاو چەقدەبەستێ، ئەمەش لەسەر ئەساسی وەگەڕخستنی هێزی کاری هەرزان بەرهەم دێ. وەختێک ساغکردنەوەی ئەم کاڵایانە دەچێتە نێو بازاڕی جیهانیەوە، لەدوو ئاستدا قازانج سەروژێردەکاتەوە، یەکەمیان سەرو قازانج هێنەری ئیمپریالیستی (کە لە جیاوازی متەوەسیتی نرخی تێچوونی ئەم کاڵایانە- بۆنموونە متەوەستی نرخی تێچونی هەربەرمیلێک لەنەوت- لەبازاڕی ناوخۆی کوردستاندا لەچاو بازاڕی جیهانیدا یەکجار کەمترە سەرچاوە دەگرێ و دووەمیشیان لەفەرقی ریعی تەفازولیەوە پەیدا دەبێ، کەلەئەنجامی جیاوازی رادەی خێرایی بەرهەمهێنان و هەڵکەوتەی زەوی و ئاستی نزمی مەوادە ژێرزەمینەییەکان.. بەجۆرێک کەئەم هۆکارانە کاریگەری لەسەر نرخی تێچوو دابنێ.. وەختێک گۆڕینەوەی ئەم مەوادانە لە ڕێگەی بازرگانی دەرەکیەوە بەشکڵی سەرمایە بۆناوخۆ سەرەوژێردەبێتەوە وقازانجێکی خەیاڵی و چەند بەرابەر لەسەر حسابی هێزی کاری هەرزان لە دەستی دەسەڵات و دەوڵەتدا کۆدەکاتەوە. بەتایبەتی کەدەوڵەت و دەسەڵات، وەک بازرگان و کۆنترۆڵی سەرەکی بەرهەمهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوت و مەوادە ژێر زەمینەییەکانی تری لەدەستگرتووە. لەم پرۆسەیەدا سەرمایەی کۆمەڵایەتی، یان داهاتی دەوڵەت کەلەدەستی هەیئەی حاکمەدا کۆئەبێتەوە دواتر بەپێی بەرنامەو ئامانجە سیاسی و ئابووریەکان تویژتویژ دەبێتەوەو ئاراستەی بوارەکانی تر دەبێ.. بێگومان کاتێک کە قەیرانی ئیقتیسادی لەدونیادا هەبێت ئەوا کارکردەکانی خۆی لە پرۆسەی سەرەوژێر بوونەوەی سەرمایە و تێکچوونی ڕێژەی قازانج لەو ڕێگایانەوە کەباسمان کرد مۆری خۆی لەئیقتسادی ناوخۆی کوردستان دەدا و دوچاری راوەستان و بنبەستی دەکات. بەتایبەتی ئەم مەوادانە (نەوت و گاز و مەوادی ژێرزەمینی تر) لەبنەڕەتدا بەشێکن بۆ بەگەڕخستنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ئەو بەشە لە سەرمایەی سابت، کەئابووری وڵاتانی سەناعی (ئیقتسادی جیهانی ئیمپریالیستی) لەسەری راوەستاوەو پێویستیەتی، ئێستا ئیتر بە حاڵەتی اشباع) پڕبوونی خۆی گەیشتووە و ئەمەندە کەڵەکەبووە کە بە ناچاری نرخیان رووله خوارەوە کردووە. ئەمەوێ بڵێم قەیرانی ئابووری لە کوردستان ئۆتۆماتیکی

بەرهەمی دابەزینی سعری نەوت نیە، چونکە ئەگەر پێمان وابێ ئەوا دەبێ بەپێچەوانەی نەزەری مارکسیستیەوە، قەیرانی ئابووری لە دەخلی دەوڵەت و کەمهێنانی میزانیەدا ببینینەوە، نەک لەپرۆسەی بەرهەمهێنان و لە هەلومەرجی نیوان کار و سەرمایە لەئاستی جیهانی و ناوخۆدا ببینین. من پێموایە نوقتەی ئەسڵی قەیرانی ئیقتیسادی کوردستان چاوەڕوانیەکە کەپێکهاتی سیاسی و ئیقتیسادی ئیستا لەگشتیەتی خۆیدا لەپەیوەند بەدونیای ئەمڕو ودۆخی ناوچەکەوە ڕووبەڕووی بۆتەوە. دەبێ سەرمایەی جیهانی و هەلومەرجی سیاسی و ئیقتیسادی جیهانی و ناوچەکە بۆهەڵسانەوە جارێکیتر ڕێی پێبداتەوە. بەواتایەکیتر ئەمەوێ ئەوە بڵێم کەسەرمایەداری لەولاتگەلێکی وەک کوردستان ئەبێ بە قەدەر وەڵامدانەوە بەپێداویستیەکانی بازاڕو سەرمایەی جیهانی گەشە بکاو شکڵ بەخۆیەوە بگرێ و سەرخانی سیاسی و جۆری دەسەڵاتداریتی دامەزرێنێ، ئەگینا خۆی لە خۆیا ناتوانێ هەنگاو هەڵگرێ. ئێستا کە هەموو دونیا توشی قەیرانی ئابووری بووە، جەنگ و نائارامی لە مەنتقەکەدا برەوی هەیە، ناوچەکە کە کوردستان و عێراق بەشێکی سەرەکیەتی بۆتە ناوەندێک بۆ قەیرانی سیاسی و حکومەتی و پێکدادانی هێزە ئیمپریالیستیەکان، بۆ بۆرژوازی کورد سادە نیە بەو هەموو گرفت و ناکۆکیانەوە کەحزبەکانی هەیانە ئەم دۆخە تێپەڕێنن. بۆ نموونە لە ساڵانێکدا وەختێک سەرمایەداری لەسەردەمی داگیرکاری و کۆلۆنیالیستیدا، "حکومەتی وصایە" شێوەی حکومەتێک بووە، کە پاشا و مەلیک نوێنەرایەتی بەرژەوەندی دەوڵەتانی سەرمایەداری ئەورووپایان زامن کردووە و ڕێگەیان داوە کۆمپانیا بازرگانیە دەرەکیەکان مەوادی خام بەرنە دەرەوە. بەڵام دواتر بەدوای هاتنە سەرکاری حکومەتە ناسیۆنالیستیەکان، یانی ئەو حکومەتانەی لەڕێگەی "جولانەوەی دژی ئیمپریالیستی"یەوە وەکو خۆیان ئەڵێن جولانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی هاتنە سەر کار و دەستیان بۆ پرۆسەیەکی ئیسلاحات برد، وەک ئەوەی سەدام حوسەین کە ئیسلاحی زراعی کرد و تەئمینی نەوتی کرد وئەو کالایانەی بۆ بازاڕی جیهانیە، کردی بەدەوڵەتی و فۆرمی ئیقتسادی سەرمایەداری دەولەتی و ئیستبدادێکی سیاسی دامەزراند. ئەمە پێداویستی ئەو دەورەیە بوو بەڵام ئێستا لەساڵانی حەفتاکانەوە تا ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ ئەم فۆرمە لە ئیقتیساد و دەوڵەت کارایی خۆی لەدەستداوە. ئیتر ئەم سیستەمە سیاسیە و ئەم فۆرمە لەئیقتیساد لەبنبەست و چاوەڕوانیدایە بەدیار یەکلابوونەوەی کێشە جیانی و ناوچەییەکانەوە دەبێ ئەمە چارەسەر بێ تا دەرگای قۆناغێکی تر لە ئیدغام و تێهەڵکێش بوونەوەی ئیقتیسادی و سیاسی بەرووی ئەم وڵاتانەدا بکرێتەوە. تەنانەت لە ڕوانگەی بۆرژوازی خۆیەوە دەرچون لەم حاڵەتە ئینتیزاریەی کەتێی کەوتوە، قۆناغیکیتر لە بوژانەوەی ئیقتیسادی جیهانی، چارەسەر بوونی موشکیلاتی ناوچەکە و سەرهەڵدانی ئارامی، ئارایشتدانەوەی سیستەمی حکومەتی و نەزم ئەمنی ناوچەیی و .. دەخوازێ. هەر لێرەدا نابێ ئەوەمان لەبیر چێ شکڵگرتنی بازاڕ و ئیقتیسادی سەرمایەداری کوردستان، بەرهەم و پاشکۆی شکڵگرتن و پەرەسەندنی ئاسۆییانەی بازاری سەرمایەداریە لەعیراقدا*. کاتێک کەعێراق بەزنجیرەیەک لەکێشەو گرفتی سیاسی و

* مارکس باس لەدوو جۆر لەگەشەی سەرمایەداری دەکات: جۆرێکیان گەشەی ستونیە کە مەبەست لێی گەشەی هیزەکانی بەرهەمهێنان و ئامرازەکانیەتی لەشکڵی تەکنۆلۆژیاو فۆرمەکانی کارگێڕی شێوازەکانی کاردا کەبەگشتی دەچنەوە نێو قەوارەی سەرمایەی نەگۆڕ. جۆرێکی تر ⇦

ئابووری و سەربازی گیرۆدەبێ و شەڕوکێشمەکێشی ناوخۆی حکومەت یەخەی پیگرتبێ و هەموو ئەمانەش لەدڵی جەنگ و قەیرانێکی ناوچەییدا بێت بەپێویست کوردستان دوو جار لەباری ئیقتیسادی و سیاسیەوە دەباتە بۆتەی چاوەڕوانیەوە. من پێموایە ئەمە ئەسڵی قەزیەکەیە.

**جەمال محسن:**

هاوڕێ موئەیەد، دیارە ئەوە چوارچێوەیەکی گشتی بوو بۆ چوونە ناو باسەکەوە، ئەگەر خۆت شتێکت بە نەزەر دەگات پێم خۆشە خۆت بێیتە سەری. لە یەکێک لە قسەکانی هاوڕێ خەسرەودا بە جۆرێک باسی لەوە کرد، کە شێوە پێناسە کراوەکەی چوونە پێشەوەی قەیرانی ئابووری بەو شێوەیە نیە کە بۆ نموونە لە تیۆریەکانی مارکسدا باسی دەکات، چونکە کاتێک قەیرانی بازاڕ دێت، تیجارەت دەوەستێت، بە جۆرێک ئێمە سیماکانی لە کوردستاندا دەبینین. پرسیارەکەی من ئەوەیە، کە ئایا ئەوەی بەرهەمهێنان بە جۆرێک وەستانی بە خۆوە بینیوە و بە شێوەیەک وەستانی پێوەیە و بازاڕ جموجۆڵی کەمبۆتەوە لەئاستێکی گشتیدا. ئایا ئەگەر ئەمە ئاوها بێت، ئەگەر بە پێی تەعریفەکە دەرهاویشتەیەک بێت لە دوای قەیرانی ئابووریەوە، بۆچی خودی قەیرانەکە هەمان قەیرانی پێناسەکراو نیە؟

**موئەیەد ئەحمەد:**

سەرەتا ئەوە بڵێین گەر بە شکڵێکی گشتی قسە بکەین. ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەیبینین، ئەزمەیەکی ئابووری هەیە و بووەتە ئەزمەیەکی کۆمەڵایەتی. واتە ئینعکاسێکی کۆمەڵایەتی پەیدا کردووە. خەڵک بێکارە، خەڵک موچەی پێنداریێت و ژیانی سەخت بووە و ناژی، هەژاری بڵاوبۆتەوە و خزمەتگوزاری نیە و کارەبا نیە و تەندروستی پاشەکشەی کردووە و...هتد. واتە ئەزمەیەکی کۆمەڵایەتی گەورە بەرپا بووە لە کوردستانی عێراقدا. ئێمە باس لە کوردستان دەکەین چونکە هەڵبەت ئەم کیشەیە بەشێوەی تر و بە شێوازی ترەوە لە عێراقدا هەیە، ئەوان سیاسەتی "تقشف" ڕادەگەیەنن، بەڵام سیاسەتی ئەمان ئەوەی تێپەڕاندووە و موچە ڕادەگرن، هەتا پێنج مانگ موچە نادەن. ژیان و قووت و دەرامەتی خەڵک دەبڕێت. واتە ئەمە ئەزمەیەکی کۆمەڵایەتی فراوانە و سەرەتای خاڵی کاری ئێمە لێرەوەیە، کە ئەمە چیە و بۆ ئەمە ڕوویداوە؟

ئەوەی کە ئێمە بچینە سەر باسی حەرەکەتی سەرمایە و سەرمایەداری لە کوردستاندا، ئەمە باس و سێکشنێکی ترە و دەتوانین بە مشەخەسی قسەی لەسەر بکەین. بەڵام یەک خاڵی جەوهەری هەیە، کە ئەمەوێت تەئکیدی لەسەر بکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئەم ئەزمەیەی لە کوردستاندا دروست

⇦

لەگەشەی سەرمایە کەبە گەشەی ئاسۆیی ناوی دەبات لەڕێگەی فراوانکردنەوەی بازاڕەوە بەدەستدێت. بۆنموونە دامەزراندنی سەرمایەداری لەکوردستان بەرهەمی پەرەسەندنی ئاسۆییانەو بازاڕی سەرمایەداری عێراقە. بەتایبەتی کاتێک کەعێراق بەدوای روخانی مەلەکییەت و شکڵگرتنی جمهوریەت و هاتنی عەبدولکەریم قاسم و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تر و بڕانەوەی کێشەی دەسەڵات و سەرهەڵدانی ئارامی سیاسی، سەرهەڵدانی سەرمایەداری لەعێراقدا هەنگاوەکانی خۆی بەپرۆسەی ئیسلاحاتی زراعی ساڵانی ٦٨ بۆ ٧٠ تەواودەکات. بەڵام لەکوردستان ئەم پرۆسەیە دواتر دەستپێدەکات بەتایبەتی بەدوای رێککەوتنی جوڵانەوەی بارزانی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، وەک بەرئەنجامێکیش لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار، ئارامی سیاسی سەرهەڵدەدا و ڕێگە بۆ تەواوکردنی قۆناغەکانی پرۆسەی ئیسلاحاتی زراعی لەکوردستان خۆش دەبێ و بازاڕی ناوخۆی کوردستان لەپەیوەند بەبازاڕی سەرمایەداری عێراقەوە شکڵ دەگرێ. خ.سایە

بووە، شکڵی ئەزمەی عادەتی و دەورەیی سەرمایەداری نیە، کە ئینتاجێکی زۆر هاتبێتە بازاڕەوە و بازاڕی نەبێت یا بەرزبوونەوەی تەرکیبی ئۆرگانیکی سەرمایە لە کوردستاندا ڕێژەی سوودی هێنابێتە خوارەوە. ئێمە دەرگیری ئەم بابەتە نین لە کوردستاندا. ئەم ئەزمەیە دەرکەوتی ناکۆکییەکانی خودی سەرمایەدارییە لە کوردستاندا بەڵام بە شێوەیەکی تر.

ئەوەی کە لە کوردستاندا زاڵە، وەک ئابووری لە هەموو جیهاندا، ئابووری کاپیتالیستییە. سەرمایە پەیوەندی زاڵە لە کوردستاندا وەک هەموو جێگەیەکی تر. زاڵبوونی پەیوەندی سەرمایە لە کوردستاندا واقعیەتێکی لە مێژە، بەڵام شکڵ، یاخود مۆدێلی ئابووریەکەی نیولیبرالیزمی ئابووری بووە لە پاش ساڵی ٢٠٠٠ و تەنانەت نەوەدەکانیشەوە، کە ئەمان، ناسیونالیستەکان، حاکمیەتیان بەدەست بووە، بەتایبەتی لەپاش ڕوخاندنی نیزامی بەعس و داگیرکردنی عێراق و ئەم دەورانەی دوایی. ئەوەی رووئەدا ئەزمەی سەرمایەیە و ئەزمەی خودی ئەم مۆدێلە ئابووریەشە. گەر باس لە مۆدیلی ئابووری سەرمایەداری بکەین، ئەمە بنبەستی نیولیبرالیزمە بەشێوەیەکی توندوتیژ و ترسناک و پڕ کارەسات بۆ خەڵک. ئەمە ئێستا لە کوردستاندا عەکس بۆتەوە.

لە کوردستاندا سەرمایە پەیوەندی بەرهەمهێنانی زاڵە، چونکە ئێمە پەیوەندی فیۆدالی و پەیوەندی پێش سەرمایەمان نیە، تەنها پەیوەندی سەرمایەمان هەیە. سەرمایەی ئەمڕۆش سەرمایەی جیهانییە. ئێمە ناتوانین ئەو سەرمایەیەی لە کوردستانی عێراقدا کارکردنی هەیە بە جیا لە سەرمایەی جیهانی لێکبدەینەوە. نیولیبرالیزم، کاتێک بە سیاسەت، بە سیاسەتی ئابووری و مالی هەلومەرجێکی خوڵقاندووە، کە سەرمایە چەندین قات جیهانی بێتەوە. هەر کار و کارکردێکی سەرمایە کە لێرەیە، پەیوەستە بە سەرمایەی گشتی جیهانی و ناوچەییەوە و بە هەزارویەک خێتەوە پێکەوە گرێدراون. کاتێک ئەم پەیوەندیە لە کوردستاندا زاڵە، مانای ئەوە نیە کە لە جەوهەردا ئەمە ئەزمەی سەرمایە نەبێت، بەڵام لە دەرکەوتندا ئەوە نیە، کە شێوەی دەورەیی ئەزمەی سەرمایە بێت، واتە ئینتاج زیادی کردبێت و لە بازاڕدا ڕەواجی نەبێت و تووشی ئەزمە ببێت. سەرمایەی جیهانی تووشی قەیرانی خۆی بووە، من ناچمە ئەو وردەکارییەوە، بەڵام لە پەیوەند بە کوردستانەوە زۆر گرنگە کە ئێمە بە وردی ئەم حاڵەتە دەستنیشان بکەین و من دەمەوێت تەرکیز بکەمە سەری.

لە کوردستاندا ئەم مۆدیلە ئابووریەی کە هاتووە وەک ئاماژەم پێدا مۆدێلی نیولیبرالیزمە. بە ئەسناد لە سەر داهاتی نەوت و بوجەی هەرێم ولە ڕێگەی ئیدارەیەک کە پێکهاتووە لە کوردستاندا گەشەی ئابووری کاپیتالیستی بە شێوەیەک لە شێوەکان بەڕێوەچووە و بارودۆخ بەمەوە بەستراوەتەوە. ئابووری و داهات بە شێوەیەک فۆکسی خستۆتە سەر نەوت، بەڵام وەک چەندین جاری تریش لە جێگەی جیاوازدا وتومە، کە داهاتی دەوڵەت لە عێراق بە کوردستانیشەوە، ٩٠٪ ئیعتمادی کردۆتە سەر نەوت، بەڵام ٥٠٪ی داهاتی گشتی لە نەوتەوە بووە. واتە کرێکار لەم وڵاتەدا، بە بیانی و ناوخۆییەوە، توانیویانە سەرمایە خەلق بکەنەوە و بەشێک بن لە بەرهەمهێنانی سەروەت و سامان لە وڵاتەکەدا.

ئەمڕۆ کە ئەم بارودۆخە هاتۆتە پێشەوە، باسەکە ئەوە نیە کە ئێمە بێین باس لەوە بکەین، کە گوایە بەشی پیشەسازی یان کشتوکاڵ باش نەبراوەتە پێشەوە و کەموکوری لەم بوارانەدا هەبێت. لە واقعدا کەموکوڕی لە خودی پەیوەندییەکەدایە. نیولیبرالیزمی ئابووری کە دامەزراوە، هەر خۆشی لە جەوهەردا گەندەڵی تێدایە. بەتایبەتی ئەوەی لە دوای ساڵەکانی ۲۰۰۳وە دروست بووە. ئەمە کۆمەڵێ کەناڵ و بارودۆخێکی بەرپا کردووە، کە فیئەی سیاسی حاکم بە سەدان شێوە مامەڵە بەم داهاتەوە بکەن و شێوەیەک لە سیستەم دروست بکەن، کە ئێستا هەیە. لە فەرمانبەرانی بندیوارەوە بگرە تا ناردنی سەروەت و سامان بۆ دەرەوەی وڵات. ئەمانە هەمووی بە مانای گەندەڵی، کە قسە لەسەر گەندەڵی ئەکەین مەبەست دەیان و بگرە سەدان ملیار دۆلارە.ئەمە بە مانەی ئەوە دێت، کە سیستەمێکی سیاسی هەیە، کە لە بناغەوە کێشەی هەیە و ئەم ئابوورییەش بەم شێوەیە لە بەردەستیدایە و پەیوەندیش هێشتا هەر پەیوەندی سەرمایەیە. کرێکار پێویستە بچێت هێزی کاری خۆی بفرۆشێت تا بتوانێت ژیانی رۆژانەی خۆی بەرێتە رێوە.

جەمال موحسین: ئەگەر چی لە قسەکانتدا هات، بەڵام شتێک هەیە کە پێویستی بە رۆشنکردنەوەی زیاتر هەیە. باست لەوە کرد کە پەیوەندی کار و سەرمایە لە کوردستاندا. بەڵام ئەگەر تەشخیسی بکەیت، ئەوەی لە ئەدەبیاتی مارکسیستیدا بە زێدەبایی ناو دەبرێت و کۆدەبێتەوە و دەبێتە قازانج و کەڵەکەدەبێت. لە پرۆسەی بەرهەمهێنان لە کوردستاندا لە شکڵی موڵک و داهاتی بۆرژوازی کوردیدایە ئەو بەرهەمە سروشتییەیە کە بەشێکی زۆری دەچێتە دەرەوە، وەک لە نموونەکانی نەوت و ئاسندا هات. ئەم پرۆسەیە بە چ شێوەیەک دەچێتە پێشەوە؟ واتە ئەو پەیوەندی کار و سەرمایەیە چۆنە؟ چونکە ئێوە باستان لە ٥٠٪ کرد، ئەی باقییەکەی چیە و چۆنە؟ سەرچاوەی ئەو داهاتەی تر چییە، کە بە بلۆک دەچێتە دەرەوە؟

موئەیەد ئەحمەد: سەرچاوەی ئەو گەندەڵییەی کە لە ئارادایە لە تەحەکم بە دەخلی دەوڵەت وفرۆشتنی نەوتەوەیە. وەک ئاماژەمان پێدا، ٩٠٪ی داهاتی دەوڵەتی عێراق فرۆشتنی نەوتە، هەڵبەت کوردستانیش. بەڵام بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، سەرمایە ئینتاجی خۆی کردووە بۆنموونە بینا دروست کراوە، کارگە کاری خۆیان کردوە، کشتوکاڵ کاری لەسەر کراوە، پیشەسازی بچووک کراوە، خزمەتگوزاری تەندروستی و کارەبا هەبووە، کە لە هەموو ئەمانەدا کرێکار دەچەوسێنرێتەوە و وەکو ئینتاجێکی ماددی دروست دەکرێت، و ئەمە بایی و زیدەبایی دروست ئەکات. دەتوانیت بە شێوەیەکی تر بڵێین دەخلی گشتی وڵات لە ٤٠ تا ٥٠٪ لە بەکارهێنانی هێزی کار و چەوساندنەوەی کرێکارەوە بووە. ئەمە خاڵێکە، خاڵێکی تری جەوهەری ئەوەیە، کە ئێمە ئەم سەتحی ئەزمەیە چۆن سەیربکەین. ئەوەی کە وتمان کە دەرکەوتی ئەزمەکە شکڵی تەقلیدی خۆی نیە، نەفی ئەوە ناکاتەوە، کە خودی پەیوەندییەکە پەیوەندی سەرمایەیە و ئەمە خۆی تووشی ئەزمە بووە. پەیوەندی سەرمایە هەر لە خۆیەوە ناڕوات، خەتی ئابووری و مۆدیلی ئابووری گەشەی هەیە هیچ کاتێک شتی وا نەبووە، کە نیزامی سەرمایەداری خەت و مۆدیلی ئابوری نەبێت. یان نیولیبرالیزم بووە بەشێوەی کۆن یان ئەڵتەرناتیڤی سەرمایەداری دەوڵەتی بووە، کە یەکێتی سۆڤیەت و هەندێ وڵاتانی تر، تەنانەت عێراقیش بۆ ماوەیەک پەیڕەوییان لێ دەکرد.

## ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتدارێتی

ئێستا بۆرجوازی خۆی لە ناوچەکەدا، لە کوردستان و عێراق و ناوچەکە بە تایبەت، لە راستیدا مۆدێلێکی ئابووری نیە. بەشێکە لە میکانیزمی نەقلی مۆدیلی ئابووری نیولیبرالیزمی جیهانی، کە باڵی کێشاوە بەسەر جیهاندا، لەگەڵ شێوەیەک لە پێکەوەبەستراوی سەرمایە لە ناوچەکەدا. ئەمانە ئالیەتێکی دروست کردووە، کە کاپیتالیستی زۆر زۆر گەورەت بۆ دروست دەکات، چەند میلایردێری، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، کۆمەڵێکی کەم، فیئەیەکی سیاسی حاکم دەتوانن تەحەکوم بکەن بەسەر ملیارەها دۆلار. ئەمە نەک لە کوردستاندا، لە تەواوی جیهاندا ئەمە کێشەیەکە. دەمەوێت ئیشارەت بەوە بدەم، کێشەی جیاوازی داهات. ئەو سەرمایەدارانەی کە ئێستا لە جیهاندا هەن و سەرمایە  بە قەبارەیەکی گەورە کۆدەبێتەوە لایان، ئاکامی ئەوەیە کە سەرمایەی فاینانس باڵادەستە لە جیهانداو سەرمایە ئەوپەڕی جیهانی بوەتەوە، ئالیەتێکی تێدایە کە ئەمە دروست دەکات، کە لە ماوەیەکی کەمدا سەرمایەداری زۆر گەورە دروست دەکات و قڵشتی جیاوازی نێوان فەقیر و دەوڵەمەند بێئەندازە زیاد دەکات و لە هەمانکاتدا خەڵک پەراوێز دەکات. هەروەک مارکس باسی دەکات پرۆسەی کەڵەکەی سەرمایە سەروەت و سامان لەلایەک، هەژاری و نەداری لەلایەکی تر، بەرهەم دەهێنێت. ئێستا ئەم قوتبی بوونەوەیە بێئەندازەیە. ئەمە وەک یاسایەکی نیزامی سەرمایەداری، کە لە کوردستانیشدا ئەمە بە شێوەیەک عەکس بۆتەوە.

ئەگەر بێمە سەر ئەسڵی بابەتەکە، ئەوەیە کە ئەمە ئەزمەیەک نیە تەنها لە ئاستی ئابووریدا. کاتێک تەماشای ئەم ئەوزاعە دەکەین، پێویستە بە دیدگایەکی دیالێکتیەوە سەیری بکەین. ناتوانین بەش بەش و بلۆکبەندی بکەین وبڵێین ئەزمەی ئابووریمان هەیە بەجیا و ئەزمەی سیاسی بەجیا ...هتد. ئەمانەی ڕوودەدات  دەرکەوتی  شتێکی واوەترە، ئەوەی لە کوردستانی عێراق تێئەپەڕێ دەرکەوتی کولیەتیکە. پێم خۆشە ئاماژەی پێ بدەم. ئیفلاس بوونی ئەلگۆی ناسیۆنالیزمی حاکمیەتی کورد، دروستبوونی ئیسلامی سیاسی و بەرزبوونەوەی نفوزی لە کوردستاندا، لە هەمانکاتدا پاشەکشەو لێسەندنەوەی ئیرادە لە خەڵکی کوردستان، بەشێکن لەم ئەزمەیە و لە یەک جیا ناکرێنەوە. تەنانەت سیاسەتی پەیوەندی بوون بە دەوڵەتی ناوچەیی و کێشمەکێشەکانی، بەشێکن لە خودی ئەم سیستەمە. ئەگەر باس لە سیستەمی ئابووری سەرمایەداری بکەین، دەتوانین بچینە ناوەرۆک و فاکتەکانی بهێنین و باسی بکەین، بەڵام لە ئاخر لێکدانەوەدا دەبینین کە ئەمە سیستەمێکە تووشی بنبەست بووە، خەڵک کاتێک دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئەم سیستەمە دابنێت، کاتێک بتوانێت ئەم سیستەمە وەک کولیەتێک مامەڵە بکات.

واتە ئەسڵی ئەم ئەزمەیە، ئەزمەی پەیوەندی سەرمایەیە لە کوردستاندا. ئەگەر لە یەکەم رۆژەوە دەسەڵات بەدەستی کرێکار و سۆسیالیستەکانەوە بوایە، ئابوورییەکی تری پیادە دەکرد. خودی ئەم ئابوورییە ئەم ئەزمە کۆمەڵایەتییەی دروست کردووە. خودی ئەو سیاسەت و ئەو رەوت و لایەنە سیاسیانەی کە هەیە و نوێنەرایەتی ئەم پەیوەندییە دەکەن، خودی ئەمەیە کە تووشی بنبەست بووە. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش ناتوانێت ڕووبەڕووی ببێتەوە، ئەگەر ئەمە تەعریف نەکات.

بە بۆچوونی من دەتوانین دەرکەوتنەکانی پۆلێنە بکەین، بەڵام کۆمەڵگای کوردستان کەوتۆتە بەردەم پرسیارێکی واقعییەوە، کە ئایا دەتوانێت وەڵامدەرەوەبێت بەرامبەر ئەم کولیەتە؟ ئەگەر

وەڵامدەرەوەش نەبێت، لە کوێوە دەتوانێت هەلومەرجەکە بگۆڕێت. بۆنموونە باس لە شتێک بکەم. ئەمڕۆ ئەزمەیەکی ئابووری بوونی هەیە، ئەوەی غەیرە قەبوڵ کراوە، کە بە دەیان هەزار کەس موچەی ببڕێت و راتبی نەدرێتێ بۆ ماوەی پێنج مانگ، یاخود خزمەتگوزاری نەبێت. هەچ بزووتنەوەیەک لەم مەیدانەدا هەنگاوێک بەرەوپێشەوە ئەنێ، ئەم ئەزمە کۆمەڵایەتییە بەشێوەیەک دەشکێتەوە بەسەر تەبەقەی حاکم و خودی هەیئەتەکە بەگشتی. تەنانەت ڕەنگە لە ڕەوەندی رووبەروو بوونەوە لەبەرامبەر بۆرژوا ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسیدا، فاشیزمی قەومی بێت خۆی مەترەح بکات لەناو ئەو ئەوزاعەدا. واتە هەمووی کولیەتێکە و پێویستە لەبەرامبەر ئەم کولیەتەدا هێزی چینایەتی خۆتی تێدا بەهێز بکەیت لە باری سیاسیەوە، و لەم خەباتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەدا بیهێنیتە مەیدان تا بتوانێت پاشەکشە بە بۆرژوازی بکات.

## جەمال محسن:

هاوڕێ موحسین، من ئەمەوێ ئەو پرسیارە کە کردم بەجۆرێک لە تۆش دووبارەی بکەمەوە. مەسەلەی ئەوەی کە لە کوردستاندا، جارێ بەس بۆ تێگەیشتن لە بارە ئابوورییەکەی، تەبعەن ئەبێ بێینەوە سەر خودی ئەو بنبەستە کە ئەم وەزع و دۆخەی تێکەوتووە، ئەوە دێینەوە سەری بەڵام جارێ پێش ئەوە چونکە باری ئابووریەکەی زۆر باسکرا، مەسەلەن لە مەسەلەی خزمەتگوزاریەکانەوە بگرە، لە شتە ئینتاجیەکانەوە بگرە، لە دائیرەی کارەبا، ئاو، شارەوانی هەتا دائیرەی کشتوکاڵ کە بەشی خۆیان بەرهەمیان هەیە. بە پێی قاعیدەی عام ئەو شتەی کە کۆئەبێتەوە و ئەبێ بە قازانج سەرچاوەکەی بریتیە لە بردنی زیادەیەک لە هێزی کرێکاری بەکارهاتوو کە بۆتە بەرهەمی کۆمەڵایەتی. هەم ئەمە و هەم ئەو بەرهەمە سروشتیانەی کە ئاماژەی پێکرا لە چەشنی نەوت و غاز و گاز و ئاسن و هەرچیەکی ترەوە بێ کە ئەڕواتە دەرەوە. ئەمە سەرچاوەی ئەو داهاتەیە کە بەرهەمی کۆمەڵایەتیە یان ئەو پارە زۆرەیە کە لە کوردستاندا هەیە. باشە کاتێک کە ئێستا ئەم ئەزمەیە دەرگیری کوردستان بووە لەناو ئەو هاوکێشەیەدا دەوری ئەو قەیرانە لەسەر ئەم چەوسانەوە کۆمەڵایەتیە چیە؟ بۆ تێگەیشتن لە بارە ئابوورییەکەی، ئینجا من دوایی دێمە سەر ڕەنگدانەوەی لەسەر مەسائیلەکانی تری کۆمەڵگا. دوایی تەبعەن بارە سیاسیەکەشی کە تەواوی وەزعی کوردستانی گرتۆتەوە ئەبێ باسی بکەین.

## محسن کەریم:

بە بڕوای من چ لە دەورانی قەیراندا و چ لە دەورانی ئەوەی پێی ئەڵێن بوژانەوەی ئابووری، کرێکار هەر ئەچەوسێتەوە. کۆمەڵگای سەرمایەداری بەوجۆرە نیە لە دەورانێکدا کە رکودی ئابووری بێت کرێکار بچەوسێتەوە و لە دەورانی گەشانەوەی ئابوریدا چەوسانەوەی لەسەر نەبێت. بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە کاتێک سەرمایەداری خۆی توشی قەیران ئەبێ، ئەوەی کە یەکەم زەرەری لێئەکات جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشە. لە پەیوەند بەم قەیرانەی کوردستانەوە، بەبڕوای من، یەک خاڵ گرنگە کە ئێمە لێرەدا دەبێت لەبەرچاوی بگرین ئەویش ئەوەیە کەدەبێ

## ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتداریتی

لەچوارچێوەی بازاڕی جیهانیدا جێگاوڕێگای بازاڕی کوردستان و هێزی کار و سەرمایە و جموجوڵی سەرمایە و دەوران (سوڕانەوە)ی سەرمایە لەم ناوچەیەدا لێکبدەینەوەو ئەوکاتە دەکرێ بەدروستی لەم قەیرانەی ئێستای کوردستان تێبگەین.

من پێم وایە ئەو تەفسیرەی کە کاتی خۆی مارکس بۆ قەیران کردویەتی، کە ئەڵێ مەیلی تێکڕای قازانج (میل معدل الربح) بەرەو خوارەوە دائەکشێت، بەهۆی تێکچوونی هاوسەنگی لەنێوان (خستنەڕوو وە داواکاری- عرض و طلب)ەوە زیاتر ئەو دیاردەیە لە دەورانی سەرهەڵدانی سەرمایەی پیشەسازیو قۆناغی یەکەمی سەرمایەداریدا روون دەکاتەوە کەهێشتا سەرمایە لەچوارچێوەی بازاڕێکی ناوخۆیی و ناوچەییدا جێگیربووبوو. بەڵام کاتێک سەرمایەداری دەچێتە قۆناغی ئیمپریالیزم و بازاڕی سەرمایە چوارچێوەیەکی جیهانی وەردەگرێت، دەبێ ئەم مەبدەئەی مارکس بۆ لێکدانەوەی هۆکاری قەیران باسی دەکات لەوچوارچێوە جیهانیەدا لێکبدرێتەوە.

مەبەستم ئەوەیە کە مارکس باسی ئەوە دەکات کە لەئاکامی پرۆسەی بەرهەمهێنانی بۆرژوازیەوە زیادە بەرهەمێک دروست دەبێت و توانای ساغکردنەوەی لەناو بازاری ناوخۆدا نابێت، ناهاوسەنگی لەنێوان خستنەروو وە داواکاری دروست دەکات، و ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی قەیران. بەڵام کاتێک بازاڕ جیهانی دەبێت، رەنگە لە بازاڕێکی لۆکاڵی یان ناوچەییدا ئەو ناهاوسەنگیە روبدات بەبێئەوەی لەبازاڕی جیهانیدا روویدابێت، بەڵام بەهۆی پێکەوە گرێدراویی بازاڕەکان لەیەک بازاڕی جیهانیدا ببێتەهۆی گواستنەوەی ئەو ناهاوسەنگیە و قەیرانەکەش بۆسەرجەم بازاڕەکانو ناوچەکانی دیکە.

لێرەدا ئەبێ لێکدانەوەیەکی دروست بکەین بۆ ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا. بۆنموونە ئەوەی کە باس ئەکرێ ئایا مەوزوعەکە ئەوەیە کە وەکو موئەیەد و خەسرەویش بەجۆرێک باسیان کرد، کە کاڵای زۆر لە کوردستاندا هەیە و توانای ساغبوونەوەی نیە لەبازاڕی کوردستاندا بۆیە ئەم قەیرانە دروستبووە!؟ ئایا هۆکاری قەیرانەکە ئەوەیە کە سەرمایە لەناوخۆی کوردستاندا سوڕانەوەی خۆی تەواو ناکات!؟ ئایا کێشەکە ئەوەیە کە کاڵای بەرهەمهاتوو نابێتەوە بە سەرمایەو بوەتە هۆی کورتهێنانی سەرمایە لەناو بازاڕی سەرمایەی کوردستاندا، یان ئەوەی کە لەم دابەشکردنە جیهانیەی بازاڕی سەرمایەدا، بازاڕی کوردستان چ جێگاوڕێگایەکی هەیە لە چوارچیوەی قەیرانی سەرمایەی جیهانیدا.

من پێموایە ئەوەی کە پێی دەوترێ تەقسیمبەندی بازاڕ یان کاردابەشکردنی جیهانیی سەرمایە، خەریکە لەچوارچێوەی بازاڕی جیهانیدا جێگاوڕێگای خۆی پەیدا ئەکات و کۆمەک بەلێکدانەوەی قەیرانی ئێستای جیهان و ناوچە و وڵاتە جیاوازەکانیش دەکات، چ وەکو بەرهەمهێنانی کاڵاو چ وەکو ساغکردنەوەی کاڵاکان. بۆنموونە ئەوەی کە وڵاتێکی وەکو کوردستان یان عێراق یان وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرتر و بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئابوورییەکەی پشت دەبەستێت بە بەرهەمهێنانی نەوت، یان وڵاتانێکی وەکو تایلاند زۆرتر پشتیان بە بەهەرهەمهێنانی برنج بەستوە، ئەمجۆرە کاردابەشکردنە لەچوارچێوەی بازاڕێکی جیهانیدا ئەتوانێ مانا پەیدا بکات. بۆیە ناتوانین تەنها لەچوارچێوەیەکی ناوخۆییدا لەهۆکاری قەیرانەکە بگەینو پێویستە کە لەناو سیاق

(کۆنتێکست)ێکی جیهانیدا ببینین.
منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کەئەگەر قەیرانێک لەئاستی جیهاندا و لەگۆشەیەکی گرنگی ئابووری سەرمایەدارییەوە دروست ببێ کاریگەری لەسەر بازاڕەکان و ناوچەکانی دیکەش دادەنێت. بۆنموونە ئەم ئەزمەیەی کە لەم ناوچەیەدا دروستبووە، بەبڕوای من، قەیرانی وزەیە. ئەم ناوچەیە بەشێوەیەکی گشتی ناوچەی بەرهەمهێنانی وزەیە بۆبازاڕی جیهانی. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکە کە بەرهەمی وزەی کردوەو لەچوارچێوەی کاردابەشکردنی بەرهەمهێنان لەئاستی جیهانیدا. بۆیە ئابووری زۆربەی ئەم وڵاتانە ئابوورییەکی نەوتییە. سعودیە و ئێران بەوجۆرەن، عێراق و کوەیت هەروەها... بۆرژوازیش خۆی زۆر کێشەی ئەوەی نەبوە کە سەرمایەکەی بگوێزێتەوە بۆ بواری دیکەو بۆ شوێنێکی دیکە. ئەم سەرمایەیە وەکو بەشێک لەسەرمایەی جیهانی چۆتە مەیدانی بەرهەمهێنانی وزەوەو وزەی بۆبازاڕی بەرهەمهێنانی جیهانی دابین کردوە. بەپێی ئەم تەقسیمبەندیەی کە لەبازاڕی جیهانیدا هەیە، وەکو چۆن وتم تایلەند برنج بۆ بازاڕی جیهانی بەرهەمدەهێنێ، چونکە بازاڕ جیهانیە، ئیتر ئەم وڵاتانە پێویستیان بەوە نیە کە بۆنموونە ئۆتۆمبیل دروست بکەن. ئۆتۆمبیل لەشوێنێکی دیکەوە دروست دەکرێ و بەشی بازاڕەکانی ئەم وڵاتانەش بەرهەمدەهێنرێ و ڕەوانە دەکرێ. مەبەستم لەو بوعدە جیهانیەیە کە بازاڕی سەرمایە هەیەتی و لەوچوارچێوە جیهانیەشدا دەتوانین هۆکاری قەیرانەکان لە وڵاتانی سەرمایەداریدا و لەوانەش لە کوردستاندا لێکبدەینەوە. دروستتر بڵێم ئەو مەبدەئەی مارکس باسی دەکات کە مەیلی تێکڕای قازانج دائەکشێت، بەهۆی تێکچوونی هاوسەنگی نێوان خستنەڕوو و داواکاری کاڵاوە، دەبێ لەوچوارچێوە جیهانیو ئاڵۆزەدا لێکیدەینەوە و تێی بگەین.
ئێستا ئەگەر لەم چوارچێوە جیهانیەدا تەماشا بکەین، دەبینین کە داواکاری لەسەر وزە کەم بۆتەوە بەهۆی ئەوەی ئەو وڵاتانەی کە بەکاربەری وزەن خۆیان توشی داشکانی ئابووری هاتوون.. لێرەدا حەز ئەکەم ئاماژە بەدوو مەسەلە بکەم؛ یەکێکیان ئەوەیە تێکڕای گەشەی ئابووری زۆربەی ئەو وڵاتانەی بەکاربەری وزەن، چۆتەدواوە. یەکێک لەو وڵاتانە چینە کە تا چەندساڵێک لەمەوپێش تێکڕای گەشەی ئابوری ١٢% بوو، بەڵام لەساڵی ٢٠١٥دا ٩،٦% بووە. وڵاتێکی وەکو ئەمریکا کە ساڵی ٢٠١٥ تێکڕای گەشەی ئابوورییەکەی بریتی بوە لە ٢،٤% بەشێکی گرنگی سەرچاوەی وزەی لەڕێگای کۆمپانیا ناوخۆییەکانی نەوتەوە دابین دەبێت. زۆربەی وڵاتانی بەکاربەری نەوت توشی دابەزینی تێکڕای گەشەی ئابووری بوونەتەوە و بەوجۆرە داواکاری لەسەر وزە کەمدەبێتەوە. کەواتە خستنەڕووی وزە بەبەراورد بەپێشتر لەناو بازاڕی جیهانیدا توشی ناهاوسەنگی بووە. بەمجۆرە بەرهەمهێنانی بەهەمان ڕێژەی جاران دەبێتەهۆی هێنانەخوارەوەی نرخی نەوت. نەوتیش یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئابووری لەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو سەرچاوەی سەرەکی داهات و دارایی و سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەم ناوچەیەدا داهاتی ڕۆشتنی نەوتە.
بەمجۆرە دابەزینی نرخی نەوت بێگومان کاریگەری لەسەر ئەوە دروست ئەکات کە قەیرانی ئابووری لەم وڵاتانەدا دەست پێبکات و قووڵبێتەوە. ئەوەی کە ئەم قەیرانە چەندە درێژە ئەکێشێ،

## ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتدارێتی

بەستراوەتەوە بەوەوە کە کەی ئابووری وڵاتانی بەکاربەری نەوت و وزە دەبوژێتەوەو دووبارە داواکاری لەسەر نەوت زیاد دەکاتەوە. بۆنموونە لە ٢٠٠٨دا لە ئەمریکا قەیرانی "عەقارات" دروست بوو وەکو پوولی دۆمینە هات و زۆر وڵات، بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپای گرتەوە، لەبەرئەوەی ئابووری ئەو وڵاتانە و ئەمریکا زۆرتر پێکەوە بەستراوە و کاریگەریشیان لەسەر یەکتر زیاترە بێگومان. بۆنموونە وڵاتێکی وەکو بەریتانیا کە زۆر لەگەڵ ئابووری ئەمریکادا لێکهەڵپێکراوە یەکەم وڵات کە توشی قەیرانی ئابووری بوو بەدوای ئەمریکادا. واتە ئەم پەیوەندییە لەنێوان بەشەکانی سەرمایە لەئاستی جیهانداو لەناو یەک بازاڕی جیهانیدا بەو رادەیەی ئەو پەیوەندییە بەهێزو گرێدراوە پێکەوە، بەو رادەیە کاریگەرییەکانی بەئاسانی لەسەر یەکتر دەردەکەوێت.
مەبەستم ئەوەیە کە لەبەرئەوەی نەوت لەم وڵاتانەدا سەرچاوەی سەرەکی سەرمایە و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیە، بۆیە کاتێک داواکاری لەسەر وزە کەمدەبێتەوە لەئاستی جیهانیدا بەشێوەیەکی سروشتی دەبێتەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و بەوەش قەیرانی ئابووری و گرفتی کەڵەکە بوونی سەرمایە دەستپێدەکات و ئەو وڵاتانە توشی قەیران دەبن. دیارە من مەبەستم سەرچاوەی سەرەکی ئابووری و سەرمایەیە لەم وڵاتانەی بە وڵاتی نەوتی ناسراون، دەنا سەرچاوەی دیکەی سەرمایە و داهات و بەشی دیکەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی هەیە، بۆنموونە پیشەسازی چیمەنتۆ و پیشەسازییە بچووکەکانی دیکەو.. تاد.
بە تەبیعەتی حاڵ زۆربەی ئەم وڵاتانەی کە پشتیان بەئابووری نەوت بەستوە، ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین نەوت وەکو سەرچاوەیەکی سروشتی زۆرتر لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ کراوە، بەپێچەوانەی ئەوروپاو ئەمریکا کە کۆمپانیای گەورەی سەرمایەداری وەکو شێڵ و بریتش پیترۆڵیۆم و ئیکسۆن مۆبایل و ئەوانە بەرهەمهێنان و بگرە خاوەندارێتی کێڵگە نەوتییەکان دەکەن. ئەم وڵاتانە بەپێی ئەو قسانەشی هاوڕێیان کردیان، بۆنموونە لەدەورانی دەسەڵاتی سەرمایەی ئیمپریالسیتیدا بۆرژوازی جیهانی بۆئەوەی بتوانێ هەم لە کاردابەشکردنی سەرمایەی جیهانیدا ئەم ناوچانە وەکو ناوچەی زێدەقازانج و ناوچەی هێزی کاری هەرزان بهێڵێتەوە، پێویستی بەوەیە لەم دابەشکارییەدا جۆرێک لەدەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەت لەم ناوچانەدا هەبن و حاکمیەتیان بەدەستەوە بێت کە بتوانن کۆنترۆڵی ئابووری و بەتایبەتی ئەم سەرچاوە سروشتییە بکەن. سەرەنجام ئەم پێداویستیەی سەرمایەی جیهانی جۆرێک لەئابووری دەوڵەتی لەم ناوچانەدا بەرهەمهێناوە و دایمەزراندوە. لەباری سیاسیشەوە سەرخانێکی ئیستبدادی دروستکردوە. واتە بەتەبیعەتی حاڵ کۆنترۆڵی ئەم سەرچاوە سروشتیە وە بەرهەمێنانی ئەم کاڵایە بەشێوەیەکی سەرەکی لەژێر دەستی دەوڵەتدا بووە، یان تا رادەیەکی نزیک بە موتڵەق بەدەستی دەوڵەتەوە بووە.
وتمان سیستمێکی ئیستبدادی سەرکوتگەریش لەم وڵاتانەدا هەبووە، بەڵام بێگومان من ئەوەم قبوڵە کە لەم چەندساڵەی رابردوودا ئەو قەیرانە سیاسییەی لەناوچەکەدا و بەتایبەتی لە وڵاتانی عەرەبیدا کە شۆڕشەکانی میسر و تونسی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەو مۆدێلەی لە دەسەڵات و حاکمیەت، واتە مۆدێلی ئیستبدادی سیاسی بۆرژوازی توشی لەرزین کردوە و بۆرژوای ناچارە

جارێکی دیکە و لەهەلومەرجێکی دیکەدا دوبارە پێناسەی بکاتەوە. واتە دووبارە دامەزراندنەوەی سەرخانێکی سیاسی بۆرژوایی گونجاو بۆ ئەم هەلومەرجە نوێیە. ئەمە بەبڕوای من لەئێستادا توشی گرفت و کێشەی جدی هاتوە. مەبەستمە بڵێم کە تەنانەت خودی ئەوەی کە ئایا سەرخانێکی سیاسی کە ئیستبدادی موتڵەق بەڕێوەبەرێت وەکو دەورانی پێشوو، زەمینەکانی ماوە یان ئیمکانی ئەوە هەیە و بۆرژوازی دەتوانێ بەهەمان شێوازی کۆن دەسەڵاتی ئیستبدادی خۆی داسەپێنێتەوە لەم ناوچانەدا، ئایا دەکرێ بەهەمان شێوازی کۆن هەلومەرجی هێزی کاری هەرزان و ئەو چەوسانەوە لەرادەبەدەرەی چینی کرێکار لەم ناوچانەدا بۆسەرمایەداری جیهانی دەستەبەربکات و درێژەی پێبدات یان دەبێ شێوازی دیکە بگرێتەپێش و بخاتەروو، ئایا مومکینە!؟ بەبڕوای من ئەمەش یەکلانەبۆتەوە هێشتا. بەحوکمی چی؟ بەحوکمی ئەوەی کە هەم خودی مۆدێلی ئابووری بۆرژوازی بەشێوەیەکی گشتی توشی قەیران بووە، هەم دووبارە سازدانەوەی ئەو سەرخانە فیکری و سیاسییەی کە ئەتوانێ ئەمەی بۆ بپارێزێ، توشی کێشە و گرفت هاتووە و کەوتۆتە ژێرپرسیاری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشەوە. بەتایبەتی بەبڕوای من ئەگەر یەک خاڵ ڕەچاو بکەین و لەحساباتماندا دایبنێین، ئەویش مەسەلەی کۆنترۆڵکردنەوەی بازاڕی جیهانیە لەلایەن بلۆکە سەرمایەدارییەکانی جیهان و دووبارە دابەشکردنەوەی بازاڕی کار و کاڵایە لەسەر ئاستی جیهانیدا.

ئێمە دەزانین کە لە دەورانی جیهانی دوو قوتبی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا و کۆنترۆڵی جیهانیی بازاڕ لەنێوان ئەو دوو بلۆکەدا دابەشکرابوو. دواتریش دوای نەمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و لەسەردەمی جیهانی یەک قوتبی ڕۆژئاوادا، بلۆکی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئەمریکا کۆنترۆڵی ئەو بازاڕەی کردبوو. ئێستا ئەمەش خەریکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. واتە مەسەلەی کۆنترۆڵی بازاڕی جیهانی جارێکی دیکە خەریکە لەنێوان کۆمەڵێک قوتبی سەرمایەداری و ئابووری گەورەی دنیادا دووبارە دابەش و یەکالا دەبێتەوە.

بێگومان ئەم مەسەلەیە ئاڵوگۆڕ لەو شێوازەی ئیستای سەرخانی سیاسی ناوچەکەدا و فۆرمەکانیدا دەکات. دیارە باسەکەی من ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە کوردستانیش بەشێکە لەم ناوچەیە. بەڵام ئەم بارودۆخەی ئێستا بەکوێ دەگات و کەی و لە کام بارودۆخدا ئەو شکڵدانەوەیە بە سەرخانی سیاسی ڕوودەدات کە بتوانێت ئەم واقعیەتە تازەیە بۆ سەرمایە دابین بکات، بەبڕوای من هێشتا یەکلا نەبۆتەوەو حاڵەتێکی جێگیری بەخۆوە نەگرتوە، حاڵەتێکی شڵەژاوە! هێشتا دیار نیە کە بۆنموونە مۆدێلی ئابووری دەوڵەتی لەناوچەکەدا دووبارە جێگیردەبێتەوە یاخود مۆدێلێکی دیکە و بەهەمان شێوەش سەرخانی سیاسی و دەوڵەتیی گونجاوە بۆی.

ئەم قەیرانەی کە لە کوردستاندا هەیە بەبڕوای من، لەچوارچێوەی ئەم باوردۆخە جیهانی و ناوچەییە و ئەو لێکدانەوەیەدا بۆ قەیرانی ئێستای سەرمایەداری دەتوانرێ لێکبدرێتەوە لێی تێبگەین. چ قەیرانی ئابووری کوردستان خۆیو چ ئەوەی کە دەسەڵات چەند دەوری هەبووە لە دروستکردنی قەیرانەکەو قوڵکردنەوەیدا. هەڵبەتە منیش بڕوام وایە کە ئەو قەیرانە ئابوورییەی لەکوردستاندا هەیە قەیرانی سەرمایەداری و سیستەمی ئابووریی بۆرژوازییە. ئەگەر سیستەمێکی

ئابووری دیکە بوایە بێگومان قەیرانەکە بەمجۆرە نەدەبوو. قەیرانی ئابووری کوردستانیش لەچوارچێوەی ئەم کێشمەکێشە، ئەم تەقسیمبەندی و واقعیەتە جیهانیەدا سەریهەڵداوەو کاریگەری وەرگرتوەو توندتربۆتەوە. بەڵام فاکتۆرێک کە بەبڕوای من دەوری هەیە لەم قەیرانەدا فاکتۆری خودی ئەو سەرخانە سیاسیەیە کە ئەم سیستەمە ئابوورییەی ڕاگرتوە.
لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە لە وڵاتێکی نەوتیدا کە کۆنترۆڵی ئەو سەرچاوە ئابووری و بەرهەمهێنانە کۆمەڵایەتیە لەدەستی دەوڵەتدایە، بێجگە لە ئیستبدادی سیاسی، بەبڕوای من، فرسەتی بۆ گەندەڵییەکی گەورە دروستکردوە. تەنانەت مەسەلەی گەندەڵی کە ئێمە لە بەرنامەی حیزبیشدا هێناومانە، بەتایبەتی لەم وڵاتانەدا، بەشێوەیەکی لەرادەبەدەر لەئارادایە، بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە ئابوورییەکی لیبراڵ یان بازاڕی ئازاددا هەیە کە سەرمایەداری تاک لەچوارچێوەی یاسایەکی ڕەسمی گشتیدا جموجوڵی ئابووری دەکات و تەنانەت چوارچێوەی سیاسی گونجاویشی بۆ فەراهەم دەبێت. لێرە مەسەلەکە بەمجۆرە نەبوە. بۆیە ئەبینیت لەمجۆرە سەرخانە سیاسییەی ناوچەکەدا ئەو فرسەتە دروست بووە کە گەندەڵی بەفراوانی بڵاوبێتەوە.
گەندەڵی چیە؟ گەندەڵی ئەوەیە کە کەسانێک کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە بەحوکمی ئەو پلەوپایە سیاسییەی هەیانە لەحاکمیەتدا بتوانن سەرمایەیەکی زۆر بۆخۆیان کەڵەکە بکەن. بەپێچەوانەی ئەوەوە، بۆنموونە بیڵ گەیتس، خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، ئەتوانێ لەچوارچێوەی سیستەمی ئابووریو سیاسی ئەمریکادا وەکو سەرمایەدارێکی تاک سەرمایە کۆبکاتەوە، بەبێ ئەوەی پۆستێکی هەبێت لەدەسەڵاتی دەوڵەت و حکومەتی ئەمریکادا، بەڵام مەلیک فەهد یان سەدام یان بارزانی ئەتوانن لەچوارچێوەی سیستەمێکی سیاسی-کۆمەڵایەتیدا، کە بنەماکەی هەمان ئابووری بۆرژوازیە، هەمان سیستەمی سەرمایەداریە، هەمان سیستەمی ئیستسماری هێزی کارە بەڵام ئەم فرسەتەیان دەبێ کە مەوقعیەتەکەی لەدەسەڵات و دەوڵەتدا، بەکاربهێنێ بۆئەوەی سامان کۆبکەنەوە و دەوڵەمەند بن. واتە لەرێگای گەندەڵییەوە دەتوانن ببنە خاوەن سەرمایە و کەڵەکەی سەرمایە بکەن. واتە چەمکی گەندەڵی ئەوەیە کە کەسانێک بەحوکمی جێگەوڕێگایان لە دەسەڵاتی سیاسیدا کۆنترۆڵی بازاڕ و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی دەکەن. میسریش بە هەمانشێوە. ئەگەر سەرنج بدرێ بەشێکی زۆری ئابووری میسر لەژێردەستی دامەزراوەی سوپادایە و سوپا خاوەنی بەشێکی سەرمایە و دامەزراوە ئابوورییە گرنگەکانی وڵاتە. ئەوەش وایکردوە ئیلیتێک (نوخبەیەک) ی سەرمایەدار دروستبێت کە بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتیان بە دەستەوەیە، توانیویانە تەنانەت دەورێکی تایبەتیان هەبێ لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و مادیدا. مەوقعیەتێکیان هەیە کە وەک وتم بیل گەیتس لە شوێنێکەوە هێناویەتی، ئەمان لە شوێنێکی ترەوە.
لە کوردستانیش دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت کۆنترۆڵی ئابووری کردوە، بەڵام ئەم دەسەڵاتە خاسیەتێکی میلیشیایی و خاوەن نفوزی ناوچەیی هەیە، کە بێگومان خراپترین سیستەمی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازیە بە بەراورد بە سیستەمە سیاسیەکانی دیکە. بەوهۆیەوە کۆمەڵێک کەسی بەرپرس و خاوەنپۆستی سیاسی حیزبی کە دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتیان بەدەستەوەیە، توانیویانە سەرمایەیەکی زۆر لەدەستی خۆیاندا کۆبکەنەوە. بێگومان ئەم خاسیەتە میلیشیاییەی

دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کورد دەکرێ وەکو فاکتەرێکی قووڵکردنەوەی ئەم قەیرانە بەمشێوە سەرسورهێنەرەی ئێستای تەماشا بکرێ. بۆنموونە لەعێراقدا هەمان قەیرانی ئابووری هەیە، گەندەڵی هەیە و هەرئەو ئیلیتەی کە لەوێ بەجۆرێک کۆنترۆڵی سەرمایەی کردووە زۆرترین سەرمایەیان لەدەستی خۆیاندا کۆکردۆتەوە. زۆرترین سەرمایەدارەکانی عێراق پیاوەکانی دەوڵەتن! بەڵام لەعێراقدا بەهۆی ئەوەی سیستمی حاکمیەت، شێوازێکی تری هەیە و لە فۆرمێکی دیکەدایە، لەشێوازی بەڕێوەبردن و دەوڵەتداریدا، بۆیە عێراق ئەتوانێت بەجۆرێک ڕووبەڕووی ئەم قەیرانە بێتەوە و بەوشێوە قورسەی لەسەر کوردستان هەیە، کاریگەریی لەسەر عێراق نەبێ.

بۆنموونە هەر ئەوەی کە ئێوەش باستان کرد، لە کوردستان ماوەی ٥ مانگە موچە نەدراوە، بەڵام لەعێراق تا ئێستا کێشەی موچە نەبووە. قەیرانەکەش هەر هەیە، نرخی نەوتیش هەروەکو یەک دابەزیوە. کێشەی شەڕی داعش و خەرجی جەنگ بەهەمانشێوە هەیە، هەمان ئەو گرفتانەی کە دەسەڵاتدارانی هەرێم دەڵێن هەمانە و گوایە بوەتە هۆی ئەوەی نەتوانن موچە بدەن، عێراقیش هەیەتی، بەڵام لەوێ بەم قورساییەی کوردستان نیە. من قسەکەم ئەوەیە کە لێرەدا فاکتەرێکی دیکە دێتە ناوەوە بۆ قوڵکردنەوەی هۆکاری قەیرانەکە، ئەویش دەوری ئەم حیزبانە و ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییەیە کە لەبنەڕەتدا وەکو دامەزراوەی دەوڵەتی بۆرژوازی نیە؛ واتە دەوڵەت نیە. دیارە دەسەڵاتی بۆرژوازی هەیە؛ بۆرژوازی لەڕێگای دوو حزبی چەکدارەوە، لە ڕێگای شکڵ و فۆرمێکی دەسەڵاتەوە خەریکە ئیدارەی بەرهەمهێنان و ئابووری دەکات. فۆرمەکەی بۆنموونە فۆرمی دەوڵەت نیە، شێوازی دەوڵەتێکی بۆرژوازی ئاسایی (موتەعاریف) نیە. بەبڕوای من ئەم شێوە لەدەسەڵات هۆکارێکی گرنگە بۆ قولکردنەوەی قەیرانە ئابوورییەکەی کوردستان بەمشێوەیەی ئێستای. ئەمەوێ لێرەدا ئەوە بڵێم کە فاکتەری دەسەڵات و سەرخانی سیاسی دەتوانێ بەپێی شێواز و فۆرمەکەی، ئاسانکاری یان سەختگیری بۆ ئابووری و بەرهەمهێنان و گەشەی ئابووری دروست بکات. واتە دەکرێ مۆدێلێک لە حوکمڕانی و دەسەڵات قورساییەکان و تەنگەبەرییەکانی بەردەم سەرمایە و بۆرژوازی و بازاڕ سووکتر بکات، یان قورستری بکات. ئەم مۆدێلی دەسەڵاتەی کوردستان قورساییەکانی سەر قاچی سەرمایە قورستر دەکات، بەتایبەتی لەم قەیرانەی ئێستادا مەترسی بۆسەر خودی سەرمایە دروست دەکات!

بۆنموونە لە دەورەیەکی مێژوویدا مۆدێلی ئابوری دەوڵەتی دەیتوانی ڕێگای گەشەی سەرمایە تەخت و ئاسانتر بکات، بەڵام لە دەورەیەکی دیکەدا نەیتوانی و بووە ڕێگر لەبەردەم گەشەی سەرمایەداری و توشی شکست بوو. پێموایە ئەمەی کوردستان بێجگە لە هەموو ئەوانەی کە باسمان کرد؛ واتە ئەو واقعیەتەی کە فۆرمی دەوڵەتی نیە، دەوڵەتێکی نۆرماڵی بۆرژوازی، دەوڵەتێکی موتەعاریفی بۆرژوازی نیە. مەبەستم لە دەسەڵاتی موتەعاریف ئەوە نیە کە دەسەڵاتێکی ناجێگیرە بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی میلیشیاییە. دەسەڵاتێکی میلیشیایی و حیزبیە. ئەوەش فاکتەری قوڵکردنەوەی ئەم واقعیەتە مەئساوییەی خەڵکە، چونکە دەسەڵاتی میلیشیایی حیزبی ئامادە نیە هیچ مەسئولیەت لە ئەستۆی خۆی بگرێ بەرامبەر بە خەڵک. هەڵبەتە هەندێک مەسەلەی دیکەش هەیە کە دەوڵەتێکی بۆرژوازی دەتوانێ دەستی بۆبەرێت بۆ کەمکردنەوەی

## ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتدارێتی

قەیرانەکان کە دەسەڵاتی کوردستان ناتوانێ بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەت لە کوردستان نیە، وەکو ئەوەی دەوڵەتی عێراق دەتوانێ لەڕێگای دەرکردنی سەنەداتی مالیەوە یان دەستبردن بۆ پارەی هەڵگیراوی دەوڵەت کە هەموو دەوڵەتێک پێویستە بڕێک پشتیوانەی دارایی هەبێت یان دەوڵەتی عێراق دەتوانێ ئەوراقی مالی چاپ بکاتەوە کە حکومەتی هەرێم لەهەموو ئەمانە بێبەشە، دەوتوانێت باری قورسی قەیرانەکە کەمتر بکاتەوە.

### جەمال محسن:

منیش هەرچەند خاڵێک ئەڵێم. من نایەمە سەر ئەو لایەنانەی ئەو هاوڕێیانە باسیان کرد بەس من پێموایە کوردستان وەکو گۆشەیەک لەبازاڕێک، لەبازاڕی جیهانیدا تەماشا بکەین لە چوارچێوەی سیاسەتی ئیمپریالیزمی جیهانی بۆ دابەشبوونەوەی جیهاندا مانای خۆی پەیدا کردووە. بەجۆرێک لە قسەکانی خەسرەودا حەز ئەکەم گەر بواری بێ بێتە سەر ئەو مەوقعیەتی جیۆپۆلیتیکەی کە باسی کرد. کەوایە ئەگەر بۆنموونە سەیری نرخی نەوت بکەین. یەکێک لەو شوێنانەی کە بە ناردنە دەرەوەی نەوت کاریگەری دائەنێت لەسەر نرخی نەوت، عێراق و کوردستانە کە ڕێژەیەکی زۆری تیایە، بەڵام یەکێکە لەوانە، مەبەستم هەمووی نیە. ئێستا ئەگەر سەیری نرخی بازاڕی نەوت ئەکەیت لە جیهاندا، داشکاندنێکی بەخۆیەوە بینیوە و تەنانەت ئەمە کاریگەری کردۆتە سەر هەندێک وڵات و نرخی پارەکەشی پێ دابەزیوە. بە بڕوای من گەر بتوانین بڵێین نەقڵ بوونی ئەو قەیرانە ئابوورییە جیهانیە کە خۆیان دەرگیری بوون و هێنانیەتی بۆ ئێرە بۆ دەربازکردنی بازاڕی خۆیان و ئەو هەڵئاوسانەی کە لای خۆیان لە نرخی بازاڕی جیهانیدا هەیە، ئەمە گواستراوەتەوە بۆ ئێرە. بە مانایەک هەرچەندە نەوتەکە زیاتر ئەبێ و زیاتر عەرز ئەکرێ، تەڵەب لەسەری کەمتر ئەبێ و نرخەکەی دائەبەزێ. من ئەوەندەی کە ئاگادار بم هەڵبەتە وەکو لەم دوو سێ ڕۆژەی پێشوودا ڕایانگەیاند کە ئەتوانن لەماوەی ئەم چوار پێنج مانگەدا تاکو مانگی ئایار ئەتوانن نرخی نەوت بگەیەننە ٥٠ دۆلار، لەبەر ئەوەی ئینتاج کەم ئەکەنەوە، نایێنن و ئەم کاریگەرییە دائەنێت. بۆیە بەم مانایە ئیستقراری قەیرانەکە نابێ بەڵام ئەکرێ بەدەربڕینە کۆمەڵایەتیەکەی هەناسەیەک بداتەوە بەبەردا. بۆیە ئەم جێگەوڕێگایەی عێراق و کوردستان گرنگە و زۆریش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەم بازاڕە جیهانیەوە هەیە کە من پێم وایە یەکێکە لەو دەروازانەی کە ئیمپریالیزمی جیهانی بۆ کردنەوەی بازاڕەکانی بیری لێ ئەکاتەوە.

بەجیا لەوەی هاوکێشە ئابوورییەکانی کۆمەڵگای کوردستان چۆنە، ئەوەی کە وتم مەسەلەی خزمەتگوزارییەکان کە بەرهەمی کۆمەڵایەتییە، ئەوەی کە نەوت و بەرهەمەکانی تر ئەچێتە دەرەوە بەرهەمی کۆمەڵایەتییە یانی تێکەولێکەی پرۆسەی سەرمایە و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ململانێی نێوان کار و سەرمایە ئەچێتە پێشەوە و ئەمەش مەسەلەیەکی گشتییە و شمولی کۆمەڵگای کوردستانیش ئەکات، کە لە قسەکانی ئێوەشدا هات، بەڵام ئەوەی کە ڕێک لەم کاتەدا قەیرانێکی ئابووری کوردستانی گرتۆتەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەم فراوانبوونەوەی بازاڕە جیهانیەوە هەیە. تەبعەن لە پێشینەشدا ئەوە هەیە کە لە پرۆسەی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەت و

سازدانەوەی دەوڵەت لەتەواوی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا مانای خۆی هەیە بەس بۆ کوردستان ئەم مانایەی هەیە کە پەیوەستە بەو بازاڕەوە. وە لە ئاستی ناوچەییشدا کاریگەری خۆی دائەنێ. بۆیە ئەبینین کە کاریگەری لەسەر بازاڕەکان و ئەوەی من لە پرسیارەکەمدا لە هاوڕێ موئەیەد کردم بەجۆرێک هەڵئاوسان، نرخ، وەستانی بازاڕو ئاڵوگۆڕکردن... دوایی دێمە سەر گۆشەکانی تری کە کاریگەری هەیە و حەز ئەکەم باسی بکەین. ئەوە یەکێک لەو خاڵانەیە کە گرنگی هەیە بۆ تێگەیشتن لەم دۆخە چونکە تەنها تۆ ناتوانی لەچوارچێوەی دەسەلاتی بۆرژوازی کورد کە یەکێتی و پارتی تا ئێستا وەک ئەحزابی میلیشیایی نوێنەرایەتیان کردووە هەر ئاوها ببینیت. ئەمە گۆشەیەکە لەوەی کە پەیوەست ئەبێتەوە بەو بازاڕە جیهانییەوە کە ئەیانەوێ بۆ دەربازبوون لە قەیرانێک کە تێی کەوتوە بەکاریبهێنن.

## عوسمانی حاجی مارف:

لەدرێژەی ئەو باسانەی کە هاوڕێیان قسەیان لە سەر کرد بەردەوامی بە باسەکە ئەدەم، کاتێک باس لەسەر قەیرانی ئابووریی لەکوردستاندا ناتوانین نەیبەستینەوە بەو قەیرانە ئابوورییەی ئیستا لەجیهاندا هەیە، هەروەها گەر باسەکەش بەتایبەتی لەسەر قەیرانی ئێستای دارایی لە کوردستاندا ناتوانین بەبێ بەستنەوەی بە هەلومەرجی گێژاوی سیاسی عیراق و ناوچەکە ئەو قەیرانە ڕۆشن ببینرێت کە لە هەمانکاتدا جۆری پێکهاتەی دەسەلاتی سیاسی لە کوردستان بۆ خۆی بەشێکە لەو هەلومەرجە ناجێگیریە سیاسییەی کە لەناوچەکەدا چەند دەیەیەکە دەگوزەرێ، ئەوە قسەی لەسەر کراوە کەئەتوانم بڵێم هەندێ لایەنیشی ڕۆشنکرایەوە. بەلام من ئەمەوێ لێرە یەک شت بڵێم؛ مەسەلەکە ئەوەیە ئەم قەیرانەی لە کوردستاندا هەیە بۆ ئاوا ڕۆچووەتە خوارەوە؟ ئەکیدە لە هەموو شوێنێکی دونیادا لە قەیرانی ئابووریدا خزمەتگوزاریەکان کەم ئەکرێتەوە، بێکاری زیاتر دەبێت، وە لەگەڵیشیا کرێی کار کەم ئەبێتەوە. هەموو ئەمانە واقعیەتە بەلام ئەمەی کە واقعیەتی شوێنێکی وەکو کوردستانە و هەتا عێراقیش بە جیا لەوەی حکومەت مووچە نادات و دەبێتە هەژاری و برسێتی، ئایا ئەمە لەپەیوەند بە ئەزمەی ئابوورییەوەیە وا دەگات بەم واقعیەتە؟ بەپێویستی ئەزانم کەمێ بگەڕێینەوە سەرتەرکیبە و یا پێکهێنانی گەشەی سەرمایە لە عێراق و کوردستاندا. بەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و گواستنەوەی سەرمایە بۆ عێراق وکوردستان و دامەزراندنی سەرمایە لەبواری دەرهێنانی کەرەسەی سروشتی دواتر وەبەرهێنان لەبوارەکانی تردا بەلام لە چوارچێوەی دابەشکردنی بازاڕی جیهاندا عێراق بووە بە وڵاتێک لە بەرهەمهێنانی نەوت واتە لەباری ئابووری و داهاتەوە ئیعتمادی سەرەکی بە بەرهەمهێنانی رەیعی، یا بە مانای وەبەرهێنان لەبواری سامانی سروشتیدا، لەمەش گرنگتر عێراق وەک یەکێکە لەو وڵاتانەی لە زمنی حەوزەی کاری هەرزاندا حسابی لەسەر کراوە، هەتا ناردن و دامەزراندنی سەرمایە بۆ عێراق لە هەمان چوارچێوەیەکدا بووە کە حە وزەی کاری هەرزانە، خودی شەریکات و کۆمپانیاکان یا سەرمایەدارەکان دەرەکی بووبن یا ناوخۆیی، بە ئعتماد لەسەر ئەوەی کە عێراق کرێی کرێکار تیا هەرزانە، واتە عێراق یا کوردستان حەوزەی کاری هەرزانە و لەو چوارچێوەیەدا پەیوەندی

## ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتدارێتی

وەبەرهێنان بەڕێوە چوە، دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتەکان لەسەر بنەمای کاری هەرزان پەیوەندی کار و سەرمایەیان پاراستوەو کۆمەڵگەیان بەڕێوە بردووە بە پشتبەستن بە دابینکردنی کەمترین خزمەتگوزاری و پێداویستیەکانی ژیان بۆ کرێکاران، کە لەهەر قەیرانێکدا پاراستنی ئەم سیستمی کاری هەرزانە و کەمکردنەوەی خەرجی بۆ پێداویستیەکانی ژیانی کرێکاران زیاتر ڕۆچۆتە ناو ژیانی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشەوە و بۆتە مایەی زیاترکردنی بێکاری و هەژاری و برسێتی.

من بەجیا لەوە ئەمەوێ ئیشارەت بە شتێک بدەم کە بۆنموونە لەتەواوی کێشمەکێش و شەڕی نێوان بۆرجوازی کوردی لەبەرامبەر بۆرجوازی عەرەبیدا بۆ شەراکەتیان لەدەسەڵاتدا پەیوەستکردنی ئەم کێشمەکێشە بۆ شەراکەت لەدەسەڵاتدا بە مەسەلەی نەتەوایەتی و کێشەی کوردەوە و دروستکردنی حەرەکەی چەکداری و پێکهێنانی نائارامی سیاسی بەردەوام، بەڵام گەر سەرنج بدەن لەگەڵ ئەوەشدا خودی سەرمایەدارەکان لەعێراقدا کوردزمان بووبن یا عەرەبزمان یا هەر زمان و ئاینێکیان بووبێت ئازاد بوون لە دامەزراندنی سەرمایەکانیاندا لەهەر شوێنێکی عێراقدا بیانویستایە، سەرمایەدارێکی کوردزمان توانیویەتی بەحورپەتی خۆی لە بەغدا کارگە دابنێت، بازرگانی بکات و کاری بەڵێندەرایەتی بکات، بەڵام نوێنەرانی سیاسی بۆرجوازی کوردی و عەرەبی واتە ناسیونالیستی عەرەبی و ناسیۆنالیستی کوردی هەمیشە لە ناکۆکی و شەڕدا بوون کە بەبۆچونی من دەگەڕێتەوە بۆ ئەو واقعیەتەی کە یەکەم ئابووری عێراق پشتی بە ڕەیع بەستووە لەناو دابەشبونی بازاڕی جیهاندا، دووەم کە حەوزەی کاری هەرزانە و بە ڕێگەی سەرکوت و ئیستبدادی سیاسی و دەسەڵاتێکی میلیتاندا ئەتوانن پەیوەندی کار و سەرمایە بپارێزن، ئەمەش ئەو واقعیەتە دێنێتە پێشەوە کە بوار بۆ هێزە سیاسیەکان بۆ فرسەتی دەسەڵات گرتن لە ڕێگەی هێزی سەربازی و چەکدارییەوەیە، ئەم واقعیەتەش ئەوەیە کە کێشەی نێوان ناسیۆنالیستی عەرەب و کورد کۆتایی نایەت، ئەوەی کە کێشەی نێوان کوردستان و حکومەتی مەرکەزییە لە واقعیەتی پێکهاتەی خودی هاتوچۆی سەرمایە، بەگەڕخستنی سەرمایە، چەوسانەوەی کرێکار جا بۆرژوازی عەرەب یا کورد بووبێ فەرقیان نەبووە، وە هەمووشی لەسەر ئەساسی مانەوەی کاری هەرزانە لەهەر شوێنێکی عێراق و کوردستاندا بێت ڕەواجیان بە مەسەلە سیاسییەکانیان و خورافات داوە بەناوی پاراستنی نیشتمان و هەرشتێکی ترەوە بوبێت ئەم مەسەلەی کاری هەرزانە تەناقوزاتێکی دروستکردووە. یانی ئەمەوێت ئەوە بڵێم واقعیەتی کاری هەرزان شکڵێکی سیاسی داوە بەم ناوچەیە کە خودی چینی سەرمایەدار یان سەرمایەداران نەتوانن ڕاستەو خۆ لەباری سیاسییەوە لەدەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی حکومەتەکاندا نوێنەرایەتی خۆیان بکەن واقعیەتەکەی ئەوەیە ئەگەر وەکو ڕەوالّی گەشەی سەرمایە بەشێوەی وڵاتانی ئەوروپی وەک فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا، سەرمایە گەشەی بکردایە هەڵبەتە ئەو رابیتەیەی نێوان کارو سەرمایە بەجۆرێکی تر ئەچوو بەڕێوە، بۆرژوازی عێراق و کوردستان کەدەرگیری واقعیەتێک بوون لە پاراستنی حەوزەی کاری هەرزاندا کە ناکرێ و ناتوانن سیستمێک دامەزرێنن کە ئازادی هەبێت یا دیموکراتی بێت، چونکە ئەگەر ئازادی هەبێت دەکەوێتە بەرامبەر ناڕەزایەتی کرێکاران بۆ زیادکردنی کرێ، کە

زیادکردنی کرێ دەکەوێتە ناکۆکیەوە لەبەرامبەر پاراستنی مانەوەی کاری هەرزاندا، کە سەرمایەداری توشی قەیرانی گەورەتر دەبێت، واتە بەگەڕخستنی سەرمایە لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا پێویستی بە دامەزراندنی سەرخانێکی سیاسی ئیستیبدادی هەیە، هەر بۆیە زۆربەی شەراینی ئابوری ئەم وڵاتە هەر لەسەرەتاوە لەلایەن دەوڵەتەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت، کە ئێستاش بەدەست ئەحزابەوەیە.
بۆنموونە وەبەرهێنانی نەوت لەکوردستان وەک لەقسەی ئەم هاوڕێیانەشدا دوبارە کرایەوە، ئێستا کۆنترۆڵەکەی بەدەستی ئەحزابەوەیە کە پێشتر بەدەستی دەوڵەتی عێراقەوە بوو، هەتا ئەو شەڕەی ناوخۆ کە کەوتوتە نێوان بۆرژوازی ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەب لەعێراقدا شەڕێکە بەرهەمی ئەوەیە کە ئەحزابی بۆرژوازی ناسیۆنالست شەریک بێ لەدەسەڵاتی سیاسیدا و شەریک بێ لە بەڕێوەبردنی چەوسانەوەی کرێکاراندا، بەڵام خودی سەرمایەداران مەرج نیە ویستبێتی ئەو ئیستیقلالە بکا، ناکۆکی هەیە لە ئیدارەی دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیۆنالست و سەرمایەداراندا، بۆنموونە شەڕی چەکداری نائەمنی بۆ سەرمایەگوزاری دروست دەکات، بەڵام واقعیەتی ناکۆکیەکانی کۆمەڵگە بە مانای پاراستنی حەوزەی کاری هەزاران وا لەسەرمایەداران دەکات کە ئەو واقعیەتەی دەرگیری بوون لەگەڵ حزبە ناسیۆنالستەکاندا قەبوڵی بکەن.
مەسەلەیەکی تر لە مێژووی سەرهەڵدان و هەڵسوڕانی سیاسی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کوردی لەوکاتەوە بەفراوانی دێتە مەیدان کە حکومەتی عێراق بەرنامەی عەمەلی بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی کشتوکاڵی دەکات، بەڵام بزووتنەوەی کوردایەتی دەکەوێتە بەرامبەر ئەم چاکسازیەوە و هێزە چەکدارەکانی لەپەیوەند بە نارەزایەتی دەربەگ و سەرۆک عشیرەتەکانەوە کە دژی ئەو چاکسازیە بوون بۆ گەشەی سەرمایەداری دروستدەکات، هەربۆیە ئەتوانین سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کوردایەتی بە بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرست ناوبنێین، یانی خودی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کوردی نەیتوانی نوێنەرایەتی سەرمایەدارانی کوردزمان بکات لەپەیوەند بەگەشەی سەرمایەداری لەعیراقدا و دابینکردنی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری تا وەڵامدەرەوە بێت لەگەڵ چونەپێشەوەی گەشەی سەرمایەداری جیهاندا، هەمیشە چۆنیەتی حەرەکە سیاسیەکەی کێشەی بووە لەگەڵ گەشەسەندنی رابیتەی کار و سەرمایە کە بگاتە ئاستێک لە ئاستی گەشەی پیشەسازیدا. تابتوانێ ئەم پەیوەندیە ئاڵوگۆڕێک پێکبهێنێت یا بتوانین قەیرانەکەی بەتەواوی تەعریف کەین، ئەتوانم بڵێم ئەو قەیرانەی کە بەو شێوەچارەیە ئەچێتە ناو برسێتی و هەژاری و کارەساتەکانەوە، ئاکامی هەلومەرجێکە کە ئەم رابیتەی کار و سەرمایە لە حەوزەی هەرزاندا و بە ئیعتماد بە ئابووری رەیعی بەشێوەیەکی سەرەکی و نوێنەرایەتی کردنێکی سیاسی لە نموونەی حکومەتێکی وەک بەعسی ناسیۆنالستی میلیتاند، ئێستاش دەسەڵاتی حزبە میلیشیاکان، هەر ئاڵوگۆڕێکی تر کە روویداوە هەتا تەعریفکردنی ئەم ئەحزابانەی پێشتر بەناوی ئەوەی دژی ئیمپریالیست بوون، بەڵام لە هەمانکاتدا چونەتە ناو چوارچێوەی بەرژەوەندی و سیاسەت و کێشمەکێش و شەڕی وڵاتانی ئیمپریالی لە جیهاندا نەک پێشبڕکێ لەبەرامبەری ئەو وڵاتانەوە و

شەریکات و کۆمپانیاکانیاندا، بەڵکو بەشێوەیەکی وابەستەیی ئابووری لەناو بازاڕی جیهاندا مەوقعیەتی خۆیان دیاری کردوە.

**جەمال محسن:**

بەڵام لەو چوارچێوە گشتیە دەربچی ئەوەی کە ئێستا ئەم وەزعە توشی ئەم بنبەستە بووە ئەبێ هۆکارەکەی چی بێ؟

**عوسمانی حاجی مارف:**

واقعیەتی کوردستان مێژوویەکی هەیە، لەناو مێژووی گەشەی کاپیتاڵیزمی جیهاندا کە لەشێوەی عێراق و ناوچەکەیە و موختەلیفن لەگەڵ گەشەی تەبیعی سەرمایەدار لە وڵاتانی تردا مەبەست ئەوروپایە، مەسەلەن لە تەبیعەتی بیدایەتی سەرمایەداریدا کە راستەوخۆ کەوتە شەڕێکی دەستەویەخە لەبەرامبەر فیودالیزمدا و تەواوی پەیوەندیە ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیەکانی هەڵوەشانەوە، با نەچینە ناو ئەو تەفسیلەوە وە ئێستا کە خودی ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردستاندا، تۆ سەیریان کە لە شەستەکانەوە ئەم هێزە سیاسییانە هەن و ئەحزابی ناسیۆنالیستین و بە بەرگریان و پاراستنی پەیوەندی و فەرهەنگی دواکەوتووی کۆمەڵگە چونەتە مەیدانی شەڕ لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی لەعێراقدا، تا ئەوەی کە خۆیان بە دەسەڵات ئەگەن، یەعنی ئەمەویت بڵێم ئایا ئەم هێزە چەکدارە ناسیۆنالیستانە توانیویانە نوێنەرایەتی هەموو سەرمایەدارانی کوردستان بکەن، نەخێر نەیانتوانیوەو نەیان کردووە، هەر بەو مانایەش هیچکات ناتوانن یەکڕیزی "کورد" کە خۆیان ئیدعای ئەکەن بپارێزن واتە بەمانای یەکڕیزی چینی بۆرژوازی و هێز و حزبەکانی و دابینکردنی سەقامگیری سیاسی مەسەلەیەکی غەیرە مومکینە، هەمیشە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی توێژێک لە چینی سەرمایەدار لە کوردستاندا کردووە یا لە عێراقدا کردووە ، حزبی بەعس نەیتوانیوە نوێنەرایەتی هەموو سەرمایەداری عێراقی بکا، پێکهاتەکەی بەوجۆرە دەخوازێت، لەبەرئەوەی کە خودی سەرمایە لە حەوزەی کاری هەرزاندا لەبەرامبەر چینی کرێکاردا ئەکەوێتە تەناقوزێکی زۆر توندەوە کە بەخودی چینی سەرمایەدار ناپارێزرێت و پێویستی بە هێزێکە کە بە سەرکوت و توندوتیژی کۆمەڵگە بەڕێوە بەرێت و ئەم حەوزەی کاری هەرزانەی بۆ بپارێزێ ئیتر بە ئیستیبداد بێ، بە ئەفکاری ئیسلامی بێ، بە ئەفکاری قەومی بێ، بە خورافات بێ، بەوپەڕی کۆنەپەرستی بێت، وە خودی ئەم هێزە سیاسیانەش تەواوکەر و درێژەی ئەو واقعیەتەن، تەواوکەری واقعیەتێکن کە شەراینی ئابوریی سەرەکی ئەو وڵاتە بخەنە ژێردەستی خۆیان، دەستبەسەراگرتنی شەراینێکی ئابووری کە بۆنموونە سامانە سروشتیەکانی پێ ئەڵێی، سامانی ژێرزەویی پێ ئەڵێ، ڕەیعی پێ ئەڵێی، وزەی پێ ئەڵێی، هێنانەدەرەوەی نەوتی پێ ئەڵێی، تۆ بڕۆ سەیرکە سەرمایەدارانێک کە لە کوردستان هەن بەردەوام بەرهەم ئەهێنن، واتە ئەو قسەیەی کە تۆ ئەڵێی بازاڕ وەستاوە، بازاڕ نەوەستاوە، کرێکاران ئەچنە ناو بازاڕی کارەوە، کرێکاران هەن و کار ئەفرۆشن، هێزی کاریان ئەفرۆشن،

### جەمال محسن:
مەبەستم بازاڕی بازرگانیە.

### عوسمانی حاجی مارف:
ئەمە بە مانایەک ئەگەر سەیری بازاڕ بکەین وەک بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی کەرەسەی بەکارهێنان، بازاڕ لە پەیوەندی جیهاندا فروانترە لە ساغکردنەوەی کەلوپەلی بەکارهێنان، واتە بازاڕی سەرمایە نەوەستاوە، ناوەستێت و بەردەوام لە حەرەکەدایە، ئەوەی کە بەکارهێنانە بۆ دانیشتوان، واتە بازاڕێک کە خەڵک کەلوپەلەکانی تیا ئەکڕێ کاتێ توانای کڕین دائەبەزێت، ئەمە شتێکی ترە، بەڵام سەرمایەدارێک بۆ ئەوەی سەرمایەگوزاری بکات، کارخانەیەک دابنێت ئەمە نەوەستاوە،سەرمایەدارێکی کوردی، یا هەر ملیاردێرێک لە ئێستا لە کوردستاندایە ئەتوانێ کارخانەیەک لە ئەڵمانیا دانێ و سەرمایەکەی بخاتە گەڕ...

### جەمال محسن:
ئەوە هێشتا وەڵام ناداتەوە بەو پرسیارەی ئەگەر وایە، ئەگەر تۆ پێت وایە کە ئەحزابی بۆرژوازی کورد، ئەحزابی قەومی کورد، نەیانتوانیوە نوێنەرایەتی سەرمایەداری یا ئەو چینە بکەن، ئایا ئەمە سەبەبی ئەو بنبەستەیە کە تیایان؟

### عوسمانی حاجی مارف:
یەکێک لەو خاڵانەی کە ئیشارەی پێکرا لەپەیوەند بە هەلومەرجی سیاسی و ئابووری جیهانەوەیە، واتە لە چوارچێوەی ئەو قەیرانەی لە جیهاندا هەیە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە، واقعی نالەبار و شەڕێکە کە لە ناوچەکەدایە و هەروەها ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەدا ڕویداوە، ئەو شەڕەی لە نێوان بلۆکە جیهانیەکاندا لە ئارادایە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، کۆمەڵە هۆکارێکن وە لە زمنیشیا پێکهاتەی ئەحزابی دەسەڵاتدار وەک هێزی میلیشیا لە کوردستاندا، بەڵام جارێکی تر پرسیارەکە ئەوەیە ئەم جۆرە حزبە دەسەڵاتدارانە بۆ هەن؟ بۆ ئەمە پێکهاتەکەیانە؟ بۆچی مەسەلەن حزبێکی میلیشیایی لە ئەڵمانیا و فەرەنسا .. ناتوانێ دروستبێ و بەو شێوەیە بڕوا دەسەڵات بگرێت، بۆ مەسەلەن لە بەریتانیا، لە ئەمریکا هێزێکی میلیشیا ناتوانێ دروستبێ و دەوڵەت دامەزرێنێ؟ یا حاکمیەت بکات، بە مانایەک، ئەمە چیە، ئەمە لەکوێوە هاتووە؟ ئەسڵی حزبی بەعس، حزبێکی بچوک ئەبێتە میلیتانت، جەیشێکی گەورە دروست ئەکا، ئەبێتە مودافعی فەلەستین، ئەبێتە شەڕی لەگەڵ ئەمریکا، ئەمە چیە؟ بۆ ئەتوانن ئەمە دروست بکەن؟ مەسەلەن ئەوەی هێزی چەکدار ئەبێتە هێزێک کە تایبەت بە حزبێکی سیاسیە، هەرچەندە دەوڵەتی ئەمریکا جەیشی گەورەتری هەیە و مەبەستم ئەوە نیە، بەڵام بۆ ئەو هێزە چەکدارە ئەبێتە داردەستی هێزێکی سیاسی؟ یا جەماعەتی دەعوە لە بەغدا، هێزی تایبەتیان هەیە و ئەتوانن

کۆنترۆڵی بکەن، بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە بۆ پەنجا ساڵ ئەچێ هێزەکەی لایەک لە کوردستانی داگیرکردووە، وە ئێستا بازرگانی نەوت بەدەست ئەوە، ئیستیراد بەدەست ئەوە، رابیتە لەگەڵ ولآتانا بەدەست ئەوە، رەبتی ئەم سەرمایەیە بە عالەمەوە بەبێ رەقابە و کۆنترۆڵ و هەژمونی ئەوەوە نەبێت ناڕوا بەڕێوە، تۆ سەیرکە هەتا خودی سەرمایەدارانیش گیریان خواردووە بەدەست واقعیەتێکەوە کە لەژێر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدایە، وە لە شوێنێکا ئەمە توشی گرفتی جیهانی ئەبێ، توشی ئەزمەی عالەمی ئەبێ، ئەبێتە هۆی ئەم مەئسات و برسێتیە، هەتا لە زمنی ئەو نەخشە ئابووریانەی ئەو حزبانە لە کوردستانا دایانناوە لە چۆنیەتی تەوزیفکردنی خەڵک، لە چۆنیەتی فراوانکردنی ئیدارە، وەزارەتی زۆر، کاری ئیداری و بیرۆکراتی بەرفراوان...

**محسن کەریم:**

ئەمەوێ تەوزیحێ بدەم لەسەر ئەو بابەتەی عوسمان باسیکرد، بەڕای من بۆرژوازی وەکو تەبەقەکە حاکمە بەڵام ئەحزاب و بزووتنەوەکانی کە نوێنەرایەتی ئەکەن دەسەڵات بەدەستی ئەوانەوەیە. مەسەلەن لە ئەمریکا سیستەمێکی بۆخۆی داناوە، دەوڵەتێک هەیە، بنەما و قەوانین هەیە، هەموو شتێکی خۆی هەیە، ئابووری زانراوە چۆن ئەچەرخێ، لە کوردستاندا یا لە عێراقدا یا هەندێ ولآتانی هاوشێوەدا فەرقەکەی ئەوەیە لێرەش هەر بزووتنەوەیەکی دیاریکراو بە تەبیعەتی حاڵ لەم مەنتیقانەدا بە حوکمی ئەو تەقسیمە جیهانیەی کە سەرمایە هەیەتی بزووتنەوەکانیتر کە یا ناسیۆنالیستە یا ئیسلامیە، لەمانە زیاتر نیە، بۆیە سەیر ئەکەی بەعس بەڕای من هەر نوێنەری تەبەقەی بۆرژوازیە بەڵام رەوتێکی بوو .

**جەمال محسن:**

یا حزبێکی بوو.

**عوسمانی حاجی مارف:**

بەڵام گەر نەیڕوخێنی لا ناچێ.

**جەمال محسن:**

دێمە سەر ئەو خاڵە.

**محسن کەریم:**

ئەمەوێ بڵێم دەوڵەتەکەی سەدام حوسێنیش وەکو دەوڵەتەکەی ئەمریکا وایە، وەکو دەوڵەت، وەکو هەیئەی حاکمەتی بۆرژوازی وەکو یەکن، بەڵام ئیتر ئەوەی کە میکانیزمەکەی چۆنە، ئەوە مەسەلەیەکی ترە.

**عوسمانی حاجی مارف:**

ئەگەر نەڕوخێنرێت خودی سەرمایەدارانیش ئەو دەسەڵاتەیان بۆ ناگۆڕدرێت، بەڵام جمهوریەکان یاخود دیموکراتەکان لە ئەمریکا یا هەر وڵاتێکی تری دیموکراتی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێ، بەڵام لە کوردستان ناتوانرێت لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە نە پارتی بگۆڕدرێت نە یەکێتی.

**جەمال محسن:**

من لەدرێژەی ئەم لایەنەی باسەکەماندا پێمباشە جەولەیەکی کورت دەست پێبکەینەوە و لەسەر خودی قەیرانەکە و لایەنەکانی راوەستین. بۆ ئەم جەولەیەش هەریەکە لەهاوڕێیان ٥ دەقیقەیان پێدەدرێ تا قسەی تەکمیلی خۆیان بکەن. فەرموو خەسرەو لەتۆوە دەست پێئەکەینەوە.

**خەسرەو سایە:**

من مولاحەزاتێکم هەیە لەسەر ئەو قسانەی کە کرا؛ حەز ئەکەم لەپێشدا تەئکید لەسەر ئەو پرسیارە بکەمەوە کە لە قسەکانی هاوڕێ عوسماندا هات و موئەیەدیش ئاماژەی بۆکرد. ئەویش ئەوەیە کە بۆ ئەم قەیرانە رۆچۆتە خوارەوە؟ بەڕای من کێشەکە نە عەرزوتەلەبی نەوتە، نە مەسەلەی ئەوەیە کە فائیزی ئینتاج هەیە یا نیە، بەڵکو کێشەکە وەک وتم خودی سەرمایەداری کوردستان خۆیەتی، کێشەیەک کە ساختاریە و لە پێکهاتی سەرمایەداری لە کوردستاندا سەری هەڵداوە.

**جەمال محسن:**

مەبەستت پەیوەندیەکانی سەرمایەداریە !!!

**خەسرەو سایە:**

بەڵێ، قەیرانەکە هەیکەلیە، یانی سەرمایەداری کوردستان وەک فۆرمیلاسیۆنێک کەسەرخانی سیاسی تایبەت بەخۆی دەخوازێ و بە ئایدۆلۆژیەک تەبریری دەکرێ گیرۆدەی هەم قەیرانی ئیقتسادی وهەم قەیرانی حکومەتیە، بەجۆرێک کە هەم ئیقتساد و هەم سەرخان و حکومەتەکەی ئیتر وەڵامدەرەوە نیە. هەروەها مەوقعیەتی کوردستان لەئاست بارودۆخ و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لایەنێکی تری ئەم قەیرانەیە. واتە ئەمانە فاکتۆر و پێکهاتوە ئەسڵیەکانی ئەو بنبەست و قەیرانەیە کە من پێی دەڵێم، قەیرانی "ساختاری/ بونیادی". هەربۆیە مەسەلەکە نەوت نیە، وە ئەوە بۆچوونێکی عامیانەی بۆرژواییە کە ئەیەوێ بڵێ کێشەی ئەمڕۆی دەسەڵات بەهۆی دابەزینی سعری نەوتەوە سەری هەڵداوە و حکومەتی هەرێم ناتوانێ موچە دابین بکات و عێراقیش بودجەیان پێنادات کەوایە چاوەروانبن! بەڕای من بۆرژوازی کورد تەنانەت ئەگەر پەیوەندیەکانی خۆشی لەگەڵ بەغدادا خۆش کاتەوە، یان ئەگەر سعری نەوتیش بەرز بێتەوە دوبارە هەر لە قەیراندایە و ناتوانێ چارەسەری کێشەکانی ئیقتسادو سیاسەت و حکومڕانی لەکوردستاندا بکات.

ڕەنگە بتوانێ بۆ ماوەیەکی تریش وەزع هەروا بەدوای خۆیدا راکێشێ وە یا توندی و مەودای قەیرانەکە لەڕێگای هەندێ فاکتۆرەوە کەمکاتەوە. ئەگەر کێشەکە بەنەوت و دابەزینی سعری نەوت بزانین ئەی بۆچی عەبادی بەو هەموو ئەو شەقوشڕییەی حکومەتەکەیەوە و بەدابەزینی سعری نەوتیشەوە توانیویەتی موچەی کارمەندانی ژێردەستی خۆی لانیکەم مانگانە بدات و بۆ کارمەندانی کەرکوک و ناوچەکانی ژێردەستی داعشیش بنێرێ. بەڕای من ئەوانەی لە ڕوانگەی نەوتەوە سەیری دۆخی ئابووری کوردستان دەکەن دەمانگێڕنەوە بۆ تیۆریەکانی ئیقتسادی پەرەسەندن (ئیقتسادی ڕیعی _ نەوت) لە وڵاتانی وەک عێراق و کوردستاندا کە لەلایەن نوسەرانێکی وەک سەمیر ئەمین و بۆڵباران و بۆڵ سویزی و شارل بیتلهایمەوە لە ساڵانی ٧٠و ٨٠کاندا بڵاوکرانەوە و دوای شکست خواردنیان ئێستا خۆشیان باسی ناکەن..
هەروەک ئاماژەم پێدا سەرمایەداری لە کوردستانا ریشەیەکی تەئریخی و جیهانی و ناوچەیی هەیە، تەئریخی بەومانایەی کوردستان شەپۆلی یەکەمی دامەزراندن و پەرەسەندنی تێپەڕ کردووە، باسەکە ئەوەیە کە کوردستان وەکو حەوزەیەک بۆ هێنانی سەرمایە مونتەزیری تەحەوڵاتێکی سەرمایەداری جیهانیە کەدەبێ ئاسەواری گەشەکردنەکانی خۆی نەقڵکاتەوە بۆ کوردستان. کەوایە بۆچی کوردستان لەحاڵەتێکی ئینتیزاریدایە؟ ئەمڕۆ دەبینین کە ئەو هەلومەرجە و ئەو پێداویستیە عەینی و زهنیانەی بۆ دەورەیەکی تر لە گەشەی سەرمایەداری لە وڵاتانێکی وەک کوردستاندا پێویستن لەبازاڕی جیهانیدا و لەگشت کاپیتالیزمی جیهانیدا خۆی ڕووبەڕووی قەیرانێکی هەیکەلیە و وەڵامێک نیە بۆی. بۆنموونە هاوڕێ موئەیەد ئاماژە بۆ ئیقتیسادی نیولیبرالیزم دەکات، بەڵام ئەوە خودی نیولیبرالیزمە کە بەدیلێکی نیە بۆ سازدانەوەی سەرمایەداری جیهانی بەگشتی و لەم وڵاتانەدا بەتایبەتی. یانی وەڵامی نیە بۆ حەوزەکانی ناردنەدەرەوەی سەرمایە، کە لەسەر ئەساسی بەرهەمهێنانی هێزی کاری هەرزان و سەرو قازانجهێنەری ئیمپریالیستی قەراری گرتووە. لەم پەیوەندەدا با ئاماژە بەخاڵێک بکەم: ئیقتیسادی کوردستان وەک بەشێک لە ئیقتسادی عێراق کاتێک شکڵی گرت دنیا دووقوتبی بوو، وە دوو مۆدێلی سیاسی و ئیقتسادی وەک بنەمای تەوازنە سیاسی و ئیقتسادیەکان سەقامگیربوو. یەکەم مۆدێل ئیقتیسادی بازاڕ کە لە وڵاتانی ئیمپریالیستی وەک ئەمریکا و ئەوروپادا جیگیربوو، لە کەنارەوە مۆدێلی دووەم لە وڵاتانێکی وەک شەرقدا، جگەلە سەنگافورە، بەرازیل و ئیسرائیل و یەکدوو وڵاتی تر، باقیەکەی لە مۆدێل و فۆرمی سەرمایەداری دەوڵەتدا سەریان دەرهێنا. پرسیارەکە ئەوەیە کەبۆ ئەم وڵاتانە بەشێوەی ئیقتیسادی بازاڕ شکڵیان نەگرت؟ ئەمە بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەدابەشبونی بلۆکە ئابوری و سیاسیەکان و ڕێکەوتنی نێوانیان لەچوارچێوەی تەوازنێکی جیهانی ئەوکاتەدا ڕێگر بوو، واتە سەرمایەداری جیهانی ڕێینەدا کەئەم وڵاتانە ڕێگای سەرمایەداری بازاڕ بگرنەبەر و هەربۆیە کەوتنەژێر کاریگەری ئەلگۆی سەرمایەداری دەوڵەتیەوە، کە سەرچاوەکەی یەکێتیی سۆڤیەت بوو. ئەم دۆخەش ڕێگای دا تا دەوڵەتێکی مۆدێرنی ناسیۆنالیستی لەعێراق و لە وڵاتانی تر دروستبێ و ئیقتیسادی دەوڵەتی حوکم کات و سەرخانەکەی شکڵی دەوڵەتێک بێ کە بریتی بوو لە ئیستبدادی بێپەردە. بەڵام ئێستا بەدوای ئەم هەموو ساڵە و بەتایبەتی لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە

کەزیاتر لە نیو سەدە تێپەڕبووە هەم تەوازناتی دەورانی دووقوتبی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، هەم مۆدێلی سەرمایەداری دەوڵەتیش کارامەیی خۆی لەدەستداوە. ئەمڕۆ بەڕۆشنی ئەوە دەبینین کە چینی کرێکار هەم چەندایەتی و هەم چۆنایەتی پەرەی سەندووە، شارەکان گەورە بوونەتەوە، ئیعترازێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام لەئارادایە. تەنانەت زەمینەیەکی واقعی بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی دونیای عەرەب پێکهێنا. لەئێستادا نەک هەر ئەم مۆدێلە لەسەرمایەداری دەوڵەتی و جۆری حکومەتەکانی فەشەلی هێناوە، هاوکات نیولیبرالیزم ئەلگۆیەکی تری نیە بۆ سازدانەوەی ئابووری و سیاسەت لەم وڵاتانەدا. یەکەم محاوەلەی ئەمریکا لەدوای ڕوخانی حکومەتی بەعس بە هێنانە سەرکاری شێوەیەک لەسیستەم و حکومەت، کە لە کۆکردنەوەی دەستەجاتی ئاینی و ئیتنیکی و بەناوی پلورالیزمی سیاسی و حکومەتی دیموکراتیەوە خۆی دەرخست و گوایە ئەم مۆدێلە ئەتوانێ ئارامی سیاسی لەبەردەم سەرمایەی جیهانی و ناوخۆییدا زامن بکا و دواتر کێشەی ئیقتیسادیش لەژێر پەردەی دووبارە سازدانەوەی ئابوریدا (ڕیبیڵدینrebuilding/) چارەسەر بکات. بەڵام عێراق و کوردستان وەک کۆمەڵگەیەکی جەنگ گرتو، کەهەموو ژێرخانی ئابووری و هەموو شتێ تیا هەڵوەشاوەتەوە، خودی ئەم محاوەلەیەی بەڕۆژی ئێستا گەیاند. خودی نیولیبرالیزمیش قەیرانەکەی ئەوەیە کەفۆرمێکی نیە لەبارەی ئەوەوە کە ئایا ئەم وڵاتانە لەجۆری عێراق و کوردستان، بەشێوەی ئیقتیسادی بازاڕ یا بەشێوەی سەرمایەداری دەوڵەتی سازدەداتەوە؟ وە یا چ فۆرمێکی ئیقتسادی و چ نەوعە حکومەتێک دادەمەزرێنێ کە بتوانێ موناسەبەی کار و سەرمایە بۆ دەورانێکی ماوەدرێژی تر لەقاڵب بداتەوە.

بەڕای من کوردستان ناتوانێ مۆدێلی ئیقتیسادی سەرمایەداری بازاڕ بێت، چونکە لەلایەک دابەشبوونە ئیقتسادییەکانی سەرمایەداری جیهانی ڕێگای پێنادا مەگەر زەرورەتی تەواجدی هێزی کاری هەرزان لەم ولاتەدا هەڵوەشێتەوە، کە تەواوی ئیقتسادی سەرمایەداری لەسەر راوەستاوە. لەلایەکی ترەوە جەوهەری ئەسڵی فۆرمی ئیقتیسادی بازاڕ لەسەر ئەساسی تەعەدودی سەرمایە و جیابوونەوەی بەشەکانی سەرمایەی سەناعی، سەرمایەی مالی، سەرمایەی بانکی، تیجاری، لەیەکتر و لەپرۆسەی کەڵەکەو پەرەسەندنی بەرهەمهێناندا بەوجود بێت و بوارێکی ئەوتۆ بۆ دەخالەتی دەوڵەت لەکاروباری ئیقتسادا نەهێڵنەوە و بتوانن کاراکتەری سیاسی و نوێنەرایەتی لەحکومەت و نیزامدا بەدەست بهێنن. لە ئەورووپا ئەمریکا ئەم واقعیەتە روویداوە و بەشە جیاجیاکانی سەرمایە بەرۆشنی لێک جیابوونەتەوە و لەدەوڵەت و نیزامی سیاسیدا، لەدانان و بەڕێوەبردنی قانوندا، حوریەتی تەسەڕوف و ڕۆڵیان هەیە. لەکوردستان ناتوانرێ ئەمە بەدەست بێت، هەروەک وتم ڕێگە پێدراو نیە لەلایەن ئیقتسادی جیهانی و ئیمپریالیستیەوە. هەربۆیە وەک وڵاتێکی ژێردەستەی ئیقتسادی ئیمپریالیستی و ناوچەیەک بۆ ڕاکێشانی سەرمایە دەمێنێتەوە و دەسەڵات و دەوڵەت خۆی وەک سەرمایەدار و بازرگانی یەکەم ڕۆڵدەگێڕێ، خۆی کلیلی بانکی بەدەستەوەیە و سیستەمی پارە و بانکی ئەگێڕێ. تەنانەت خۆی بەتەنها قانونەکان دەردەکا و دەیانگۆڕێ.

بەڵام ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ باسی ئەوەی کەدەوری نەوت و دابەزینی سعرەکەی چیە لە ئیقتسادی وڵاتانێکی وەک کوردستاندا، ئەوا دەبێ باسێک لەوە بکەین کەسەرمایە چۆن کاردەکات. وتمان

## ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتداریتی

ئیقتسادی کوردستان پشتی بەستووە بە ناردنەدەرەوەی نەوت و گاز و مەوادی ژێرزەمینی و دوای ساغکردنەوەیان لەبازاڕی جیهانیدا سەرمایە سەرەوژێر دەبێتەوە بۆ ناوخۆی کوردستان و لەدەستی کەمایەتیەکدا کەدەسەڵاتیان بەدەستەوەیە کۆدەبێتەوە. بۆ بەرهەمهێنانی ئەم دۆخە بەشی بنەڕەتی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەشێوەی سەرمایەی بەرهەمهێندا ئاراستە دەبێت بۆ ئامادەکردنی پێداویستیەکانی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت و ئەم مادانە. واتە سەرفی ئامرازەکان و هۆیەکانی بەرهەمهێنان و هێزی کاری هەرزانی کرێکاران دەبێ لەناوخۆدا. دوای ناردنەدەرەوە و ساغبوونەوەی ئەم مەوادانە و سەرەوژێربوونەوەی داهاتەکەی وەک بەشێکی سەرەکی لە دەخلی قەومیدا لەدەستی هەیئەی دەسەڵاتدارادا کۆدەبێتەوە و پاشان دابەش دەبێ بەدوو کەرتی سەرەکیەوە کەیەکەمیان دووبارە ئاراستەدەکرێتەوە بۆ بواری بەرهەمهێنانەوەی نەوت و مەوادەکانی تر و بەشەکەی تریان بۆ بەرهەمهێنانی خزمەتگوزارییەکان مەسروفاتی دەسەڵات و سوپا و...هیتر هەرلەم بەشە ڕێژەیەکی ئاراستە دەبێت بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەی بچوک و مامناوەند و بەرهەمهێنانی کاڵای تەکمیلی لە بازاڕی ناوخۆدا. دابەشکردنی ئیقتساد بەسەر کەرتی گشتی و تایبەتیدا خۆی بواردەکاتەوە بۆ جوڵەی سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیا ئەهلیەکان تا سەرمایەگوزاری بکەن لەناوخۆدا. ئەم کردەیە ورد دەبێتەوە و تائاستی بچوکترین ئەڵقەکانی ئیقتساد دەڕوا. بەڵام لەهەموو ئەم پرۆسە و دابەشبوونەوەی سەرمایەدا، ئەوە دەسەڵاتە کەتەحەکوم بەئیقتسادەوە دەکا و تەنانەت لەڕێگای قانونەکانەوە کۆنترۆڵی تەواوی بزاوتی بەشەکانی سەرمایەی خسوسی لەبوارەکانی بازرگانی و بەرهەمهێنانی بچوک و بانکەکان و مامەڵەکردن بەزەوی و ئاو و ئیمکاناتە سروشتیەکانی ترەوە.

بەڵام لە ڕەوتێکی ئاوای ئیقتسادیدا دابەزینی سعری نەوت چۆن کاریگەری خۆی بەجێ دێڵێ؟ کێشەکە قانونی عەرزوتەڵەب نیە بەتەنها چونکە لەپشت ئەم قانونەوە قانونێکی تری ئیقتسادی کاری خۆی دەکات، ئەویش ئیشباع بوونی سەرمایەیە (واتە تێربوونی سەرمایە). لێرەدا زۆر بەکورتی ئەمەوێ باسی ئەم مەسەلەیە لەروانگەی مارکسەوە بکەم کە کۆمەک بە باسەکە ئەکات.

لەبارەی ئیشباع (تێربوون)ی سەرمایەوە مارکس ئاماژە بۆ سێ شکڵ دەکات:

یەکەم: ئیشباعی کەڵەکەی سەرمایەیە لەشکڵی کاڵای مەسرەفیدا، کەمەبەست لێی کەڵەکەبوونی بەرهەم و کاڵایەکی زۆر کەتوانای ساغکردنەوەیان نیە لەبازاڕی ناوخۆدا و پێویستی فراوانکردنەوەی بازاڕەکانی سەرمایەداری هەیە لەلایەن دەوڵەت و چینی بۆرژوازیەوە.. مارکس لەتەحلیلی دەورانی مونافەسەی ئازاددا باسی شەڕ و جەنگەکانی وڵاتانی بەریتانیا، فەرەنسا، ئیسپانیا و پرتوگال دەکات کەچۆن دەست دەبەن بۆ سیاسەتی جەنگ و داگیرکاری وڵاتانیتر و بەدەستەوەگرتنی وەک ڕێگایەک بۆ دۆزینەوەی بازاڕی نوێ بۆساغ کردنەوەی کاڵا و بەرهەمەکان.

دووەم: ئیشباعی کەڵەکەی سەرمایە لەشکڵی بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و تەکنۆلۆژیادا (سەرمایەی سابت) بەڕادەیەک کەبەهای خۆیان لەدەست دەدەن و هەم توانای وەگەڕخستنیان نامێنێ بەرادەیەک کەڕێژەی بەرزی قازانج و زێدەبایی لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا

زامن بکەن. گوێزانەوەی سەرمایەداری و پەرەدان بە پەیوەندیەکانی سەرمایە لە وڵاتانی دواکەوتو ڕێگایەکە بۆ هەڵگرتنی ئەم حاڵەتە.
سێهەم: کەڵەکەی سەرمایە لەشکڵی سەرمایەی مالیدا، کەمەبەست لێی زیادبوون و چونەسەرەوەی ئاستی دراوە لەڕێگای جیابوونەوەیەوە لەبوارەکانی پیشەسازی و بازرگانی و عەقارات و کەڵەکەبوونی لەبانکەکاندا و پاشان دەرکەوتنەوەی وەک سەرمایەیەکی ڕەمزی.
لێرەوە ئەتوانین بڵێین بەتایبەتی کەنەوت خۆراک و پۆشاک نیە کەبەهای مەسرەفی شەخسی هەبێ، بەڵکو وەک ئینێرژیەک ئاراستەیە بۆ بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و تەکنۆلۆژیا و هۆیەکانی گواستنەوە کەبەگشتی بەشێکن لەسەرمایەی سابت. کاتێک کە وڵاتانی پیشەسازی مۆنۆپۆڵ بەئەوجی پەرەسەندنی خۆی لەگەشەی سەرمایەی سابت و بەشە پێکهێنەرەکانی گەیشتبێ ئیتر ئیشباع دەبێ و پێویستی نامێنی، وەیا کەمدەبێتەوە لەبەکارهێنانی نەوتدا وەک ئینێرژیەک و ڕووهێنان بۆ کڕینی نەوت و ئینێرژی کەم دەبێتەوە. ئەم حاڵەتەش بەمونافەسەی نێوان وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت دەبێتە کێشە کەدواتر کاریگەری لەسەر قەوارەی ئەو سەرمایەیە جێدێڵی کەلەدوای فرۆشی نەوتەوە سەروژێردەبێتەوە بۆ بازاڕی ناوخۆ. بەڕای من ئەمە جەوهەر و واقعیەتی مەسەلەکەیە.

### جەمال محسن:

یانی هاوکێشەیەکی ئابووریە کەلە پشتی دابەزینی سعری نەوتەوە کاری خۆی دەکات؟

### خەسرەو سایە:

دەقیقەن مەبەستی من هەرئەوەیە. لە دواوتەمدا تەئکیدکردن لەخاڵیکی تر بەزەرور دەزانم. بەتایبەتی کاتێک دەڵێن کێشەکە بونیادی و ساختاریە، مەسەلەکە هەر ئەوە نیە کەئیقتیسادی کوردستان جۆری سەرمایەداریەکی چاوەڕوانە بۆ ئیدغام بوونەوەی بەسەرمایەداری جیهانی و ناوچەکەوە کەدەبێ فرسەتی بۆ هەڵخرێنرێت، بەڵکو کێشەش لەهەلومەرجە زەینیەکەیدا، واتە بوونی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی گونجاو بۆ سەرمایەداری لەئارادایە. خۆتان دەزانن جاری کوردستان دەوڵەت نیە، ئەمە کۆسپێکە لەبەردەم بەرەوپێشچوونی ئیقتساد و سیاسەت لەکوردستاندا. لەئارادابوونی دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشیایی و سیستەمێکی کارگێڕی و قانونی دواکەوتوو هەم لەنەزەر سەرمایەداران و هەم لەڕوانگەی زۆرینەی خەڵکەوە وەڵامدەرەوەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و ژیانی هاوڵاتیان نیە. نەوت کەسەرچاوەی سەرەکی ئیقتساد و داهاتی کوردستانە خۆی کاڵایەکی جیهانیە. بەرهەمهێنان و ناردنەدەرەوەی دەبێ ڕێگەپێدراوبێت بەپێی قانونە جیهانیەکان. واتە دەبێ حەقی حاکمیەت لەکوردستان لەئاست جیهاندا قانونی و ڕێگە پێداروبێت. ئەمەوێ بڵێم تەبیعەتی دەسەڵاتی ئێستای بۆرژوازی کورد بەوحاڵەوە کەهەیەتی ڕێگرە لەبەردەم ئیقتساد و سیاسەت و هەر پێشرەوییەکی کۆمەڵایەتیدا. چونکە سەرمایەداری خۆی دەوڵەت وەک بەشێکی سەرەکی لەسەرخانی کۆمەڵایەتی گونجاو بەخۆی دەخوازێ. بەڵام سیستەمێکی سیاسی کە لە کوردستاندا

حاکمە وەڵامدەرەوە نیە، نە بەژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆرینەی هاوڵاتیان، نە بە پێداویستیەکانی چینی سەرمایەدار و خاوەنکارەکان و ناتوانێ دەسەڵات و سیستەمێکی بێقەیران بێ.

کاریگەری شەرایتی ئەم ئەوزاعەی کەئێستا لەناوچەکەدا سەریهەڵداوە، لەسەر دۆخی سیاسی و ئیقتسادی کوردستان فاکتۆرێکی ترە کەناکرێ نادیدە بگیرێ. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدوای روخانی بلۆکی شەرق بۆ ئەمریکا میحوەرێک بوو بۆ تەسفیەی حساب لەگەڵ دەوڵەتانی ئیمپریالیستی تردا و دەیویست بەجۆرێک سازی بداتەوە کەخۆی تاکە هێزی باڵادەست بێ و خۆی سیستەمێکی ئەمنی و ئیقتسادی بەناوی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە" پاشکۆ بەسیاسەتەکانی تیا جێبخات. بەڵام ئەم پرۆژەیە شکستی خواردووە، ئەمریکا ئەبێ موناسەباتی سیاسی و ئیقتیسادی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەعریف بکاتەوە و سیستەمێکی ئەمنیەتی/دەوڵەتی و ئیقتسادی دامەزرێنێ و ئەو مەلزوماتانە جێبخا کە بتوانێ مەقبولیەت نەک هەر لەئاستی بەشەکانی بۆرژوازی و دەوڵەتان لە مەنتیقەکەدا بەدەست بهێنێ، بەڵکو لەئاست خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و نارازی ناوچەکەشدا رەزامەندی بەوجود بهێنێ. نەبوونی ئەم ئەڵتەرناتیڤە لای ئەمریکا و لەسیاسەتی نیولیبرالیزمدا (یانی ئەوەی کە موئەیەد باسی ئەکا) وایکردووە کە قەیرانەکە تابێ قووڵبێتەوەو شۆڕبێتەوە بۆ هەموو جومگەکانی تر. کوردستان هەم سیاسی و هەم ئیقتسادی لەحاڵەتی چاوەڕوانیدایە، سەرمایە و دەسەڵاتی بۆرژوازیش یا ئەبێ بچێ بۆ پێشەوە و پەرەبسێنێ و بەردەوام خۆی سازداتەوە، یا وردەوردە دەکەوێتە قۆناغی داتەپینەوە و سەرەنجام ناتوانێ لەچاوەڕوانیدا خۆی ڕاگرێ.

### موئەیەد ئەحمەد :

لەدرێژەی ئەم قسانەدا، هەندێ شت روون بکەمەوە. پێش ئەوەی بچمەناو ناوەرۆکی باسەکەوە، یەکەم، ئێمە باسمان لەسەر ئەوە نیە، کە ئەمرۆ سەرمایەی ئیمپریالیستی زاڵە بەسەر بزووتنەوەی سەرمایەی جیهانیدا .ئەمە باسێکە کاتی خۆی مەنسور حیکمەت هێناویێتی .لەوانە پەیوەندی سەرمایەی ئیمپریالیستی بە سەرمایەی محەلی لە وڵاتانی جۆراوجۆردا و بەرهەمهێنانی سوودی زیادە، لەڕێگەی وەبەرهێنانی (استثمار) هێزی کاری هەرزانەوە. وە چۆن ئەمانە لەپەیوەند بە زەرورەتی سەرمایەی ئیمپریالیستییەوە لەکاردایە .بەهەرحال سەرمایە ئەمرۆ جیهانییە و بەحس لەسەر ئەمە نیە .ئەمە کۆتایی پێهاتووە .تەنانەت لە سەردەمی ئیمپریالیەتەوە سەرمایە چۆتە قۆناغیکەوە هیچ جۆرە پێشکەوتنخوازییەکی نیە نە سیاسی و نە فکری .. و دەبێت بڕوات .نیزامێکە ئەساسی مانەوەی نەماوە .سەرمایەداری مۆنۆپۆلی و زاڵبوونی سەرمایەی مالیەیە، و روخاندنی بۆتە زەروورەتێکی مێژوویی و بەدیلی سۆسیالیستی دەبێت جێگەی بگرێتەوە. ئەمە ئەو مەسەلە گشتییانەیە کە لینین باسی کردووە .ئەمە مونتەڵەقی قسەی ئێمەیە و من قسەم لەسەر ئەمانە نیە.

دەچمەناو باسێکی ئەساسیەوە، هەر خودی هەناردنی سەرمایە خۆی تەعبیر بووە لەوەی کە تێکڕای سوود بەرەو دابەزین چووە، یانی تەرکیبی ئۆرگانیکی سەرمایە گەیشتۆتە ئاستێک، کە

سەرمایە لە وڵاتی خۆیدا لە شوێنی خۆیدا بەو تەرکیبەیەوە، بەو ئاستە لە پێشکەوتنی تەکنەلۆجی، ناتوانێت سوودێ بەرهەم بهێنێ کە مولائم بێت بۆی و لە پرۆسەی ئیعادەی ئینتاجی سەرمایەدا، سوودی گونجاو بەرهەم بێنێتەوە .هەر لەبەر ئەمە هەناردنی سەرمایە هاتۆتە ئاراوە .دواتر لە ناوەراستی ١٩٢٠ وە هەموو قەرنی بیست تاکو ساڵەکانی حەفتای ئەو سەدەیە، واتە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەر لە روسیا، و لەسەر بنەمای شکستی تەجروبەی یەکێتی سۆڤیەت و شۆرشی سۆسیالیستی لەوێ، مۆدێلێکی ئابووری هاتەدەرەوە کە ناوی مۆدێلی ئابووری سەرمایەداری دەوڵەتییە .مۆدێلێکی تر لەبەرانبەر مۆدێلی ئابووری "کلاسیکی" سەرمایە، واتە لە بەرانبەر مۆدێلێکی تری ئابووری کە هەبووە. تەنانەت لە ئەورووپای غەربی، "ئیسلاحاتیان کرد" و ئەم مۆدێلەیان بەکارهێنا .دواتر لە ساڵەکانی حەفتادا، ئەزمەی سەرمایەداری جیهانی بۆ جارێکی تر هاتەوە ئاراوە، ئەزمەی سەرمایەی ئیمپریالیستی جیهانی .دیارە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە سەرمایەداری چۆتە قۆناغی سەرمایەداری ئیمپریالیستییەوە .سەرمایەی زاڵ لە جیهاندا، سەرمایەی ئیمپریالیستییە، سەرمایەی ئیحتیکارییە .ئەمانە مەسەلەیەکی ئەساسین لە تەعریف و تێگەشتن لە خودی فەنکشن و کارکردنی سەرمایە لەهەر وڵاتێک و لەهەر شوێنێکدا.

لە ساڵەکانی حەفتادا ئەزمەی سەرمایە لە رۆژئاوادا سەریهەڵدایەوە پاش دەورەیەک لە گەشە و رەونەقی ئابووری، بەرهەمهێنانی سەرمایە توشی ئەزمە بوو چونکە موعەدەلی سوود هاتبووە خوارەوە. ناچار بوون ئەمجارە پەنا بەرنە بەرئەوەی کە بە ئیتجاهی فاینانس و موزارەبە و زیادکردنی ربحی سەرمایە بەشێوەی جۆراوجۆر کاربکەن و دەورەیەکیان دروستکردووە، کە لێرەدا ناتوانم بچمە ناو وردەکارییەکەیەوە .دەورەیەک کە مۆدیلی نیولیبرالیزمی ئابووری زاڵ دەبێت. بەس ئەم دەورەیە دەورەی نیولیبرالیزمی ئابووری تەقلیدی کۆن نیە، نیولیبریالیزمی ئیمپریالیستییە .ئەمە جەوهەری بابەتەکەیە .یانی گەرانەوەی نیە بۆ سەرمایەداری موتافەسەی ئازادی کۆن .ئەم رەوەندە هات گلۆبەلایزەیشنی دروست کرد .گلۆبەلایزەیشن و فاینەنشەلایزایشنی جیهان، بەشێکن لەیەک .بەحسەکە ئەوەیە، کە پاش ئەوەی معەدەلی ربح چۆتە دواوە، حەرەکەتی سەرمایە پێویستی بەوە هەبووە، کە ئەم فاینەنشال کردن و گلۆبەلایزەیشنە بێنێتە ئاراوە و ئێستا جیهان لە هەمووکات زیاتر پێکەوە بەستراوە و سەرمایە لە هەموو شوێنێکدا، پەیوەستە بە یەک. هەمووشتێ لەژێر تەئسیری ئەم سەرمایە مالیە جیهانیە و موزارەباتەکانیدایە. بەجارێک ئەتوانێت وڵاتان کاول بکات .وڵات ئیفلاسی کردووە، بۆنموونە ئایسلاند لە دەروونی ئەزمەی ٢٠٠٨ یا وەکو ئەوانەی کە لە دەورەی پێشوودا لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا لە جنوبی شەرقی ئاسیا و لە وڵاتانی تردا روویدا. قەیرانی سەرمایە لە دەوراتی جیاوازدا کارەکتەری تایبەتی وەردەگرێ و خۆی عەکس دەکاتەوە .بە هەرحاڵ بەحسەکەی ئێمە ئەمانە نیە و ئەمانە وەکو شتی مەفروز، کە هەموومان ئیتلاعمان هەیە لەسەری و ئەزانین باسم کردن.

باسێک هەیە لەنێو بەشێک لە ئابووریزاناندا، کە گوایە پێشکەوتنی تەکنەلۆجی گلۆبەلایزەیشن و فاینەنشەلایزەیشن و ئەوەی کە جیهان هەمووی رەبت بووە بەیەکەوە، هەلومەرجێکی دروستکردووە، کە جارێکیتر وەک بڵێین بەوشێوەیە سەرمایە خۆی لە ئەزمەکەی حەفتاکان دەرباز

کردووە .هەڵبەت دەربازبوونیش نیە، چونکە ئەو ئەزمەیە بە شکڵی تر هاتۆتەوە ئاراوە، بەڵام شکڵێک بووە لە دەرچوون لەو ئەزمەیەی کە سەرمایەی جیهانی و موعەدەلی ربح نەیتوانیوە بڕواتە پێشەوە. بەهەرحاڵ، لەساڵەکانی هەشتاوە لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نیولیبرالیزم بۆتە مۆدێلێکی ئابووری، ئیتر پێچانەوەی سەرمایەداری دەوڵەتی دەستی پێکرد تەنانەت رژێمێکی وەکو بەعس لەناوەڕاستی ساڵەکانی هەشتاکاندا دەستیکرد بە هێرشکردن بۆسەر سەرمایەداری دەوڵەتی .بۆنموونە نەقابەکانی لابرد، مەسەلەی پرایڤەتایزەکردنی معاملەکانی کردە بابەتێک لەعێراقدا .واتە ئەم پرۆسەی "تەبەنی" پەیڕەوکردنی ئابووری نیولیبریالیزمە، کە لە پەیوەند بە مەسەلەکان و بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداری ئیمپریالیستی جیهانییەوە هاتۆتە ئاراوە، بوونەتە بەشێک لە واقعیەتی ئابووری سەرمایە و سەرمایەداری لە جیهانی ئەمڕۆدا .لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەوە، ئەقتابی ئابووری زۆر گەورە دروستبووە لەجیهاندا وەک چین و روسیا و هند و بەرازیل و ئەفریقیای جنوبی. تەنانەت سەرمایەی خەلیجی هێزێکی ئابووری گەورەیە و تەحەکوم بە ملیارەها دۆلارەوە دەکات.

کارکردی ئەم مەسەلەیە لە خودی کوردستان و عێراقدا چۆنە؟ یەکێک لە باسەکان ئەوەیە، ئەزمەیەک لە ناوچەکەدایە، سەرمایە توشی قەیران بووە، ئیسلامیزم هێزێکە کە ئەسڵەن وەکو هێزی سیاسی رووبەڕوونابێتەوە بەتەنها، بەڵکو وەک هێزێکی بۆرژوازی پارێزەری سەرمایە لە بەرامبەردایە .لەناو ئەزمەیەکی سیاسی کە لەئارادایە بەڵام سەرمایە رۆشتووە و کاری خۆی ئەکات و ئەمانە پارێزگاری لە سەرمایە ئەکەن .ئەگەر ئەمانە نەبن، وەک ئیسلامیزم و ناسیۆنالیزم و ئەم بەدیلە کۆنەپەرست و تەنانەت دیکتاتۆریانە، خودی سەرمایە ناتوانێت کارا بێت و فەنکشن بکات. حەرەکەتی سەرمایە تەنها یەکسان نیە بە تەراکومی سەروەت و سامان، بەڵکو داسەپاندنی هەژاری و خۆسەپاندن بەسەر چینەکەی تردا بەشی جیانەکراوەی ئەم حەرەکەتەیە .وەک ئاماژەمان پێدا، سەرمایە خۆی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیە، باسەکە هەر ئەوە نیە، کە یەکجار بێیت و باسی بکەیت کە چۆن هەژاری فەرز بووە بەسەر تەبەقەی کرێکاردا، چونکە ئەمە بەشێکە لە تەعریفی ئەو پەیوەندیە و هەردەم و سەرلەنوێ بەرهەم دەهێنرێتەوە .ئەمە مەسەلەیەکی سەرەکیە. بە هەمان شێوە، وەزعی سیاسی ئەگەر هەر کێشەیەکی هەبێت، بەڵام کاروباری سەرمایە رۆشتووە.

لە کوردستانی عێراقیشدا، ناسیۆنالیزمی کورد و ئەحزابی میلیشیایی، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیدارەیەکی دواکەوتوویان هەیە، و سیاسەتێکی ئابووری بۆرژوازی نەخشەکێشراویان نیە، تەنانەت گەندەڵن و ئابوورییان هیچی بەسەر هیچەوە نیە ...هتد .بەڵام لە دوالیکدانەوەدا، ئەمانە هێزی کرێکاریان سەرکوت کردووە .واتە قوتبی موقابلی سەرمایە کە هێزی کارە، ئەمان رایانگرتووە و رێگە نادەن جوڵە بکات و رێگە نادەن ئەم سیستەمە بگۆڕێت.

لێرەدا دێمەوە سەر ئەو خاڵەی لە سەرەتادا باسم کرد .کاتێک کە ئێمە باس لە قەیرانی سەرمایە ئەکەین لەم وڵاتەدا بەخۆی و نیزامەکەیەوە، وەکو تەرکیبەیەک باسی ئەکەین، تەرکیبەیەکی ئابووری و ئیجتیماعی و سیاسی، وەک واقعیەتێک کە پەیوەندی سەرمایە خۆی ئەزمەی تێدایە لەم

ناوچەیەدا .تەنانەت فەرزکردنی هێزی کاری هەرزان بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەدا، بەشێکە لە تەئەزوم، سەرمایە ئەبێ وا کاربکات تا جێگەی بێتەوە لە سەرمایەی جیهانیدا، بەڵام لەهەر خاڵێکدا ترسی هەیە ببێتە ئەزمەیەکی کۆمەڵایەتی و فەراغێک دروست ببێت .بەهەر پلەیەک لە پەرەسەندنی سیاسی کۆمەڵگا، یەکسەر خودی ئینتاج و ئیعادەی ئینتاجی سەرمایەش توشی قەیران دەبێت .لەو وڵاتانەی کە دیکتاتۆرییەت بەسەریدا فەرز بووبێت، وکاتێک دیکتاتۆریەت نامێنێت و فەراغێک دروست ئەبێت، ئەگەر چینی کرێکار بتوانێت لەو فەزایەدا هێزی خۆی رێکبخات ئەوا یەکسەر بەرهەمهێنان توشی تەئەزوم ئەبێت، پەیوەندی سەرمایە توشی تەئەزوم ئەبێت .واتە ئینتاجی سەرمایە و ئیعادەی ئینتاجی سەرمایە توشی تەئەزوم ئەبێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەوخاڵەی پەیوەندی بە مەسەلەی کوردستانەوە هەیە: لە ٢٠٠٣ەوە، چی هات؟ نیولیبرالیزمێکی ئابووریيان هێناوە، مۆدێلێک بەم ئابوورییەوە کە ئەیبینن .ئەم ئەزمەیەی لە کوردستاندا هەیە، ئەساسی ئابوورییەکەی، هاوڕێیان لەسەر بەشێکی دوان، کە چۆن ئەم ئەحزابانە دەوریان هەیە و ئەو سەروەتەی کە هی تەواوی کۆمەڵگایە، بەئاسایی قۆرخ ئەکەن و بەجۆرێک بەکاری ئەهێنن و دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە تەسەروف بکات بە سەروەتی گشتیەوە .ئەوە بەجێگەی خۆی کە لەکوێوە ئەم دەسەڵاتەی هێناوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە تەحەکوم دەکات بەسەر سەروەتی کۆمەڵایەتی .سەروەت لە کۆمەڵگەی بەشەریدا هەر تەنها هێزی کار نیە، مارکس زۆر بە ڕاشکاوی لە "نەقدی بەرنامەی گۆتا"دا باسی ئەمە دەکات و نەقدی ئەوە دەکات، کە سەرمایە چۆن هاتووە "هەلومەرجی کار"، وەک "بەهای بەکارهێنان" و سەروەتی کۆمەڵگا، قۆرخ دەکات، هێزی کاری لێ دوور خستۆتەوە، دانیشتوانانی لێ دوور خستۆتەوە و هاتووە لە هەمانکاتدا بەنەزمی سەرمایەداری ئیستسماری هێزی کار ئەکات و کرێکار ئەچەوسێنێتەوە و "زێدەبایی" قۆرغ ئەکات . هەروەک ئەبینین لە کوردستان موڵک و شاخ و داخ و بەردەکەت بۆ ئەکات بە مەوادی خاوی پرۆسەی ئینتاج و لە پەیوەند بە ئیستسماری هێزی کارەوە ئەبێت بە چیمەنتۆ و ربح پەیدا ئەکات. سەرنج بدەین، تەنانەت فەزا بەکار دەهێنێت، کە فەزای وڵاتەکەیە، بۆ کۆمیونیکەیشن و داتا نەقڵ کردن بۆئەوەی ربح بەرهەم بهێنرێت .مەبەستم ئەوەیە کە سەروەتی ماددی پەیوەندی هەیە بە کۆمەڵگاوە ئەمان قۆرخی دەکەن و بەکاری دەهێنن.

من بگەڕێمەوە بۆ ئەسڵی بابەتەکە، لەسەرەتادا من باسم کرد، وتم ئەزمەی سەرمایەیە لە کوردستاندا .واتە پەیوەندییەکە کێشەی هەیە .ئەمە هەیکەلەکەیەتی و ئەم هەیکەلە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیە، یەک تەرکیبەیە .ئەوەی بۆمن زۆر گرنگە، بەدیلەکەیە .ئەگەر یەکێک بە جددی بیەوێت خەڵک نەجاتی بێت لەم وەزعە، لە ڕێگەی روخاندنی سەرمایەوە ئەمە ئەکرێت، نەک لە ڕێگەی ئیسلاح کردنی ئەم لایەن و ئەو لایەنی وەزعەکە. یان تەنانەت لەسەر ئاستی سیاسەت کۆمەڵێک ئیسلاحات بکەیت، یان لەسەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد تۆزێک ئیسلاح بکەیت. بزووتنەوەکان هەن، عوسمان قسەیەکی جوانی کرد، کە بۆچی ناسیۆنالیزم هەیە و دروست دەبێتەوە؟ یان ئیسلامیزم؟ ئەم بزووتنەوە سیاسیانەن کە تەحەکوم ئەکەن بە وەزعەکەوە و ئەمانە ئینتاج دەبنەوە لەبەرئەوەی ئەم پەیوەندییە بەم شێوەیە ڕائەگرن، خۆ لە هەوادا ئینتاج نەبوونەتەوە .

## ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتداریتی

قەیرانەی ئێستا چ فاکتەرە ئابوریەکە و چ فاکتەری ئەوەی ناتوانن حکومەتێکی هاوبەش و دەسەڵاتێکی هاوبەش دروست بکەن، رەنگدانەوەی بەمشێوەیەی ئێستا دەبێ کە لەسەر کوردستانە. مەبەستم ئەوەیە بەم شێوەی کارەساتبارەی کە ئێستا هەیە بەسەر سەری خەڵکدا دەشکێتەوە.

ڕێگەچارە چیە؟ منیش بێگومان هاوڕای ئەوەم کە کۆمەڵگای کوردستانیش وەک کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری بۆ ئەوەی ئەم واقعیەتە کۆتایی پێ بهێنێت، ئەبێ لە ڕیشەوە سیستەمی ئابوری سیاسی ئێستا هەڵتەکێنێت. بەدیلەکەی شۆڕشی کرێکاری و دەسەڵاتی کرێکاری و حکومەتی کرێکاریە. ئەمە چارەسەرەکەیەتی. بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا مەسەلەی ئامادەبوونی هۆکاری زاتی، مەسەلەی بنەڕەتیە. هەموو گرفتی شۆڕشی کرێکاری ئەمەیە؛ واتە چۆن لە ناو ئەم پرۆسەیەدا تۆ بتوانی هۆکاری زاتی ئامادە بکەی. بەتایبەتی لەم هەلومەرجە دارماوە ئابوریو سیاسیەی کوردستان و لەم فەلاکەتەی تووشی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش هاتوە.

بە بڕوای من ئەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن نەخشەیەکی عەمەلی تەرح ئەکەین کە لە باری سیاسیەوە بتوانین وەڵام بەم بارودۆخە بدەینەوە. تەنانەت لەباری ئابوریشەوە دەبێ وەڵاممان هەبێت. بۆنمونە، ئەو هێزانە و ئەم دەسەڵاتەی بۆرژوازی قەیرانەکەی پێ چارەسەر ناکرێ، ناتوانن مووچە بدەن یان نایدەن. دەسەڵاتی بۆرژوازی مایەپووچە و ئەڵێ موچەم پێ نادرێ و تارادەیەک بێ منەتیشە لە نارەزایەتی خەڵک! هێشتا خەڵکیش بە جۆرێک ئامادە نیە ئەمانە ڕابماڵێ و پاکیان بکاتەوە. ڕێگاکەی ئەوەیە دەبێ هاوکات لەگەڵ ئامادەکردنی خەڵک لەباری سیاسی و ڕێکخستنیەوە، ئەبێ تەرحی خۆمان وەکو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بدەین کە ئێمە چۆن دەتوانین ژیانی خەڵک، چۆن دەتوانین مووچە بۆ خەڵک دابین بکەین. ئەگەر دەسەڵات بە دەست ئێمەوە بێت، چۆن ئەوانە دابین دەکەین. دەبێ ئێمە مۆدیلێک تەرح بکەین، بتوانین ڕێگە پیشان بدەین کە ئەتوانین بەم ڕێگایە موچە و ژیان بۆ خەڵک دابین ئەکەین. بە ڕای من ناتوانین تەنها لە چوارچێوەی بەدیلە سیاسیەکاندا بسوڕێینەوە. بێگومان من ئەزانم کۆتاییهێنان بەم بارودۆخە سیاسیە خاڵێکی گرنگە. بەڵام خاڵێکی جەوهەری و کە لە پلینیۆمیشدا باسمان کرد ئەوەیە کە ئێمە ئەبێ وەڵام بەم گرێ ئابوریەش بدەینەوە کە ژیانی خەڵکی وێران کردووە. لێرەوە ئەتوانین چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری لەم واقعیەتەی ئێستای بهێنینە دەرەوە و هەنگاوێک بیبەینە پێشەوە و ئامادەی بکەین بۆ ئەوەی کە زەمینەکانی ڕێکخراوبوونی سیاسی خۆی بەرەو ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لەم دەسەڵات و سیستەمەدا فەراهەم بکات.

### جەمال محسن:

منیش موداخەلەیەکی خۆم بە کورتی ئەکەم چونکە خاڵێک پێم زەرورە ئاماژەی پێ بکەم کە لە قسەکانی ئەخیری موحسیندا بەجۆرێک هات. ئەزانی من ئەڵێم قەیرانی ئابوریە و بنبەستی سیاسی و حکومەتیە و ئەمە ئیتر ڕەنگی داوەتەوە بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکدا. بۆ کۆمۆنیستێک بە بڕوای من ئەو پرسیارە زۆر جدیە، چۆن ئەم قەیران و بنبەستە بگۆڕین بە قەیران یان هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانە؟ من پێم وایە مەسەلەیەکی سیاسی گرنگە بۆ ئێمە. بۆیە لێرەدا

ئەگەڕێمەوە بۆ باسی لینین کە هەم لە باسی دارمانی ئەنتەرناسیۆنالی دوودا ئەیکات لە بەشی دوودا وە هەم لە نەخۆشی چەپڕەوی منالانەدا ئەیکات. لەو دوو باسەدا لە سێ شت زۆر تەئکید ئەکاتەوە سەبارەت بە هەلومەرجی شۆڕشگێرانە. بۆیە من پێم باشە ئاماژەی پێ بکەم. ئەو ئەڵێت کاتێک کە چینی دەسەڵاتدار نەتوانێ بەبێ هیچ گۆڕانکاریەک لە وەزعی پێشوودا دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ وە لە ناو خودی خێزانی بۆرژوازیشدا قەیران لە شکڵ و فۆرمی جیاوازدا خۆی نیشان بدات وەکو ئەوەی ئێستا ئەیبینین لە کوردستاندا، بەجۆرێک بەبڕوای من، وە تەبعەن ئەمە قەیرانە سیاسیەکەشی بەدوادا دێت. خاڵی دووەم ئەوەی کە کاتێک چەوسانەوەی خەڵک ئەگاتە ئاستێکی زۆر نالەبارتر لەوەی کە لە کاتی ئاساییدا هەبووە، ئیتر بۆ نمونە موچەی ٥ مانگ کە مافی پارەی دەمی منالانە نەدرێ ئەمە ئەوپەڕیەتی بەڕاستی. وە خاڵی سێیەمیشیان کە باسی ئەکات وە وەکو ئاکامێک بۆ ئەو کار یان خالانەی سەرەوە یانی چالاکی جەماوەر لە پەیوەند بەو دوانەی سەرەوە بەجۆرێکی توند و پتەو بچێتە سەرەوە کە کردەوەیەکی (ئاکشنێکی) مێژووی بهێنێتە دەرەوە. من بەشێک لە سیماکانی ئەمە لە کوردستاندا ئەبینم بەڵام ئەو ئەڵێ بوونی هەلومەرجێکی لەم بابەتەش ئۆتۆماتیک ناکاتە شۆڕش. ئەمە خاڵێکی گرنگە بەڕای من. لە قسەکانی عوسماندا لایەنێکی تیا بوو و منیش پێم وایە وە لینینش تەئکیدی لێ ئەکاتەوە کە دەسەڵاتێک کە وەڵامیشی بەو شتانە نەدابێتەوە ئەتوانێ درێژە بە تەمەنی خۆی بدات ئەگەر نەیڕوخێنیت هەتا با لەو ئەزمەیەشدا بێ، هەتا با لەو هەلومەرجەشدا بێ. لە قسەکانی موئەیەددا باسی ساڵی ٢٠١١ کرا، یان کاتی ١٧ ی شوبات خۆ کەوتبووە ئەو بنبەستەشەوە بەس چونکە ئەم زەمینەیە لەبار نەبوو نەیتوانی هەلومەرجەکە بکات بە شۆڕشێک دژ بە دەسەڵات و بیڕوخێنێت. ئیتر بە بڕوای من ئەمە بارە ئۆبژێکتیڤەکەیەتی (عەینیەکەی) کە لە کۆمەڵگادا هەیە. باری زاتیەکەیەتی کە چینی کرێکارێکی شۆڕشگێڕ، ڕێکخراو بێتە دەرەوە و جموجۆڵێکی شۆڕشگێرانە وە لە ئاستێکی گەورەی جەماوەریدا بەڕێبخات و بتوانێ ئەو مۆرە بدات لە کۆمەڵگا وە دەوری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش ئەوەیە کە چۆن ئەم هەلومەرجە لێرەوە ئاوها ئەگۆڕێت بۆ ئەو جۆرە هەلومەرجە و ئەو ئیتجاهە شۆڕشگێرانەیەی پێ ئەدات. ئەگینا من پێم وا نیە لە خۆیەوە ئاڵوگۆڕێکی وا ڕووبدات، نازانم مەگەر ئەو حکومەتە سەرئەنجام وەڵامی هیچ شتێکی بۆ نەدرێتەوە ئیتر بپوکێتەوە و هەڵوەشێتەوە بەڵام من پێم وایە هێشتا زەمینەی ئەوەی کە خۆی بپوکێتەوە (اضمحلال بکات) نیە. وە ئەگەر ئێمە ئەم چینە شۆڕشگێڕە ئامادە و ساز نەدەین و نەگەینە ئەم توخمە زاتیەی کە باسم کرد ناتوانێ ئەو ڕوخانە بسەپێنێ بەسەر بۆرژوازی کوردیدا وە کۆمەڵگا لەو بنبەستە دەربکات.

**جەمال محسن:**

درێژە بەم باسە ئەدەین بەڵام هەر هاوڕێیەک چەند دەقیقەیەک قسە بکات.

**عوسمانی حاجی مارف:**

خۆشیان هەردەم ئەو وەزعە لەقاڵب ئەدەنەوە.
من ئەڵێم، جەوهەری رەخنەی رادیکاڵی ئێمە بەرامبەر بەم ئەوزاعە ئەوەیە، کە وەکو تەرکیبەیەکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی توشی تەئەزوم بووە و لەگەڵ ئەم تەئەزومەدا خودی ناسیۆنالیزمیشی وەلاخستووە .ئەگەر ئێمە بەهێزبین، مارکسیزم و خەتی چەپی مارکسیستی و نوێنەری کرێکار بەهێز بێت، ئەتوانێت هەرچی بزووتنەوەی رەجعیترە لە ئیسلامیزم و ئەوانی تریش وەلاخات و دەرگا بکاتەوە بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی-چینایەتی، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە بتوانێت سەر و شکڵێکی تر بدات بە کۆمەڵگەی کوردستان.
ئاخر قسەم ئەوەیە، کە دەور و کاریگەری دەوڵەتانی ئیقلیمی و سەرمایەی ئیقلیمی، زۆر رۆشنە . هەم سەرمایەی ناوچەیی، واتە سەرمایەی خەلیجی و ئێرانی و تورکیایی ...هتد، لەپەیوەند بە سەرمایەی ئیمپریالیستیەوە دەورو کاریگەرییان هەیە لەسەر حەرەکەتی پەیوەندی سەرمایە بە شێوە موشەخەسەکانی لە کوردستاندا. جەوهەری باسەکە ئەوەیە، کە ئەم ئەزمەیەی کە لەئارادایە بەشێکە لە ئەزمەی خودی سەرمایە لە عێراقدا، خودی سەرمایە لە کوردستاندا و لە پەیوەندە جیهانییەکەیدا.

## محسن کەریم:

سەبارەت بەوەی کە قەیرانی ئابووری کوردستان قەیرانی خودی سیستەمی سەرمایەداریە قسە کرا، باسی ئەوە کرا کە لەپشتی یاسای خستنەڕوو وە داواکاری (عەرز و تەڵەب)ەوە مەسائیلی دیکەش هەیە. بەبڕوای من یەک مەسەلە گرنگە لەبەرچاوی بگرین کاتێک باس لە مەسەلەی خستنەڕوو وە داواکاری لەسەر کاڵاکان دەکەین، ئەوەیە کە وەکو بابەتێکی کۆمەڵایەتی مامەڵەی بکەین. بۆنموونە دەورانی گەڕاندنەوەی سەرمایە، گەڕانەوە لەکاڵاوە بۆ پارەو دووبارە چوونی بۆ ناو وەبەرهێنان وەکو سەرمایە، ئەمە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەئاستی کۆمەڵگادا روودەدات. بۆنموونە لینین باسی ئەم پەیوەندییە دەکات و روونی دەکاتەوە. لینین دەڵێت بەشێک لە سەرمایە دەچێت بۆ کڕینی ئامێری نوێ و فراوانکردنەوەی بەرهەمهێنان. بەشێکی دەچێت بۆ کڕینی مەوادی بەکاربردن (ئیستهلاکی)، بەشێکی بۆ ئیستسماری هێزی کار، بەڵام لەنێوان ئەمانەدا پەیوەندی هەیە. بۆنموونە ئەو پارەیەی دەچێت بۆ کڕینی هێزی کار، واتە بۆ درێژەدان بە ژیانی کرێکار و خێزانەکەی، دەیداتەوە بەو سەرمایەدارەی کەرەستەکانی بەرێچوونی ژیان وەکو خۆراک و جلوبەرگ و ئەوشتانە بەرهەمدێنێ. بێگومان بۆرژوازیش بەهەمانشێوە کڕیاری ئەم کەرەستانەیە بۆ بەرێچوونی ژیان، بەوجۆرە بەشێک لە سەرمایە کە لەدەستی سەرمایەداراندایە بۆ کڕینی ئەو کاڵایانە دەڕوات... مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە هاوکێشەیەکی ئاڵۆزە و لە پرۆسەیەکی بەوجۆرەدا سەرمایە دەتوانێت دەورانی خۆی بەئاکام بگەیەنێت. واتە ئەو بەشە لە سەرمایە کە دەچێت بۆ بەرهەمهێنانی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و دەبێتە سەرمایەی نەگۆڕ، واتە فرۆشیارەکانی ئامێرەکانیش خۆیان بەکاربەرن و بەمجۆرە... بەکورتی بەشێک لە سەرمایە دەچێتەوە بۆ کڕینی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان، بەشێکی دەچێت بۆ کڕینی کاڵای بەکاربردن کە لەمەدا کرێکار و

بۆرژوازی هەردوکیان کڕیارن. کەواتە لەم پەیوەندیەدا دەتوانین حەقیقەتی خستنەڕوو وە داواکاری لەسەر کالا تێبگەین.
کەواتە پرۆسەی خستنەڕوو وە داواکاری پرۆسەیەکی ئالۆز و پێچاوپێچە. کرێکار و بۆرژوازی لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی لەوجۆرەدا دەبنە کڕیار و فرۆشیاری کالاکان، واتە لەهەمانکاتدا هەم کالاکانیان دەخەنەڕوو وە هەم داواکارییان لەسەر کالای دیکە هەیە. کەواتە کاتێک مارکس باسی ئەوە دەکات کە بەهۆی تێکچوونی هاوسەنگی نێوان داواکاری و خستنەڕووی کالاکانەوە، پرۆسەی گۆڕانی کالاکان بۆ سەرمایە توشی گرفت دەبێت، قەیران دەست پێدەکات، چونکە ڕێژەی سەرمایەی نەگۆڕ لەچاو سەرمایەی گۆڕاودا لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا زۆر لە رادەی خۆی گەورەتر دەبێت. سەرچاوەی قازانج و زێدەبایی سەرمایە، سەرمایەی گۆڕاو یاخود ئەو بەشەیە لە سەرمایە کە بۆ کڕینی هێزی کاری کرێکار خەرج دەکرێت. بچووکبوونەوەی سەرمایەی گۆڕاو بەبەراورد بە سەرمایەی نەگۆڕ دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەیلی تێکڕای قازانج بەرەو دابەزین بەرێت. ئەوەش بنەمای لێکدانەوەی مارکسە بۆ ڕوونکردنەوەی قەیرانی ئابووری سەرمایەداری. کەواتە قەیرانی ئابووری سیفەتێکی سروشتی و ناوخۆیی سیستەمی سەرمایەدارییە کە ناوبەناو دوبارە دەبێتەوە و وەکو مارکس دەڵێت ئەگەر چینی کرێکار لەوکاتەدا ئامادەبێت دەتوانێت قەیرانەکە بگۆڕێت بۆ شۆڕش و ئەگەریش ئامادە نەبێت ئەوا بەکارەسات بەسەر ئەودا دەشکێتەوە لەلایەن بۆرژوازیەوە.
خاڵێک بە گرنگ دەزانم باسی بکەم، ئەویش ئەوەیە کاتێک باس لە بازاڕ دەکەین، ئەوا مەبەستمان لە بازاڕێکی جیهانیە نەک کۆمەڵێک بازاڕی لۆکاڵی. ئەگەر پرۆسەی خستنەڕوو وەداواکاری لە چوارچێوەی ئەم بازاڕە جیهانیەدا ببینین، کە سەرمایەی جۆراوجۆر پێشبڕکێ و ململانێ دەکەن. دیارە هێزی سەرەکی لەم پێشبڕکێیەدا بەدەست سەرمایەی ئیمپریالیستیەوەیە کە خۆی لە بانکی جیهانیو IMF و بانکی ئەورووپی و...هتد خۆی نیشان دەدات. ئەوانە کۆنترۆڵی ئابووری جیهان و بازاڕی جیهانیان کردوە. بۆنموونە تەماشاکەن ئەگەر یەکێتی ئەورووپا قەرزی نەدایە بە یۆنان، مومکین بوو ئابووری ئەم وڵاتە کە وڵاتێکی پێشکەوتووە لەباری ئابووریەوە، توشی مایەپووچی دەهات! کەواتە لەم بازاڕە جیهانیەدا ڕۆشنە کە جێگەو ڕێگەی سەرمایەی ئیحتکاری، سەرمایەی بانکی -ئیمپریالیستی لە چ ئاستێکدایە.
بەڵام لە دابەشکردنی جیهانیی بازاڕدا، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی لەئێستادا ناوچەی بەرهەمهێنانی وزەیە. نازانم ئالوگۆڕ ڕوودەدات یان نا و کەی و چۆن ڕوودەدات، چونکە ڕۆشنە کە سەرمایەداری لە قەیرانەکاندا ئەگەر نەڕوخێت، خۆشی تازە دەکاتەوە. بۆنموونە سەرمایە لە ئەمریکاوە دەڕوات بۆ خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و چین کە هێزی کاری تێدا هەرزانە. کابرای سەرمایەداری ئەمریکی دەچێت لە چین دادەنیشێت، لەبەرئەوەی لەوێ دەوڵەت هێزی کاری هەرزانی بۆ دابین دەکات، لە ئەمریکا ئەوەی بۆ دابین نابێت و کێشەی ئەوەشی نیە کە دەوڵەتی ئەمریکا وڵاتی چین بە پێشێلکاری مافی مرۆڤ تۆمەتبار دەکات. لەنێو ئەم دابەشبوونە جیهانییەدا

و لەنێو ئەو بزووتنەوە جیهانییەی سەرمایەدا، سەرمایەکان دەجوڵێن و هاوکات پێشبڕکێی یەکتریش دەکەن.
ئێستا کێشمەکێش و پێشبڕکێی قوتبەکان و بەشەکانی سەرمایە لەئاستی جیهاندا، خەریکە جارێکی دیکە بازاڕی جیهان لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەنەوە لەڕێگای شەڕ و ململانێی توندوتیژەوە کە بۆتەهۆی ئەو کارەساتانەی ئێستا ڕۆژانە لە ئاستی جیهان و بەتایبەتی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەست و پەنجەیان لەگەڵ نەرم دەکەین. واتە بەشەکانی سەرمایە و بۆرژوازی بەوجۆرە نیە کە بە تەنسیق کار بکەن، بەڵکو بەرژەوەندی جیاواز و ناکۆکیان هەیە و لەپرۆسەیەکی کێشمەکێشی هێنان و بردندا، پەیوەندی نێوان ئەم بەشانە دەڕواتە پێشەوە و شکڵدەگرێت. ڕەنگە لە یەک وڵاتدا بەشێک لە سەرمایە بەحوکمی کۆنترۆڵی بۆ ئابووری لەو وڵاتەدا بتوانێت لە مونافەسەدا (کە دیارە لە کاتی قەیراندا کێبڕکێی نێوان بەشەکانی سەرمایە توندتر دەبێتەوە) چەند بەشی دیکەی سەرمایە هەڵلوشێت و چەندین دامەزراوەی ئابووری بکڕێتەوە، وەکو ئەوەی هەندێک لە بانکەکانی بەریتانیا کردیان و بانکی دیکەیان کڕیەوە کە مایەپووچ بووبوون! یان بانکە گەورەکان بانکە بچوکترەکانیان کڕیەوە کە توانای کێبڕکێیان نەبوو، دیارە ئەم یاسایە لەئاستی جیهانیشدا هەمان شتە. کۆمەڵێک دامەزراوەی سەرمایەداری گەورە چەندین دامەزراوەی دیکەیان کڕیەوە کە بەرگەی کێبڕکێی ئابوورییان لەدەستدابوو!
قسەی من ئەوەیە، کە چوارچێوەی ئەم باسە تەواوی بازاڕی جیهانییە. کێبڕکێیەکە توندوتیژە کە هەندێک قوتبی سەرمایەداری جیهانی ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە. ئەمەش بەحوکمی خەسڵەتی خودی سەرمایەی بانکی و ئیحتکاری، بەهۆی خەسڵەتی ئیمپریالیستی سەرمایەداری، خەسڵەتی سیاسیەکەی کۆنەپەرستیی سیاسیە، کە سەرتاپای جیهانی داگرتووە، لە ئەمەریکاوە تا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو .... تەنانەت کە باسی هەلومەرجی کاری هەرزان دەکرێت، لەئاستی سیاسیدا ئیستبداد و کۆنەپەرستییەکی تا ئاخر دەرەجە سیاسی دەخوڵقێنێ. بۆنموونە سەرەتاییترین مافی تاک لەم وڵاتانەدا کە بەناوچەی هێزی کاری هەرزان دەناسرێن لەئارادا نیە. ئەمە بەرژەوەندی ئابووریی سەرمایەی ئیمپریالیستیە کە پێویست دەکات لەم وڵاتانەدا تا ئاخر دەرەجە سەرکوت و ئیستبداد هەبێت. تەنانەت بۆنموونە کۆمەڵێک چەتە و تاڵانچی و مافیا و ڕێگرت بۆ دروست دەکات و دەسەڵاتی وڵاتیان دەداتەدەست! دەوڵەتی سعودیە چیە؟ کۆمەڵێک مەمالیک سەرمایە کردونی بە دەوڵەت! یان دەوڵەتی کوەیت چیە؟ وەکو مەنسور حیکمەت باسی دەکات، کۆمەڵێک پاسەوانی چاڵە نەوتەکانن و پارەی پاسەوانیەکەیان وەردەگرن! ئەمانە بوون بە حاکم بەسەر خەڵکەوە. بەڕاستی پارتی و یەکێتیش شتێکن لەم بابەتە. ئەمانە دروست لەم هەلومەرجە سیاسیە و لەم جێگاوڕێگایەی سەرمایەی جیهانیەدایە کە دەتوانن پارێزگاری لە بەرژەوەندی سەرمایە و چینی بۆرژوازی بکەن. واتە ناتوانیت هەمان پێناسەی کۆنیان بکەیت، کە لەپەیوەندیەکی کلاسیکیدا پارێزگاری لە سەرمایە و چینی بۆرژوازی دەکەن! بەڵکو لەم هەلومەرجە دیاریکراوەدا و لەم چوارچێوەیەدا و بەو خاسیەتەوە پارێزگاری لە سەرمایە دەکەن. بۆیە بە هەموو سەرنجێکەوە کەهەمانبێت لەسەریان دیسانەوە پارتی و یەکێتی دەسەڵاتی سەرمایە

دەپارێزن و سیستەمی سەرمایەداری بەڕێوە دەبەن. ئەم دەسەڵاتەی بۆرژوازی کورد بە هەموو کێشەکانیانەوە کە هەیانە، وەک عوسمانیش باسی کرد، مەرج نیە تەواوی چینی سەرمایەداری کوردستان لێی رازی بێت، بەڵام لەبەرامبەر چینی کرێکاردا وەکو موئەیەدیش باسی کرد، دروست پارێزگاری لە سیستەمێکی ئابووری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکات، کە بۆرژوازی ئیستسماری هێزی کاری تێدا دەکات، جا ئەگەر بەشێکی بۆرژوازی کەمێک مەغدورترە، ئەوە هیچ ناگۆڕێت، لە سیستەمە سیاسیە لیبراڵەکانیشدا ئەو ناهاوسەنگیە هەر هەیە.
دەمەوێت ئاماژە بە جێگەوڕێگەی ئەم دەسەڵاتە سیاسیەی کوردستان بکەم کە لەبەشی یەکەمیشدا ئاماژەم پێکرد، لە چوارچێوەی ئەم کۆنەپەرستیە سیاسیە ئیمپریالیستیە و ئەم تەقسیمبەندییەی بازاڕی سەرمایەدا، وە هەروەها جێگاورێگایەک کە ئەم دەسەڵاتە هەیەتی لەچوارچێوەی سەرمایەی ئیحتکاریدا. رۆشنە، ئەوەی تەحەکوم بە بازاڕی جیهانییەوە دەکات بەشێوەی سەرەکی، سەرمایەی ئیحتیکاریە. مەنسوری حیکمەت لە "چاوگێڕانێک بە تیۆری مارکسیستی قەیراندا"دەڵێ: "کاردابەشکردن لەبازاڕی ناوخۆییدا هەر لە سەرەتاوە لەسەر بنچینەی پێداویستیە دیاریکراو و جیهانیەکانی کۆمپانیا ئیحتکاریەکان قەوارەی گرتوە، نەک لەسەر بنەمای گەشەی مێژوویی ئابووری کالایی و کاردابەشکردنی تەقلیدی ناوخۆیی"... کەواتە جێگەوڕێگەی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان لەچوارچێوەی پێداویستیەکانی سەرمایەی ئیحتکاری و ئیمپریالیستیدا قەراری گرتوە وەکو بەشێک لە وڵاتێکی سەرمایەداری ژێردەستەی ئیمپریالیزم و ناوچەیەک کە دەکەوێتە ناوچەی هێزی کاری هەرزانەوە لە کاردابەشکردنی جیهانیی سەرمایەدا.
بۆیە دەسەڵاتێکی سیاسی بۆرژوازی سەرکوتگەر و دژی دیموکراسیە لە خراپترین شێوەیدا کە دەسەڵاتێکی حیزبیی میلیشیاییە. هەر ئەمەش وایکردوە لەم هەلومەرجەی قەیرانی ئابووریدا ئەوەندەی دیکە خۆیان بونەتەوەهۆی قوڵکردنەوە و سەختکردنەوەی قەیرانەکە.
ئەگەر قەیرانی ئابووری لە دەوڵەتێکی ئاسایی بۆرژوازیدا روویدات، لە جێگەیەکدا کە کرێکار بۆئەوەی بەرگری لە مافی خۆی بکات رەنگە هۆکارەکانی بەرگری کردن لەخۆ و هەروەها مەعلوم بێت کە رووی نارەزایەتیەکانی لە کوێ و لە کێ بکات، بەڵام لە کوردستان بەوجۆرە نیە. بۆنموونە لە وڵاتێکی وەکو بەریتانیا بۆرژوازی چەندین هەوڵیدا بۆئەوەی قەیرانەکە بەسەر خەڵکدا بشکێنێتەوە، بەڵام چینی کرێکار بەرادەیەک هۆکارەکانی بەرگری لەخۆکردنی لەبەردەستا بوو وە تارادەیەک بەرگری لەخۆی کرد. بەڵام لە کوردستان کرێکار هیچ وەسیلەیەکی بەرگری لەخۆکردنی نیە. بەتایبەتی دەسەڵاتی دوو حزبی میلیشیایی چەکدار، کە ناتوانیت وەک دەسەڵاتێکی بۆرژوازی ئاسایی و متعارف تەعاملی بکەیت. واتە هەموو وەسیلەکانی بەرگری لەکرێکار سەندۆتەوە. ئەمەیە بە بۆچوونی من، بەشێک لە کارەساتەکە، کە پێنج مانگ خەڵک موچەی وەرنەگرتووە، بە سەدان هەزار کرێکاری کەرتی تایبەت، هیچ سەرچاوەیەکی ژیانی نیە و ناشتوانن بەرگری لە مافی خۆیان بکەن و ئامرازێکیان بەدەستەوە نیە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم بارودۆخە سەختە.

# ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتداریتی

**عوسمان حاجی مارف:**

لە بەردەوامی ئەو باسانەی هاوڕێیاندا ئاماژە بە چەند خاڵێک ئەدەم. بەگشتی لەسەر ئەوە کۆکین کە واقعیەتی ئێستای دنیای سەرمایەداری هەمان دەوران و قۆناغی ئیمپریالیە بەتایبەتی لەسەر بنەمای هەمان پێناسە و لێکدانەوەی لینین بۆ ئیمپریالیەت، بەڵام باسێک کە کاتی خۆی لینین دەربارەی ئەو مەسەلەیە کردویەتی کە سەد ساڵ بەسەر دنیای پەیوەندی ئابووری و سیاسی جیهان لە چوارچێوەی زاڵی ئیمپریالیەتدا بەڕێوە چووە، لە پرۆسەی گەشەسەندنی خۆیدا چەندەها ئاڵوگۆڕی بەخۆیەوە دیوە بەتایبەتی بەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمەوە، لە دەورانێکدا کە لینین لە ناردنەدەرەوەی سەرمایەوە باس لە دامەزراندنی سەرمایە دەکات لە وڵاتانی دەرەوەی خۆیدا و هەر لێرەوە دەچێتە ناو باسی ئمپریالیەتەوە، بەڵام ئەو جێگایانەی لەکاتی خۆیدا سەرمایەکەی بۆ دەگوێزرایەوە هێشتا لە پەیوەندی دەرەبەگایەتی هەتا بەشێکیان لە پەیوەندی بەندایەتیدابون، لەسەر ئەو بنەمایەش ئەنجامگیری شۆڕشی نیشتمانی و بۆرژوازی نیشتمانی کراوە! بۆنموونە ئەوەی کە لە چین و هەموو ئەو وڵاتانەدا ئەو ئەحزابانەی کە مقاوەمەتیان لەبەرامبەر داگیرکاری ئیمپریالیدا کردووە، ئەو تێزەیان ڕەواج پێدەدا کە پێویستە ئەم وڵاتە داگیرکراوانە دوای ڕزگاربوونیان یاخود سەربەخۆبوونیان بە هەمان پرۆسەی گەشەی سەرمایەداریدا بڕۆن کە وڵاتانی ئیمپریالی پیادا تێپەڕیون، بە پشتبەستن بە ئابووری محەلی خۆیان و لە پەیوەند بە دەوری بۆرژوازی نیشتمانیەوە گەشەی ئابووری دابین بکەن، وەک دیمان ساڵانێکی زۆر لەم چوارچیوەیەدا شەڕ و مقاوەمە دژی ئیمپریالی و داگیرکاری دەوری گێڕا، بەجیا لە هەر بەرژەوەندییەکی بۆرژوازی وڵاتانی ژێردەستە ڕەواجدان بەو خەیاڵاتانە و ناواقعی بوونی بەڵام ئێستا لەچاو ئەو دەورانەدا جیهانی سەرمایەداری ئاڵوگۆڕێکی وەها بەرفراوانی بەخۆوە دیوە و بەدەورانی جیاوازدا تێپەڕیوە و گەشەی سەندووە، جیهان بۆتە یەکپارچە و گۆی زەوی بۆتە بازاڕێکی گەورە لە پەیوەندی کارو سەرمایە کە بۆرژوازی نیشتمانی کردۆتە گاڵتە جاڕ و مافیا بوون و دڕندەیی. یانی هەر ئەوانەن کە پێیان ئەوترا بۆرژوازی نیشتمانی ئێستا  تاڵان و بڕۆ و جەردەیی ئەکەن.

مەبەستم ئەوەیە کە واقعیەتێک بەدوای سەردەمی لینینەوە بۆ ئێستا ئاڵوگۆڕێکە کە؛ یەکەم: تەواوی جیهان ئاڵوگۆڕێکی وەها جدی بەسەردا هاتووە کە گۆی زەوی بۆتە یەکەیەک و لە سایەی کۆنترۆڵی سەرمایەداری مۆنۆپۆڵیدایە، دووەم: جیهانی کێشمەکێش و شەڕی بلۆکە زلهێزەکانی جیهانە. لەلایەکی تریشەوە مەسەلەیەکی تر بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی ئەخیردا بە ئاستێک تەکنەلۆجیا چۆتە پێشەوە و دەچێتە پێشەوە، بۆنموونە دوێنێ لەگەڵ ئەمڕۆدا جیاوازە، سەیر بکە ئایپاد، کۆمپیوتەر دەباتە دواوە و بازاڕی ئایپاد بازاڕی کۆمپیتەر دەشکێنێ، چەندەها شتی تر لەبواری تازەگەری بەرهەمهێناندایە، لە تاقەی شەمسی بیگرە و تا داهێنانەکان لەناو جیهانی ئینتەرنێتدا، بەجیا لەو کاڵایانەی کە بۆ بەکارهێنانن، لە هەمانکاتدا بەجۆرێک ئەو کۆمپانیا و کارخانانەی کە بەشی تەکنەلۆجیای ئامراز و هۆکانی بەرهەمهێنان دروستدەکەن کە ئامرازێک دەخەنە بازاڕەوە دەکەوێتە بەرامبەر کۆمپانیایەکی تر و بازاڕەکەی دەشکێنێت، هەڵبەتە ئەمە

بۆخۆی هەر واقعیەتی پێشبڕکێی دنیای سەرمایەدارییە بەڵام جیاوازیەکەی لە هەلومەرجی ئێستادا خێراییە بێوێنەکەیەتی، ئەمەش بەشێکە لەوەی کە کاتێ ئێمە باس لە دابەزینی تێکڕای قازانج دەکەین، باسی ناکۆکی کار و سەرمایە ئەکەین، باسی کۆمپانیا مۆنۆپۆلیەکان دەکەین کە هۆکاری قەیرانی ئابووری جیهانیە، یانی ئەم قەیرانەی ئێستا جیاوازی لەگەڵ قەیرانەکانی پێشوتردا ئەوەیە کە خێراتر و فراوانتر و ماوە درێژترە.

موحسین کەریم: زۆر تیکرار ئەبێتەوە، جاران ۲۰_۳۰ ساڵ جارێک بوو ئێستا ٥ ساڵ جارێکە.

### عوسمان حاجی مارف:

ڕاستە، ماوەکەشی زۆرتر ئەخایەنێت، وە هۆکاری ئەم کارەسات و قوڕبەسەرییانەش، ئەوەتا سەیر ئەکەی هەژاری و فەلاکەت و شێوازی دابەشکردنی جیهان کە زۆر تەئسیر دائەنێ. من زۆر لەگەڵ ئەوەدام کە بۆنموونە بەرهەمهێنانی نەوت لێرەدا بەجیا لەوەی کە لە کوردستان یان عێراق یان بەشێک لەم وڵاتانە لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی نەوت یان هەر سامانێکی تری سامانی سروشتییە.

### خەسرەو سایە:

سروشتی نا، سامانی ژێر زەوی. قەت لە سروشتیشەوە نایەت.

### عوسمان حاجی مارف:

باشە، کێشە لەسەر تەعبیرەکە نیە، سامانی ژێرزەوەی یا سامانی سروشتی، باسەکە لەسەر کەرەسەیەکە کە دەردەهێنرێت، مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە بازاڕی ئەو کەرەسەیە بۆنموونە نەوت پەیوەندی بەوەوە نیە کە کەرەسەیەکە تا چەند بەکارهێنانی ڕۆژانەی خەڵکیە، مەسەلەکە ئەوە نیە کە نەوت بەکار ئەهێنرێت وەک سوتەمەنی شەخسی یانی بەکارهێنانی فەردی، بۆنموونە زۆر پرۆسەی بەرهەمهێنان هەیە، کە بەکارهێنانی نەوت دەورێکی سەرەکی تیا دەبینێت و نەوت وەک هۆکانی بەرهەمهێنان بەکاردەهێنن و ئەمەشە کە بازاڕی نەوت گەرم دەکات، هەرکات ئەو کۆمپانیا و شەریکاتانە لەپەیوەند بە هەلومەرجی ئابووری جیهانەوە بەرەوڕووی قەیران دەبنەوە، کارکردی دەبێت لەسەر بازاڕی نەوت، بەڵام بۆنموونە دەبینین ئێستا کە سەیارە دەور ئەبینێ لەوەی کە چەند فەرد بەکاری ئەهێنی بەجیا لە سەیارەی گەورە کە بۆ شەریکات بەکاردێت بەڵام بەکارهێنانی فەرد دەوری هەیە بۆ ساغکردنەوەی بازاڕی سەیارە مەسەلەن ئەم ماوەیە ئەم ناوچەیە بوو بە بازاڕێکی گەورە بۆ سەرفی سەیارە بۆ مودەتێک، مەسەلەن لە مالیزیاوە سەیارە بێت یا لە یابانەوە سەیارە بێت، بازاڕەکەی لەپەیوەند بە بەکارهێنانی فەرد و کۆمپانیاکانەوەیە، بەڵام ئەم سامانە ژێرزەویە یا سروشتیە پشت دەبەستێت بەوەی بەشێکە لەهۆکانی بەرهەمهێنان و تەواوکەری پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە، واتە قەیرانی بازاڕی نەوت پەیوەندە بە قەیرانی سەرمایەی وەبەرهێنانەوە، یانی کاتێ وەبەرهێنان دەکەوێتە قەیرانەوە، نەوتیش توشی قەیران دەبێت بەڕای من

ئەمە دیاردەیەکی دەقیق و واقعیە.

### محسن کەریم:

من ئەوە تێنەگەیشتم ئەوەی وتت بە ئەم مەنتیقەیە بۆتە بازاڕی فرۆشی سەیارە.

### عوسمان حاجی مارف:

بەڵێ من وتم وەک نموونە لە نوقتەیەکەوە هێنام کە سەرفی نەوت یان سامانی ژێرزەوی مورتەبیتە بەوەی کە هۆکانی بەرهەمهێنان بەرهەم ئەهێنێتەوە، بەڵام ئەوەی کە کارخانەیەک لە یابان سەیارە دروست ئەکات بازاڕەکەی لەوەدایە کە خەڵک بەکاریدەهێنن، بەڵام بەکارهێنانی بەرد، ئاسن،... پشت نابەستێت بە بەکارهێنانی فەرد، بەڵکو لەسەرئەوەیە کەچۆن لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و وەبەرهێناندا بەکاردەهێنرێتەوە. ئەو توشی قەیران بوو ئەمیش نرخی دائەبەزێ و بازاڕی ئەشکێ، ئەو قەیرانە قوڵتر ئەکاتەوە. هەروەها سامانی ژێرزەوی یا سامانی سروشتی، ئەزانی چۆنە، سامانی ژێرزەوی بەبێ هێزی کار هیچ نیە. ئەوەی کە مارکسیش باسی ئەکات راستە سامانێکە لە سروشتدا بوونی هەیە بەڵام ئەگەر ئەمە نەچێتە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە، واتە هێزی کاری تیا بەکار نەهێنرێت هیچ بەها و مانایەکی نیە.

### جەمال محسن:

سامانە، بەرهەمی کۆمەڵایەتی نیە بەهۆی هێزی کارەوە ئەبێ بە داهات.

### عوسمانی حاجی مارف:

هەر ئەوە. هەر سەرمایەدارانن کە ئەو سامانە قۆرخ ئەکەن لە رێگەی دەستبەسەراگرتن و چەوسانەوەی هێزی کارەوە بەرهەمدەهێنرێت، کە لە دواشیکردنەوەدا هەر قۆرخکردنە بەڵام شێوەی قۆرخکردنەکە جیاوازی هەیە، مەسەلەن لە ئەمریکا کارتێلەکان و سەرمایەدارەکان قۆرخی ئەکەن، لێرە حزبێک میلیشیایەک قۆرخی ئەکات.

### موئەیەد ئەحمەد:

من هەر لەدرێژەی ئەو مەسەلانەدا، دوو شت هەیە باسی بکەم؛ یەکەم: مەوزوعی رەیعی نەوتە، مەسەلەکە وانیە کە ئەم وڵاتە رەیعیانە (الدول الريعية) هەر بە رەیعی نەوتی ئەژین و هەموو شتەکان لەوەوە سەرچاوە ئەگرێ، بەڵکو بۆرژوازیشی دروستکردوە. بردنی رەیعەکە و لەگەڵ ئیستسماری سەرمایە لەمێژووی خۆیدا تەبەقەیەکی بۆرژوازی شکڵپێداوە لەم ناوچەیەدا، لە خەلیجەوە بگرە بۆ عێراق بۆ وڵاتانی دیکە، ئەوە باسێکە ئەتوانین بەجیا قسەی لەسەر بکەین. دووەم: ئەوەیە کە ئەم فاینەنشەڵایزەیشن (بە مالیە کردن) وگڵۆبەڵایزەیشن و نیولیبرالیزمەی کە روویداوە لەجیهاندا لەگەڵ خۆشیدا پەرەسەندنێکی تەکنەلۆجیای هێناوە، عوسمانیش ئیشارەتی

پێکرد. بەشێک لە ئیکۆنۆمیستەکان ئەڵێن ئەمە خۆی شکڵی نەجاتبوون بووە لە ئەزمەکە و یانی ئەبێ وا بڕوات وە وا ئەڕوات. مەبەستم ئەوەیە کە پەرەسەندنی تەکنەلۆجی گەورە روویداوە و تائێستا دوو-سێ دەیەیە ئەڕواتە پێشەوە و هێشتا ئاسەواری ئەمە نیشان نەدراوە تا بزانرێ ئینعکاساتی لەسەر ئاستی عالەمی چۆنە.

## جەمال محسن:

هاوڕێیان، دێینە سەر بەشی دوەمی سیمینارەکە. ئێمە لایەنی ئابوری یان سەرچاوەی ئابوری ئەم قەیرانەمان باس کرد کە کوردستانی گرتۆتەوە، من پێم باشە لەم بەشەدا بێینە سەر ئەوەی کە تەبعەن وەک ئەوەی ئێستا ئەیبینین ئەم قەیرانە لەسەر ئاستی سیاسیشدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نمونە دەسەڵاتی ئەحزابی قەومی لە بنبەستێکی حکومەتی و سیاسیدایە وە بینیمان بۆ خۆیان تەنانەت ئەو دەزگا گەورەیەی کە خۆیان باسی ئەکەن کە پەرلەمانە شەقیان تێهەڵدا، لەبەریەک هەڵوەشاوەتەوە، حکومەتی بنکە فراوان فەشەلی هێناوە. ئەمەش پەیوەست ئەبێتەوە بەوەوە کە نەیتوانیوە وەڵام دەرەوەی ئەو قەیرانە بێ کە باسمان کرد و بۆیە بنبەست بووە. بەڵام قسەی جیاجیا ئەکرێ لەسەر ئەوەی کە پەرلەمان ڕێزی نەگیراوە، ئەوەی کە پەرلەمان کارا نەبووە، باش ناڕواتە پێشەوە، کە سیستم ئەبێ پەرلەمانی بێ، سەرۆکایەتی نەبێ. هەموو ئەمانە ڕێگاچارەی لایەنە بۆرژوازیەکانن چ ئەوانە کە پێشتر بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە خۆیان پێناسە کردبوو وە چ ئەوانە کە لە دەسەڵاتدا بوون و ئێستاش لە دەسەڵاتدان. بەهەرحاڵ ئەم بنەستە سیاسی و حکومەتیە کە کوردستانی گرتۆتەوە بە جۆرێک چەقبەستو بووە و کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵک هەیە. ئێمە ئەزانین کە بە شێوەیەکی گشتی کاتێک قەیرانی ئابوری ئەبێت بۆرژوازی ڕێک قڵپی ئەکاتەوە بەسەر سەری خەڵکدا. ئەمە لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و لە هەرشوێنێک ئەبینین کرێ کەم ئەبێتەوە، بیمەی کۆمەڵایەتی وتەندروستی دائەبەزێ، حکومەت خۆی لەژێر باری دابینکردنی خانەولانەدا ئەدزێتەوە، باجی سەر خواردن و کەلوپەلە پێویستیە ڕۆژانەییەکان زیاد ئەکات.... لە کوردستانیشدا ئەمە بە ڕۆشنی دیارە بەجۆرێک تا ئاستی نزیک لە سفر ژیانی خەڵک دابەزێنراوە، ئەوەتا ٥ مانگە موچە نادرێت بە خەڵک. من پێم باشە لەم بەشەدا بێینە سەر باسکردن لەم بنبەستە حکومەتی و سیاسیە و هاوکاتیش لە قسەکانماندا باسێک لەوە بکەین کە بەدیل بۆ ژیانی کۆمەڵگا و خەڵک ئەبێ چی بێت؟ خەڵک ئەبێ چی بکات، لە ڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە ڕێگەچارە چیە؟ ئەگەر ئەوان تەرحی چاکسازی چەند خاڵی ئەکەن کە زۆرتر بۆ دەرچونی خۆیانە لە دۆخێکی قەیراناوی کە تێیدان تا ئەوەی کە وەڵام بە ژیان و پێداویستیەکانی خەڵک بدەنەوە. لە ڕوانگەی ئێمە کۆمۆنیستەکان ڕێگای دەربازبوون لەم ئەم بنبەستە سیاسی و حکومەتیە و ئەو قەیرانە ئابوریە چییە؟ من پێم باشە هاوڕێیان لە قسەکانیاندا ئەم لایەنە زیاتر جەختی لەسەر بکرێتەوە، هەتا لە ناو قسەوباسەکاندا ئەکرێ بێینە سەر ئەوەی وەک ووتمان وەزعی کوردستان هەر تەنها لە باری ئابووریەوە پەیوەندی بە وەزعی ناوچەکە و جیهانەوە نیە، بگرە لە باری سیاسیشەوە بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە وەزعی سیاسی مەرکەزەوە لە عێراقدا لە هەردوو

ڕووەکەوە. لە باسەکاندا ئەکرێ ئەم لایەنەشی لێکبدرێتەوە کە ئەم قەیرانە تەنها ناوخۆیی و کوردستان نیە، وە عێراق و ناوچەکە و جیهانیش ئەگرێتەوە.

**عوسمانی حاجی مارف:**

شتێک کە ئێستا هاتۆتە پێشەوە، قەیران یان واقعیەتی دەسەڵاتی سیاسی ئێستای کوردستان دوای ٢٥ ساڵ لە دەسەڵاتی میلیشیایی و پێشتر شەڕی کەنداو هاتنی حزبەکانی کوردایەتی بۆ سەر دەسەڵات، بە ناوی بەرە، دواتر جیاکردنەوەی ناوچەی سەوز و زەرد، بە گشتی لە ئاکامی هەلومەرجێکی سیاسی و ئاڵوگۆڕێک کە لە ناوچەکەدا ڕوویدا بە دوای شەڕی کەنداودا، بەتایبەتی دەسەڵاتی ئەم حزبانە خۆبەستنەوەیان بوو لە چوارچێوەی ستراتیژیەت و سیاسەت و بەرژەوەندیەک کە ئەمریکا پیادەی دەکرد لە عێراق و ناوچەکەدا، وە لە پەیوەند بەو سیاست و بەرژەوەندیانەی دەوڵەتی ئەمریکاوە حزبەکانی کوردایەتی مەوقعیەتی دەسەڵاتی سیاسی وەک فرسەتێک بۆیان هاتەپێشەوە. بەجیا لە هەر مەسائیلێک لە هەڵسوڕانی چەندین ساڵەی سیاسی و چەکداریان، شەڕیان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا یان لە بەرامبەر بۆرژوا ناسیۆنالیستی عەرەبی لە عێراقدا بۆ بەدەست هێنانی هەر ئیمیتیازاتێک یا بەشداریان لە دەسەڵاتی سیاسیدا داوایان کردبێ بەڵام پرۆسەیەکی دورودرێژی خایاند و نەک هیچ دەست کەوت ئاکامێکیان بەدەست نەهێنا بەڵکو بەرەوروی شکستی سیاسیش بونەوە، تا ئەوکاتەی ئاڵوگۆڕ لە سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا پێش هات، کە بەدوای شەری کەنداو بارودۆخەکە قەیرانێکی گەورەی لە عێراقدا پێک هێنا، هاتنەوەی حزبەکانی کوردایەتی بەدوای شکستی هێزەکانی حکومەتی بەعس لەکوەیت و راپەرینی خەڵک لە عێراق و کوردستان حزبەکانی کوردایەتی دەسەڵاتی میلیشیایان داسەپاند لەسەر بنەمای قەیرانێکی سیاسی کە لە تەواوی ناوچەکەدا بوو، ئەوەش ڕۆشنە شەڕی ئەمریکا لە کەنداودا هەوڵی شەڕی باڵادەستی ئەمریکا بو بەسەر جیهاندا، ئەم باسانە پێشتر کردومانە بەڵام بە کورتی ئەوە بڵێم. باڵادەستی ئەمریکا بەسەر جیهاندا و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی دنیا و شەڕێک کە دوای داگیرکردنی کوەیت لەبەرامبەر حکومەتی عێراقدا کردی، حزبەکانی کوردایەتی لە ئەنجامی خۆبەستنەوەیان بە بەرژەوەندی سیاسی ئەمریکایە کە توانیان دەسەڵات بگرنە دەست. بەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و خۆریکخستنەوەی هێزەکانی حکومەتی عێراق و هێرشکردنیان بۆسەر خەڵکی ناڕازی لە تەواوی عێراق و کوردستاندا، دوبارە هەڵاتنەوەی حزبەکانی کوردایەتی کوردستان و ئاوارەبونی ملیۆنی دانیشتوان، دەوڵەتی ئەمریکا لە ڕێگای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بڕیاری پاراستنی ناوچەی کوردستانی عێراقیان دا لەمەترسی هێرشی دەسەڵاتی بەعس، لەم کەین و بەینەدا کوردستان وەک ناوچەیەک کە کەوتە بەردەم پارێزگاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، هیچ پێناسەیەکی نەبوو، نە دەوڵەت بوو وە نە سەر بە حکومەتی ناوەندی بوو بە مانایەک کە کاتی تر تەعبیرمان کردوە وەکو ئۆردوگایەک مامەڵەی لەگەڵدا کرا.

هەر بۆیە لەسەرەتای دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتیدا بەرە نەیتوانی خۆی ڕاگرێ و هەڵوەشایەوە

دوای یەکەم هەلبژاردنی پەرلەمان ئەو ئۆردوگایە دابەشکرا لە نێوان دوو هێزی میلیشیا بەناوی ناوچەی زەرد و ناوچەی سەوز، هەر لە هەنگاوی یەکەمیاندا خودی قەیرانەکە ئەوە بوو کە شەڕی ناوخۆی لێ پێکهات، یانی وەکو هێزە سیاسیەکان خۆشیان نەیانتوانی و نەیانویست، دوای ئەو وێرانکاری و تالانوبڕۆییەی لە کوردستاندا کردیان شەڕی ناوخۆشیان بۆ بەکارەساتێکی تر بەسەر ژیانی خەلکەوە، کوردستان بوو بە دوو ناوچەی ژێر دەسەلاتی دوو حزبی میلیشیا کە ئەمە بۆ خۆی قوولکردنەوەی زیاتری قەیرانەکەیە. یانی نەیانتوانی حکومەت دابمەزرێنن، یان نەیانتوانی یەکڕیزی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کورد بپارێزن، هەتا وەک خێزانێک نەک وەک توێژەکانی تری بۆرژوازی، دیموکراتەکانی بێت یا لیبرالەکانی بێ... هەتا وەک ئەحزابی ناسیۆنالیستی نەیانتوانی وەحدەتێک دروست بکەن یانی بە مانای ئەوەی خۆیان پێی ئەلێن ''پاراستنی یەکڕیزی مالی کورد''. بەهەرحال ئەنجامی ئەو ئالوگۆڕە سیاسیانەی کە لە ناوچەکەدا هاتۆتە پێشەوە مەسەلەن لە ڕوخانی حکومەتی بەعس تا هاتنی داعش و تا ئێستا کە بنبەست و شکستی حکومەتەکەیانە یانی قەیران بە دوای قەیراندا بووە. ئەوەی کە بەرنامە و سیاسەتێک ئەمان بیانەوێ لە کوردستاندا وولاتێک دابمەزرێنن لە باری ئابوریەوە بیبەنە پێشەوە، لەباری سیاسی حاکمیەتی بکەن، بە مانایەک دەولەت دابمەزرێنن، ئەم ئاڕاستە و تەوەجوهە گەورەترین خالی لاوازو فەشەلی ئەم هێزە سیاسیانە بووە. وە هەر لەو قسانەی کە پێشووتر کردمان لە پەیوەند بە دامەزراوەی ئابوریەوە کە کوردستان ناوچەی کاری هەرزانە یان لەپەیوەند بە سەرمایەی جیهانیەوە یان وولاتانی ناوچەکە ، هەمیشە کەوتۆتە ژێر کاریگەری ناوچەکەوە. یانی شتێک نەبووە کە مەسەلەن ئامانجێک مەبەستێک سیاسەتێک ئەمان ئەوەی کە لە پەیوەند بە ژیانی خەلکەوە یان لە پەیوەند بە ئایندەیەکەوە بۆدامەزراندنی دەولەت لە کوردستاندا، لە زمنی ئەو کێشمەکێشە جیهانیەی کە هەبووە، لە زمنی ئەو بەرژەوەندیە سیاسیەی کە خۆیان هەیانبووە شتێک لەو بابەتە نەبووە. بۆیە هەمیشە هۆکارێک بوون، هۆکارێکی ئەساسی بوون لە بەردەوامی نا جێگیریە سیاسیەی کە لە ناوچەکە دروست بووە. وە ئەم قەیرانە بە بۆچوونی من، لەو ئالوگۆڕەی کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ڕوویدا دوای مەسەلەن مەوقعیەت و دەوری داعش و دوای فەشەلی ستراتیژیەتی سیاسەتەکانی ئەمریکا ئەم کێشەیە قولتر و فراوانتر بووە. قەیرانی دەسەلاتی سیاسی بە مانای فەشەلی حکومەتەکەیان یان دانەمەزراندنی دەولەت. دەنا با بلێین ئەوان تا ئێستا دەسەلاتدارن چونکە ناتوانین بلێین قەیرانی دەسەلاتیان هەیە، ئەوەتا ئەبینین ئەم حزبانە ٢٥ سالە بەردەوامن لە پاراستنی دەسەلاتیان بەهەر قیمەت بۆیان هاتبێتە پیشەوە جێگایان لەق نەبووە و ە هەریەکەیان مەوقعیەت و حاکمیەتی خۆی هەیە بەلام ئەوەی کە نایانەوێت یا ناتوانن دەولەت دابمەزرێنن هەروەک پێشتر باسمان کرد واقعیەتی بونی ئەم هێزانە نەیان توانیوە لە چوارچێوە و لە پەیوەند بە بەرژەوندی وولاتانی جیهانی و ناوچەکە دەربچن و بێنە دەرەوە، تەواوی مێژوی هەلسوڕانی سیاسیان بەو جۆرە گرێداوە، هەتا سەیرکەن بۆ پێکهێنانی دەسەلاتێک لە چوارچێوەی حکومەتی عێراقدا کە ناویان نا فیدرالیزم نەیانتوانی ئەوەش بەرنەسەر و جێبەجێ بکەن، بە جیا لە هەر شیوازێکی دواکەوتوانەی ئەو حکومەتە کە بە ناوی فیدرالیزمەوە لەگەل دەولەتی ناوەندیدا بڕیار بو بەڕێوەی بەرن. خۆ

ئەگەر بۆ نمونە یەک حزب بوایە یان ناوچەی سەوز و زەردیان نەبوایە لەپەیوەند بە مەوقعیەتی گرێ خواردنی بزوتنەوەی ناسیۆنالستی کورد لە ناو شەڕو کێشمەکێشی وولاتانی جیهانی و ناوچەکەوە کە دەرگیری بون، هەر ناتوانن خۆیان لەو قەیرانانە ڕزگار کەن، حکومەتی فیدراڵی یەک حزبیش هەروەک ئێستا دەبوو، چونکە فدراڵیەتەکەی ئێستاشیان فیدراڵیەتی یەکێتی و فیدراڵیەتی پارتیە...

**جەمال محسن:**

پرسیارەکە ئەوەیە کە لە فیدراڵیەتدا تۆ ئەڵێی نەیان توانیوە ئەمەش بکەن یانی دەوڵەتیان بۆ دانەمەزراوە و نەیان توانیوە فیدراڵیەتیش بکەن، بۆ؟ ئەمەیە بنبەستەکە.

**عوسمانی حاجی مارف:**

بێجگە لەوەی ئەوەش بە بنبەست ئەژماردەکرێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا بۆیان نەکرا، یان ناکرێ؟ کە بە بۆچونی من لە چوارچێوەی بەرژەوەندی خۆیانەوە لە ئێستادا خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەت نین، دەنا دامەزراندنی دەوڵەت ئیمکانی هەیە و دەکرێت، لە قسەکانی پێشووشدا وتم لە میانەی ئەو کێشمەکێشەی وولاتانی جیهانی و ناوچەکەدا کە بۆتە ناجێگیری سیاسی و بارگرژی و بۆتە واقعیەتی ئێستای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، حزبەکانی کوردایەتیش لەسەر ئەو بنەمایە دابەش بون. وەکو ئەحزابی ناسیۆنال بۆرژوازی کورد، وەکو ئەحزابی مافیایی و میلیشیایی بە دەوری خۆیان ئەمانە نەیانتوانیوە نوێنەرایەتی بەرژەوندی تێکڕای بۆرجوازی کوردی بکەن و ئاڕاستەی جێگیری سیاسی ببێتە مەبەست و ئامانجیان، بەڵکو بۆ خۆشیان بەشێکن و دەوریان هەیە لە پێکهێنانی ناجێگیری سیاسی و بارگرژی لە پەیوەند بەخۆ بەستنەوەیان بە بەرژەوەندی مەسەلەن تورکیا و ئەمریکا یان ئێران و روسیا، هەر لایەنێکیان بە جۆرێک چوونەتە ناو ئەو چوارچێوەیەوە، هەتا فەشەلی سیاسەتەکانی ئەمریکا وە دەوری ئەمریکا لە ناوچەکە و هەتا دروستبوونی شەڕی تائیفی و قەومی و دینی، ئەمانە هەموی ئەو کاریگەریانەن کە دەوریان بوە و هەیە لە بەردەوامی ئەم گێژاوە سیاسیە، ئەوە ی کە خودی ناوچەکە لە هەلومەرجێکی بەردەوامی بارگرژی و شەڕو کێشمەکێشی وولاتانی ئیمپریالیدایە و ئاسۆیەکی ڕۆشن نیە بۆ ئارام بونەوەی ئەم هەلومەرجە، حزبەکانی کوردایەتی نەک ناتوانن و نایانەوێت بەرژەوەندی خۆیان جیا کەنەوە بەڵکو دەرگیری بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری لەو چوارچێوەیەدا مامەڵە دەکەن، کە گەمەی سیاسی لە ناو ئەم کێشمەکێشانەدا بەردەوامی پێدەدەن، ڕاگرتنی پەیوەندی بە دەوڵەتی ناوەندیەوە چاوەڕوانییانە لە ناردنی بودجە، وە تورکیا قبوڵی ناکات سەربەخۆبن، ئێران بەهەمان شێوە قبوڵی ناکات، ئەمریکاش هەمان شێوە. هەموو ئەمانە پاساون، یانی بە هۆی ئەو پاساوانەوە و لە پەیوەند بە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەوەیە ناتوانن وە نایانەوێت سەربەخۆبن، یانی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری ئەمانە لەوەدا بووە کە لەو چوارچێوەیەدا، لە چوارچێوەی حکومەتی عێراقدا خۆیان بهێڵنەوە و چاوەڕوان بن جا شێوازەکەی ناوی فیدراڵی بێ یا هەرشتێکی تر گرنگ نیە بۆیان، کە

خودی ئەو فیدراڵیەتەشیان شتێکی پوچ و بێمانا بووە، مەسەلەن ئەوەی کە لە زۆر شوێنی دنیادا هەندێ ناوچە حوکمی زاتیان هەیە یان مەسەلەن فیدراڵی هەیە، بەڵام ئیتر ئیدارە و هەموو شتێکی سەقامگیرە. ڕەنگە مانا ئەسڵیەکەی بۆ دەرچونی کوردستان لە تەواوی ئەم گێژاوی سیاسی و بارگرژیە لای ئێمە ئەوەیە کە دەرهێنانی کوردستان لەو شوێنەوە دەکرێت کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی تیا دابمەزرێ، جیابێتەوە. ئەمە ڕێگەچارەی ئێمە بووە و مەترەح بووە. بەڵام ئەمان بە ئیدعای فیدراڵیەتەکەشیان نەیانتوانی بە ماناکەی خۆیان یەکڕیزی ماڵی کورد و ئارامی سیاسی بپارێزن، یانی حزبەکانی کوردایەتی تا ئێستاش ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسیانەی کە پێشهاتوە بەتایبەتی ئەو هاوکێشە سیاسیەی لە ناوچەکەدا بە دەور و مەوقعیەتی ڕوسیا، چین، ئێران سیمایەکی تری بە خۆوە نیشانداوە، ئەبینین ئەم قەیرانە زۆر زیاتر قوڵ و گەورەتر بۆتەوە، حزبەکانی دەسەڵاتدار لە کوردستان لەباری سیاسیەوە بەو ئەنجامە گەیشتون و خۆشیان رایان گەیاندوە کە ئێستا بەجۆرێک حکومەتەکەیان و ئەزمونەکەیان دارماوەو هەڵوەشاوەتەوەو لە قەیرانێکی بێ چارەدایە.

تۆ سەیری مێژوی سیاسەتی بزوتنەوەی کوردایەتی بکە لە ساڵی ١٩٧٤ دا لەبەرئەوەی لە پەیوەند بە بەرژەوەندی شوێنێکی ترەوە کە فەرمانەکەیان تەواو ئەبێ بزوتنەوەیکی گەورەو فراوان هەرەسی خۆی بەئاشکرا رادەگەیەنێت، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٨دا لە پەیوەند بە هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە و کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق دەوریان نامێنێت، واتە مێژوی بزوتنەوەی کوردایەتی بە جیا لەوەی هەمیشە چارەنوسی خۆی بەستۆتەوە بە سیاسەت و بەرژوەندی وڵاتانی ترەوە و هەمیشە دەرگیری شکست و هەرەس و دارمان بووە لە هەمان کاتدا بۆتە مایەی کارەسات و بارگرانی بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە.

### جەمال محسن:

باشە ئەگەر بە کورتی بێیتە سەر ئەوەی لە حاڵەتێکدا کە ئەوان لەو بنبەستەدان کە نایانەوێ و ناتوانن و بۆیان نەکراوە و ناکرێ، ئیتر خەڵک لەم نێوەدا چی بکات؟ کە ئەوان توشی ئەو بنبەستە بوون و ئیتر تەواو، بە مانایەک چی لەبەردەمی خەڵکدایە؟

### عوسمانی حاجی مارف:

ئەوەی کە ویستی خەڵکە، وە پەیوەند بە چارەنوس و ژیانی خەڵکەوەیە ئەوەیە کە یەکەم شت پێویستە جەماوەری ناڕازی لە ئاسۆ و ئامانجی حزبەکانی کوردایەتی دورکەێتەوە و جیابێتەوە، یانی جەماەری ناڕازی خۆیان بێنە مەیدان، خۆیان دەوریان هەبێت، خەڵک دەسەڵاتی خۆی دروست بکات لە نمونەی شوراکان. بەڵام بەجێ گەیاندنی ئەم قسانەو پراکتیزەکردنی هەر لە خۆیەوە بەدی نایەت، بەو دەربڕینەی تەنها بڵێین دەبێت خەڵک ئیرادە بکات ئەم بانگەوازە لە خۆیدا مانایەکی بەرجەستە نادات بەدەستەوە و هیچی لێ سەوز نابێت، ئێستا من بە خەڵک ڕابگەیەنم، خەڵکینە خۆتان ئیرادە بکەن، خۆتان دەسەڵات بگرن، پرسیار ئەوەیە چۆن ئەم کارە بکەن، تۆ سەیری لایەنی بەرامبەر بکە واتە دەسەڵاتی بۆرجوازی یاخود ڕۆشنتر بڵێین لە ئێستای کوردستاندا

## ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتداریتی

دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی و ئیسلامیەکان کە ٢٥ ساڵە دەسەڵاتیان داسەپاندووە بە قەداسەتی کوردایەتی و بە خورافات و کۆنەپەرستی، بە هێزی میلیشیا، بە سەرکوت و نەدانی ئازادی، بەناوی پەرلەمان و ئەزمونی دیموکراتی، بە قۆرخکردنی سامانی کوردستان، ...ئەم وەزعەیان بەمجۆرە پاراستوە، خەڵکیان بێئیرادە کردووە. وە ئەمە یەکێکە لە کێشە هەرە گرنگەکان بۆیە کە بێئیرادەکردنی خەڵک هەر قسەیەک کافی نیە بێیت و بڵێیت ئیرادە بگەڕێننەوە، خەڵک بە ئاسانی ناتوانێ ئەم ئیرادەیە بگەڕێنێتەوە. وە گەڕاندنەوەی ئیرادە بۆ خەڵک پەیوەندی بە خەباتی سیاسیەوە هەیە، پەیوەندی بە هەوڵی لایەنی سیاسیەوە هەیە، پەیوەندی بە دەوری هەڵسوڕانی حزبەوەیە بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە هەیە، پەیوەندی بە ئازادیخوازانەوە هەیە، پەیوەندی بە خەڵکی ناڕازیەوە هەیە کە چۆن بتوانن ئەم ئیرادەیە بۆ خەڵک بگێڕینەوە و ڕابەری ناڕەزایەتیەکانیان بکەن و ڕێکخەریان بن . خەڵک بە تەنها خۆی ناتوانێ ئەم کارە بکات، وە خەڵک تا ئێستاش لەچوارچێوەی چاوەڕوانی کێشمەکێشی ئەم هێزە سیاسیانەدایەو نازانێ بەرەو کوێ ئەڕوات. بەڵام دانی سیاسەتی دروست وە دانی هەنگاوی ورد و عەمەلی و کارساز بۆ ئەوەی کە چۆن خەڵک لە ناڕەزایەتیەکانیدا لە داوای خواستەکانیدا هەنگاو بەروە پێش بنێت و دەست کەوتی هەبێت.

بە جیا لەمانە کە وەکو واقعیەتی ئێستای کوردستان کە لە قسەکانی پێشومدا باسم کرد بە هەموو ئەو بارگرژی و ئاڵۆزیەوە ئەوەی کە بۆ ئێمە ئەساسیە کوردستان وولاتێکە سەرمایەداریە کە بەم شێوە بێ سەروبەرو هێزە ملیشیایانە بەڕێوە دەبرێت، سەرمایە لە شوێنێکی وەک کوردستاندا بە هێزی میلیشیا، بە وەبەرهێنانی نەوت، کاری هەرزان بە هەرجۆرێک بێت پەیوەندە بە بازاڕی جیهانیەوە، بە مانای ئەوەیە کە وولاتێکە کە کار و سەرمایە تیایدا بەڕێوە ئەچێ، هەر بۆیە وەک هەرشوێنێکی تری دنیا شوێنێکە کە ئەبێ شۆڕشی کرێکاری تێدا بەرقەرار بێ، ئەمە ئەسڵەکەیەتی.

بەڵام ئەم واقعیەتەی کە کوردستان ئێستا دامەزراوەیەک نیە، بۆتە گرێوگۆڵ لەبەردەمی شۆڕشی سۆشیالیستیدا. بۆ ئەمە لە پەیوەند بە شۆڕشی کرێکاریەوە بۆ وەلانانی ئەم دەسەڵاتە سیاسیە، وەلانانی ئەم هێزە میلیشیاییانەو کۆتایی بەسەرگەردانی هەوڵدانە بۆ دامەزراندی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە بتوانێ جێگیری و ئارامی سیاسی دابین بکات، یاخود دەوڵەتێک بێت کە کرێکاران و زەحمەتکێشان بزانن لە گەڵ کێ تەرەفن بۆ خواستەکانیان، نەک بارزانی بڵێ بودجەکە لای دەوڵەتی ناوەندیەوە دەستی بەسەر گیراوە یان یەکێتی بڵێت پارتی وەڵام ناداتەوە، کوردستان دەبێت لەم سەرگەردانیە ڕزگاری بێت، لە کوردستاندا دەبێت کرێکاران شۆرش بەرپابکەن و حکومەتی کرێکاری دابمەزرێنن، پەیوەندیەکانی سەرمایەداری هەڵوەشێنن و سیستمی سۆشیالستی دامەزرێنن.

### خەسرەو سایە:

سەرەتا بەرلەوەی باس لە ناوەرۆکی ئەو قەیرانە حکومەتیەی کەهەیە بکەم، بەباشی دەزانم ئاماژە بە دوو بۆچوون بدەم کە لەمبارەوە قسەیان لەسەر دەکرێ. یەکەم: بەشێک پێیوایە ئەم قەیرانی

حکومەتیە بەرەنجامی شەڕ و ململانێی ئەحزابەکان دروستبووە. واتە ئەوە ئەحزابەکانن کەوتونەتە بەرامبەر یەکەوە و ڕێکناکەون و ناسازێن، بۆیە ئەم حکومەتە کاری ناڕوا و گوایە ئەگەر ئەم حزبانە سازان بکەن ئەوا ئەم حکومەتە بنکە فراوانە گونجاوە بۆ هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا بەکرێکار و سەرمایەدارەوە. دووەم: ریزێک لە رۆشنبیران و بەرپرسیاران قسە لەسەر ئەوە دەکەن کە گوایە ریشەی ئەم قەیرانە حکومەتیە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بالآنس لە پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەدا. بەتایبەتی پارتی وەکو هێزی یەکەم نەیتوانیوە وەیا ئاگاهانە نایەوێت بالآنس لەنێوان ئێران و تورکیادا رابگرێ وەک دوو دەوڵەتی سەرەکی کە لەناوچەکە و دۆخی عێراق و کوردستاندا رۆڵدەگێڕن. بۆنموونە پارتی بەلای تورکیادا لایداوە و ئەحزابەکانی تریش بەم یان بەو ئاستە خۆیان بەسیاسەتەکانی سەر ئێرانەوە گرێداوەتەوە. بەبڕوای من هەردوو ئەم مەسەلەیە پێچەوانەیە و خۆی هۆکاری قەیرانی حکومەتی ئیستا نین، بەڵکو بەرئەنجامیەتی. ئەوەی کە خودی پارتی لەکەنار سیاسەت و کارکردەکانی تورکیادا راوەستاوە و بەهەمان ئاست تەوازنی لەگەڵ ئێراندا راناگرێ پێی وایە لەم رێگایەوە دەتوانێ کێشە و قەیرانە سیاسی و ئیقتسادییەکانی کوردستان چارەسەر بکات. تەنانەت ئەو هۆکارەی کەبۆتە مایەی بەرکەوتنی ئەحزابەکان و سەرهەڵدانی کێشمەکێش و نەسازانی نێوان حزبەکان، خودی بەرئەنجامی قەیرانی حکومەتیە. واتە ئەوە قەیرانی حکومەتیە کەئەم کێشمەکێش و دورکەوتنەوەیە و لێکترازان و نەسازانەی نێوان حزبەکانی خوڵقاندووە. قەیرانێکی حکومەتی کە ناوەرۆک و ریشەکەی لە بونیاد و شێوازی دامەزراندن و خودی خۆیدایە وەک ئەلگۆیەکی حکومەتی، بەو هۆیەوەیە کەناتەبایە لەگەڵ رەوتی پەرەسەندنی سەرمایەداری لەکوردستان و ژیانی هاولآتیاندا و بۆرژوازی جیهانیش بنبەستە لەئاست خستنەرووی نموونەیەکی کارسازدا. بەپێی مەنتیق حکومەت و دەوڵەت لەشێوە گشتیەکەیدا و لەکۆمەڵگایەکی سەرمایەداری وەک کوردستاندا، دەبێ وەلآمدەرەوەی پێداویستییە ماوە درێژەکانی هەم رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان کار و سەرمایە بێت و هەم هاولآتیانی ژێردەستی خۆی قایل کات بە فۆرم و سیستەمێکی ئیداری و قانونی. لە دونیادا ئێمە لەگەڵ نموونەگەلێک لەحکومەت و دەوڵەتەکان بەرەوڕووین، حکومەتە دیکتاتۆرییەکان، حکومەتە لیبراڵەکان، سۆسیال دیموکراتەکان، قەومیەکان.. هەرچۆنێک بێت ئەم نموونانە لەمێژوودا نیشانیانداوە کەبەم یان بەو رادەیە توانیویانە وەلآم بەهەردوک لایەن بدەنەوە، یانی هەم توانیویانە مەلزوماتی بەردەم بازاڕی کار و سەرمایە فەراهەم بکەن و هەم مەقبولیەتی خۆیان لەئاست کۆمەڵگادا زامن بکەن بۆیە مانەوەیان سالآنێکی بڕیوە. لەکوردستان ریشەی قەیرانی حکومەتی لەنەفسی فۆرم و سیستەمی دەسەلآتدارێتیەکەیدایە. من لە قسەکانی پێشومدا وتم، قەیرانی ساختاری/هەیکەلی و سەراپاگیر رووبەڕووی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی بۆتەوە، ئەم قەیرانە لە گۆشەیەکیدا لایەنی مێژوویی هەیە و پەیوەندی لەگەڵ چۆنیەتی سەرهەڵدان و شکڵگرتن و تێپەڕکردنی ئەو قۆناغانەدا هەیە کە دەسەلآت و سیستەمی حوکمڕانی لەکوردستاندا تێیپەڕاندووە، یەکەم مەسەلەم ئەوەیە کە بڵێم ئەم فۆرمە حکومەتیە بەهیچ جۆرێک بەرهەمی خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان نیە وەک حزبەکان ئیدعای دەکەن و لەهیچ ئاستێکدا نوێنەرایەتی خەڵکی

کوردستانیش ناکات. یانی فۆرمێکی حکومەتی نیە کە خەڵک بە دەرەجاتێک تێیدا بەشدار بێ. دووەم تەنانەت ئەم فۆرمە لە حکومەت لەوجۆرە لە حکومەتی بۆرژوایی نیە کە بەرەنجامی پرۆسەیەکی دیموکراسی بۆرژوایی و تەمسیل و نوێنەرایەتی کردنی حزبە بۆرژواییەکانەوە دامەزرابێت باوەڕی بەدەستاودەستکردنی دەسەلات هەبێ لەنێوانیاندا، لەنموونەی تورکیا. بەڵکو ئەم حکومەتە بەرهەمی جەنگە، واتە فۆرمێکی حکومەتیە کەبەرئەنجامی دۆخێکی سیاسی ناوچەییە و لە بنەڕەتەوە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی ئەمریکا و پێناسەیەک بۆ فۆرمی حکومەتی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، شکڵی گرت کە نموونەکەی لەعێراقدا بۆ یەکەمجار بەدەستەوەگیرا. هەموو دەزانین کەساڵی ٩١ شەڕی یەکەمی خەلیج ئەمریکا پەلاماری عێراقیدا و هاتە ناوچەکەوە، ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد بەڕاوەستان لەکەنار سیاسەتی جەنگ و میلیتاریستی ئەمریکادا توانیان فرسەتی کۆنترۆڵکردنی کوردستان بگرنەدەست و حکومەت و سیستەمێکی بەڕێوەبردن بەهێزی میلیشیا و لەسەر پاشماوە ئیداری و قانونیەکانی ڕژێمی بەعس دامەزرێنن و خەلکیش بە ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی قایل بکەن. دواتر لەشەڕی دووەمی خەلیجدا، سەدام رووخا، ئەم رووداوە هەم کۆتایی بەدەورەی چاوەڕوانی دوای سالانی راپەڕین و شەڕی ناوخۆ هێنا و هەم دەرگایەکی لەسەر ئایندەی دەسەلات و گشت ئامانجەکانی بۆرژوازی کوردی کردەوە. بەتایبەتی کە ئەمریکا نموونەی فۆرمی حکومەتی خۆی لەعێراقدا و لەژێرناوی دیموکراسی و دیموکراسی پەرلەمانیدا، بەکۆکردنەوەی دەستەبەندییە قەومی و ئاینیەکان بەڕێخست. لەکاتێکدا ئەم نموونەیە لە جەوهەردا شتێکی تر نەبوو جگەلە پلورالیزمێکی سیاسی و ئەتنیکی. یانی فۆرمێک لەحکومەتی مۆزایکی لەسەر ئەساسی تەمسیلی تایفی و قەومی و مەزهەبەکان و دابەشکردنی دەسەلات بەسەریاندا. حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیلهامی لەم نموونەیە گرت و بەڕای من بەرەنجامی دوو جۆر لەئیئتیلاف درێژەی بەمانەوەی خۆیدا. یەکەمیان ئیئتیلافێک بوو لەگەڵ بەغدا، ئەمەش تەقسیمی دەسەلات و بودجە و دانان بەهەرێمایەتی کوردستان و دەسەلاتی ئەحزابی میلیشیایی ناسیونالیستی کوردی لێکەوتەوە و جێگیرکردنی لەدەستوری عێراقدا رەسمیەتی پێدرا. لەم چوارچێوەیەشدا کوردستان بەعێراقەوە مولحەقکرایەوە. دووەمیان ئیئتیلافێک بوو لەنێوان خودی حزبەکانی کوردستاندا، بەتایبەتی یەکێتی و پارتی، شکڵی گرت، ئەمەش پرۆسەی هەڵبژاردن و پێکهێنانی کابینەی حکومەتی دووحزبی و بنکەفراوانی لێکەوتەوە، بەبێئەوەی کەهەم دەسەلاتە ناوچەییەکەنی سەوز و زەردی ئەحزابی میلیشیایی بسڕێتەوە و هەم دیموکراسی بەمانای ئاڵوگۆڕی قانونی و ئیداری جدی بەدوادابێت و حکومەت بەکردەوە شوێنی دەسەلات و دەخالەتی حزب بگرێتەوە. لە تەجروبە و مێژوویەکی ئاوادا لە کوردستان حکومەتی ئەحزاب بەرگی دیموکراسی و فیدرالیزمی بەبەرداکرا. بەمانایەک ئەمەوێ بڵێم سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستان تەنانەت بەمانا بۆرژواییەکەی تەمسیلی حکومەتێکی مۆدێرنی بۆرژوایی ناکات وەک ئەو نموونانەی کەلە ناوچەکە و جیهاندا هەبوون و توانیویانە بەجۆرێک بالانسی نێوان بەشەکانی بۆرژوازی ڕابگرن و هەلی پێویست لەبەردەم بازاڕی کار و سەرمایەدا هەڵخەن. لەم روانگەیەوە حکومەتی هەرێم چ لەجۆری حکومەتی یەکحزبی و یا دووحزبیەکەی تەنانەت لەنەوعی بنکە فراوانەکەی ناتوانێ وەلامدەرەوەی هەلومەرجەکان و

پێداویستیەکانی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی بۆ ماوەیەکی درێژ زامن بکا، هاوکات وەڵامدەرەوەی گونجاو نیە لەگەڵ رەوتی چونەپێشی ئاستی کۆمەڵایەتی و تەوەقوعاتی هاوڵاتیاندا. خودی ئەوەی کە لەئێستادا باسی چاکسازی بۆتە بنێشتە خۆشەی سەرزاری هەموو حزبەکان و هەرلایەنە باس لەپرۆژەی چاکسازی دەکات، بەڵگەی ئەم راستیەیە. ئەو راستیەی کەئەم حکومەتە هەم لە روانگەی چینی بۆرژوازی و سەرمایەداری کوردستانەوە وەڵامدەرەوە نیە و هەم لەروانگەی چینی کرێکارەوە لەژێر پرسیاردایە. حکومەتێک کە نامەسئولە بەرامبەر بەژیانی خەڵک و هەموو ژیان و پێداویستیەکانی بژێوی ئەوانی خستۆتە سەر بازاڕ و دەستی شۆریوە لە تەئمینکردنی کەمترین خزمەتگوزاری، کە وەزیفەی حکومەت و دەسەلاتە. ئەمە ریشەی قەیرانی حکومەتی ئێستایە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەم شکڵە لە حکومەت، حکومەتێکی ناموتەعارفە و بەرهەمی پاشماوەکانی دوو جەنگ و شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکایە لەئاست ناوچەکەدا. بۆرژوازی کورد بەو حاڵەوە کە لەنێو دۆخێکی ئاڵۆزی جەنگاوی و قەیرانگرتوویی سیاسی و ئابووری جیهانی و ناوچەییدا گیری کردووە، سەرەڕای دەستراگەیشتنی بە داهات و سەرمایەیەکی زۆر بەڵام بێتوانایە لەوەی کەبتوانێ ئەو سیستەمە لەحوکمڕانی دامەزرێنێ کە هەم بەجۆرێک ئتیحادی ناوخۆیی بەشەکانی بۆرژوازی کورد لەدەسەڵاتدا زامن بکا و هەم لەڕوانگەی خەڵکیشەوە مەقبولیەتی تەواو بەدەستبێنێ. بەڕای من ئەم حکومەتە عومری خۆی کردووە و نە توانای مانەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ هەیە و نە چاکسازی نەجاتی دەدات.

مارکس ئاماژە بۆئەوە دەکات کەچینی بۆرژوازی و سەرمایەداری لە رەوتی بەرەوپێشچوونی خۆیدا بەڕادەیەک پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و نەوعێک مۆدێرنیزم لەگەڵ خۆیدا دێنێ، بەڵام ناسیونالیزم و بۆرژوازی کورد نیشانیدا کە چەند دواکەوتووە لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا، چەندە خاڵی و بێبەرییە لە هەرجۆرە پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی و مۆدێرنیزم. ئەم ناسیونالیزمە کۆمەڵگای بەجۆرێک لەئایدۆلۆژیا و ئەفکار و سونەت و یاسا و سیستەمێکی بەڕێوەبردنی هەرە دواکەوتووی وا لەقاڵبدا، کەلەگەڵ تەوەقوعاتی ژیانی سەردەمیانەی خەڵکی کوردستاندا نایەتەوە بەتایبەتی لەگەڵ نەوەیەک لەلاوانی کچ و کوڕ کەتێکەڵن بەژیانی سەردەم و دەستکەوتەکانی و رۆژانە ئیلهام لە تەکنۆلۆژیای نوێ وەردەگرن و فێردەبن. سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیەکی بەردەوامی کۆمەڵایەتی، وەک فاکتۆرێک بۆ قەیرانی حکومەتی لەکوردستان بەرهەمی ئەم واقعیەتەیە. واقعیەتێک کەخەڵک لە١٧ی شوباتدا پەنجەی نەویستنی بەرامبەر بەرزکردەوە و بەکردەوە رایگەیاند کەئەم حکومەتە جێگای مەقبولیەتی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە لەدەستداوە. بەرای من قەیرانی حکومەت لەکوردستان ریشەکەی لێرەدایە.

### موئەیەد ئەحمەد:

گەر باسی قەیرانی حکومەتی بکەین، ئەم قەیرانە هی ئێستا نیە، مێژووی هەیە. هاورێیان باسی کۆمەڵێک مەسەلەی موشەخەسیان کرد، ئەوانە هەمووی وان، ئەوانە حەقیقەتی ئەم هێزانەن و بەشێکن لە مواسەفاتی هێزەکان، وەک چۆن لە مەسەلە ئیقتیسادیەکان چوینەوە سەر ئەسڵی

کێشەکە. ئەم ئەزمەیە بۆ چیە؟ ئەم هێزانە بۆ موتەئەزمن و بەم سورعەتە ئەم وەزعە لە کوردستانا دروستبووە؟ من ئەمەویٚ دوو شت روون بکەمەوە؛ یەکەم: ئەم حزبانە، ئەحزابی ناسیۆنالیزمی کورد تا ئەم ساتەش بەهەر داینەمیزم و ئالیەتێکەوە بێت، هێزی بۆرژوازی حاکمن لە کوردستاندا، مێژوویەکیان هەیە. یەکێک لەو شتانەی کە وتتان بۆنموونە هاتنەسەر حوکمیان لەئاکامی ناکۆکی وەزعی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا، وە دروستکردنی نیزامی سیاسی لەعێراق بەو شکڵەی کە ویستیان. لەئەسڵدا سیاسەتی بۆرژوازی ئەلتراکۆنسرڤەتیڤی ئەمریکی بووە هاتووە ئەمەی دروستکردوەو ئەمانیش لەم کەینوبەینەدا و کێشمەکێشانەدا جێیان بووەتەوە و دەسەڵاتیان دراوەتە دەست. ئەمە لەلایەک، بەڵام لەلایەکی ترەوە خاسیەتی ئەسڵێتریان ئەوەیە کە ئەمان پەیوەندییان لەگەڵ ئەم کۆمەڵگەیە هەیە و من ئەڵێم ئەمەی دووەم خاڵی جەوهەریە بۆ باسەکە. بۆچی ئەم کۆمەڵگەیە ئەم هێزە ناسیونالیستانە دروست ئەکات؟ بۆچی ئەیانکات بەدەسەڵاتدار؟ قەینا ئەم دەورەیان پێدراوە، بەڵام بۆ سەرلەنویٚ بەرهەم ئەهێنرێنەوە؟ بۆ هێشتا ئەم حزبانە ئەتوانن بەپلەی سەرەکی نوێنەرایەتی فکر و ئاسۆی قەومی بکەن؟ ئێستا سیٚ باڵن بەهەموو شکستێکیانەوە، بەڵام بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد وەکو بزووتنەوەیەکی بۆرژوازی لە کوردستاندا، ئەم سیٚ باڵە نوێنەرایەتی ئەکا، ستراتیژ و تاکتیکی جیاوازیان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی وەزعەکە وە ئیدارەی کۆمەڵگەی بۆرژوازی، بەڵام ئەمە زەرەیەک لەوە کەم ناکاتەوە کە سەرمایە و سەرمایەداری لەم وڵاتەدا، لە کوردستاندا ئەمانە ئەیپارێزن. وە ئەمانە ئیدارە و حیمایەی ئەکەن، ئەمە وەسفێکی بۆرژوا لیبرالیە ئەگەر بڵێن ئەمانە چەندە نامۆدێرنن؟ چەند ئەتوانن نەزم و نیزامی سەرمایە تەرتیب بکەن. پەیوەندی ئەمان بەکۆمەڵگەوە لێرەوە تەعریف ناکرێت، ئەو پەیوەندییە لەوێوەیە کە سەرمایە و سەرمایەداری لە کوردستانا لەڕێگەی ئەمانەوە ئەڕوا. سیٚ باڵی دواکەوتوون، ستراتیجی جیاوازیان هەیە.

گۆڕان ویستی بزووتنەوەیەک دروست بکا کە بتوانریٚ بە بیٚ هێزی میلیشیای ئەمانە دەوڵەتێک دروستبیٚ تا نوێنەرایەتی سەرجەم بۆرژوازی و بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد بکا. وە دەسەڵات لەدەستی هێزی حزبە چەکدارەکان بێنێتە دەرەوە، بەڵام ئەمەی بۆ نەڕەخساو نەبوو. لێرە خاڵێک دێتە ئاراوە، کە ئەمە نەبوو مانای ئەوە نیە ئەم هێزانە پەیوەندییان بە بۆرژوازی و سەرمایە و سەرمایەداری لە کوردستانا نەماوە. یا ناتوانن کاریگەری بگێڕن لەسەر ئیدارەی وڵات، بۆچی موجتەمەعەکە راوەستاوە تا ئێستا و نەبووە بە هەڵچوونێکی سیاسی گەورە؟ بەشێکی تۆقاندنە، بەشێکی تری ئەوەیە کە حوکم و ئاسۆ و سیاسەتی بۆرژوازی و ناسیۆنالیزم لە ڕێگەی ئەم حزب و رەوتانەوە ئەڕواتە پێشیٚ و ئەم وەزعەی راگرتووە. ئەگەر نەقدی ئەم ئەزمەیە بکەین ئەبیٚ بچینەوە سەر ئەمە، بەڕای من ئەمە خاڵی جەوهەرییە.

ئەم ئەزمەیەی کە ئێستا دروستبووە، خەسرەویش ئیشارەی پێدا ئەم هێزانە دواکەوتووترن لەو پێشکەوتنانەی لە کۆمەڵگەدا دێتە پێشەوە، ئەمە بۆخۆی سەرچاوەی ئەزمەیەکە، بەڵام تەنانەت موقارەنە ناکریٚ بۆنموونە بە جمهوری ئیسلامی ئێران، کەچەندین جۆر و شێوە دواکەوتوویی و خورافاتی هەیە بەڵام توانیویەتی ئەو ئەوزاعە رابگریٚ و سیستەمێک ببا بەڕێوە. دیارە ئەمانیش

بەهەمان شێوە ئەم سیستەمە ئەبەن بەڕێوە بە هەموو دواکەوتووییان. پێشوتر لەسەر ئەساسی مەسەلەی گەندەڵی خەڵک لەساڵی ٢٠١١ لە کوردستاندا، خۆی جیاکردەوە لە دەسەڵات، بەڵام ئەم ئەزمەیەی ئەمڕۆ ژیانی خەڵکی گرتۆتەوە، تۆ ناتوانی جواب بەم کێشەیە بدەیتەوە لە گۆشەی بەرژەوەندی چینایەتی جیاوازەوە نەبێت، من قسەکەم ئەمەیە، حەز ئەکەم بچمەسەر ئەم خاڵە، چونکە ناسیۆنالیزم هێشتا سەیتەرەی بەسەر ئەو ئەوزاعەدا لە کوردستانا لەوێوەیە کە ئەتوانێ بەهەر سێ باڵەکەیەوە، بەهەر شکڵێک بێ، سەرمایە و خودی حەرەکەتی سەرمایە حیمایە بکا. ئەم سیستمە لەڕێی ئەمانەوە ئەڕوا، بەڵام ئەم سیستمە ئەمڕۆ بەحوکمی پەرەسەندنی وەزعەکە بووە بە ئەزمەیەکی ئابووری گەورە، وە لە ئەخیردا بووە بە ئەزمەیەکی کۆمەڵایەتی و عەکس بووەتەوە لەسەر کرێکاران، زەحمەتکێشان، خەڵک بەگشتی، ژنان، لاوان و لەسەر هەموو توێژەکانیان. ئێمە ناتوانین خاسیەتی ناسیونالیستەکان بگۆڕین، خاسیەتی ئەوەی کە ئەمانە ئیستیفادە لە کێشمەکێشی ناوچەیی ئەکەن، کە ئەمانە حزبێکی میلیشیایی بوون و چەکدارن، کەس ناتوانێ چەکداری لەم دوو هێزە بکاتەوە و لایبات، ئەوەی کە گۆڕان کردی فەشەلی هێنا، ئیتر بۆرژوازی کورد نەیتوانی بەو شکڵەی گۆڕان شتێک ئەنجام بدا لەم بوارەدا، بەڵام کە ئەمەی نەکردووە مانای ئەوە نیە کە بۆرژوازییەت و سەرمایە و سەرمایەداری نەماوە، بەعەکسەوە ئەم قەیرانەی بۆرژوازی بوو بە ئەزمەیەکی ئاڵۆزتر، ئەزمەکە ئێستا نەقڵ بووە بۆناو خەڵک. ئەزمەیەک کە ئێستا نەقڵ بووە بۆناو خەڵک جیاوازی هەیە تەنانەت لەگەڵ قەیرانی ٢٠١١ کە پێشتر باسمانکردووە. تاکە ڕێگە و بەدیل، بۆ چارەسەری ئەم ئەوزاعە ئەوەیە کە لە لۆجیکی حەرەکەتی خەڵکەوە پیادەی بکەیت. ئەمان واتە ناسیونالیستەکان بەهەر خاسیەتێکەوە کە هەیانە تەرەفی بەرامبەری خەڵکن. ناتوانی لە لۆجیکی حەرەکەتی ئەوانەوە بێی و وەزعەکە چارەسەر بکەی، ئەبێ لە بەرژەوەندی و لۆجیکی چینەکەی ترەوە بچی حەلی بکەی، بەرژەوەندی زۆربەی جەماوەری خەڵک. ئەمەش بەوە ئەبێ کە وەک تەرەفێکی سیاسی بێیتەناو ژیانی سیاسی کۆمەڵەوە لەم ئەزمەیەدا. ئیرادەی خەڵک بۆ دیفاعکردن لە ژیانی خۆی، لە گوزەرانی خۆی پێویستە لەم قەیرانەدا ببێ بە سیاسەت و ئیرادەیەکی یەکگرتوو، وە ئەمە ببێ بە بەشێک لە واقعیەتی سیاسی لە کوردستاندا.

تا ئێستا لە کوردستاندا ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆجیەتی ئەم حزبانەیە و بەمە شەرعیەتیان پەیدا کردووە. لە وڵاتانی تردا بۆنموونە حزبە کۆنسیرڤەتیڤەکان، حزبی کرێکاری بەریتانی و سۆشیال دیموکراتی ئەوروپا هەیە، ئەمانە نوێنەری جۆراوجۆری چینی بۆرژوازین، لەبەرامبەریاندا حزبە چەپ و پێشکەوتنخواز و سۆشیالیستەکان هەن، بەڵام لە کوردستان نوێنەرایەتی سەرجەم چینی بۆرژوازی، بێجگە لە ئیسلامیزم کە لە پەراوێزدایە، ناسیۆنالیزمی کورد ئەیکات بەپلەی ئەساسی واتە نوێنەرایەتیە سیاسیەکەی. تائێستا لە کوردستانا لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە حزبێکی کۆمۆنیستین و دەورمان هەبووە، بەڵام سیاسەت و کێشمەکێشی چینایەتی و ئیجتیماعی لە دەروونی ئەم ئەزمەیەدا یا دەرەوەی ئەم ئەزمەیە، نەقەڵ نەبووە بۆئەوەی کە کێشمەکێش بێت لەسەر مەسەلەی چەپ و ڕاست، حەرەکەی کرێکاری وە مەسڵەحەتی خەڵک بەگشتی لەبەرامبەر ئەوەی کە

نوێنەرایەتی بۆرژوازی ئەکا. من ئەڵێم ئەگەر ئێمە بتوانین سیاسەتێکی چالاکانە دابنێین ئەبێ تەرکیز بکەینە سەر ئەمە، وە ئەم ئیرادەیە بۆ خەڵک بگەڕێتەوە و خۆی ڕێکبخا. وە لەم خەبات و چارەسەرە ئابوورییانەی کە ئەیکا ئەم بەهێزبوونەی دەوری خەڵکی تیابێ، بەوقەدەرەی کە ئەمە ئەبێ، ئێمە ئەتوانین جواب بدەینەوە بە مەسەلەکانی دیکەش.
سەبارەت بە مەسەلەی جیابوونەوەی کوردستان، دەوڵەت دروستکردن، دیارە بۆئەوەی ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێت و ئەم فەرشە لەژێر پێی ناسیونالیزم دەربکێشی، مەفروزە چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی "قەومی" لە ئەجندەتا بێ. ئەمە بەگشتی ڕاستە. بەس لەم قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییە توندوتیژەی کە ئێستا هەیە تۆ ئەبێ ئەو هێزەی خۆت، ئەو هێزە چینایەتیەی کە لە کێشمەکێشدایە بەرامبەریان بەهێز بێ، وە بەو ئەندازەیەی کە ئەم تەرەفە ئەبێ بە هێز، ئەتوانێ ڕێگەچارەی واقعی بۆ ئەو مەسەلەیە بێنێتە ئاراوە، وە بەعەکسەوە نابێ. من قسەکەم ئەوەیە ئەمان، واتە ناسیونالیزم، دەسەڵاتی هەیە، تا تەوازنێکی تر نەیەتە ئاراوە و تا لە دەروونی ئەم ئەزمە کۆمەڵایەتییەدا چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش نەبێ بە قودرەتێک کە قسە و کردەوەی سیاسی سەربەخۆی خۆی هەبێ و لەگەڵ حزبمان و چەپ بەگشتی هاوخەبات بێ، ئەم هاوکێشە سیاسییانەی ئێستا ناگۆڕێت. تەنانەت چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی ناگا بەشوێنێک و بۆت حەلناکرێ، تۆ بە ئاراستەیەکدا ئەڕۆی بۆرژوازی ئەیخاتەوە سەر ئاوی ئاشی خۆی. مەسەلەی نەتەوەیی کێشەیەکە کە لەڕووی مێژووییەوە ئەم کۆمەڵگەیە دەرگیری بووە، وە من تەسەور ئەکەم لێرەوە ئەم کێشەیە چارەسەر ئەکرێت.
تەجروبەی سیاسی تێکشکاوی ئەمانە و ئەزمەی ئێستایان مانای کۆتایی هاتنی ناسیۆنالیزم نیە، تەنانەت ئیحتیماله شێوە و جۆری تری زۆر خەتەرناکتر لەم هێزە ناسیونالیستانە بێتە ئاراوە. تاکە ڕێگە، جارێکیتر تەئکید ئەکەمەوە، ئەوەیە کە تۆ بتوانی لەدڵی ئەم وەزعەدا بە لۆجیکی ئەو پەیوەندییە ئابوورییەی کە هەیە تەعامول بکەیت لەگەڵ ئەم وەزعە سیاسیەدا و جوابی ئەم قەیرانە سیاسیە بدەیتەوە. ئەم قەیرانە مێژووییە، کە هەیانە، مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەمڕۆ گەیشتۆتە ئەندازە و شکڵێکی بەهێزتر.

**محسن کەریم:**

ئەزانی چۆن، من چەند شتێک بڵێم لەسەر مەوزوعی قەیرانی حکومەت و قەیرانی سیاسی و ڕێگاچارەکان لەڕوانگەی ئێمەوە. بێگومان خەسرەو و موئەیەد لەوبارەوە هەندێ مەسەلەیان باسکردو بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵیاندا هاوڕام. ناشمەوێ ئەوانە دوبارە بکەمەوە. تەنها چەند گۆشەیەک کە پێموایە لانی کەم بۆ ڕوونکردنەوەی بۆچوونی خۆم پێویستە، باس دەکەم. بە بڕوای من بۆرژوازی کورد لەچاو بۆرژوازی عەرەبدا وەکو چینێک جێگاوڕێگایەکی لاوازتری هەبوو لە عێراقدا. سەرباری ئەوەی کە دەوڵەتی عێراقی دەوڵەتێکی بۆرژوازی بووە، بەڵام زیاتر نوێنەری بەرژەوەندی بۆرژوازی عەرەبی بووە. وەکو چۆن لەناو بەشەکان و توێژەکانی بۆرژوازیدا جیاوازی هەیە، مەسەلەکە بەوجۆرە نیە کە بۆ یەک هەلومەرجی یەکسان بۆ هەموو بەشەکانی

فەراهەم بێت. بەهەمانشیوە بۆرژوازی کورد بە بڕوای من لەناو بازاڕی کارو سەرمایە لە عێراقدا جێگاورێگایەکی لاوازتری هەبوە. ئەم جێگاورێگا لاوازترە ئابوریە گواستراوەتەوە بۆ جێگاورێگا سیاسیەکەشی. گەر دیقەت بدەی، لاوازی جێگاورێگا ئابوری و کۆمەڵایەتیەکەی بە بەراورد بە بۆرژوازی عەرەب، وەکو چینێک، لاوازیەکی سیاسی دابوویە کە هەمیشە ویستویەتی وەکو پلەیەکی نزمتر لەگەڵ بۆرژوازی عەرەبدا لە دەسەڵات و پۆستی دەوڵەتدا بەشدار بێت. لە هەموو جموجوڵەکانیدا بۆ مەسەلەی حوکم و بەشداری سیاسی هەمیشە ئەمە ستراتیژیەتە سیاسیەکەی بووە. واتە وەکو هاوبەشێکی پلەدوو لەگەڵ بۆرژوازی عەرەبدا بەشدار بێت.

لە دەورانێکدا کە مەسەلەی شەڕی کەنداو دێتە پێشەوە، لە ساڵی ۱۹۹۱دا، بۆرژوازی کورد وەکو هێزێکی سیاسی ئەیەوێت ئەم واقعیەتە تێپەڕ بکات. وەکو فرسەتێک تەمەشای دەکات بۆئەوەی لەڕێگەی گۆڕینی ئەم هاوسەنگیە سیاسیەوە کە بەدەستی هێنابوو، هاوسەنگی ئابوری و بەشداری لە بازاڕی سەرمایە لە عێراقدا بە قازانجی خۆی بگۆڕێت. وەکو چینێک جێگەورێگەیەکی باشتری سیاسی و ئابوری دەست بکەوێ لەوەی کە جاران هەیبوو. بەو ئومێدەوە ئەچێتە ناوچوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکاوە لەناوچەکەدا و دەبێتە بەشێک لە شەڕی ئەمریکا لە بەرامبەر دەوڵەتی بەعسدا. بەڵام ئەم خۆگرێدانە بە ستراتیژی ئەمریکاوە لە هەلومەرجێکی چاوەڕوانیی درێژدا رایدەگرێت و تا ساڵی ۲۰۰۳ درێژە دەکێشێت. نەک نەیتوانی ئەو ئامانجەی بەدەست بهێنێ بەڵکو تەنانەت کۆمەڵگای کوردستان وەک کۆمەڵگایەکی ئاساییو نۆرماڵ نەمایەوە و بەرەو هەڵوەشانەوە چوو. ئەو بارودۆخەی دوای ساڵی ۱۹۹۱ تا ساڵی ۲۰۰۳ هاتە ئاراوە، بڕوای من، بەجۆرێک پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی پێش ۱۹۹۱یشی لەبەریەک ترازاند، وەک ئەوەی مەنسور حکمەت ئەڵێ "کوردستان وەکو ساڵۆنێکی چاوەڕوانی و ئۆردوگایەکی ئاوارەیی لێهات". واتە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان وای لێهاتبوو کە هەموو چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد هێزێکی دیکە لە دەرەوەی کوردستانەوە ژیان وگوزەرانی دابین بکات، نەک لەڕێگای میکانیزمە ئابوریەکانی کۆمەڵگای کوردستانەوە، لەڕێگای پرۆسەی بەرهەمهێنان و بازاڕی ناوخۆوە ژیانی خەڵک دابین ببێت. بەهەرحاڵ، ئەوە، بە بڕوای من، زەربەیەکی گەورەی دا لە کۆمەڵگای کوردستان و لە خودی پێکهاتەی چینایەتی لە کوردستان. بەڵام لەدوای ساڵی ۲۰۰۳ وە ئەم بارودۆخە دوبارە دەگۆڕێت و پرۆسەیەکی نوێ دەست پێدەکاتەوە.

دوای روخانی حکومەتی بەعس، دەروازەیەکی سیاسی بۆ بۆرژوازی کورد ئەکرێتەوە و دەرفەتێکی ئەداتێ کە تەنانەت لە باری ئابوریشەوە بچێتە جێگاورێگایەکی باشترەوە لەچاو پێشتر و بگرە لەچاو بۆرژوازی عەرەبیدا. واتە ئەو هاوسەنگیەی کە لە پێشتردا هەیبوو، لە ۲۰۰۳ بە دواوە تا کۆتایی ۲۰۱۱ ، واتە تا کاتی جێهێشتنی عێراق لەلایەن سوپای ئەمریکاوە، کە ئاکامی شکستی سیاسەتی ئەمریکا بوو لە عێراق، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. لەو دەورانەدا بۆرژوازی کورد چ لە ڕووی سیاسیەوە جێگاورێگای باشتری هەیە، جۆرێک لە دەسەڵاتی ناوەند دا بەشدارە و قورسایی سیاسی هەیە، و هەم جێگاورێگاو هەلەومەرجێکی ئابوری باشتری بۆ خۆی دەستەبەر کردوە. کە ئەوەش کۆمەکی کردبوو بەوەی بتوانێت جۆرێک لە جێگیریی سیاسی و بگرە ئابوریش لە ناوچەی

ژێردەسەڵاتی خۆیدا فەراهەم بکات. واتە هەلومەرجەکە تا ئەم ئاستە ئەڕوات بە بڕوای من. ئەگەر دیقەت بدەین، هەر لەودەورانەدا کێشەی نێوان هێزە سەرەکیە سیاسیەکانی بۆرژوازی کورد (یەکێتی و پارتی) هێمن دەبێتەوە و جۆرێک لە حکومەتی شەراکەتیش دروست دەکەن. یەکێتی و پارتی وەکو دوو هێزی ئەسڵی بۆرژوازی، دوو حزبی ناسیۆنالیستی کورد، سەرباری خاسیەتی میلیشیاییان، پێکەوە کۆنترۆڵی بازاڕ ئەکەن، کۆنترۆڵی ئابوری دەکەن، کۆنترڵی کۆمەڵگا دەکەن و وەکو دەڵێن جۆرێک لە بوژانەوەی ئابوری دروست دەبێت.

هەر لەو دەورانەدا، ناسیۆنالیزمی کورد، بە بڕوای من، وەکو فیکرو ئایدیلۆژیای بۆرژوازی کورد باشترین فرسەتی زێڕینی بۆ دروست ئەبێ. کوردایەتی هیچ کاتێک بەقەدەر ئەو دەورانە لە کوردستانی عێراقدا بەهێز نەبووە. بێجگە لەوەی کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، توانیویەتی نەوەیەک پێبگەیەنێت کە سرودی ئەی ڕەقیب و ئاڵای کوردستان و بەهاو سیمبولە ناسیۆنالیستیەکان بە پیرۆزیەکانی خۆی دادەنێت. لەو ماوەیەدا ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی کورد، ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم و کوردایەتی ئەبێ بە فکرو بڕوای گشتی لە ئاستی کۆمەڵگادا.

بە بڕوای من لە ٢٠٠٣ بەدواوە بۆرژوازی کورد هەم وەکو چین و هەم وەکو نوێنەرە سیاسیەکانی دەچێتە جێگاورێگایەکی باڵاترەوە کە لە ئاستی کۆمەڵگادا ئەتوانێ ئایدۆلۆژیا و فیکر و نەریت و فەرهەنگ و بەها کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی بکاتە فکر و فەرهەنگ و بەهای گشتی. ئەوکاتە کێشە و گرفتەکانیان کەمتر بوو. جۆرێک ئینسجامی ناوخۆییان پەیداکردبوو. وەکو پێشتر ووتم، جۆرە حکومەتێکی هاوبەشیان پێکهێنابوو. دەسەڵاتیان لەنێوان دوو حزبە سەرەکیەکەی بۆرژوازی کورد دا دابەش کردبو. کەم تا زۆر ئەوانی دیکەشیان لەدەوری خۆیان و لەناو حکومەتدا سازدابوو. کۆمەڵگا بەجۆرێک لە ڕەوتێکی تارادەیەک ئاسایدا ئەڕۆیشتە پێشەوە. ئابوری تارادەیەکی باش گەشەی کرد و سەرمایە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گەورە دەبوو. لە هەولێرو سلێمانی دنیایەک عەقارات و بینا و ئاپارتمان دروست کران. سەدان کیلۆمەتر جادە و بانێک دروست کرا. ڕاپۆرتەکەی دکتۆر ( مارک دی ویەڤەر) مامۆستای زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی، بەناوی (ڕاپۆرتی ئابوری کوردستانی عێراق ٢٠١٦) زانیاری وورد لەسەر ئەو گەشانەوە ئابوریەی کوردستان لەخۆدەگرێت. ئەو دەسەڵاتە سیاسیەی کوردستان کە هەر ئەم یەکێتی و پارتیە بوون، ئەو کارانەیان کرد بۆ بۆرژوازی. ژێرخانی ئابوری کوردستانیان بۆ بۆرژوازی و بۆ کەڵەکەی سەرمایە ئامادە کرد و ڕێکیانخست. هەر ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییە دواکەوتوە ئەو کارانەی کرد کە هەموو هێزێک و دەسەڵاتێکی بۆرژوایی ئەنجامی دەدات و دەبێ بیکات. پێدوایستیەکانی گەشەی سەرمایە و دامەزراندنی ژێرخانی گونجاوی ئابوری بۆ بۆرژوازی دروستکردن و فراوانکردنەوەی ڕێگاوبان و پرد و بینا و ئاپارتمان و ئەو جۆرە شتانەیە. دەبێت ئیمکانات و فرسەتەکان بۆ سەرمایە دابین بکەی تاکو بتوانێ ئیشی خۆی بکات.

بارودۆخەکە بەوجۆرە بوو تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١، بەڵام بە بڕوای من، وەکو ووتم، بۆرژوازی کورد لەرووی سیاسیەوە خۆی گرێدابوەوە بە سیاسەتی ئەمریکا و شەڕی ئەمریکاوە لە عێراق، وەکو ئێوەش باستان کرد. لەگەڵ ئەمریکادا دەورانی بەرزبوونەوەی دەستی پێ کرد. بەڵام بە

شکستی سیاسی ئەمریکا لە عێراق ئاسۆی بۆرژوازی کوردیش لێڵ دەبێت. من پێشتر باسی جێگاورێگا لاوازەکەی بۆرژوازی کوردم کرد لەبەرامبەر بۆرژوازی عەرەبیدا. بێگومان هێزە سیاسیەکانیشی بەهەمان شێوە بەرامبەر بەهێزە سیاسیەکان و دەسەڵاتە سیاسیەکەی ئەو لاوازدەبێت. بۆیە کاتێک ئەمریکا لە عێراق توشی گرفت دەبێت، ئەمیش ئەچێتەوە جێگاورێگایەکی خراپترەوە. دیقەت بدەن تەنانەت هاوسەنگی هێزی لەگەڵ بۆرژوازی عێراقیدا لە باری سیاسیەوە ئەچێتە ئاستێکی دیکەو ڕوو لە خوار. ئێستا لە خراپترین بارودۆخ و لە خراپترین ئاستیدایە. تەنانەت بە دانپێدانانی بەرپرسەکانی خۆیان کە دەڵێن "حکومەت و دەوڵەتی وەکو جاران حسابیان بۆ ناکات!"

ئەم واقعیەتە و ئەم جێگاورێگایەی ناسیۆنالیزمی کورد وایکردوە کە بەردەوام نەیتوانوە جێگەورێگایەکی ئابوری و سیاسی بەهێزی هەبێ و بتوانێ جۆرێک جێگیریی سیاسی، جێگیریی ئابوری بۆ خۆی دەستەبەر بکات و هەمیشە سودی لە پەیوەندیەکان و ململانێکانی نێوان وڵاتان و دەوڵەتانی ناوچەکە و دنیا وەرگرتوە. واتە لەرێگای کاسبیەکی سیاسیەوە، هەوڵی گۆڕینی هاوسەنگی سیاسی داوە تا لەو ڕێگایەوە وەلامیش بە ناهاوسەنگیە ئابوریەکەی لەگەڵ بۆرژوازی عەرەبدا بداتەوە. هەمیشە لەم نێوانەدا هاتوە و چووە. سەرەتا لەکێشمەکێش و ململانێی نێوان ئێران و تورکیا و عێراق، دواتر لە نێوان ئەمریکا و عێراقدا هاتوچووی کردوە. بەڕای من بۆرژوازی کورد لە ئاستی ناوچەکەدا و بە تایبەتی لە عێراقدا جێگا و مەوقعیەتی لە باری ئابوری و کۆمەلایەتیەوە لاواز بووە، جێگاومەوقعیەتە سیاسیەکەشی وەکو رەنگدانەوەی بارودۆخە ئابوریەکەی لاوازبوون.

ئێستا کە توشی ئەم قەیرانە هاتوە، دەبینین قورساییەکەی چەندقات لەسەر سیستەم و دەسەڵاتەکەی رەنگ دەداتەوە. چونکە وەکو باسمان کرد ئەگەر سیستەمە ئابوریەکە توشی قەیران بووبێتو دەسەڵاتێکی سیاسی کە ئەمە حاڵ و حسابەکەی بێت، بەم پێشەکیە سیاسیەوە دروست بووبێت، تووشی قەیرانێکی کوشندە دەبێت. دارمانی ئابوری دارمانێکی سیاسی دروست ئەکات. هێزەکانی بۆرژوازی کورد ئەگەر دەورانێک توانیویانە ، بۆنمونە لە دەورانی رەونەقی ستراتیژیەتی ئەمریکا لە عێراق (٢٠٠٣تا ٢٠١١) جۆرێک لە رێکەوتنی ستراتیژی بکەن لە نێوان خۆیاندا و دەسەڵات و حکومەتی "یەکگرتوو" دروست بکەن، ئەمە ئێترهەڵئەوەشێتەوە. هێزەکانی بۆرژوازی کورد پرشو بڵاودەبنەوە و ناتوانن سەرخانێکی سیاسی یەکگرتوو بۆ چینی بۆرژوازی دابین بکەن. لێرەوە بێجگە لەوەی کە ئەکەونە بەردەم گلەیی وگازەندەی خودی بۆرژوازیشەوە، تەنانەت دوا شێوازی حوکمداریشیان کە حکومەتی بنکەفراوان بوو تووشی شکست دەبێت و پرۆژە و مۆدێلەکەی بزوتنەوەی گۆڕانیش کە گوایە بڕیاربوو دەسەڵاتی سیاسی گونجاو بۆ چینی بۆرژوازی فەراهەم بکات، فەشەل ئەکات. دوای ئەوە لێکترازانی سیاسی بۆرژوازی بۆ ئاستێکی فراوانتر دوور دەکەوێتەوە. رۆشنتری بکەمەوە. سەرمایەداری لە کوردستان لە ڕووی ئابوریەوە توشی قەیرانی ئابوری بووە. دەسەڵاتە سیاسیەکەشی توشی دارمانێک بووە. واتە هێزە سایسیەکانی بۆرژوازی ناتوانن سەرخانێکی یەکگرتوو بۆ بۆرژوازی دروست بکەن . کەواتە ئەم

## ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتدارێتی

من چەند شتێک بڵێم، هەر ئاڵوگۆڕێک کە لە ماوەی ٢٥ ساڵەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدا پێش هاتبێت بەڵام بە درێژایی ئەم ٢٥ ساڵە لە هەوڵی گەورەکردن و بەهێزکردنی هێزە میلیشیاکەیان و داسەپاندنی دەسەڵاتی حزبەکانیاندا بون، ئەم دیاردەیە چیە و بۆ وادەکەن؟ چەند باسمان لەسەر باری دامەزراندنی سەرمایە بێت، یان باسی پەیوەندیان بە وولاتانی جیهانەوە بکەین، بەڵام نەیان توانی ئەمنیەت و ئارامی بۆ دامەزراندنی سەرمایە دابین بکەن، ئەتوانم بڵێم وەک دوو هێزی میلیشیا مەترەح نەبووە ئەو کارە بکەن، ئەوەش کە لە پڕۆژەکەی بزوتنەوەی گۆڕاندا بوو، وەک نوێنەری بەشێک لە بۆرجوازی هەوڵێک بوو بۆ دابین کردنی فەزایەکی ئەمن و ئارام بۆ کاروباری دامەزراندنی سەرمایە، ئەویش باسکردن بو لەسەر بە وەلانانی دەوری هێزی میلیشیا و دەسەڵاتی حزبەکان، پڕۆژەکەی گۆڕان بۆ لابردنی هێزی میلیشیا لەو دەورانەدا کە بە دوای ڕێکەوتنی ستراتیژی یەکیتی و پارتیدایە و بەدوای ڕوخانی بەعسدا مەترەحی دەکات، لە هەمان کاتدا فەزایەک لە گەشانەوەی ئابوری سەری هەڵدا و سەرمایە بەشیوەیەکی فراوان بێ سەروبەر کەوتە جوڵە، بۆیە پڕۆژەکەی گۆڕان دەیویست بە شێوازێکی تر وەڵام بە حەرەکەی سەرمایە و بوژانەوەی ئابوری بداتەوە، بە دامەزراندنی حکومەتی تەکنۆکرات، کە گوایە پێویستی بە هێزی میلیشیا و ناوچەی زەردو سەوز نیە، یانی کوردستان کە لە بوژانەوەیەکی ئابوریدایە و پێویستی بە دابینکرنی پێداویستیەکانی دامەزراندنی سەرمایەیە و حزبەکانیش دەبێت نوێنەرایەتی ئەم ئاڵوگۆرەبکەن لە دامەزراندی حکومەت و یەک ئیدارەییەوە تا کردنی میلیشیاکانیان بە هێزی دەوڵەت، بەڵام لە دنیای واقعدا و لە هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ناوچەکەدا پڕۆژەکەی گۆڕان بێ بنەماو پوچ ئەمێنێتەوە. چونکە ئەم بوژانەوەی ئابوریە بۆ خۆی حاڵەتێکی کاتیەو ناتوانێ لە ناو جەنجەڵی گێژاوی سیاسی ئێستای ناوچەکەدا بەردەوام بێت، هەروەها لە پەیوەند بە ستراتیژو سیاسەتەکانی ئەمریکاوە ئەم فەزایە پێش هات، بە دوای ڕوخانی حکومەتی عێراق و بەدەست هێنانی بودجەیەک لە حکومەتی ناوەندیەوە دەدرێت بە هەرێمی کوردستان، داوتر بەرهەم هێنان و بازرگانی و قاچاخچێتی بە نەوت و پەیوەندی ئابوری و بازرگانی لە گەڵ وولاتانی ناوچەکەدا ئمکاناتێکی خەیاڵی بوو کە بووە دەستکەوتێکی گەورە بۆ پارتی ویەکێتی، سەیری بکەن، بزانە بە چ جۆرێک ئەو خەڵکەشیان لەپەیوەند بەم بوژانەوە ئابوریە ڕێکخست، بۆ نمونە جۆری دابەشکردنی موچە و، دامەزراندنی کارمەندانێکی زۆر زیاد لە پێویست، دانی موچە بە کەسوکاری شەهیدان، وە زیندانی سیاسی، پێشمەرگەی دێرین، هەتا ئەندام کۆمیتەکانیان و بەرەو خواریش. لە هەمان کاتیشدا هێزی میلیشیاییەکەیان بەهێزتر کرد، ئەوەی کە گۆڕان فەشەلی کرد و پڕۆژەکەی بەتاڵ مایەوە، ئەوەیە کە خودی ئەم هێزە سیاسیانە لە ڕێکخستنی جۆری ئابوری کوردستان و دەست بەسەراگرتنی چاڵە نەوتیەکاندا و بازرگانی و قاچاخچێتی بە نەوت و چاوەڕوانی بۆ وەرگرتنی بودجە لە بەغداد، مامەڵەیەکە لە بنەڕەتدا پەیوەند بە حزبەکان و ڕێکەوتنی حزبەکان و بە هێزی میلیشیا لەسەر ئاستی هاوسەنگی هێز ڕێکخراوە، بەو مانایە هەر لە بنەرەتەوە پڕۆژەکەی گۆران بن بەست و شکست خواردو دەبێت.

لە هەلومەرجێکی نالەباری سیاسی کە لە ناوچەکەدایە و هێزە میلیشیاکان دەسەڵاتدارن، باسکردن

لە یەک ئیدارەیی و کردنی میلیشیاکانیان بەهێزی نیشتمانی نەگونجاوو ناواقعیە، گەر ئەو حزبانە دەستبەرداری هیزی میلیشیایان بن و یەک ئیدارەیی پێک بهێنن.. دیارە کە حاکمەیەت لە دەست ئەدەن ناتوانن لە دەسەڵاتدا بەردەوام بن، من لەگەڵ ئەوقسەیەدام کە حزبە کوردیەکان پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی و نفوزی سیاسی خۆیان هەیە، هیچ حزبێک بێ پەیوەندی کۆمەڵایەتی بونی سیاسی نابێت، هەروەها حکومەتی بەعس بە چەوسانەوە و زۆرملێ و ئیعدام و ئەشکەنجە دەسەڵاتی بەڕیوە دەبرد و سەرمایەی دەپاراست، نەک بە دۆخێکی ئازاد و ڕۆتین سەرمایە گەشە بکات لە عیراقدا. جا ئێستا مەسەلەی ئەساسی کە پێشتر لە قسەکانماندا ئاماژەمان پێ کرد، عێراق لەو وڵاتانە حساب دەکرێت کە لە چوارچێوەی حەوزەی کاری هەرزاندایە کە لەڕێگەی زەبروزەنگەوە ئەم حەوزەیە دەپارێزرێت، ئایا ئەم حزبانە گەر واز لە میلیشیا بهێنن ئەتوانن پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان بپارێزن؟ ئەتوانن لە دەسەڵاتدا بەردەوام بن؟ بە بڕوای من ناتوانن ئەوەی کە دەسەڵاتەکەی هێشتونەتەوە جۆری ئەو پێکهاتەیەیە کە وەک حزبی میلیشیا دەسەڵاتی سیاسی بەریوە دەبەن، ئەم حزبە ناسیۆنالستانە بە گشتی خەڵک پێیان دەڵێت مافیا و تاڵانچی و گەندەڵ ، کوردستانیان لە نێو خۆیاندا دابەشکردووە و ناتوانن حکومەتی ناوەندی بەمانای یەک ئیدارەیی دامەزرێنن، بۆ نمونە ئەوەی لەسەردەمی حکومەتی بەعسدا بو کە مەرکەزیەتی عێراقیان پاراستبو وەکو نوێنەرێکی بۆرژوازی کۆنترۆڵی تەواوی دەمارە بنەڕەتیەکانی ئابوری عیراقیان کردبوو، حزبەکانی کوردایەتی لەم هەلومەرجە سیاسیەی ئێستای ناوچەکە و عێراقدا ناتوانن ئەم کارە بکەن و بۆشیان ناکرێت، هەتا مەسەلەن حکومەتی ئێستای عێراق ناتوانێ وەک سەدام بکات، بۆ نمونە لە بەسرە گروپێک یا دەستەیەکی میلیشیا دەستیان بەسەر چاڵە نەوتەکاندا گرتووە، ئەو حکومەتەی لە مەرکەزدایە ناتوانێ وەکو سەدام کۆنترۆڵی رومەیلە بکات، موسڵ ئەوەتا داعش بە ئاسانی لەژێر دەستی دەرهێنان، یانی واقعی ئێستای عێراق بە دوای فەشەلی سیاستەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا و واقعی فراوان بونەوەی گێژاوی سیاسی لە ناوچەکەدا عێراقی بەجۆرێک بەش کردوە کە ئایندەکەی نادیارە. بە تایبەتی ئەم دابەش بونە لە کوردستاندا زووتر دەستی پێ کرد، بەڵام واقعیەتێک کە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە ناتوانێ لە تایبەتمەندێتی وەزعی کوردستان یان هەتا وەزعی عێراق دەرچین. یانی تایبەتمەندێتیەک بە هەر ئاستێک ئەوەی کە لە پەیوەند بە بەرژەوەندی وڵاتانی جیهانی و ناوچەکەوەیە، و لە پەیوەند بەکێشمەکێشی جیهانیەوەیە. مەسەلەن ئەو قسەیەی کە خەسرەو ئەیڵێ یەکێک لەو ڕێگا چارەسەرانە ئەوەیە کە ئەم پەیوەندیەی کوردستان بە حکومەتی ناوەندیەوە، دەبێت کۆتایی پێ بێت و بپچرێت و دەوڵەتێک دامەزرێت، ئەمەش ڕێگا چارەیە و دەرکێشانی کوردستانە لە قەیرانی دەسەڵاتی سیاسی، تەرحی دامەزراندنی دەوڵەت لە کوردستاندا ئێستا لە سەر کێشەی نەتەوایەتی نیە، لەو دیدگایەوە مەترح نیە و ناکرێ. ئەزانی چۆنە، بچڕینی ئەو پەیوەندیەی هەریمی کوردستان لە حکومەتی ناوەندی. دەبێت ئێمە و خەڵک بیکات ئەوان نەک نایکەن بەڵکو سەودا و مامەڵەشی پێوە دەکەن، پچڕاندنی ئەو پەیوەندیە یانی وەڵامدانەوە بە بەشێکی گرنگ لەم گێژاوە سیاسیەی یەخەی بە هەمومان گرتووە، دامەزراندنی دەوڵەت لە کوردستان بۆ ئێمە بەو مانایە نیە کە خواست و ئارەزووە ، بەڵکو وەک پێداویستی و

## ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتداریتی

ڕێگا چارەیەکە چۆن لەم قەیران و گێژاوە سیاسیە کوردستان بێتە دەرەوە و رزگاری بێت، هەڵبەتە ئەوەش رۆشنە کە ئێمە وەڵام بە قەیرانی ئابوری نادەینەوە، بەڵکو دەبێت ڕێگاچارەی پاراستنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکار لە کارەساتی قەیرانەکان مەترەح بکەین و کاری لەسەر بکەین، ئێمە ڕابەری شۆڕشی کرێکاری ئەکەین چونکە ئاراستەی ئێمە چارەسەری قەیرانەکانی سەرمایەداری نیە، بەڵکو هەڵوەشانەوەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداریە، هەروەها وەڵام دانەوە بە قەیرانی دەسەڵاتی سیاسی باسەکەی بۆ ئێمە ئەوە نیە کە کێشەی نێوان حزبەکان یەکلایی بێتەوە، بەڵکو کاری ئێمە ڕێکخستنی کرێکاران و زەحمەتکێشانە کە بێنە مەیدان و دەخالەتی جدی و ئەساسیان هەبێت لە کاروباری سیاسی و دەوڵەتدا، لەهەمان کاتدا دەبێت هەوڵ بدەین کە ئەو قەیرانە سیاسیەش نەک نەبێتە کارەسات بۆ خەڵک بەڵکو بە قازانجی هاتنە مەیدان و دەوری خەڵک بێت بۆ پرۆسەی ئاڵوگۆڕێک کە بەرژەوەندی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرێتە پێشەوە، هەنگاوێکی گرنگ بۆ وەڵام بەم قەیرانە سیاسیەی ئێستای کوردستان دابڕینێتی لە دەوڵەتی ناوەندی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، هەتا ئەگەر بەرزبونەوەی ئاستی نارەزایەتی خەڵک بگاتە ئەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی وەلابنێت، شوراکان دامەزرێن، واقعیەتی ئێستای کوردستان ئەوە مەترەح دەکات کە دەبێت ئەو چاوەڕوانیە لە بەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا بپچڕێت و کۆتایی پێ بهێنرێت، دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنرێت.

### خەسرەو سایە:

من لەم بەشەدا ئەمەوێ باس لە مەسەلەیەک بکەم کە زەرووره لەم سمینارەدا ئاماژەی پێبکرێ، ئەویش پەیوەندی هەرێم و بەغدایە. هاورێ عوسمان بەجۆرێک ئاماژەی بە گێژاوێکی سیاسی کرد کە لەئێستادا کوردستان تێیکەوتوە. بەرای من گەر دەسەڵات بە دەست کارگەر و کۆمۆنیستەکانیشەوە بێ، دەبێ وەڵام بەم گێژاوە سیاسیە بداتەوە، واتە دەبێ چارەنوسی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا یەکلاکاتەوە، ئەگەر نا هەمان ئەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕوی دەسەڵاتی ئێستای حزبە ناسیونالیستەکان بۆتەوە، بەهەمان شێوەش یەخەی ئەگرێت. بۆیە بە ڕای من ئەم مەسەلەیە گرنگیەکی سیاسی جدی هەیە.

من لە سەرەتای قسەکانمدا وتم یەکێک لە موئەلەفەکانی دەرکەوتنی قەیرانی ساختاری لە کوردستان بە ئیزافەی قەیرانی ئیقتسادای وحکومەتی، قەیرانێکی تریش لەم پەیوەندەدا لەئارادایە. چونکە مەسەلەی مەوقعی کوردستان لە ئاستی نێونەتەوەییدا ناتوانێ هەروا بەنادیاری و هەڵواسراوی بمینێتەوە، خودی ئەم حاڵەتە بنەمای ئەو گێژاوە سیاسیەیە کەهاورێ عوسمان ئاماژەی بۆ دەکات. بەتایبەتی ئەگەر بمانەوێت باس لە ئیقتسادی سەربەخۆ وەیا دەوڵەت لە کوردستاندا بکەین، ئەبێ پەیوەندی لەگەڵ بەغدادا یەکلا بکەینەوە. ئاخر ناکرێ هەم باس لە ئیقتسادی سەربەخۆ ودەوڵەت بکرێ و هەم بەم شێوەیەی ئێستا قاچێکت لەبەغدابێت. ئەم گێژاوە سیاسیەی ئێستا بەرئەنجامی تێکچوونی تەوازنی ێیوان ناسیونالیزمی کورد و هێزە عێراقیەکانە. لە قۆناغێکدا بەتایبەتی بەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس تەوازن قوای نێوان بۆرژوازی کورد و

بۆرژوازی لە عێراقدا، لەژێر سایەی سیاسەتەكانی ئەمریكادا، لە ژێر چەتری "دەوڵەتی فیدراڵ"دا جێگیركرا و هەموویان موتەحید بوون و دەسەڵات و ئیمتیازاتەكانیان دابەش كرد و لە دەستوری عێراقدا رەسمەیەتیان پیدا. ئێستا ئەم تەوازنە تێكچوە و نەماوە. دەورەی شەڕی مەسعود بارزانی لەگەڵ مالكی و دەورەی ئێستاش لەگەڵ عەبادیدا نەتیجەی ئەوەیە كە ئەو تەوازونە تێكچووە كە پێشتر لەسەری رێكەوتبون و لە دەستوردا جێگیریان كردبوو. بۆ نمونە ئێستا جەماعەتی عێراقیەكان هەریەكەیان نەوعێك تەعریف بۆ بەند و برگەكانی دەستور دەكەن و حزبە ناسیونالیسەتەكانی كوردیش نەوعێكی تر تەعریفی بۆ ئەكەن. ئەمە نیشانەی ئەوەیە كە كێشمەكێش و تەوازنی هێزەكان گۆڕاوە، هاوكات ئنیعكاسی هەلومەرج و كێشمەكێشی نیوان دەوڵەتان وهیزەكانی ئێستای ڕژهەڵاتی ناوەڕاست و مەسەلەی جەنگە لە سوریادا. ئێستا هەر هێزو لایەنە دەیەوێت بەشی زیاتر بۆخۆی بپچڕێ و لە ئاستێكی تردا بكەوێتە هاوسەنگیەوە لەگەڵ لایەنی بەرامبەردا. بۆیە بە بڕوای من باسی دەوڵەت دروستكردن لە كوردستان یەكێك لە مەسەلە سەرەكیەكانە. ئەگەر كارگەر وزەحمەتكێشانی كوردستان لە خەباتی چینایەتی خۆیاندا لەدژی بۆرژوازی كورد كۆمۆنیزم وبەرنامەی كۆمۆنیستەكان هەڵبژێرن و بیانەوێ بەرەو كۆمەڵگایەكی سۆسیالیستی هەنگاو هەڵگرن، تەنانەت ئەگەر بیانەوێت كۆمەڵگایەكی لەمەی ئێستا باشتر بەدی بهێنن كە لانی كەمی باشبژیوی و ئازادیەكان و ئارامی تیا سەقامگیربێت، بە پێویست دەبێ دەوڵەت لە كوردستاندا دامەزرێنرێ، واتە بەیەكجاری چارەنوسی كوردستان لەگەڵ بەغدا ڕۆشن بێتەوە و لەبازنەی ئەو یاریكردنەی كە ئەحزابی ناسیونالیستی كورد دەیكەن بەچارەنوسی كۆمەڵگاوە دەركێشرێ.

حەز ئەكەم هەر لەم بارەیەوە لەسەر خاڵێكیتر راوەستم. بۆرژوازی كورد جگەلەوەی لە پرۆسەی سەرهەڵدانی چینی بۆرژوازی و سەرمایەداری لەعێراقدا سەری هەڵداوە، هاوكات ناسیۆنالیزمەكەشی وەكو هەڵگەڕاوە و رووپەكی تری ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە عێراقدا، بەوجود هاتوەو جوڵانەوە وئەحزابەكانی خۆی شكڵپیداوە. بەواتایەكی تر شكڵگرتن وهاتنە سەر كاری دەولەتێكی قەومی لەعیراقدا ستەمی میلی لەسەر خەڵكی كوردستان دروست كرد، لەبەرامبەردا ناسیونالیزمی كورد وەك هەڵگەرانەوەیەك بەرامبەر بەم دەوڵەتە قەومیە، خۆی بەو ستەمە میلیەدا هەڵواسی و وەك نوێنەری خەڵكی كوردستان خۆی داسەپاند. تا لەم رێگایەوە و بەناوی "نوێنەرایەتی خەڵكی كورد"ەوە، هەم شەراكەت لەدەسەلاتی مەركەزیدا بەدەست بهێنێ وهەم خۆی بازاری كار و سەرمایە لە كوردستاندا بچەرخێنێ و كرێكاری كوردستان بچەوسێنێتەوە. دوای روخانی سەدام حسێن ناسیۆنالیزمی كورد بەم ئامانجەی خۆی گەیشت و هەم توانی بە ئامانجی شەراكەت لە دەوڵەتی مەركەزی عێراقدا بگا وهەم توانی كۆنترۆڵی ئیقتسادی كوردستان و جومگەكانی دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت و سەرەنجام حكومەت و دەسەڵاتێك دابمەزرێنێت. لە تەجوروبەیەكی ئاوادا بەڕۆشنی دەردەكەوێت كە ناسیونالیزمی كورد دەوڵەت دروست ناكات و هەمیشە باسی شەراكەت ودابەشكردنی دەسەڵات و ئیمتیازاتەكان لەگەڵ عیراقدا دەكات، تەنانەت حزبە ناسیونالیستەكانی كورد لە بەشەكانی تری كوردستاندا بەگشتی باسی شەراكەت لەدەولەتدا

دەکەن نەک دەولەتی سەربەخۆ. کێشمەکێشی بەردەوام لەگەڵ بەغدا و ڕاگرتنی کۆمەڵگای کوردستان لە گێژاو و سەرگەردانیەکدا، تەنها بە خاتری ئەوەیە دەورەیەک تەوافق بکەن لەسەر وەرگرتنی ئیمتیازاتی زیاتر و دەورەیەکی تر دووبارە دەکەونەوە کێشمەکێش لەسەر وەرگرتنی هەندێ ئیمتیازاتی زیاتر. تەواوی ئەو ماوانەی کە مەسعود بارزانی لە دەورەی مالکیەوە تا ئێستاش کەلەگەڵ عەبادیدا درێژەی پێ ئەدات، لەسەر مەسەلەی سەربەخۆی کردنی ناردنە دەرەوەی نەوت بووە، کە زۆرترین ئیمتیازاتی ئیقتسادی بەدواوەیە، واتە بارزانی دەیەوێت هەم نەوتیش بنێرێتە دەرەوە و هەم بەشە بودجەشی بێ. قسەکەم ئەوەیە کە بڵێم ئەم بۆرژوازیە بەم فۆرمە ئیکتفای کردوە. ناسیونالیزمی کورد بەپێجەوانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی یان ناسیۆنالیزمی تورکەوە، کە توانیان لەوڵاتانی عەرەبی و لە تورکیا دەوڵەتێکی مۆدێرن دامەزرێنن، بەڵام ئەم ناسیونالیزمە ئەمە لە بەرنامە و جیهەتی کاریدا نییە. من لەگەڵ ئەو قسەیەدا موتەفیقم کە بۆرژوازی کورد بەهەموو مانایەک هەڵگری هێچ ئاستێک لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وپێشڕەوی نیە و بە تەواوەتی بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرست وسەرتاپا دواکەوتوە.

کەوایە ڕێگا حل چییە؟ کۆمۆنیستەکان چۆن وەڵامی ئەم دۆخەو بەربەستەکان دەدەنەوە و لە ئێستاشدا دەبێ لە کوێوە دەست پێبکەین؟

بێگومان ئەوە ڕۆشنە کە وەڵامی ئێمە کۆمۆنیستەکان بە دۆخی ئێستا و قەیرانێکی سیاسی و ئیقتسادی کە یەخەی کۆمەڵگای گرتوە تەنها یەک شتە ئەویش شۆڕشی کرێکاری ودەرکێشانی ئیقتساد و سیستمی حوکمڕانیە بە حکومەتێکی کارگەری وبە ئیقتسادێکی سۆسیالیستی. واتە گۆڕینی سەرمایەداری کوردستان بەهەموو پێکهاتوەکانیەوە بە سۆسیالیزم. بەڵام ئەمە حوکمێکی گشتیە و دەبێ وەڵام بەوپرسیارە بدەینەوە کە چۆن ولە چ پرۆسەیەکی واقعیدا بەم ئامانجە دەگەین؟ بەتایبەتی کە هەمووومان پێ لەسەر ئەوە دادەگرین کەهێشتا چینی کرێکاری کوردستان ئامادە نیە وهێشتا پێداویستیەکانی شۆڕشێکی ئاوا هەڵنەرەخسێندراوە.

بە ڕای من وەڵامی ئەم پرسیارە لەئێستادا لەدۆخی ئێستاو نارەزایەتیەکانەوە دەست پێدەکات. ئەوەڵین مەسەلە ئەوەیە کە ئەبێ خەبات و ئیعترازاتی جەماوەری لە شەرایتی ئێستادا لە کۆمەڵێک خواستی سادەوە دەست پێ بکات و بەرین بکرێتەوە و بەشیوەیەکی ڕێکخراو بەرەو جولانەوەیەکی سیاسی بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی کوردستان لە دوو شت ڕێچکە بگرێ. یەکێکیان، ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتە ئەبێ وەلابنرێ چونکە دەسەلاتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد هەم لە زاویەی عامیەی خەڵکەوە و هەم لە زاویەی تەبەقەی کارگەرەوە ڕێگرە لەبەردەم پێشڕەوی کۆمەڵایەتیدا. تەنانەت تۆ ناتوانی سکۆلاریزم لە کوردستاندا بەدەست بهێنی، ناتوانی ئازادیەکان بەرکەماڵ بکەی، ناتوانی مافی ژنان تەئمین بکەی، ناتوانی قانون کارێکی پێشڕەو بە قازانجی ژیانی کرێکاران دابین بکەی، ناتوانی خزمەتگوزاری کافی و گشتی بۆ خەڵک دابین بکەی هەتا ئەمانە لەسەر دەسەڵات بن. یەکەم کۆسپ ئەوەیە ئەبێ ئەمانە لابرێن. کۆسپی دوەمیش بە ڕاستی تەکلیفی کوردستانە کە ئەبێ ببێ بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە تایدا خەڵک دەخالەت بدرێ لەبەرێوەبردنی کاروباری وڵاتدا... من پێم وایە ڕێچکەی یەکلاکردنەوەی ئەم دوو مەسەلەیە لە

ئیعترازاتی ئێستاوە دەست پیدەکات. ئێمە ئەبێ ئەم نارەزایەتیانەی ئێستا لەجولانەوەیەکەوە بۆ نان و باشبژێوی ڕێبەری وڕێنمایی بکەین. لە ئێستادا بە تایبەتی مەسەلەی خزمەتگوزاریەکان، مەسەلەی موچە، مەسەلەی مەسکەن، مەسەلەی بێکاری هەموو ئەمانە لە لائیحەیەکی داخوازیە جەماوەرەیکاندا جێگیر بکرێ و بخرێتە بەردەم هەموو بەشە نارازیەکانی کۆمەڵگاوە و لە دەوریان جەماوەر کۆبکرێتەوە و شێوازێکی ڕێکخراوەیی بۆ هیدایەتکردنی نارەزایەتیەکانیان پێشنیار بکرێ وسەرەنجام بنەماکانی یەک بزوتنەوەی ڕەفاهی ئیجتماعی لەنێو خەڵکدا پەرەپیبدرێ وفراوان بیتەوە بەجۆرێک کەهەموو ناوەندەکانی کار، کارگەو بەڕیوەبەرایتەیەکان، زانکۆ وقوتابخانەکان، گەڕەکەکان.. بگرێتەوە . وە لەجەرگەی ئەم خەباتەدا مەلزوماتی هەڵکشان بەرەو جولانەوەیەکی سیاسی کە بەرامبەر بەدەسەلات ڕاوەستێ و هەنگاو بەهەنگاو تەوازنی نێوان جەماوەر و دەسەلات بگۆڕێ، بێتە مەیدانەوە. جەلانەوە ئەبێ لە خوارەوە لەشکلی ڕێکخستنی شوراکان، کۆنترۆڵی کارگە، دەسەلاتی جەماوەری شورایی لە گەڕەکەکان وزانکۆ ودامەزراوەکان، دەستی بۆببرێ و وەک حەرەکەتێک هەم بۆ بەدەست هێنانی داخوزیەکان وهەم بۆ سەلبی مەشروعیەتی دەسەلاتی ناسیۆنالیستی ڕۆڵ بگێرێ و بەوپێیەش تەوازونی خۆی لەگەڵ دەسەلاتدا بگۆڕێ.. بێگومان لەپرۆسەیەکی ئاوادا دەتوانری هەم جێگاوڕێگای ئێستای چینی کرێکاری کوردستان لەرووی هوشیاری وئاستی ڕیکخراوبوونی حزبی وجەماوەریدا گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا بێت، وەهەم دەتوانرێ خەڵکی زەحمەتکێش ونارازی کوردستان بەئاستێک لە رابەری وڕێکخراوبونی خۆیان بگەن کە بتوانن وەک فاکتۆرێکی بریاردەر، بەربەستەکانی سەر ڕیگای گۆڕانکاری شۆڕشگێرانە هەڵگرن. یانی هێزێک وجولانەوەیەکی ئاوای جەماوەری دەتوانێ شێوازی دەستبردن بۆ وەلانانی دەسەلاتی ئێستا بڕیاربدا و هەم چارەنوسی پەیوەندی نێوان کوردستان و بەغداش یەکلابکاتەوە و کۆمەڵگا لەو گێژاوە سیاسیە دەرکێشێ کە تێی کەوتوە. لەیەک ووتەدا من پێم وایە گۆڕینی قەیرانی ئێستا بەقەیرانێکی شۆڕشگێرانە لەجەرگەی نارەزایەتیەکانی ئیستاوە دەست پێدەکات و هەرلێرەشەوە دەتوانرێ مەلزوماتەکانی شۆڕشی کرێکاری فەراهەم بکرێ .. دیارە لەمبارەوە قسەی زیاترمان پێویستە، بەلام لێرەدا هەرئەوەندە بوار هەیە..

### موئەیەد ئەحمەد:

لە درێژەی ئەم بابەتەدا، ئەڵێم کە ئێمە لە مەسەلەی ئەلتەرنەتیڤدا باسی دوو شتمان کرد، وتمان حەرەکەیەکی نارەزایەتی خەڵک بێتە ئاراوە بۆ بەرگری لە ژیان وگوزەرانیان و دژی هەژاری وفەلاکەت و دژی بێ خەدەماتی و...هتد. ووتمان ئەمە ببێ بە ئیرادەی خەڵک و جۆرێک لە ڕێکخراوبوون بە خۆیەوە ببینێ، بە شکڵی شورایی یا بە شیوەی موبادەرەی کۆمیتەی ناوچەکان، بۆ نمونە ئەوەی کە هەر ناوچەیەک خۆی بتوانێ دابینی وەزعی ئابووری خۆی بکات. لەمانەوە هەتاکو مەسەلەی موشەخەسی ئابووری کە چۆن بۆ چارەسەری دەستبەجێی ئەم وەزعە زەغت بکریت کە دەسەلات بە هەرچی شێوەیەک بووە پارە تەرخان بکات. لە ڕێگەی هێنانەوەی ئەو پارانەی کە نێردراوە بۆ دەرەوە یا لە حکومەتی مەرکەزی وەربگیریت، کەشفی حساباتی

## ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتداریّتی

حکومەتی هەریم تا خەڵک بزانێ میزانیەی کوردستان چۆنە؟ پارەی دەوڵەت لە کوێوە دێت و بۆ کوێ ئەڕوات ...هتد. بەڵام ئەم دەستپێشکەریانەی خەڵک ڕەبتێکی پەیدا کردوە بە مەسەلەی ئەوەی کە خۆی ئەبێ ئیرادە پیادە بکات، ئیرادەی سیاسی پیادە بکات وە دەوری سیاسی هەبێ و ڕێکخراوبێ وە وەکو قوەتێکی سیاسی بێتە ناو ژیانی سیاسی کۆمەڵگاوە. من قسەی ئەوەڵم لەسەر ئەمە بوو ئەمە خاڵێکی زۆر میحوەریە لە ناوجەرگەی ئەم ئەزمەی ئێستادا. چۆن هەر بۆرژوازیەک سەردەردەهێنێ و بە نەوعێکی فریوکارانە، بە شێوەیەکی بی ناوەڕۆک ئەم پشنیار و ئەو تەرح ئەهێنێ، ئەبێ کۆمۆنیستەکان و حزبی ئێمە وە خەڵکانی ناڕازی ئەم پلاتفۆرمە یان ڕۆشن بێ و بتوانن کاری عەمەلی دەستبەجێی لەسەر بکەن.

مەسەلەیەکی بناغەیی لێرەدا ئەوەیە کە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی بتوانێ هەم باری قورسی ئەزمەکە کەم بکاتەوە وەزعەکەی ڕابگوزەرێنێ و هەم بتوانێ لە حەرەکەتی داهاتوتری جۆرێک لە دەسەڵاتی خۆی دابین بکا، جۆرێک لە دەسەڵاتی دوو لایەنە و بەرەو خولقاندنی ئەزمەی شۆڕشگێڕانە هەنگاوبنێ. ئەمانە هەمووی بەشێکن لەم پرۆسەیە و ئەگەرەکانی. بە هەرحاڵ، پێویستە کە بەشێوەیەکی ئیجتماعی مامەڵەی بکەی، نەک بە شێوەیەکی چەپڕەوی ناپەیوەست. ناکرێت هەر لە دیدگای خۆتەوە ئومێدێکت هەبێ بە شتەکان، دیارە ئەبێ کار و ئیشی بۆ بکرێت و پرۆسەیەکی واقعی و بزوتنەوەیەکی واقعی شکڵ بگرێت، و بتوانرێ لە باری سیاسیەوە دەوری ڕابەری و ڕێکخراوبوون لەم بزوتنەوەیەدا ببینی و بناغەکەشی وەکو وتم جوڵانەوەی کرێکار وخەڵکی فەقیر و هەژاری ڕێکخراوە لە ئۆرگانەکانی خۆیاندا.

ئەمە لایەنێکی، لایەنێکی تری ئەوەی کە پەیوەندی بە مەسەلەی کوردستان و جیابوونەوەوە هەیە. گەر ئەم بزوتنەوەیە وەربێکەوێت، ئەگەری جۆراوجۆری لەبەردەمدایە. یەکێک لەوانە هەروەک لە قسەکانی پێشوودا باسمان کرد ئەوەیە کە ئەزمەیەکی ئابووری وسیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئارادیە و بۆ خۆی جۆرێک لە فەشەل بوونی ناسیۆنالیزمە وەکو ئاسۆیەکی بۆرژوازی زاڵ بەسەر ئەم کۆمەڵگەیەدا. دیارە نابێ لاوەکی سەیری ئەمە بکرێت. تۆ ئەبێ کارت لەگەڵ ئەم کولیەتە (سەرجەمە)دا بێت و ئەم مەسەلە یە وەڵام بدەیتەوە وبزوتنەوەیەک بێتە ئاراوە کە بەم ئاڕاستەیەدا بڕوات و ڕزگار بوونی کۆمەڵ مەبەستی بێت. بەو ئەندازەیە ئەتوانێ ئەم قەیرانە بگۆڕیت لە قەیرانیکی بوئس و فەلاکەتەوە بۆ ئەزمەیەکی شۆڕشگێڕانە کە دەوربگێڕێت لە سەر بەرجەستەبونەوەی موبادەرەی کرێکارن وخەڵکی بەتەنگهاتوو تا بێتە ناو گۆرەپانی سیاسیەوە و بەرەو تەحقیقی ئیرادەی خۆی و لەم رەوەندەدا دەوری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و خەباتی سۆشیالیستی چینی کریکار کاریگەر بێت. ئەم ڕەوەندە هەتا ڕامالینی دەسەڵاتی ئەمانەی بەدواوەیە لە حاڵەتی شۆڕشدا. بەڵام مەسەلەیەکی تر هەیە تۆ لە فەزایەکدا ئیش ئەکەی، کە ئەم هاوڕێیانە باسیان کرد، واتە مەسەلەی ئەو ئەزمەیە کە هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا. بەڵام ئەم مەسەلەیە بەو ئەندازەیەی کە ئەم بزوتنەوە نارەزایەتی وچینایەتیە ئەڕوات و لە پێشرەویدایە بەو ئەندازەیە ئەتوانێ مانای واقعی هەبێ. لە دەرەووەی چوونە پێشەوەی ئەم بزوتنەوەیە ئەم مەسەلەیە، پەیوەندی لەگەڵ دەولەتی مەرکەزی، ئەبێ بە شتێکی میکانیکی و تایبەت

بە بورژازی. مەسەلەی تەرحی جیابونەوەی کوردستان چۆن ئەبێ بە میکانیکی؟ لە بەر ئەوەی مەسەلەکە ئەدەیتە دەستی بۆرژوازی تا ساتوسەودای پێوە بکات دووری ئەخەیتەوە لە بزوتنەوەکەی خۆت و دیلەکتیکی بەرەوپێشچونی. ناسیۆنالیزمی کورد، پارتی و یەکێتی، پارتی بە تایبەتی زۆر بە سەراحەت ئەڵێ ئامانجیەتی دەوڵەتی کوردی دروست بکات. ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان مەجالی بدات دروستی ئەکات، وا نیە بڵێی دروستی ناکات. من یەکێک لەو شتانەی قەناعەتم پێی نیە ئەوەیە کە بڵێی ئەمانە لەبەرئەوەی حزبی میلیشیاین گۆایە ئیتر ئەیانەوێ تا ئەبەد هەروا بن. ئەم مەوزوعە خۆی کێشەیەکە. وەکو رای خۆم باس ئەکەم، ئەمانە، ئەم حزبە میلیشیانە، ئەتوانن نوێنەرایەتی بۆرژوازی بکەن و نوێنەرایەتی بۆرژوازیشیان کردوە تا ئەم ساتە ووەزعەکەیان لە سەری کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی کوردستاندا شکاندۆتەوە. لەسەر بنەمای بەردەوامی قەیرانەکە شکاندویانەتەوە. لە نوقتەیەکی دیاریکراودا ئەوە ئەبێ بە ئیدیەیکی کۆمەڵایەتی کە تۆ وەختێک ئەتوانی پۆزەتیڤ قسە بکەی لەسەر مەوزوعی کوردستان و مەسەلەی جیابونەوەی کە بتوانی ئەم بزوتنەوە سەربەخۆیەی کە ئەیەوێ وەزعەکە بگۆڕێ بەرەوپێشبەری. لە دۆخێکی دیاری کراودا ئەگەری ئەوە هەیە ڕەوەندی کێشمەکێشی چینایەتی لە عێراق و کوردستان و ناوچەکەدا بە شکڵێک بڕواتە پێشەوە کە روخسارێکی کە بە خۆیەوە ببینێ. من کە ئەڵێم ئەو تەرحە میکانیکیە قسەکەم لێرەوەیە یانی ئەبێ دیالەکتیکی پەرەسەندنی ئەم کیشمە کێشە چینایەتیە ئەساس بێ بۆ حەسمکردنی ئەو ئەزمەیەی کە ئێوە باسی ئەکەن ئەزمەی پەیوەندی بە مەرکەزەوە. ئەو ئەزمەیە ناتوانرێ ئێستا وەک ساڵەکانی ٩٠ ی سەدەی رابردوو سەیری بکەیت. پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ٢٠ ساڵ بەسەر ئەو دەورەیەدا ئێستا کیشمە کێشی کۆمەڵایەتی وچینایەتی وقەیرانی کۆمەڵایەتی جۆرێک لە پەیوەندیکی هەمەلایەنەی دروست کردوە بەم قەزیەیەوە، قەزیەی جیابونەوەی کوردستان. لەم هەمەلایەنیەیدا حل ئەکرێ نەک ئەوەی کە تۆ پێشتر داتنابێ و بڵێی وا حلی ئەکەم بە شێوەی سیاسەتمان لە نەوەدەکان . وا حەلی ئەکەی ناڕوات، ئەچێتە دەستی بۆرژوازی وئەزمەیەکی کەت بۆ دروست ئەکات و پرۆژەکەت بە جێگەیەک ناگات وە هەتا خەڵکیش لەگەڵت نایەت. ئەمە کێشەیەکە و ئەبێ بە ووردی باس بکرێت.

**محسن کەریم:**

زۆر بە کورتی، یەک دوو سەرنجی بچوکم هەیە. پێموایە زۆربەمان هاوڕاین لەسەر ئەوەی بەدیل چیە. بەڵام لەرووی واقعیەوە ئەتوانین چی بکەین؟ بێگومان من باسی هەلومەرجی زاتی، ئامادەبوونی چینی کرێکار بۆ شۆڕش دەکەم. وەکو حزب، وەکو ڕێکخراو، ئەم چینە چەند ئامادەیە؟ بەداخەوە ئامادە نیە. ئەمە کێشەیەکە. دەبێ ئێمە ئامادەی بکەین. بۆنمونە؛ چەندە دەتوانین ئەم قەیرانەی کە هەیە بیگۆڕین بۆ شۆڕش. بە بڕوای من ئەگەر چینی کرێکار ئامادەبێت، ئەتوانێت. بەڵام بەڕاستی پێموایە کە بەداخەوە ئامادە نیە. بۆیە ئەم قەیرانەی ئێستا کە هەیە ئەگەر بڵێین دەتوانین بیگۆڕین بۆ شۆڕش ئەوا شتێکی تۆباوی و خەیاڵی دەرئەچێ.

لەلایەکی دیکەوە تەنانەت ئەگەر پێداویستیەکانی شۆڕشیش ئامادەبوو، وە شۆڕشیشمان کرد دەبێ دەوڵەت دروست بکەین، چونکە کێشەی نەبوونی دەوڵەت هەیە لە کوردستان. تۆ لەبەرامبەر دەوڵەتێکدا شۆڕش ناکەیت، دەوڵەتێک کە خۆی هەبێت. کەواتە ئەبێ ئەم مەوزوعەش چارەسەر بکەیت. ئەمەش مەسەلەیەکە. قەیرانەکەت پێ چارەسەر دەکرێ یان نا!؟ خواستی دەوڵەت مەسەلەیەکە، ئایا تۆ ئەو مەسەلەیە وەڵام دەدەیتەوە یان نا!؟ ئایا مەسەلەی دەوڵەت مەسەلەیەک نیە لە کوردستاندا!؟ بەڕای من ئەوەش مەوزوعێکە. واتە تۆ قەیرانێک چارەسەر بکەیت یان نا، شۆڕش بکەیت یان نا، شتێکیش هەیە کە پێی ئەڵێن کێشەی نەبوونی دەوڵەت لە کوردستان، بەو بەڵگانەی کە باسمان کرد.

ئەوەی هەرکەسێک دەوڵەت دروست دەکات، بەبڕوای من پێشڕەویەکە. لە چ بارێکەوە؟ بێگومان ئەوە ڕاستە مەسەلەی ستەمی نەتەوایەتی نەماوە، بەڵام کێشەی کورد ماوە. ئەم ناجێگیریەش کە لەم ناوچەیەدا هەیە (مەبەستم کوردستانی عێراقە( و پێی ئەڵێین گێژاوی سیاسی، لەسەر بنەمای کێشەی نەتەوەیی ماوە، نەک لەسەربنەمای مەسەلەیەکی دیکە. لەسەر مەسەلەی کورد و ئەو گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەیە کە پێی ئەڵێن کێشەی کورد. کەواتە ئەم گێژاوە سیاسیە کە وەڵامی پێ بدەیتەوە، مەسەلەیەک کە پێی ئەڵێن مەسەلەی کورد تەواو ئەبێ و کۆمەڵگا ڕزگاری دەبێت لێی. دارێک لەدەستی بۆرژوازی ئەکەوێتە خوارەوە کە بە ڕاستی گرنگە). سونەتی ململانێی چینایەتیش وایە ململانێی چینایەتیش ئاراستەیەکی دیکە وەردەگرێت. هەم لە پەیوەند بە بۆرژوازی خۆتەوە و هەم لە پەیوەند بەم ناسیۆنالیزمەوە کە درێژکراوە و ئەبعادی ناوچەیی هەیە. بەردەوام ئەتوانێ خۆی دوبارە بەرهەم بهێنێتەوە. ئەگەر کوردستان ببێ بە دەوڵەت، بە بڕوای من، پرۆسەیەکی گرنگ بەسەرەنجام دەگات. تەنانەت ئەگەر بۆرژوازی کورد خۆشی بیکات. بۆیە لەوبارەیەوە من ئەڵێم کێشەی دەوڵەت دروستکردن لە کوردستان مەوزوعێکە ئێمە ئەبێ چارەسەری بیکەین. شۆڕش ئەکەین هەرچیەک ئەکەین، دەبێ ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکەین. ئەگەر بۆرژوازیش کردی با بیکات. منیش پێموایە کە بۆرژوازی ئەیەوێ دەوڵەت دروست بکات ئەگەر بۆی بکرێت. ئەوە وانیە، کە بۆرژوازی کورد نایەوێ.

شتێکی دیکە کە ئاماژەم پێکرد، بێگومان لەباری عەمەلیەوە چۆن دەبێت!؟ سیناریۆی واقعی چیە؟ ئێمە وەکو ڕەوتێکی سۆشیالیستی، وەکو حزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری، ئەمانەوێت ئەم قەیرانە لەسەری بۆرژوازیدا بشکێتەوە بە قازانجی کرێکار. بەڵام هێشتا لەرووی زاتیەوە ئامادە نین بۆ شۆڕش. ئەبێ کارێک بکەین کە بتوانین خەڵک لەم هەژاری و فەلاکەتە ئابوریە ڕزگار بکەین. ئەبێ ڕێگای پیشان بدەین. ئەوەی چەندە پێمان ئەکرێ، ئەوە بەستراوەتەوە بە هەڵخڕاندن (تەعبیئەی) جەماوەریەوە. چەند ئەتوانین خۆمان لەو ڕووەوە هەنگاو بنێین. بە بڕوای من ئێمە نابێ تەنها بڵێین تەرحی سیاسی بکەین، بۆنمونە بڵێین دەبێ دەوڵەت لە کوردستان دروست ببێ، وە دەبێ حکومەت وا بکات و وا نەکات. ئەبێ ئێمە بۆ چارەسەری فەلاکەتی ئابوری ئێستا تەرحمان هەبێت، وەکو چۆن کاتی خۆی مەنسوری حکمەت لە نوسینی( ئایندەی هەژاری و هەستانەوەی شۆڕش)

ڕێگاچارەی خۆیانی لەسەر مەسەلەی هەژاری و قەیرانی ئابوری ئەوکاتی ئێران خستەروو، ئێمەش دەبێ تەرحێکی واقعی بخەینەروو. من ناڵێم قەیرانەکە بۆ بۆرژوازی چارەسەر بکەین. بەڵام ئێمە چۆن دەتوانین هەژاریو فەلاکەتی ئابوری ئێستا لە کوردستان چارەسەر دەکەین؟ چ ڕێگایەک پێشکەش دەکەین؟ کۆنترۆڵی کارخانە و ناوەندەکانی کارو خزمەتگوزاری مەسەلەیە؟ چۆن داهاتەکان ڕێک دەخەین و چۆن بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی!؟ دەبێ میکانیزمێک بخەینەروو کە خەڵک بە شتێکی عەمەلی تەماسای بکات. تەعبیئەی جەماوەر بکات و بتوانێ هێز هەڵخڕێنێ. ئێمە باسی ڕێکخستنی جەماوەرو نارەزایەتیەکانی دەکەین کە هەرئێستا لەئارادایە، باسی بەهێزکردنو ئاسۆپێدانی دەکەین. دروشمی زۆر ڕۆشنی بۆ پێشنیار بکەین، بۆنمونە دروشمی دابینکردنی موچە و گوزەران وهەروەها ئەو سەرچاوەیەشی کە ئەتوانێ ئەوەت بۆ دابین بکات، وەکو مەسەلەی دانانی باج لەسەر سەرمایەداران و دەوڵەمەندان کە ئێستا تەنانەت بۆرژوازی خۆشی بەجۆرێک باسی دەکات. ئەم پارانەی کە بە تالان براوە لەلایەن بەرپرسانی سیاسی و حکومیەوە بهێنرێنەوە. یەکێک لە بەندەکانی بەرنامەی حیزب دەربارەی گەندەڵی و چۆنیەتی کۆتایی پێهێنانیەتی. لەکەنار ئەمانەدا پێویستە ڕێکخستنی جەماوەری پێ بە پێی چونە پێشی بزوتنەوەکەوە بەرەو ئاستێک ببرێت کە خۆی کۆنترۆڵی داهات و خەرجی بکات. ئەگەر داهاتەکە گەڕایەوە، خۆ ناکرێت بخرێتەوە خەزێنەی وەزارەتەکەی ئاشتی هەورامی! ئەبێ میکانیزمێک تەرح بکەین کە خەڵک چۆن بتوانێ کۆنترۆڵی داهات و سەرچاوەکانی داهات و شێوازی خەرجەکەی بکات. ئەمانە هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێ دەبن، بەڵام دەبێ لە هەنگاوی یەکەمیانەوە دەست پێبکەین. بەبڕوای من پێویست دەکات پلاتفۆرمێکی ڕۆشنمان هەبێ لەسەر ئەو بزوتنەوەیە و نارەزایەتیانەی کە هەرئێستا هەن تەرکیز بکەین، بەهێزیان بکەین. هەنگاو بە هەنگاو پێ بە پێی چوونە پێشەوەی بزوتنەوەکەو بە پێی هاوسەنگی هێزدەبێ ئەرکو مەهام بخەیتە بەردەمی. دەبێ ئامانجەکەت ئەوە بێت کە بتوانیت لە بنەڕەتدا ئەمانە لە دەسەلات دابماڵیت و حاکمیەتی شوراکان لە کوردستاندا بەرقەرار بکەی.

## جەمال محسن:

منیش مداخەلەیەکی کورت ئەکەمەوە. من نەموت ئەم ئەزمەیەمان پێ ئەکرێ بە شۆڕش. لە ڕاستیدا ئایدیاڵەکەی ئەمەیە، بەڵام من ئەڵێم بارودۆخەکە بەوجۆرە نیە، ئەوەش کێشەیەکی واقعیە. ئێمە ئەبێ ئەم توخمە زاتیەی بۆ ئامادە بکەین بەڵام بۆ ئەوەی بشتوانین ئەمە ئامادە بکەیت ئەبێ وەڵام بە برسێتیەکەی بدەیتەوە. واقعەن ئەبێ تەرحی دروست و عەمەلی ئێمە بۆ ئەوەی ئێستا خەڵک لەم برسێتیەی دەربچێ ڕۆشن بێ و بیهێنینە دەرەوە. مەنسور حکمەت و مارکسیش کاتی خۆی جەختیان لێ کردۆتەوە کە سۆشیالیزم بە هەژاری ناکرێ. ئەبێ جارێ خۆراکت بێ، پۆشاکت ببێ، شوێنی ژیانت ببێ تاکو بتوانی ئاڵوگۆڕ لە دنیادا بکەی. ئەمە ئەو شتە زاتیەیە کە ئەرکی ئێمەیە لە کارەکانماندا دایبنێین بەڵام خۆ ناتوانین بە خەڵک بڵێین تا ئەمە ئامادە ئەبێ و ئەو هەلومەرجە ئەبێ

بەو شۆڕشە با بوەستین بزانین چۆن ئەبێ، با جارێ ئامادەی بکەین. بێگومان ئەبێ وەڵام بەو مەسائیلانەیان بدەینەوە. بێگومان کاتێک وەڵامی ئەم برسێتی و نانەی چینی کرێکار یان هەتا خەڵک بە گشتی بدەینەوە، ئامادەی بکەین بۆ ئامانجێکی دورتر و ڕێکی بخەین و بەرەو ئەو هەلومەرجە ببەین، ئەبێ یەکێک لە ڕێگریەکانی بەردەمی کە ساغکردنەوەی چارەنوسی ئەم کۆمەڵگایە کە کردنیەتی بە دەوڵەت یەکلایی بکەینەوە. لە چوارچێوەی ئەوەوە کە دەسەڵاتی بۆرژوازی بە تەواوەتی توشی ئەزمە و بنبەست ئەکەیت و چینی کرێکاریکی ڕێکخراوت بۆ ئامادەکردوە و تا ڕادەیەک وەڵام بە برسێتیەکەی دراوەتەوە، ئەتوانێ لە پرۆسەی ساغکردنە و دروستکردنی دەوڵەتیشدا دەور و دەخاڵەتی ئەمی تێدا بێ. بەڵام بەبڕوای من خودی دروستکردنی دەوڵەت خاڵێکی گرنگە و وەکو یەکێک لە مەسەلەکان ویستم باسی بکەم و لە قسەی هاوڕێکانیشدا هات، ئایا وایە کە بۆرژوازی کورد جدیە و ئەیەوێ دەوڵەت دروست بکات؟ وە ئایا ئەگەر دروستی بکات ئەبێ ئێمە پشتگیری بکەین، خەڵک ئەبێ پشتگیری بکات یان شتێی نەرێنیە؟ وە ئەوەش کە ئایا ئەسڵەن ئەیکات یان نا بەبڕوای من پرسیارێک و مەسەلەیەکی ترە و قسە و لێکدانەوەی زۆر هەڵئەگرێ و ڕەنگە پێویست بکات سیمینارێکی تری لەسەر بکەین چونکە ئەبێ فاکتۆرەکانی، پێداویستیەکانی و زەمینەکانی و...هتد لێکبدرێتەوە.

**عوسمان حاجی مارف:**

من تەئکید لە شتێک بکەم، ئەزانی چۆنە واقعی ئێستای کوردستان بەدەر لە فەشەلی حکومەت و ئەو بنبەستە سیاسیەی حزبەکانی دەسەڵاتدار دەرگیری بون بە تەواوی ئەم ٢٥ ساڵەی حاکمیەتی ئەمان، بە تەواوی ئەو گێژاوە سیاسیەی کە لە ناوچەکدا بەردەوامە بمانەوێ و نەمانەوێ کوردستان لە هەمو بوارێکەوە بۆ خۆی لە عێراق جیابۆتەوە، ئەوە واقعیە و باسکردن لە پەیوەست کردنی بە عیراقەوە ناواقعیە.

**جەمال موحسن:**

لەباری عەمەلیەوە.

**عوسمان حاجی مارف:**

بەڵێ لەباری عەمەلیەوە. لە باری سیاسیەوە، ئابوری، فەرهەنگی، کۆمەڵگاکەی، دابڕاوە لە یەک، پێشتر ئەگەر عێراقێک هەبوو یەکگرتوبو، کوردستان بەشێک بوە لە عێراق، ئەوە تەواو بووە، بووە بە شتێکی واقع. ئەزانی چۆنە من بڵێم بۆ ئەو قسەیەی کە بزانین ئەوزاعەکە بەرەو کوێ ئەڕوا شتێک تەرح بکەین، بەڕای من ناواقعیە. ئەوەی واقعیە کە ئێستا بۆ خۆی جیابۆتەوە. مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەمە بە ڕەسمی بناسێنرێت و ڕەسمیەتی پێ بدەی و دەوڵەت دامەزرێنیت. یەک شت عێراق و کوردستان یەک ئەخاتەوە کە شۆڕشی کرێکاریە، هیچ شتێکی تر کوردستان و عێراق ناتوانی یەک ناخاتەوە. ئەمە تەدقیق بکەین، کە ئایا وایە یان وانیە؟ ئەو شۆڕشە کرێکاریەش ئەبێ

لە کوردستان وعێراقدا ڕوبدات. گەر تەنها لەکوردستاندا بێت ناکرێ و نابێت داوای چونەوە پاڵ عێراق بکرێت، بەڵام گەر شۆڕشی کرێکاری لەعیراقدا بێت، ئەتوانین بە کۆمەڵگەی کوردستان بڵێین یەکگرتو بێت لەگەڵ عیراقدا، بەڵام باسەکەی ئێستامان لەسەر ئەوەیە کە جیابونەوەی کوردستان بۆتە ئەمری واقع و دەبێت بەڕەسمی بناسرێت و لە هەڵواسراوی و ئەو گێژاوە سیاسیە دەربچێت. وە ئەم جیابوونەوەیە بە مانای دامەزراندنی دەوڵەتە. ئیتر ناسیۆنالیستێک ئەیکات، هەر لایەنێکی تر دەیکات دەبێتە کۆتایی هێنان بە دەورێک لە هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستان.

### خەسرەو سایە:

من بە پێویستی دەزانم لەم نۆرەیەدا جارێکیتر لەسەر مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەت ڕاوەستم. ئەم مەسەلەیە میکانیکی نیە هەروەک ئەوەی کەهاوڕی موئەیەد دەڵێ. بەبۆچوونی من خەباتی چینی کرێکار لەئێستادا بۆ سۆشیالیزم بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستاندا، بە واقعی وخارج لە ویستو زەینی ئێمە لەگەڵ دوو بەربەستی سەرەکی بەرەوڕووە. بەبڕوای من بەدەستهێنانی هەرجۆرە ئاستێک لەپێشڕەوی کۆمەڵایەتی، یان ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی، چ بە مانا شۆڕشگێڕانەکەی بێت، وەیا بە مانای ئیسلاحات و چاکسازی لەسیستەمدا بێت، هەتا ئەم دوو بەربەستە چارەسەر نەکرێن و وەلانەنرێن کۆمەڵگای کوردستان ناتوانێ هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بڕوات. یەکەم بەربەست تەواجدی دەسەڵاتێکە کە لەئارادایە. ئەوی تریشیان یەکلاکردنەوەی مەوقعی کوردستانە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. چونکە کوردستان بەشێک لەوەی کە ناتوانێ ئیقدام بکات و بڕواتە پێشەوە وەکو دەوڵەتێکی بەڕەسمی ناسراو لەئاستی نێودەوڵەتیدا بەڕەسمی ناناسرێ وتەعامولی لەگەڵ ناکرێ. مەوقعی ئێستای کوردستان لەجەرگەی هەلومەرجی ئاڵۆزی ئێستای ناوچەکە و عیراقدا، بەو هۆیەوە کەدەوڵەت نییە هەم مانەوەی دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشیای ناسیونالیزمی کوردی ڕاگرتووە (وەک ئەوەی هاوڕی عوسمان ئاماژەی بۆدەکات)، هەم تەوازنێکی سیاسی هێزی لەژێر سایەی تەواجودی ئەمریکادا، کردۆتە فاکتۆرێک بۆ ڕاگرتنی تەوزانی نێوان بۆرژوازی کورد و دەوڵەتی مەرکەزی، تەنانەت تەوازنی نێوان ئەحزابی سیاسی لە ناوخۆی کوردستانیشدا لەژێر سایەی ئەم دۆخەدا قەراری گرتووە. مەبەستەکەم ئەوەیە کە دیاردەی لەئارادابوونی دەسەڵاتی حزبی و میلیشیای و ناوچەکانی نفوزی پارتی و یەکیەتی لەگەڵ نەبوونی دەوڵەت و نامەعلوم بوونی ناسنامەی وڵاتی بوونی کوردستان پێکەوە گرێی خواردووە. دیارە من قسەکەم ئەوە نیە کە ئەبێ جارێ لە پێشدا بچین کوردستان سەربەخۆ بکەین ئنجا بچین شۆڕشی کرێکاری بکەین یان لەپێشدا دەبێ دەسەلات وەلابنرێ ئەوجا سەربەخۆیی وشۆڕش.. بەتایبەتی کە سیاسەت نەک هەر لە کوردستاندا بەڵکو لەدونیادا بە پێی نەخشەی ئەم یان ئەو حزب ناڕوات بۆپێشەوە. من پێموایە سیناریۆی مومکین لەئاکامی پێشڕەوی خەباتی چینایەتی لە کوردستان وچونە سەری قابیلیەتەکانی جوڵانەوەی جەماوەری و خەباتی سیاسی خەڵکی زەحمەتکێشە وەئەم فاکتۆرە دیاری دەکات کام مەسەلەیە لەپێشەوە چارەسەر دەبێ. بەڵام بەهەر بارێکدا دەبێ ئەوەمان لاڕۆشن بێ کە کۆمۆنیزم لە کوردستان لەجەرگەی یەک خەبات و

کێشمەکێشی چینایەتیدا، کە ئەحزاب و هێزەکان دەرگیری دەبن گەشەدەکاو دەچیتە پێشەوە، بە پێویست دەبێ ئەم مەسەلانە یەکلابکاتەوە. لەم بارەوە هەڵکشانی نارەزایەتیەکانی ئێستا و جوڵانەوەی جەماوەری، دەبێ تا سەرئاستی یەک جوڵانەوەی سیاسی بۆ یەکلاخستنەوەی هەردووک ئەم کێشە و بەربەستانە هەڵکشێ و پەرەبگرێ. جا ئەوەی کە کامیان لە پێشەوەیە و کامیان لە دواوەیە، پەیوەندی بە ڕەوتی سیاسی و تەوازنی نێوان هیزە چینایەتیەکان لەهەر قۆناغێکدایە. بەلام وەک ئاسۆیەک دەبێ ئەوە بەئەسڵ وەربگرین کە سەرئەنجام ئەبێ ئەم دوو مەسەلەیە یەکلابکرێتەوە، تا بکرێ دەست بۆ ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی سیاسی وئیقتسادی بە قازانجی خەڵک ببرێ. بەرای من ئەمە نەک هەر میکانیکی نییە بەڵکو واقعیەتێکە کە فەرزبووە...

لەسەر ئەو مەسەلەیەی کە ئایا بۆرژوازی کورد ئەتوانێ دەوڵەت دامەزرێنێ؟ من ئەڵێم بۆرژوازی کورد لەئێستدا نایەوێ و ناتوانێ دەوڵەت دامەزرێنێ وە بەگشتی ئیدعای واشی نیە. ئەزانم پارتی و مەسعود بەرزانی باس لەسەربەخۆیی و ڕیفراندۆم دەکات. بەڵام پارتی هەموو بۆرژوازی کورد نیە و ئەبێ فەرق بکەین لە بەینی داوایەک کە پارتی ئەیکات و داوایەکیش کە بەکردەوە کەوتۆتە ناو کارنامەی گشت حزب و بەشەکانی چینی بۆرژوازی و هێزە سیاسیەکانیەوە. ڕاستە پارتی داوای سەربەخۆیی دەکات بەڵام بەتەنهایە. نە یەکیەتی نە گۆران نە ئیسلامیەکان بەکردەوە نەهاتونەتە پشت ئەم داوایەی پارتی و بگرە چەندین ئەماو ئەگەرو مەرجیان لەبەرامبەردا خستۆتەڕوو. لەسەر مەسەلەی ڕیفراندۆم (کە هێشتا بەمانای دامەزراندنی دەوڵەت نایەت) لەئاخر کۆبوونەوەی ئەحزابەکان لەگەڵ مەسعود بەرزانیدا، هەموویان لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون کە هەم ڕیفراندۆمیان قبوڵە و هەم گەڕانەوە بۆ بەغداد!! ئەمە ئیتر نیشان دەدات کە چ ناکۆکیەکی قوڵ لەسەر مەسەلەی سەربەخۆیی لەنیو حزبەکاندا هەیە. لەیەک وتەدا دەمەوێ بڵێم کە ڕای پارتی یەکسان نیە بە ڕای هەموو بۆرژوازی کورد. بەڵام پلاتفۆرمی پارتی چیە، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، وەک ئەوەی ناوی دەولەتی کوردی لێناوە. یەکەم پارتی ئەیەوێ لەپێشدا بەرهەمهێنان و ناردنەدەرەوەی نەوت وەک بنەمای ئیقتسادی سەربەخۆ لەدەست بگرێ، دوهەم لە ڕێگای پرۆسەیەکی دیپلۆماسیەوە ڕای ئەمریکا و ئەوروپا بەدەستبهێنێت و بیکاتە پشتیوانی و دەستمایەیەک بۆرازیکردنی حکومەتی عێراق ودەولەتانی ناوچەکە بەتایبەتی تورکیا و ئێران. بەبێ ئەم پشتیوانیە پارتی لە خۆیەوە دەست بۆکارێکی وانابات. هەموو ئەو جەولانەی کە دەورەی پێشوو مەسعود بارزانی ئەچوو بۆ فەرەنسا و هۆڵەندا و ئەمریکا هەموو مەسەلەکەی ئەوە بوو وەعدی ئەمانە وەربگرێ و ئومێدێکی پێ ببەخشن، بەڵام لەبەرامبەردا حزبەکانی تر هەموو جارێک بەرامبەر بەم پرسە کەوتونەتە تبریر هێنانەوە و هەریەکەیان بەجۆرێک ڕایانگەیاندووە کەجارێ کاتی دەولەت نییە وەیا زەمینەکانی ئامادە نیە وسەرەنجام پێشنیاری گەرانەوەو دانیشتن لەگەڵ بەغدادا بۆتە سیاسەتی سەرەکی هەموویان بەخودی پارتیشەوە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بۆرژوازی کورد لە کۆشی بۆرژوازی عێراقیەوە داکەوتووە ودواتر بۆتە کۆرپەی باوەشی ئەو. پێکەوە لە سەرمایە و بازاڕی عێراقیان خواردووە و بەرژەوەندیەکانیان تێکەڵ بووە، هەربۆیە جیابوونەوە بەکارێکی سادە وەرناگرێ.

بەبروای من ناسیونالیزم و بۆرژوازی کورد لە کوردستانی عێراق بەکردەوە نیشانی دا، کە هەڵگری هیچ جۆرە ناوەرۆکێکی ئازادیخوازی و پێشرەوەی کۆمەڵایەتی نییە، هەربۆیە دامەزراندنی دەوڵەت، سکۆلاریزم، ئازادیەکان، ئیقتسادێکی ڕیفاه و خۆشبەختی وەزیفەی کارگەرە، ئەبێ کارگەر ئەم کارە بکات. من نازانم کەی پارتی ئەتوانێ پلاتفۆرمەکەی خۆی بکات بە پلاتفۆرمی کوللی بۆرژوازی کورد و هەموو ئەحزابەکان، تەنانەت نازانم کەی ئەتوانێ ئیران و تورکیا ڕازی بکا و پشتیوانی ئەمریکا و غەرب بەدەست بهێنێ، ئەمە مەسەلەیەکە نەبڕاوەتەوە، ڕەنگە بتوانێ ڕەنگە نەتوانێ. بەلام بەپێی تەجروبەیەک کە لەبەردەستە و قابلیەتێک کە بۆرژوازی کورد هەیەتی، ئەگەر بەڕاستی بیویستایە لە ساڵی ٩١ دا دەیتوانی دەوڵەت دامەزرێنێ. ساڵی ٩١ باشترین فرسەت بوو بۆ بۆرژوازی کورد وحزبەکانی کە دەست بەرن بۆسەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەت، تەنانەت لەساڵانی دواتریشدا چەندین جار ئەم فرسەتە لەئارادابووە، بەتایبەتی دوای روخانی ڕژیمی بەعس، بەڵام دەستی بۆ نەبراوە، ئەم مێژوە ئەوەمان پیدەڵێت کە بۆرژوازی کورد بەگشتی لانی کەم لەئێستادا نایەویت کوردستان جیابکاتەوە. بەڵام دیارە دەبێ ئەو جیاوازیە بکەین کە دروست نییە  پارتی و بۆرژوازی کورد بە یەکسان وەربگیردرێن.

### موئەیەد ئەحمەد:

یەکەم شت بلێیم ئەوباسەی موحسین زۆر دروستە ومن لەگەڵ ئەوەدام کە ئەبێ ئەو تاکتیکەی کە دایئەنێین و ئەو پلاتفۆرمەی کە رایئەگەیەنین بە تەفسیل وەڵام  بداتەوە بەم کیشەیەی ئەمڕۆ. وە ئێمە وەکو کۆمۆنیستەکان ئەو پلاتفۆرمەمان هەبێت وخۆی بەشێک بێت لە مەسەلەی خەبات بۆ ئەنجامدانی  ئیرادەی خەڵکی و داواکاریە ئابووری و کومەڵایەتەکان وئەم باسانەی کە هاتن بکرێ بە پلاتفۆرمێکی وورد وعەمەلی بەرامبەر بۆرژوازی. دووهەم، ئەوەی کە ئێمە باسی شۆڕش وئەزمەی شۆڕشگێرانە و ئەگەرەکانی  ئەم رەوەندە ئەکەین، ئەبێ بزانین  لە پەیوەند بەوەی کە تۆ ئێستا چی ئەکەی مانای واقعی هەیە.  یانی لە ریگەی بەجێهێنانی ئەو ئەرکە  کە ئەم بزوتنەوەی نارەزایەتیەی خەڵک بتوانی بە هێز بکەیت وسەرکەوتن بەدەست بهێنێت تۆ ئەتوانی سیاسەتی داهاتووی  خۆت بەریتە پێشێ.

دیسان سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی. ئەمەوێت ئەوە بلێم کە گەر  ئێمە بگەینە ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی کورد وە هێزەکانی، بە تایبەتی ئێستا پارتی، کە بەلانی کەمەوە  هێزێکی سەرەکیە، ئەیەوێ حکومەت دروست بکات، دەوڵەت دروست بکات سێ لەسەر چواری ئەو  باسە نامێنێت کە گوایا ئەم حزبانە کوردستان جیا ناکەنەوە، بۆچی؟  چونکە ئێمە باسی چینەکان ئەکەین، باسی کێشمەکێشی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی ئەکەین. بۆرژوازی کورد ئەمڕۆ، لە رووی سیاسیەوە، لە  ناسیۆنالیزمی کوردا بە شیوەی سەرەکی یەکگرتوو و ریکخراوبووە. ناسیونالیزم  هەر حەرەکەتێک ئەکات لە بواری مەسەلەی دەوڵەت دا لە دیدگاو گۆشەیەکی سیاسی وئیجتماعی و ئابووریەوەیە و لیرەوە باسی جیابوونەوەی کوردستان ئەکات. تۆ وەکو کریکار، وەکو کۆمۆنیست جیابونەوەی  کوردستان لەو شوێنەوە باس ئەکەیت کە بنبەستێک و داپچرانی دروست بووە کە

## ڕیشەکانی بنبەست و قەیرانی دەسەڵاتداریێتی

ئەبێ وەڵامی پێ بدەیتەوە وئەزمەیەک لەئارادایە، بێ هەنگاونان بۆ چارەسەری ناتوانی شتیکی ئەوتو بکەی. پێشتر و تەنانەت ئێستاش تەسەورێک هەبوو کە ناسیۆنالیزمی کورد وەک هێزی میلیشیای لە بنەڕەتدا گوێی نەداوە بەم مەسەلەیە، نازانم ئەو وەختەش لە نەوەدەکانداچەند ڕاست بووبێ بەڵام تۆ ئەگەر ئەو تەسەورەت نەبێت ئێستا مانای وایە تەرەفێکت بۆ دروست بووە کە بۆرژوازیە و ئەیەوێ ئەم قەزیەیە حل بکات لە بەرژەوەندی خۆی. بۆیە ئەبێ پەیوەستی بکەیتەوە بە کێشمە کێشی چینایەتی وهیزپەیداکردنی پرۆلیتاریا و کۆمۆنیزم لە کوردستاندا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی کۆمەلگە. بەو پلەیەی کە ئەچێتە پێشەوە وزانیت کە ئەم مەسەلەی جیانەبوونەوەیە بە کردەوە ڕێگرە لەبەردەمتا ئەبێ ئیعلانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکەیت. واتە من بەندی ناکەمەوە بە بۆرژوازیەوە. میکانیکیەتی ئەم مەوزوعە لەوێوەیە کە پەیوەستی بکەیتەوە بە بۆرژوازیەوە؟ لە کاتێکدا کە تۆ هێزت نیە، لە کاتێکدا کە کرێکار و کۆمۆنیزم نەبووە بە قودرەتێکی کۆمەڵایەتی وسیاسی بە هیز لە کۆمەڵگادا، بۆرژوازی داوای جیابوونەوەی کوردستان ئەکات، بە لانی کەمەوە وەک پارتی ، ئیتر ئەبی وەک هەموو شتیکی کە جیابوونەوەش وەک سیاسەتیکی چینایتی سەیر بکەیت . خۆ هەمومان موتەفیقین لەسەر ئەوە کە پارتی داوای جیا بوونەوە ئەکات ، یانی مانای وایە ریسکیک لە ئارادا ئەبیت کە تۆ ئەم پەیوەندیەی جیابوونەوە بە چینەکانەوە نەبینی توشی هەڵە ببیت وەکو چۆن کەسانیک لە کاتی هاتنی داعشدا چوون بە دوای پرۆژەی بۆرژوازیدا، تەنانەت بەشێک لە چەپ نەیتوانی خۆی دوور راگرێت لە بۆرژوازی و پرۆژەی مسعوود بارزانی. من ئەڵێم ئەبێ توشی ئەم هەڵەیە نەبین.

### جەمال محسن:

هاوڕێیان سیمینارەکە تەواو بوو بەس ئەم بەشەی دوایی زۆر گرنگە و سیمینارێکی تایبەتی ئەوێت. ئەکرێ لە کاتی تردا بێینەوە سەری. دەستان خۆش بێ و ماندو نەبن....



# بەرەو ١٧ی شوباتێکی تر

ڕێبوار ئەحمەد

هاتنەمەیدانی جەماوەری خەڵکی کورستان لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١ دژی دەسەڵاتی گەندەڵ و تاڵانچی و ستەمگەری حزبە بۆرژواکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، بە هۆی ئاستەنگیەکانیەوە نەیتوانی بە ئامانجەکانی بگات و سەرئەنجام سەرکوتکرا. ئەو ئاستتەنگیانە بە کورتی لە چەند رستەدا بریتی بون لە؛ لاوازی رۆڵی چینی کرێکار، سەراسەی نەبون و بەرتەسک مانەوەی لە چەند مەیدانی گشتی چەند شارێکدا، نارێکخراومانەوەی نارەزایەتیەکان، گرفتاربونی بە ئاسۆی تەسک و دژەشۆرشی باڵێکی تری هەمان بزوتنەوەی کۆنەپەرستانەی کوردایەتی کە خۆی لە بزوتنەوەی گۆران و هاوپەیمانە ئیسلامیەکانیدا بەرجەستەکردبو. ئەوان کە لە سەرەتادا بزوتنەوەکەیان سەرکۆنەکرد، لە هەنگاوی دوەمدا لە رێگای بەرەوهەڵدێربردنی بزوتنەوەکە و پەلکێشکردنی بەدوای تاکتیکە سیاسیە فریوکارانەکانی خۆیاندا، لە شارێی سەرکەوتن دوریان خستەوە و کردیان بە نێچیری دەزگا سەرکوتگەرەکانی دەسەڵات. سەرئەنجامیش خوێن و خەبات و قوربانی جەماوەریان کرد بە دەستمایەی سەودایەکی حەقیرانە لەگەڵ دوو حزبی دەسەڵاتدار لە پێناو شەریکبونەوەی خۆیان لە دەسەڵات و داهاتی بەتاڵانبراو. تاوەکو ئێستا هەستانەوەی سەرلەنوێی بزوتنەوەی جەماوەری زۆر گران لەسەر خەڵکی کوردستان تەواوبوە؛ ٥ ساڵی تر لە جەور و ستەم و تاڵان و سەرکوت و ملهوڕی بێسنوری حزبەکانی کوردایەتی درێژی کێشا، تا رادەی ئەوەی کە کۆنەپەرستی و تاڵانچێتی ئەم دەسەڵاتە بورژوازیە هەموو سنورو پێوانەیەکی تێپەراندو پەتی سەبری خەڵکی پچڕاند. لەم ماوەیەدا شەریکبونەوەی بزوتنەوەی گۆڕان و تاقمە ئیسلامیەکان لە دەسەڵات و سامانی بەتاڵانبراو، کە دەست و ناوەرۆکی ئەوانی بۆ خەڵک ئاشکراترکرد، بەڵام مەیسەربونی بەشی ئەوانیش لە تاڵان و برۆ بە نرخی مەینەتی و داتەکاندنی زیاتری گیرفانی جەماوەری ستەمدیدە تەواوبو. خەڵکی بەدەنگهاتوی کوردستان باشیان لە بیرە

## بەرەو ١٧ی شوباتێکی تر

دروست لەو کاتەدا کە دەبوو سەرقاڵی خۆئامادەکردبن بۆ هەستانەوەی سەرولەنوێی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی و شۆڕشگێرانە، سەرکردەی بزوتنەوەی گۆڕان سنگی خۆی بۆ ئەوە دادەدڕی کە پێویستە جەماوەر دەست لە ناڕەزایەتی هەڵگرن و ٤ ساڵ شەقامەکان ئارام راگرن و لەبەرامبەر ستەمکاری دەسەڵاتی تالانچیدا دەستەو ئەژنۆ دانیشن، بۆ ئەوەی مەرامی ئەوان دەستەبەربێت. خۆشباوەڕی بە بانگەوازەکەی نەوشیروان مستەفا، راستەوخۆ دەستگیرۆیی دەسەڵاتی کرد و رێگای هاتنەمەیدانێکی سەرلەنوێی دژوارتر کرد. هەرچۆنێک بێت وا جارێکی تر دەرگای هاتنەوە مەیدان ئاوەڵا بوە بۆ ئەوەی هەم سنورێک بۆ تالان و ستەم دابنرێت و هەم هەنگاوێکی تر لە رێگای پساندنی کۆتی خۆشباوەری بە باڵێکی تری بورژوازی کورد هەڵبگیرێت. ١٧ی شوباتێکی دیکە بە مانای واقعی و بە خێرایی خۆی نزیک دەکاتەوە. گرنگ ئەوەیە دەرسمان لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١ وەرگرتبێت و رێگانەدەین هەڵەکان دوبارەبنەوە. فڕوفیشاڵی سەرانی تالانچی یەکێتی و پارتی تا ئەو رادەیە ریسوا و مایەپوچە کە هیچ پەردەیەکی بەسەرەوە نەماوە پێویستی بە لابردن بێت. هیچ پاساوێک نەماوە بۆ ئەوەی خەڵک بە هات و هاواری فریوکارانەی چاکسازی و پەخشانەوەی ئەفیونی نەتەوەپەرستی بواری ستەم و تالانی زیاتر بەوان بدات. سەرانی سەری سەرەوەی ئەم ئەحزاب و دەسەڵاتە روقایمانە دانبەوەدا دەنێن کە دەیان و بگرە سەدان ملیار دۆلار لە داهاتی ئەم کۆمەڵگایەیان بەتاڵانبردوەو ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەو زەلکاوەیە کە ناویان ناوە "قەیرانی دارایی"، کەچی هۆشداری ئەوە بە خەڵک دەکەن کە دەبێ بە بەڵگەو دۆکیومێنتەوە لەسەر تالان و گەندەڵی و تالانچیان قسە بکەن !!هیچ شتێک لەوە رۆشنتر نیە کە ئەم دەسەڵاتە و ئەم دۆخەی کوردستان چاکسازی هەڵناگرێ و پێوستی بە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە هەیە. ئەوانەی لەسەر کورسی دەسەڵاتەوە فرمێسکی تیمساحی بۆ داهاتی بەتاڵانچوی کوردستان دەڕێژن، ئەوانەی کە لە لوتکەی دەسەڵات و رابەری ئەم حزبانە راوەستاون، خۆیان گەورە تالانچی و براگەورەی تالانچیەکانی خوارەوەی خۆیانن. بۆیە ناتوانن بە هیچ گەندەڵکارێک بڵێن بەری چاوت برۆیە.

## بزوتنەوەی نارەزایەتی بەرەوکوێ؟

ئەمە یەکەمین و گرنگترین پرسیارە کە هەر بزوتنەوەیەکی جەماوەری لەگەڵ بەڕێکەوتنیدا پێویستە وەڵامی رۆشنی بۆی هەبێت. بەبێ وەڵامی رۆشن بۆ ئەم پرسیارە جەماوەر تەنها دەبن بە لەشکری پیادە و پێپلکانەیەک بۆ ئەوەی باڵێکی دیکەی هەمان چینی بورژوازی دەسەڵاتدار بەسەر شانیاندا سەرکەوێت بۆ سەر کورسی دەسەڵات و دەورەیەکی تر لە نەهامەتی دەست پێدەکاتەوە. ئەمە دەرسێکی بەرجەستەی دەیان شۆڕش و بزوتنەوەی جەماوەریە لە جیهان و بە دیاریکراوی شۆڕشەکانی ئەم دواییانەی میسرو تونس. هەر ئێستا دیسان بزوتنەوەی گۆڕان و تاقمە ئیسلامیەکان لە کەمینن بۆ تالانکردنی خەبات و قوربانیدانی جەماوەری بەدەنگهاتوو. ئەمانە کێشەکانیان لەگەڵ پارتی دروست لەسەر بەشی خۆیان لە دەسەڵات و داهاتی بەتالانبراوە. ئەمانە

نەک هیچ ڕەخنەیەکیان نیە لە دابەشبونی چینایەتی دانیشتوان لە نێوان دوو ئۆردو کە لایەکیان زۆربەی زۆری دانیشتوانن و نوقمی هەژاری و بێدەرەتانین و ئەوی تریان کەمایەتیەکی کەمی نوقمی سەروت و ژیانی شاهانەن، بەڵکو دروست لە پێناو سازدانەوەی ئەم سیستەمە بە شێوەیەکی پایەدارو هەتاهەتایی پەلەقاژە دەکەن. لە روی سیاسی و کۆمەڵایەتی و باوەڕبون بە ماف و ئازادیە مەدەنیەکان و مافەکانی ژنان و لاوانەوە، ئەم باڵەی بورژوازی زۆر لە دەسەلاتی کۆنەپەرستی ئیستا کۆنەپەرستتر و دواکەوتوترە. ئەمڕۆ دوای ئەوەی کە دەزانن ئەو دەسەلاتەی لە سێبەرەکەی راکشابون بە تەواوی باری لێژبوە، دیسان دەیانەوێ جێپێی خۆیان لە ناو بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری بکەنەوە و دیسان ئەم بزوتنەوەیە بەکاربهێنن بۆ مەرامەکانی خۆیان. بەڵام ئەجندەی بزوتنەوەی جەماوەری و ئەجندەی ئەوان دوو شتی تەواو لێکجیاوازو ناکۆکن لەگەڵ یەک. ئەجندەی ئەوان وەکو نوێنەری بەشێک لە سەرمایەدارانی خاوەن کۆمپانیا و سودخۆرو تەلاربەرزەکان، لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە چەند مانگ لەمەوبەر بە هۆی ناکۆکیان لەسەر دەسەلات و داهات لە پرۆسەی سیاسی پەراوێزخران. بەڵام ئەجندەی جەماوەری ناڕازی کرێکار و مامۆستا و کارمەند و لاوان و ژنان و خەڵکی ئازادیخواز، هاتنەمەیدانە دژی ئەم سیستەمە ستەمکارانەیەی دابەشکردنی کارو داهات. هاتنەمەیدانە لە درێژەی هەمان بزوتنەوەی ١٧ی شوبات و خەباتی ٢٥ ساڵی رابردوی جەماوەری کرێکارو ئازدیخوازو لاوان و ژنانی بە دەنگهاتو دژی کوشتاری ناموسپەرستی و سەتەمکاری جنسی. تێکەڵکردنی ئەم دوو ئەجندەیە و ئەم دوو ریزە زەبرێکی کوشندە و وێرانکەر دەبێت بۆ بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری. بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری دەتوانێ ئەمجارە بەسەرکەوتن بگات و لە هەنگاوی یەکەمدا پاشەکشە بە بورژوازی چاوچنۆکی کوردی بکات و بەشێک لە مافە سەرەتاییەکانی جەماوەر لە چنگی ئەوان دەربهێنێت و بەم جۆرەش هاوسەنگی بە قازانجی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە بگۆڕیت و ئاسۆیەکی گەش بخاتەرو بۆ ئاڵوگۆڕی ریشەیی لەم کۆمەڵگایەدا. بەڵام ئەمە مەرج و گرەوی خۆی هەیە. بەرلە هەرشت ریزی سەربەخۆ و خۆجیاکردنەوەی پێویستە لەو حزب و بزوتنەوە بۆرژوازیانەی کە نەک لە نەهامەتی و بێدەرەتانی و ستەمکێشی جەماوەر، بەڵکو لە بەشی خۆیان لە دەسەلات و داهات ناڕازین. ئەگەر دڵی خۆیان رازی بکرێت، دیسان بانگەوازی خەڵکی برسی و بێدەرەتان دەکەن بۆ ئەوەی شەقام ئارام راگرن و دەستەوئەژنۆ لە ماڵی خۆیاندا سکهەڵگوشن. وە ئەگەر پێویست بکات ناڕەزایەتی جەماوەری بە ئاژاوەگێری تاوانبار دەکەن و لە سەرکوتکردنی بە دڵ و بە گیان بەشداری دەکەن. ئەمە دەرسێکە بە نرخێکی زۆرگران لەسەر خەڵکی کوردستان بەدەستهاتوە و لە بیرکردنی نەک هەڵە بەڵکو خەتایەکە لێبوردن هەڵناگرێت. ئەرکێکی گرنگی رابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی ناڕزایەتیە ئەم راستیانە بۆ جەماوەری ناڕازی رونکەنەوەو بوار بە تێکەڵبونی ئەم ئەجندەو ریزە جیاوازانە نەدەن. "بروخێ بروخێ"ی ئەم باڵەی بورژوازی کورد نە بەڵگەی شۆڕشگێڕی و نە بە مەبەستی روخاندنی هیچ دیوارێکی ئەم دۆخ و سیستەمە ستەمکارانەیە نیە، بەڵکو تەنها بۆ بەکارهێنانی هێزی برسیەکانە بۆ ئەوەی تاقمێک تالانچی و سەرمایەداری خاوەن کۆمپانیا لەسەر کورسی لابەرن و تاقمێکی دیکەی سەرمایەدارو خاوەن

کۆمپانیا لەسەر کورسی دەسەڵات و بیرە نەوتەکان دابنێن. بزوتنەوەی جەماوەری برسی و بێدەرەتان و ئازادیخواز بە دور لە لاف و گەزافی فریوکارنەی ئەوان پێویستە خشت بە خشت و هەنگاو بە هەنگاو بەدیلی خۆی بنیاتبنێت. لەگەڵ ئەوەی کە نابێ هیچ گومان و خۆشباوەریەک لە پێویستی هەڵپیچانی ئەم دەسەڵاتە بکرێت، هەروەها لەگەڵ ئەوەی کە نابێ یەک ساتیش دەرفەت بە دەسەڵات بدرێت لە بردنە پێشی سیاستی برسیکردن و داتەکاندی گیرفانی ستەمکێشان و پێشێلکردنی ئازادیەکان، لە هەمانکاتیشدا نابێ هیچ هەنگاو و کردەوەیەک بخرێتە دەستورەوە کە ئاکام و ئەنجامەکانی لە دەستی خودی بزوتنەوەکەو رابەرانیدا مسۆگەر نەبێت. واتە دروست وایە دەست ببرێت بۆ تاکتیک و هەنگاوێکی کارسازو "رەنگە بە رواڵەت بچوک دەرکەوێت" کە بتوانێ دەسکەوتی مەلموس و هاوسەنگی هێز بە قازانجی بزوتنەوەی جەماوەری مسۆگەربکات و فەزا بۆ بردنە سەری ئامادەیی شۆڕشگێرانە بخولقێنی، نەک تاکتیک و هەنگاوێکی بە رواڵەت گەورە و لە راستیدا سەرچڵانە کە ئاکامەکەی یان سەرکوت یان سەرکەوتنی باڵێکی تری ستەمکاران بێت بۆ سەر کورسی دەسەڵات. لەم روانگەیەوە ئاستی ئێستای بزوتنەوەی نارەزایەتی بەپێی هاوسەنگی هێز و ئاستی رێکخراوبون و دەرکەوتنی رابەری سەربەخۆو شۆڕشگێرانە..... بزوتنەوەیەکە بۆ سەپاندنی خواستە دەستبەجێکانی جەماوەری ستەمکێش بە جۆرێک کە زامنی باشکردنی ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریەکان و ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بکات، زامنی بوژانەوەی باوەڕ و ئومێدی شۆڕشگێرانە و هاوکات قوڵکردنەوەی قەیرانی دەسەڵاتی بورژوای و نابودکردنی ئەو تەلیسم و بەها پوچانەبێت کە بە ناوی موقدەساتی ئیلاهی و قەومیەوە دەرخواردی خەڵکی دەدەن. بۆ نمونە لەم بارەیەوە پێداگری لەسەر دانی دەستبەجێ و بێدواکەوتنی موچەکان و زیادکردنیان بەپێی ئاستی گرانی ئێستا، دابینکردنی سەرجەم خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان وەکو ئاو و کارەبا و تەندروستی و سوتەمەنی، بیمەی بێکاری، ئازادی سیاسی و رێکخراوبون و خۆپیشاندان بەبێ داتاشینی قەیدو بەند، دادگایی تاوانبارانی سەرکوتەکەی ١٧ی شوبات، ئاشکراکردنی داهاتە بەتاڵانبراوەکان و گێرانەوەیان و دادگایی ئاشکرای تاڵانچیان، دەست لە کارێیشانەوەی کاربەدەستانی تێوەگلاو لە تاڵانی و هاتنەخوارەوەی مسعود بارزانی لە کورسی دەسەڵات بە تاوانی ئەوەی رۆڵی سەرەکی بوە لە خولقاندنی ئەم زەلکاوە، ...دەتوانن ئەو خواستانە بن کە لە ئێستادا پێداگریان لەسەر بکرێت.

## پێویستی رێکخراوبون

رێکخراوبونی ئەم ریزە سەربەخۆیە بۆ ئەوەی بتوانێ وەکو جەستەیەکی بەهێزو یەکپارچە بە یەکجار ئیرادە بکات و بەیەکجار بجوڵێت، مەرجێکی سەرەکیە بۆ چونەپێش و سەرکەوتن. ئێستا کاتی ئەوەیە کە کۆبونەوە و میتینگ و مانگرتنەکانی ئەم رۆژانە بکرێنە دەرفەت بۆ بەرپاکردنی رێکخراوە جۆراوجۆرەکان، لە هەموو گەڕەک و ناوەندێکی کارو خوێندن دەستەکان پێکبێن بۆ سازدانی جەماوەر و هاودەنگکردنیان لەسەر خواست و هەنگاوەکان، دامەزراندنی شوراکان و چۆنیەتی رێکخستنی کاروبار و خەبات و ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان و دەرهێنانی لەدەست دام و

دەزگا بیروکرات و گەندەڵ و وێرانکارەکانی حزبە بورژوازیەکان. لەم بارەیەوە دەستپێشکەری هەڵسوڕاوان و پێشڕەوان یەکجار پێویست و حەیاتیە. لە هەر جێگایەک پێویستە هەنگاوی گونجاو لەگەڵ ئاستی ئامادەیی جەماوەر و هاوسەنگی هێز لە نێوان جەماوەو دەسەلات دیاری بکرێت. بۆ نمونە لە ناوچەی دەسەلاتی پارتی ئاشکرایە کە هاوسەنگیەکە نالەبارترە، بەڵام تەلیسمەکان خەریکن دەشکێن و هەر ئێستا کاتی ئەوەیە لە هەموو ناوەندو گەڕەکەکان دەستەکانی سازدانی ناڕەزایەتی پێکبێن، بە شێوەی کارسازو گونجاو بەدور لە ریسک و دروشمی سەرچڵانە و شێوازی روبەڕوبەوەی پێشوەخت، کاری خۆیان بکەن و خۆیان لەگەڵ جێگاکانی تر هاوئاهەنگ بکەن. بەڵام نابێ گومان لەوە بکرێت کە خەبات بەبێ ڕێکخراوبون بە ئاکامی خۆی ناگات.

## ڕۆڵی پێشڕەوی چینی کرێکار

ئەوەی لە هاتنەمەیدانەکانی تا ئێستادا خاڵێکی لاوازی بەرجەستەیە، لاوازی یان نادیاری ڕۆڵی چینی کرێکارە. ئەم خەباتە بەبێ ڕۆڵی پێشڕەوانەی چینی کرێکار نەک هەر ناتوانێ ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ بەدیبهێنێ، بەڵکو زۆر ئەستەمە بتوانێ داخوازیە سەرەتاییەکانیشی بەدەستبهێنێت. هەرچەندە قسەکەرانی بورژوازی و ڕۆشنبیرانی توێژە ناوەنجیەکان دەیانەوێ لە دۆخی ئێستای کوردستاندا ڕۆڵی چینی کرێکار نادیدە بگرن و تەشەری لێبدەن، هەروەها سەرباری هەموو ئەو وێرانکاریانەی بورژوازی تاڵانچی کورد لە روی ئابوریەوە بەسەر ئەم کۆمەڵگایەی هێناوەو بەشێکی یەکجار زۆر لە چینی کرێکاری بێکار و پەرتەوازە و بەشێکی بەرچاویشی ناچار کردوە ببن بە زەخیرەی میلیشیاکانی خۆیان، بەڵام هێشتا ئەوە چینی کرێکارە کە گەورەترین زەبری هەیە بۆ بەچۆکداهێنانی ئەم دەسەلاتە ستەمکارە. تەنها هەڕەشەیەکی کرێکارانی کۆمپانیا نەوتیەکان بەسە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم زەبرە بەرجەستەبێت. کرێکارانی ناوەندە جیاجیاکان پێویستە بێدرەنگ بە ڕۆڵی پێشڕەوانەوە لە ئاستی ئەم بزوتنەوە ناڕەزایەتیەدا دەرکەون. بە داخوازی و دروشم و ریزی ڕێکخراوی خۆیانەوە ئاسۆیەکی پرشنگدار بەڕوی ئەم بزوتنەوەیەدا بکەنەوەو بیکەن بە هەنگاوێک لە ڕێگای پساندنی کۆتی ئەسارەتی سەرمایەدا. ئەرکی رابەران و هەڵسوڕوانی بزوتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیستیە بۆ وەلانانی ئەم خاڵە لاوازەوە دەستبەکاربن.

## خەتی سیاسی تاکتیکی

ئەمرۆ ئەوە بوە بە باوەڕو بۆچونێکی هەمەگیر لە ئاستی زۆر فروانی جەماوەریدا کە حزبە دەسەلاتدارەکان بە هەموو جۆرێک ئیمتحانی خۆیانداوەو ئیتر نەک هەر بە هیچ جۆرێک جێگای ئومێدنین بۆ دەرهێنانی کۆمەڵگای کوردستان لەو هەموو قەیران و نەهامەتی و گێژاوەی کە دەسەلات و سیاسەتەکانی ئەوان خوڵقاندویانە، بەڵکو خەڵک بە دروست خوازیاری هەڵپێچانی ئەم دەسەلاتە و دادگایی کردنی سەرانیانە. ئەمە ئەنجامی هوشیاریەکی سیاسیە کە بە نرخی چارەکە سەدەیەک لە جۆرەها نەهامەتی و کارەسات بەدەست هاتوە. ئەگەر دیسانەوەش ئەم جەماوەرە ناچاربکرێنەوە بۆ دەورەیەکی تر تەحەملی ئەم دەسەلاتە بکەن، ئەمجارە هۆکاری سەرەکی نەک لە

خۆشباوەڕی وەکو سەرەتای نەوەتەکان، بەڵکو ئەنجامی نائامادەییە بۆ هەڵپێچانی. کەواتە لەم ئاستە گشتیەدا حوکمی دروستی جەماوەری ستەمدیدە لەسەر ئەم دەسەڵاتە ئاشکرایە. بەڵام چونەپێش لە جێبەجێ کردنی ئەم حوکمە و لەوەش گرنگتر بەرپاکردنی ئایندەیەکی باشتر، هەم پێویستی بەوەیە بەدیلێکی شۆڕشگێڕانە و بەرچاورۆشنیەکی زیاتر لە ئاستی جەماوەریدا پێگەیەکی بەهێزی هەبێت، هەم تێپەڕاندنی سەرکەوتوانە لە هەر هەنگاوێکدا تاکتیکی کارساز و گونجاوی دەوێ. ئەمەی دوەمیان رۆڵی زۆریشی هەیە بۆ فەراهەم کردنی ئەوەی یەکەمیان. کارکردن و پیادەکردنی ئەم تێڕوانینە، ئامادەکاری بە کردەوەیە بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و پشتکردنیش لەمە، فەرامۆشکردنی ئەو ئامادەکاریەیە. بۆیە لێرەدا پێویست دەکات برێک وردتر لەسەری بڕۆین. تاکتیکی گونجاو پێویستە لە هەر هەنگاوێکدا بەپێی هاوسەنگی هێز، ئاستی توانای بزوتنەوەکە، رادەی رێکخراوبونی، رادەی مسۆگەربون و دەرکەوتنی رابەری سەربەخۆی، رادەی جێکەوتنی ئاسۆ و سیاسەتی شۆڕشگێڕانە بەسەریدا...زامنی بەرەوپێشەوەچون و هەر بەم پێیەش پێداویستیەکانی هەنگاوی دواتری بڕەخسێنێ. نابێ پێش ئەوەی ئامادەییەکانی هەنگاوێک رەخسابێت بخرێتە دەستورەوە. بە تایبەتی دورگرتنی بزوتنەوەکە لەو شێوازو روبەڕوبونەوانەی کە رەنگە دەسەڵات بۆ پەیداکردنی بەهانەی سەرکوت، یان باڵەکانی تری بورژوازی بە مەبەستی فشارهێنان بۆ دەسەڵات و کردنەوەی رێگای بەندوبەست، دەستپێشخەری بۆ بکەن. هەروەها دیاریکردنی داخوازیەکان بە جۆرێک کە توانایی بە کردەوەی بزوتنەوەکە لە ئاستی سەپاندنیاندابێت، لایەنێکی تری ئەم مەسەلەیەن. داخوازیەک کە بەرزدەکرێتەوە بۆ ئەوەیە کە دەسەڵات ناچاربکرێت بە جێبەجێکردنی. کەوایە بەدیهاتنی سەرکەوتنێکە و کارایی دەبێت لەسەر رەوتی پێشرەوی بزوتنەوەکە، پێچەوانەکەشی کاریگەری پێچەوانەی دەبێت، بۆیە ناکرێ یاری بە دروشم بکرێت. ئەم رۆژگارانە لە زۆر ناوەندی کار و خوێندن کار راگیراوە، هەڕەشەی مانگرتنی ناوەندەکانی تریش لە ئارادایە. هەر ئێستا خەریکە ساڵێک لە خوێندنی دەیان هەزار خوێندکار بە فیڕۆ دەڕوات. دەسەڵاتی گەندەڵ نەک هەر خەمی ئەمەی نیە بەڵکو خۆی مەڵاسداوە ئەمە بکاتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەزاران خانەوادەی ئەو خوێندکارانە بکات بە گژی مامۆستایان و نارەزایەتیەکاندا. ئەمە جگە لەوەی کە بە فیڕۆچونی ساڵێک بۆ هەزاران خوێندکار پێویستە خەمی گەورەی بزوتنەوەیەک بێت کە دەیەوێ ئایندەیەکی گەشتر بۆ ئەم کۆمەڵگایە دابین بکات. هەروەها ئەگەر سبەی نەخۆشخانەکان و خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی ژیانی خەڵک بە تەواوی رابگیرێت، کارەسات بەرپادەبێت. دەسەڵات خەمی نیە و تەنها لە بیری ئەوەدایە خەتاکەی بخاتە ئەستۆی مانگرتوان و جەماوەر دوشەقە بکەن و بیانکەن بەگژی یەکتردا. هەڵسوراوان و رابەرانی بزوتنەوەی جەماوەری پێویستە هەم خەمی ژیانی خەڵک و هەم خەمی یەکڕیزی جەماوەری ستەمدیدەیان هەبێت. کەوایە گونجاونیە ئەو ناوەندانەی کارەکانیان راستەوخۆ بە ژیانی رۆژانە و لە راوەستان نەهاتوی خەڵکەوە پەیوەستە رابگیرێن بە تایبەتی بۆ درێژماوە یان کاتی نادیار. پێویستە لە هەموو حاڵێکدا لانی کەمی خزمەتگوزاریە پێویستەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵک لەبەرچاوبگیرێت، مانگرتنی گشتی بۆ کاتێکی کورت و دیاریکراو کارسازو گونجاوە، بەلام بۆ

## بەرەو ١٧ی شوباتێکی تر

درێژماوە دەبی پێویستیە سەرەتایی و لە راوەستان نەهاتوەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵک لەبەرچاوبگیرێن و شێوازی گونجاوتری خەبات بگیرێتەبەر. ئێستا کاتی ئەوەیە کە هیچ ناوەندێکی کار داهاتی ناوەندەکەی خۆی نەدات بەم دەسەڵاتە گەندەڵە، لە جیاتی ئەوە داهاتەکانیان پێویستە بخرێتە بەردەستی دەستەکانی نارەزایەتی جەماوەری و بۆ خەرجی دابینکردنی لانی کەمی خزمەتگوزاریە زۆر پیویستەکان تەرخان بکرێن. هەروەها پێویستە مامۆستایان پلانێکیان هەبێت کە هەم نارەزایەتیەکان بەردەوام و هەم ساڵی خوێندنی خوێندکاران بە فیرۆنەچێت. بەم جۆرەش دەتوانن هەزاران کەس لە خوێندکاران و خانەوادەکانیان بخەنەپشتی خەبات و داوا رەواکانی خۆیان. یادی هاتنەمەیدانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ دژی ئەم دەسەڵاتە گەندڵ و تاوانکارە نزیک دەبێتەوە، کاتێکیش بەدەستەوە ماوە بۆ ئەوەی ئەم بزوتنەوە جەماوەریە سازو ئامادەو یەکدەست بکرێت و لەو یادەدا پەیامێکی توکمەو شایستە بدات بە گوێی ئەم دەسەڵاتەدا. بۆ نمونە مانگرتنی سەرتاسەری لە کوردستان بەرپابێت لە دەوری خواستە دەستبەجێکان. دەرەوەی وڵاتیش وەکو هەمیشە دەتوانێ و پێویستە مەیدانێکی گەرم و گرنگی ئەم بزوتنەوەیە بێت.

١٠ی شوباتی ٢٠١٦

ڕێبوار ئەحمەد

# هەنگاوێکی لە بایکۆت کارسازتر پێویستە

ماوەی چەند هەفتەیە زۆرێک لە قوتابخانەکان و ناوەندەکانی کار بە بایکۆتکردن و نەچونەسەرکار، پەیامێکی توندی ناڕەزایەتیان داوە بەگوێی دەسەڵاتدا. هەرچەندە جەماوەری ناڕازی تورەیی خۆیان لەوە دەردەبڕن کە دەسەڵات گوێی نیە و نایبیستێ. بەڵام لە ڕاستیدا دەسەڵات ئەو پەیامەی بە باشی بیستوە و لەژێر فشاری توندا قەراری گرتوە. سەرباری ئەوەش نایەوێ بە ئاسانی مل بەداخوازیەکانی خەڵک بدات. هێشتا سورە لەسەر ئەوەی ئاکامە کارەساتبارەکانی تاڵان و بڕۆی چەندین ساڵەی خۆیان بەسەر خەڵکدا بشکێنێتەوە. ئەگەرچی تۆزقاڵێک پاشەکشەی لە خۆی نیشانداوە، بەڵام لە ڕاستیدا دەیەوێ بە بەڵێنی پوچ و تەم و مژاوی و هاوکات بە فشاری هەمەلایەنە، ناڕەزایەتیەکان خامۆش بکاتەوە و دۆخەکە وەکو خۆی تێپەڕێنی. هیچ شتێک لەوە ئاشکراترنیە کە ئەم دەسەڵاتە نیازی نیە دەست لە ستەمکاری و نانبڕینی خەڵک هەڵگرێت. تەنانەت ئەگەر بۆ خۆدەربازکردن لە گورزی ناڕەزایەتیەکان هەندێک بەڵینی تەم و مژوای پوچیش بە خەڵک بدات؛ وەکو "هەڵە لە بڕیاری پاشەکەوتکردنی زۆرەملێی موچە هەیەو پێداچونەوەی بۆ دەکەن، موچە کەمەکان کەم ناکەنەوە، مژدەی خۆشیان هەیە بۆ خەڵک لە ڕۆژانی داهاتودا و...هتد." لەگەل ئەوەی ئەم بەڵینانە خۆیان پوچن و هیچ شتێکی سەرڕاست و ڕاشکاو بەدەستەوە نادەن، تازە ئەگەر گۆڕانکاریەکی ڕواڵەتیش بکرێت، گومانی تیانیە کە تەنها تا خامۆش بونەوەی ناڕەزایەتیەکان بڕ دەکات و دوای ئەوە توندتر لە ئێستا دەست دەنێنە بناقاقای خەڵکی ستەمدیدە.

ئەم دەسەڵاتە بورژوازیەی کوردایەتی لە ڕادەبەدەر مشەخۆرو چاوتێرنەبوە، تا ئەو ڕادەیەی کە هیچ مافێک بە خەڵکی "نەتەوە پیرۆز"ەکەی خۆی ڕەوانابینێ. هەرچی لەسەر زەوی و ژێر زەوی و ئاسمانی ئەم کۆمەڵگایەدا هەیە بە موڵکی خۆی دەزانێ. سەرجەم داهاتەکان بۆ خۆی دەبات،

قاچاخچێتی بە دەرمان و خۆراکی ماوە بەسەرچوشەوە دەکات، هەموو کۆمپانیا تالانچیەکان هەر مولکی خۆیانن. لەگەڵ ئەوەشدا تا سەر ئێسقان خوێنی کرێکارو جوتیارو مامۆستا و کارمەند و پێشمەرگەش دەمژن، ئەو کۆمەکانەی بە ناوی پێشمەرگە و شەری داعشەوە وەریدەگرێت، ئەوەی بە ناوی ئاوارە و شەنگارەوە وەریدەگرێت، ئەوەی بە ناوی خۆراک و دەرمانەوە وەریدەگریت، لە هەموی بەشی شێری بەتالان دەبرێت. دەست بۆ خەرجی گیرفانی خوێندکار و سفرەی خاڵی کەس و کاری ئەنفال و شەهید و خانەنشین و دەستفرۆش و کەم ئەندامیش درێژ دەکەن، لە داهاتی لەشفرۆشیش بەشی خۆیان دەوێ، هێشتاش چاویان تێرنابێت و تەنانەت پەلاماری شیری منداڵیش دەدەن. ئەمە ماناو ناوەرۆکی ناسیۆنالیزم و کوردایەتی و نەتەوەپەرستیە. بورژوازی کورد و حزبە بورژوازیەکانی کوردایەتی میللەت و نەتەوەیان تەنها و بە تەنها بۆ ئەوەیە خوێنی بمژن، هیچ گوزەران و خۆشبەختیەک بە مافی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ستەمدیدەی ئەو نەتەوەیە نازانن کە رۆژ تا ئێوارە بە ئەی رەقیب و کوردایەتی مێشکیان دەکوتنەوە.

ئەمرۆ ئەو راستیە وەکو رۆژی روناک ئاشکرایە کە ئامانجی بورژوازناسیۆنالیستی کورد لە برەودان بە کوردایەتی و ئەی رەقیب و گیانی نەتەوەپەرستی کوردی، ئەوەیە کە ئەم ستەمکاری و تالان و برۆیە پەردەپۆش بکات. دەیەوێ لە ژێر ناوی "هەموان هەر کوردین"، چەوساوەکان چەواشە و شەری نێوان چینی ستەمکارو چینی ستەمدیدە خامۆش بکات. "ئەی رەقیب و کەس نەڵێ کورد مردوە" ی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کورد تەنها و بە تەنها بۆ ئەوەیە کریکارو زەحمەتکیش و سەتەمکێشانی کورد "نەمرن" و بمێنێن بۆ ئەوەی کۆشک و تەلار و قەڵای سەرمایەی ئەوان بەرزو بەرزتر بکەنەوە. دروست وەکو ئەوەی لەم چارەکە سەدەیەدا رویدا. دەرسێکی گرنگی روداوەکانی ئێستای کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە کە تورهەڵدانی نەتەوەپەرستی و ناسیۆنالیزم مەرجێکی سەرەکی پساندنی کۆت و بەندی کۆیلایەتی و ستەمکاریە لە دەست و پێی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخواز.

لە جیاتی بایکۆت!

نارەزایەتیەکانی تا ئێستا و بە تایبەتی بایکۆت کردن، سەرەتایەکی باش و پەیامێکی بەهێز بوو بۆ هۆشداریدان بە دەسەڵاتی ستەمکاری بورژوازی کورد. بەڵام لەوە زیاتر درێژەدان بەو شێوازە کارساز نیە و ناتوانێ هاوسەنگیەکە زیاتر بە قازانجی جەماوری نارازی بگۆرێت، ناتوانێ وەکو پێویست چۆک بە دەسەڵات دابدات. بۆیە پێویستە جێگای خۆی بدات بە شێواز و هەنگاوی کارسازتر. بە تایبەتی بایکۆت لەگەڵ درێژە پەیداکردنی بۆ درێژماوە لایەنە لاوازەکانی بەرجەستەتر دەبێت و رەنگە بگۆرێت بە دژی خۆی. بەتایبەتی دوای ئەوەی دەسەلات پەنای بردووە بۆ پلانی کەمکردنەوەی دەوام بە مەبەستی ئەوەی هەم کاریگەریەکانی بایکۆت ناکام بکاتەوە و هەم پەرتەوازەیی و دوبەرەکایەتی بەسەر نارەزایەتیەکاندا زاڵکات. بەدەر لەمەش خودی بایکۆت بۆ درێژماوە خاڵی لاوازی خۆی هەیە لەوانە؛

یەکەم/ بەردەوامی بایکۆت بۆ درێژماوە، دەبێتە هۆی لێکدابرانی جەماوەری نارازی لەیەکترو لاوازبونی هاودەنگی و یەک ریزیان.

## هەنگاوێکی لە بایکۆت کارسازتر پێویستە

دوەم/ دەسەڵات کار دەکات بۆ هەڵخڕاندنی خەڵک دژی راوەستانی خزمەتگوزاریەکان و هاندانی بەشێکی تر لە خەڵک دژی بایکۆت. دەیەوێ ئۆباڵی بەفیڕۆچونی ساڵێکی خوێندکاران بخاتە ئەستۆی مامۆستایان نەک بێدەربەستی خۆیان. ئەمە پلان و پروپاگەندەیەکی ژەهراویە بۆ ئەوەی خوێندکاران و خانەوادەکانیان بکات بە گژی مامۆستایاندا.

سێەم/ ئۆباڵی راوەستانی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان دەخاتە ئەستۆی دکتۆرو کارمەندانی موچە بڕاو نەک بێدەربەستی و تالآن و بڕۆی خۆیان. هەر تەنگەبەری و روداو کارەساتێکیش بە هۆی نەبونی ئەم خزمەتگوزاریانەوە بێتەبەرەوە، دەسەڵات دەیکاتە بەهانەیەک بۆ هاندانی خەڵک دژی بایکۆت.

چوارەم/ خاڵێکی لاوازی بایکۆت ئەوەیە کە رادەی گوشاری لەسەر دەسەڵات سنوردارو بەرتەسکە و رەنگە ئەوان بتوانن بۆ ماوەیەکی دێژتر خۆیان لە بەرامبەر ئەم گوشارەدا رابگرن، تا ئەوکاتەی خەڵک بێزارو نائومێد، هەروەها ریزی نارەزایەتیەکان پەرتەوازە و دوچاری ناکۆکی دەبنەوە...

پێشتر باسی ئەوەشمان کردوە کە جەماوەری نارازی پێویستە لەگەڵ گرتنبەری هەر شێوازیکی نارەزایەتیدا، ئەوەیان لەبەرچاوبێت کە ناکرێ بۆ درێژماوە و کاتێکی نادیار خزمەتگوزاریەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵک لەکاربکەوێن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوانە ئێتر کاتی ئەوە هاتوە شێوازێکی کارسازتر جێگای بایکۆت بگرێتەوە. شێوازێک کە گوشاری زیاتر بێت لەسەر دەسەڵات، ئاستی یەکدەستی و رێکخراوبونی جەماوەر بەرەوسەر بەرێت، ریزی نارەزایەتیەکان فراوانتر بکاتەوە ....بۆ ئەم مەبەستە باشتر وایە لە جیاتی بایکۆت هەموان بگەڕێنەوە بۆ ناوەندەکانی کارو خوێندن، قوتابخانەکان و خزمەتگوزاریە پێویستەکانی خەڵک بخرێنەوە کار، ئەوەندەی دەکرێت خزمەتگوزاری پێویست بۆ خەڵک دابینبکرێت و لە بەرامبەردا ئابلۆقە لە سەر دەسەڵات و حزب و دامەزراوەکانی دابنرێت و هەمو خزمەتگوزاریەکیان لێ ببڕدرێت. هەروەها لە جیاتی بایکۆت باشتر وایە هەموو مەیدانەکانی کارو خوێندن بکرێن بە مەیدانی کۆبونەوە و میتینگی رۆژانە بۆ گفتوگۆ لەسەر چی کردن و چۆن کردن و چۆنیەتی یەکدەستبون و بەرەنگاربونەوەی پلانەکانی دەسەڵات. پێویستە سەرجەم ناوەندەکان خۆیان لە شواراکان و رێکخراوە سەربەخۆکاندا رێکبخەن. واتە کۆبونەوەی گشتی ناوەندەکەیان بەرپا بکەن و نوێنەرانێکی جێگا باوەڕ و متمانە پێکراو لە نێوان خۆیاندا هەڵبژێرن بۆ رابەری کردنی خەباتی ناوەندەکە و نوێنەرایەتی کردنیان هەم لە بەرامبەر دەسەڵات و هەم بۆ یەکخستنی نارەزایەتیەکان لەگەڵ ناوەندەکانی تر و لە ئاستی سەراسەریدا. شوراکان لە هەمانکاتدا هەموو کاروباری ناوەندەکان بەدەستەوە بگرن و رێکیانبخەن. خاڵی بەهێزی شورا لە چاو سیستەم و شێوەکانی تری رێکخراوبون ئەوەیە کە هەر ناوەندە خۆی راستەوخۆ نوێنەرانی خۆی هەڵدەبژێرێت و هەر ساتێکیش دەرکەوت کە نوێنەرانێک باش نوێنەرایەتی ئەو جەماوەرە ناکەن کە هەڵیانبژاردوە، یەکسەر هەر لەلایەن ئەو جەماوەرەوە لادەبرێن و کەسی گونجاوتر بۆ جێگرتنەوەیان هەڵدەبژێردرێتەوە. لە سیستەمی شورایدا هیچ بەهانەیەک نیە کە ئەم کارە بۆ یەک رۆژیش دوابخات. جیاوازیەکی گرنگ و بنەڕەتی شورا لەگەڵ سیستەم و شێوەکانی تر، بۆ نمونە پەرلەمان و یەکێتی و نەقابە، ئەوەیە کە شورا بوار نادات

کەسانێک ببن بە وەکیل و بریکاری خەڵک و هەردوای وەرگرتنی پەنجە مۆری خەڵک ئیتر بۆ چەند ساڵ بتوانن سات و سەودا بە مافی جەماوەرەوە بکەن بەبێ ئەوەی جەماوەر مافی ئەوەی هەبێت لایانبەرێ. شورا هەمیشە جەماوەر لە مەیدانی دەخاڵەتی ڕاستەوخۆ رادەگرێت و کەسانێکیش دەکات بە نوێنەر، هەرکات باش نوێنەرایەتی جەماوەریان نەکرد یەکسەر لادەبرێن.

پێویستە تاکتیکی گونجاو لەبەرامبەر ئەو تاکتیکەی دەسەڵات بگیرێتەبەر کە هەوڵدەدات خوێندکاران و خانەوادەکانیان بکات بە گژی مامۆستایاندا و ئەمە لە دژی خۆی هەڵبگێردرێتەوە. لەگەڵ بەگەڕخستنەوەی ناوەندەکانی خوێندن، سەرجەم خانەوادەی خوێندکاران بانگێشت بکرێن و لە ناو قوتابخانەدا کۆبونەوەیان لەگەڵ بکرێت، بۆیان ڕونکرێتەوە کە ڕێگای بە فیرۆ نەچونی ساڵێکی خوێندکاران ئەوە نیە مامۆستا ناچاربکرێت بە گیرفانی بەتاڵ و سفرەی خاڵی ماڵیەوە وانە بڵێتەوە، ئەمە بە هیچ جۆرێک ناکرێت و لە توانادا نیە. ڕێگاچارە ئەوەیە کە دەسەڵاتی گەندەڵ و تاڵانچی ناچاربکرێت، لەو داهاتەی بەتاڵانیان بردوە، دەستبەجێ هەموو موچەکانی مامۆستایان بدەن. تەنها ڕێگای خوێندکاران و خانەوادەکانیشیان بۆ ئەوەی بەربگرن لە بەفیرۆچونی ساڵێکی خوێندن، هەر ئەوەیە کە بە هەموو توانا لە پشتی خەباتی مامۆستایان ڕاوەستن و هاوشان لەگەڵ ئەوان ڕاوەستن بۆ ناچارکردنی دەسەڵات بەجێبەجێ کردنی خواستەکانیان. ناوەندە خزمەتگوزاریەکانیش دەتوانن هەمان ڕێگا بگرنەبەر بۆ ئەوەی جەماوەری بێبەش لە خزموتگوزاری، لە پشتی ناڕەزایەتی خۆیان ڕابگرن. جگە لە ناوەندەکانی کار پێویستە گەڕەکەکانیش بکرێنە مەیدانی کۆبونەوە و متینگ و سەنگەرێکی تری خەبات لە دژی برسێتی و نانبڕین و ستەمکاری. لەم کۆبونەوانەدا شورای گەرەکەکان دامەزرێن بۆ ڕێکخستن و ڕابەری کردنی خەباتی جەماوەری و بە دەستەوە گرتنی کاروباری گەڕەک لە جیاتی دام و دەزگا گەندەڵەکانی دەسەڵات.

ئەو ناوەندانەی کە خۆیان داهاتیان هەیە، لە جیاتی دانی داهاتەکان بە دام و دەزگا گەندەڵەکان، داهاتەکانیان لەلایەن شوراکانەوە کۆنترۆڵ بکرێت بۆ دابینکردنی موچەکان و کۆمەک کردن بە دابینکردنی موچەی ئەو ناوەندانەی تر کە داهاتیان نیە. پێویستە بەڕێوەبەرایەتی و دەزگا گەندەڵەکانی دەسەڵات فەرامۆش و بایکۆت و دەسکۆتابکرین و پێڕەویان لێ نەکرێت. بۆ ئەم کارانە نابێ کات بە فیرۆبدرێت، پێویستە شەو ڕۆژ بخرێنە سەریەک بۆ بەرەوپێش بردنی خێرای ئەم هانگاوانە. تێپەڕبونی کات بە زیانی خەباتی جەماوەری و بە قازانجی دەسەڵاتی ستەمکارە. دەسەڵات دەیەوێ کات بەسەر بەرێت تا خەڵک شەکەت و ماندو نائومێد دەبێ و چۆکدائەدات. ئەرکی پێشڕەوان و ڕابەرانی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی و هەڵسوڕاوانی کرێکاری و کۆمۆنیستە کە دەست بخەنەپێش و جەماوەری نارازی لەم ڕێگایەدا ڕابەری بکەن.

مەسەلەیەکی زۆر گرنگ ئەوەیە کە دەستەکانی ئێستا هەروەها لەگەڵ بەرپابونی شوراکاندا، بەردەوام بانگەوازی پێشمەرگە و پۆلیس و هێزەچەکدارەکان بکەن و بەرچاویان ڕۆشنبکەنەوە کە چارەنوسی ئەوان و چارەنوسی جەماوەری نارازی و ستەمدیدەیە یەک چارەنوسە. ئەوانیش بەشێکن لەو جەماوەرەی کە بۆ نان و ژیان و ئازادی هاتونەمەیدان. ئەوان کە خۆیان ڕۆڵەی کرێکاران و جەماوەی زەحمەتکێش و ناڕازی و برسین، نابێ ببنە قەڵغانی کۆمەڵێک جەردە و

### هەنگاوێکی لە بایکۆت کارسازتر پێویستە

گەندەڵ و ستەمکارو لە پێناو پاراستنی قەڵای سەروەت و دەسەڵاتی گەندەڵکاراندا لولەی چەکەکانیان ئاراستەی سنگی هاوچارەنوسەکانی خۆیان بکەن کە تەنها لە پێناو مافی رەوای خۆیاندا هاتوەتەمەیدان. دەبێ بەردەوام ئەوەیان بۆ رونبرێتەوە کە سەنگەری ئەوانیش سەنگەری نارەزایەتی جەماوەری ستەمکێش و ئازادیخوازە، ئەوانیش دەبێ لەم سەنگەرە و لە پاڵ جەماوەری ستەمدیدە دژی دەسەڵاتی ستەمکار راوەستن.

٢٣ شوباتی ٢٠١٦



خەسرەو سایە

# پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

## ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا

## (٢)

**پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان**

لەبەشی دووەمی ئەم وتارەدا دەچینە سەر بەشی دووەمی پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان "لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان"، کە لەم تەوەرانەی خوارەوە پێکهاتووە:

١/ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان،

٢/ سیاسەتی ئابوری و بنیاتنانی ژێرخان،

٣/ ئامانجی پەروەردەیی، تەندروستی، ژینگەیی و رۆشنبیری،

٤/ دادی کۆمەڵایەتی و گەشەدان بە سامانی مرۆیی.

بێگومان هەریەک لەم تەوەرانەش چەندین برگە وخاڵ ریزبەندی کراون کە بە کۆی هەموویان ئەو ئەرک و ئامانج و ئالتەرناتیڤە دەگرێتە خۆی کە ئەم حزبە لەبەرامبەر کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی وئابوری کوردستاندا بۆی تێدەکۆشێ. دروست ئێمەش لەباسەکەماندا هەوڵدەدەین لەڕێگای شیکردنەوە ورەخنەگرتن لە یەک بەدوای یەکی ئەم تەوەرانە و برگەکانیەوە ناوەرۆکی چینایەتی وبۆرژوا ناسیونال ریفۆرمیستی ئەم حزبە دەرخەین ونیشانی بدەین کە بەدوای چ جۆرە گۆڕانکاریەکەوەیە و لەپەیوەند بەبەرژەوەندیەکانی چ بەشیکی کۆمەڵگاوە خراوەتە دەستوری کارەوە. هەر لێرەشدا ئەوە رادەگەیەنین کەبۆئەوەی باسەکەمان خوێنەران زیاد ماندوو نەکات ئەم

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

بەشەی وتارەکەمان، بەتەنها تایبەت دەکەین بەتەوەرەی یەکەم ("ئامانجە نیشتمانی ودیموکراتیەکان") و لە بەشەکانی تری ئەم باسەدا لەسەر ئەو تەوەرانەی تر کەلەسەرەوە ئاماژەی بۆکراوە، ڕادەوەستین. دیارە خوینەران بەگەرانەوە بۆ خودی پرۆگرامی ساسی بزوتنەوەی گۆران و بەراورد کردنی لەگەڵ ڕەخنەکانی ئێمەدا باشتر بەناوەرۆکی ئەم جەدەلە ئاشنادەبن. تەواوی پرۆگرامەکەش دەتوانرێ لەم لینکەی خوارەوەدا بەدەست بێت.

http://www.gorran.net/Detail.aspx?id=٢٦٠٥&LinkID=١١٤

بەڵام سەرەتا بابزانین جیهانبینی بزوتنەوەی گۆران چیە ولەچ ڕوانگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگای کۆردستان وسیستمە سیاسی و ئابوریەکەی دەڕوانێ؟.

**کۆمەڵگای کوردستان- سیستەمی ئابوری وسیاسی،**

**لەڕوانگەو دونیابینی بزوتنەوەی گۆڕاندا:**

بێگومان پرۆگرامی هەر حزبیکی سیاسی لەدیاری کردنی ئامانجەکان ورێگای گەیشتنی بەوئامانجانە، پشتدەبەستێ بەدونیابینی وڕوانگەیەکی دیاریکراوی کۆمەلایەتی وە هەر لێرەشەوە و لەپێگە و بەرژەوەندییەکی چینایەتیەوە پێناسە بۆ سروشتی کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی و ئابوری وسەرجەم بارودۆخی داسەپاو دەکات، تا بتوانێ ئالتەرناتیڤی دڵخوازی خۆی بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمەلایەتی و دەرکێشانی ئینسانەکان بخاتە بەردەم جەماوەرەوە. بزوتنەوەی گۆران سەرەڕای جیاوازیەکی ڕواڵەتی لەگەڵ ئەحزابی تەقلیدی سەر شانۆی سیاسی ئەمرۆی کوردستان، لەجەوهەردا لەسەر هەمان دونیابینی ناسویناليزم و هەمان ڕوانگەو پێناسەیەک کەئەم بزوتنەوەیەو حزبە سەرەکیەکانی بوویانە، ڕاوەستاوەو لێرەشەوە بۆ کۆمەڵگای کوردستان و دۆخی سیاسی وسیستەمی حوکمڕانی وفۆرمی ئابووری وماف و ئازادیەکانی هاولاتیانی کوردستان دەڕوانێ و سەرەنجام "چاکسازی" وەک ئاڵتەرناتیڤێک لەبەرامبەردا بەدەستەوە دەگرێ. زاراوەکانی "کوردبوون و نیشتمانی کورد"، "نیشتمان پەروەری و خیانەتی نیشتمانی" کێشەی کورد وهەرێمی کوردستان"، "شۆڕشی کورد و قوربانیدانەکانی"، "ئەزمونی حکومەت و پەرلەمان"، "پێشمەرگەو ئاسایش و دەزگای هەوالگری" .. کۆدەکانی دونیابینی و ڕوانگەیەکی لۆکەلی و ناسیونالێزمێکە، کە بەیەکجاری خەڵکی کوردستانی لەشاڕێی شارستانی ومەدەنیەتی سەردەم و ڕەوتی ئینسانگەرایی جیهانی، دابڕاندووە و لەهەرجۆرە هاوچارەنوسیەکیان لەگەڵ خەڵکی جیهان و ناوچەکە جیای کردونەتەوە. وەک ئەوەی کە مێژوی جیهانی سەردەم وکارەسات و ڕەوەندە سیاسی وئابورەی وکۆمەلایەتیەکان، بەتەنها لەجوگرافیای "هەرێمی کوردستان"دا قەتیس ماوە. لەعەینەکی ئەم ناسیونالزمەوە کۆمەڵگای کوردستان وەک "هەرێمێکی جوگرافی" دەبینرێ و پیناسەی بۆدەکرێ، کە لەودا نە سەرمایە و بازاڕ، نە کارگەر و هێزی کار، جێگایەکیان هەیە و نە مێژوی ئەم ناوچەیە پەیوەندیەکی قوڵ وهەمەلایەنەی بە مێژوی جیهانی سەردەم و ڕەوتە ئابوری و سیاسیەکانیەوە هەیە. دەستەواژەی "هەرێمی کوردستان" کە جێگایەکی سەرەکی لە پرۆگرامدا گرتووە، عینوانێکە بۆ خۆلادان لە ڕاستیە ئابوری و سیاسی وچینایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان و بەسەنتەرکردنی

کێشەی کوردو تەجوربەکەی وەک مەسەلەو کێشەیەکی سەرەکی و بنەڕەتی، ڕووی لەوەیە کە ئەم مەسەلەیە و تەجروبەی حکومڕانیەکەی لە "بەرژەوەندی حزبی وخیانەت" پاککاتەوە. باسی نیشتمان ونیشتمان پەروەری، وەک چەترێک بۆ کۆکردنەوەی هەموو "پێکهاتەکان" و ئاڕاستەکردنیان بەپێی ستراتیژی چاکسازی، سەرەنجام لە خزمەتی تەعدیل کردنی بازاڕی تالان وبرۆی بەرپرسان و پڕکردنەوەی ئەو درز و کەلێنانەیە کە لەدەسەلاتداریێتی بۆرژوازی کورددا سەری هەڵداوە. کاتێکیش مەسەلەی کورد درێژدەبێتەوە بۆ پارچەکانی تری کوردستان، دیسانەوە "کوردستانی ڕۆژئاوا و ڕۆژ هەڵات" وەک درێژکراوەیەکی ئیسنیکی وقەومی وێنادەکرێ و"پابەندی خزمایەتی و هاوسۆزیی نەتەوەیی کورد" دەبێتە بنەمایەک بۆهەمان مامەڵەکردنێکی دووفاقی لەگەڵ "کێشەی کورد" لەم پارچانەدا، کە تائیستا ئەحزابی تەقلیدی ناسیونالیزمی کورد بەپێی بەرژەوەندی خۆیان و سیاسەتی ڕۆژیان مەمەڵەیان لەگەڵ کردووە و پەیوەندیە سیاسی و بازرگانیەکانی خۆیان لەگەڵ"دەوڵەتانی دراوسێ" دا پێبەڕیوە، بەجۆرێک کە بەرژەوەندیەکانی "هەرێمی کوردستانی عێراق" لەڕێگایەوە زامن وسەروەربێ. بەڵام پرۆگرام چ پێناسەیەکی بۆ کۆمەڵگای کوردستان هەیە؟ ئەگەر ناسیونالیزمی تەقلیدی لە جۆری ئەحزابی وەک پارتی و یەکیەتی، لەڕابردوودا لە ڕێگای ئینکار کردنی سەرمایەداری بوونی کۆمەڵگای کوردستان وهەبوونی چینی کرێکارەوە، "ئەرکە نیشتمانی و دیموکراتیەکەکانی شۆڕش"یان لەپرۆگرامی خۆیاندا دەنوسیەوە، ئەمڕۆ بزوتنەوەی گۆڕان بەخۆلادان لەم پێناسەیە و لە حەقیقەتە چینایەتیەکان وبەدوای چەندین دەیە کەسەرمایەداری و چینی کرێکار وەک یەک واقعیەتی کۆمەڵایەتی لەهەمووکاتێک زیاتر بەرجەستەیە، هەمان ئەرکی نیشتمانی و دیموکراتی لەپۆرگرامەکەی خۆیدا داڕشتۆتەوە. بەڵام دیارە بەو تایبەتمەندیەوە کە بۆرژوازی کورد نەک هەر بەئامانجی خۆی لە کۆنترۆڵکردنی بازاڕی کار و سەرمایە و و بەدەستەوەگرتنی دەسەلات گەیشتووە، بەڵکو ڕووبەڕوی یەک قەیرانی هەمەلایەنەی سیاسی و ئابوری بۆتەوە. لەئێستادا پێناسەی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ کۆمەلگای کوردستان، جوگرافیایەکە بۆ کۆکردنەوەی "پیکهاتە قەومی و ئاینیەکان". مۆلیکیولێکە لە ئەتومەکانی کوردو "عەرەبی ڕەسەن"و تورکمان و ئاشوری وکلدانی، لە خێڵ وتیرەکان، لە ناوچەکان و ئیسلام ومەسیحی و یەزیدی، لە شەبەک و کاکەیی وفەیلی.. هەموو ئەم "پێکهاتوانە" دەبێ لە"نیشتمانی کوردستان"دا لەژێر چەتری "نەتەوەی زۆرینە" و بە ناسنامانەی "کەمایەتی"یانەوە بۆ ماف و ئازادیەکانیان لەپرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان بڕوانن. ئەم دەستەبەندی کردنە جگەلەوەی هەویەتی ئینسانی و چینایەتی هاوڵاتیانی دانیشتوی کوردستان خاڵی دەکاتەوە وناسنامەی دروستکراو ودرۆزنانەیان بەبەردا دەکات، لەهەمانکاتدا، وەک هاوڵاتیانی پلەدووی ژێر دەستی "نەتەوەی کورد" دایان دەنێتەوە. خۆگرێدانەوە بە ڕوانگەی لیبرالیزمی نوێ و وپۆستمۆدیرنیزم وعەکسکردنەوەی لە پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕاندا و بەکارهێنانی بۆ ناساندنی کۆمەڵگای کوردستان، کە بەدوای یەک قوتبی بوونەوەی دونیای دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، کەوتۆتە سەرزمانی جوڵانەوە بۆرژوازیەکانەوە، بێگومان ئەو هونەرە سیاسیەشی هەیە تا کۆمەڵگای کوردستان بە ژمارەیەک لە "کەمایەتی قەومی و ئاینی و ناوچەیی" بناسێندرێ، تا هاوڵاتیانی غیرە

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

کورد بکرێنە وەسیلە و پاشکۆی ئامانج و سیاسەتەکانی ناسیونالیزمی کورد و ڕازاندنەوەی حکومەت و سیستەمێکی دەسەڵاتدارێتی وشەرعیەتدان بە دیموکراتیەک کە بۆرژوازی کورد کردویەتیە ئامانجی خۆی. پارچە پارچەکردنی ڕیزی خەباتی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێش لە خەبات بۆ ڕزگاری لەدەست ستەم و نابەرابەریەک کە سەرمایەداری و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد ڕاگریەتی، لەبنەڕەتەوە، لەسەر ئەوە رادەوەستێ کە گیانی هاوخەباتی و هاوچارەنوسی ئینسانی ئەم "پێکهاتوانە" بسڕدرێتەوە و ئەوان لەبۆتەی ناسیونالیزم و قەومگەرایدا بەدیار شەڕو کێشە و قینەبەری قەومی وجیاوازیەکانیانەوە ڕاگرێ.

لەمەش زیاتر هەڵوێست لە دەسەڵاتی سیاسی مەوجود، بەدیلێک کە لەبەرامبەریدا بۆ سازدانەوەی داهاتوی کۆمەڵگا و بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕ لەدۆخی باودا، مەسەلەیەکی بنەڕەتیە لەبەردەم هەر حزبێکی سیاسیدا کە بەدوای گۆڕانکاریەوەیە. بەڵام دیارە هەڵویستی حزبی گۆڕان لەدەسەڵات و سیستەمی حوکمڕانی ئێستای کوردستان، وەک ئەوەی بە"دەستکەوتی هەموو گەلی کوردستان" ناسراوە و دەبێ وەک ئەزمونی "قوربانیەکانی نەتەوەی کورد" سەیری بکرێ و لەهەرجۆرە مەترسیەکی ناوەکی و دەرەکی بپارێزرێ، بە پێویست "چاکسازی و بەنیشتمانی کردن"ی دامودەزگاکانی حکومەت و کاراکردنەوەی پەرلەمانەکەی، دەکاتە بەدلیلێک و لێرەشەوە ئامانجەکانی خۆی لە دوتوێی پڕۆگرامەکەیدا جێگیر دەکات. لەکاتێکدا کارنامەی زیاتر لەدوو دەیەی ئەم دەسەڵات و حکومەتە، جگە لە قوڵکردنەوەی جیاوازیە چینایەتیەکان و داسەپاندنی سەرکوت و کۆنەپەرستی، هەژاری و بێکاری، کوشتنی ژنان و دەربەدەر بوونی لاوان و لێسەندنەوەی خزمەتگوازاریەکان، لەسەر حسابی تاڵان  و بڕۆ و پەرەگرتنی گەندەڵی و دەوڵەمەند بوونی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیا و بەرپرسان، شتیکی زیاتری بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان، بەدواوە نەبووە. لەڕاستیدا بزوتنەوەی گۆڕان و پڕۆگرامەکەی بە عەینەکی ناسیونالیزمەوە و لەدەرونی خانەوادەی بۆرژوازی کورد و کێشە نێوخۆیەکانیەوە بۆ کۆمەڵگا و دەروبەر دەڕوانێ. ڕزگارکردنی تەجروبەیەکی حکومڕانی و نەزمێکی داڕوخاوی ئابوری و ئیداری و تەعدیلکردنی، هاوکات پاراستنی ئەم تەجروبەیە لەهەرجۆرە مەترسیەک، کە لەلایەن خەڵکی ناڕازی و چینە زەحمەتکێشەکانەوە بۆی پێکبێنێ، تەواوی هەم و غەمی ئەم حزبە و پڕۆگرامەکەیەتی وهەر بۆ ئەم ئامانج و ئومێدەش نوسراوە. لێرەدا بۆ زیاتر ڕۆشنایی خستنەسەر ئەم ڕاستیە باشترە لەسەر ئەو چەمکە سەرەکیانە ڕاوەستین کە پڕۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕانی پێنوسراوە.

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان و چەمکە سەرەکیەکانی!

پڕۆگرام لە پێناسەکردنی بزوتنەوەی گۆڕاندا، ئاوا دەدوێ:

> "بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر بنەمانی ئینتما <u>بۆ نیشتمانی کوردستان</u> دامەزراوە، <u>کوردستانیبون</u> لەدیدی بزوتنەوەی گۆڕاندا <u>ناسنامەیەکی کۆکارە</u>، هەمو هاوڵاتیەکی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە کە دانیشتوی هەرێم بێت، سەر بە هەر نەوتەوە و پێکهاتەیەکی ئیتنی و ئاینی و مەزهەبی بێت.

بزوتنەوەی گۆڕان <u>ئامانجی نیشتمانی لە ئامانجی دیموکراتی</u> جیاناکاتەوە، <u>بنیاتنانی قەوارەی کوردستان لە بنیاتنانی قەوارە و کەسایەتی تاک جیاناکاتەوە."</u>
"بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر بنەمای <u>هاوڵاتیبون</u> مامەڵەیەکی <u>یاسایی و دیموکراتی لەگەڵ چەمکی نیشتمان و نیشتمانیەرەوری</u> دەکا، <u>هاوڵاتیانی کوردستان</u> سەر بە هەر ناوچە و خێڵ و پێکهاتە و بنەماڵەیەک بن، لە هەر تەمەنێکدا بن و سەر بە هەر رەگەزێک بن، هەڵگری هەر فیکر و عەقیدەیەک بن، خاوەنی هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و هەر پیشێیێکی سیاسی بن، لەبەردەم یاسا و لە بەجێهێنانی ئەرک و زامنکردنی مافەکانیاندا یەکسانن."(هێڵی تەئکید هی ئێمەن لەمەبەدواش بەکارهێنانی هێڵەکانی تەئکید دیسانەوە لەلایەن ئێمەوە دەبێت)

بەم جۆرە " ئینتمای نیشتمانی، کوردستانی بوون، دیموکراتی وهاووڵاتیبوون" چەمکگەلێکن کەپانتاییەکی سەنتەریان لەپرۆگرامەکەی بزوتنەوەی گۆڕاندا داگیرکردووە و لە ڕوانگەیانەوە وردەکاری وخاڵبەندیەکانی پیداڕێژراوە. بەڵام بۆ دەرخستنی واتا و ناوەڕۆکی چینایەتی ئەم چەمکانە باشترە وردتر لەسەر هەریەکەیان ڕاوەستین:

١/ **ئینتمای نیشتمانی و نیشتمان پەروەری.** لەم چەمکەدا جگەلەوەی تاکی کۆمەڵگا لە ئینتما و ماهیەتی ئینسانی بوونەکەی خاڵی دەکریتەوە و بازدەدرێ بەسەر جیاوازیە چینایەتیەکان و ئاستی دەرامەت و بژێویان و وەک بونەوەرێک کە بەتەنها وابەستەگیان بە خاک و سنورێکی دیاریکراوەوەیە، هاوکات "نیشتمان" وەک مەرج و پێوانەیەک بەدەسەتەوە دەگیرێ بۆ سەلماندنی مافی تاکەکان لە کۆمەڵگادا، بەڕادەیەک کە تاکی دەرەوەی ئەو نیشتمانە مافە پێناسەکراوەکان نایانگرێتەوە. بەجیا لەناوەڕۆک ومەودای ئەو مافانەی کە بزوتنەوەی گۆڕان بەڕەوای دەبینێ بۆ هەر تاک وبەشێکی کۆمەڵگا، بەڵام بەدەستەوەگرتنی چەمکی نیشتمان ئەو ئەنجامەشی دەبێ کە ئۆتۆماتیکی تاکەکان وبەشەکانی کۆمەڵگا بەسەر پێکهاتە قەومی و ئاینیەکان و خێڵ وتیرەکاندا دابەشبکا و بەم ئینتما دروستکراوانەوە، لەژێر چەتری "نیشتمانی کورد"دا کۆیان بکاتەوە. چەترێک کە "نەتەوەی کورد" زۆرینەی نیشتمانە و ئەوانیتر "کەمینە" وئەرکیانە مل بەسیاسەت و کارنامەی ڕەوتو حزبە باڵادەستەکان بدەن. بەمجۆرەش "ئینتمای نیشتمانی" ئەگەرچی بانگەواز بۆ یەکخستنی تاکەکان لەسەر بنەمای "بەرژەوەندی هاوبەش"دەکات بەڵام لەبەنەڕەتەوە جیاوازیە قەومی و ئاینیەکان جێگیردەکا و تەنها یەک بەرژەوەندی تایبەت کە "نەتەوەی زۆرینە" و حزبەکانی لەپشتیەوە ڕاوەستاوە، بەسەر ئەوانیتردا دادەسەپێنێ.

لەلایەکیترەوە، نیشتمانی و نیشتمان پەروەری کە لە پرۆگرامدا ئەڵقەی یەکەمە بۆ پەڕینەوە بەرەو دیموکراسی و هاوڵاتی بوون، وەک چەمک وڕوانگەیەکی بۆرژوازی ئیدعای خۆلەجێگەدانانی هەموو کۆمەڵگایە. واتە بۆرژوازی لە مێژووی هەموو وڵاتانی دونیادا، بۆ ئەوەی بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی خۆی بەناوی هەموو خەڵک وکۆمەڵگاوە ناوزەد بکا و هەموو تاکەکان و هەموو توێژو چینەکان، واز لەبەرژەوەندی خۆیان بهێنن وسەر لەیەک ئامانجی بۆرژوازی دەربهێنن، لەکاتێکدا دەبینین کە دوای گرتنی دەسەڵات ودابەشکردنی داهاتو سامانی وڵات چۆن ئەم نیشتمانی

و نیشتمان پەروەریەی بۆرژوازی دەبێتە نیعمەتێک بۆ سەرمایەداران و دەسەڵاتداران و بێبەری کردنی زۆرینەی کۆمەڵگاش لێی. لە ڕاستیدا نیشتمانی بوون وبەنیشتمانی کردن (patriotism and nationalisation)لە رابردوودا بانگەوازێک بووە لەلایەن ئەحزابو بزوتنەوە ناسیونالیستەکانەوە بۆ ڕێکخستنی بازاڕی ناوخۆی سەرمایەداری وهەڵگرتنی ئەو کوسپ و بەربەستە ئابوری و سیاسی وقانونیانەی کە دەرەبەگایەتی وپاشماوەکانی، لەسەر ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتی بۆرژوازی دایناوە و کۆکردنەوەی توانا ئابووریەکان لەدەستی دەوڵەتدا. لەقۆناغەکانی دوای سەرهەڵدانی ئیستعمارو داگیرکاری وڵاتاندا، نیشتمانی ونیشتمان پەروەری وەک چەمک و ڕێبازێکی بۆرژوازی بۆشکڵدان بەئینتما و هەویەتی قەومی لەبەرامبەر داگیرکەران و هێزی بێگانە و دەرەکیدا، وزەیەک بوو بۆ ڕێکخستنی جوڵانەوەیەکی سیاسی نەتەوەیی، گوایە تاکەکانی دانیشتوی هەر جوگرافیایەک نیشتمان بۆیان دەبێ بەدەستمایەی "ئیرادە و بەرژەوەندی هاوبەش"ی نێوانیان. هەر بۆیە دەبێ لە جەنگی ڕزگارکردنی خاک ونیشتماندا، دەست لەجیاوازیە چینایەتی و بەرژەوەندیەکانی خۆیان هەڵگرن، تابتوانن داگیرکەران و بێگانە بکەنە دەرەوە. بەڵام مێژویەکی کورتی دوای بەدەسەڵات گەیشتنی چینی بۆرژوازی و حزبە قەومیەکان، ئەوەیان دەرخست، کە چۆن هەر ئەو نیشتمان پەروەرانە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان وپەرەدان بە بازاڕی سەرمایەدارانەیان، لەکلکەوە خۆیان لەگەڵ دەوڵەتانی ئیستعمار و ئیمپریالیزم و بێگانەدا، کە بە"شەیتانی گەورە" لەبەرچاوی خەڵکدا ناساندبوویان، گرێدایەوە. نمونەکانی ئەم جۆرە بزوتنەوە قەومی و نیشتمانیانە لەوڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا، گەواهی ئەم ڕاستیەن. لە کوردستانیش ئێمە لەگەڵ تەجروبەی نیشتمان پەروەرانێکی ناسیونالسیت و نمونەی حزبەکانی بەرەوڕووین کە چۆن نەک هەر "ئیرادەو بەرژەوەندی هاوبەشی" نیشتمانی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستانیان بازار فرۆشی دەوڵەتانی داگیرکەر و بێگانە کردووە، بەڵکو چەندین جار پێشلەشکری وراکێشانی سوپای "دەوڵەتانی داگیرکەرو بێگانە بەکورد"یان، دژبە ویستو ئیرادەی خەڵکی کوردستان، بەڕێوەبردووە. تەنانەت نەک هەرئەمە بەڵکو سیاسەتی "کورد بەکورد بەکوشتدان"، هەروەک خۆیان ناویان لێناوە، کردۆتە گۆشەیەکی تاڵ وقیزەونی مێژوی خەڵکی کوردستان.

بەڵام حیکمەتی ئەوە چییە کە بزوتنەوەی گۆڕان لەڕۆژگارێکدا پرۆگرامەکەی بەم جۆرە چەمکە پرتوکاو و ناوەرۆک بۆشە رازاندۆتەوە، لەسەردەمێکدا کە کوردستانی عێراق نە لەگەڵ کۆسپ و پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی بەرەورووە ونە حوکمی داگیرکەران و بێگانەی بەسەرەوەیە، تا بکرێ هەموو خەڵکی کوردستان لەژێر چەتری"ئیرادەو بەرژەوەندیەکی هاوبەش"دا کۆبکرێنەوە و مۆری"ئینتمای نیشتمانی" لەنێوچاوانیان بدرێ؟ تەنها حیکمەتێک کە لەم کارەدا هەبێ هەرئەوەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان وەک هەر حزب و ڕەوتێکی ناسیونالیست و خاکپەرست، خۆلادان لەسەرمایەداری بوونی کوردستان و بازدان بەسەر جیاوازیە چینایەتیەکان و ناکۆکیەک کە لە نێوان خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و چینی دەسەڵاتداردا لەئارادایە، بکاتە بنەمای ڕاگرتن و پاراستنی پایەکانی چەوسانەوە و نابەرابەریەک کە لەکۆمەڵگادا زاڵە ولەم ڕێگایەشەوە کاڵای "نیشتمانی ونیشتمان پەروەری" بکاتە دەسمایەیەک بۆ ڕێبازی چاکسازی و شیرینکردن و مانەوەی

ئەزمونی دەسەڵاتداریتی ئێستای بۆرژوازی کورد، کە هۆکاری نەگەبەتی و ستەم و چەوسانەوەی رابردوو ئێستای زۆرینەی خەڵکە.

٢/ **کوردستانی بوون.** ڕوویەکی تری ڕوانگە و بۆچونی ناسیونالیستیە کە بزوتنەوەی گۆڕان بۆ ساغکردنەوەی "ئینتمای نیشتمانی" پشتی پێبەستووە. بەڵام واتای ئەم چەمکە چییە؟. موقەدەس کردنی خاک وسنوری جوگرافی و بەبەرداکردنی وەک ناسنامە و ئینتمایەکی فەرزکراو بەسەر تاکاکەکانی کۆمەڵگایەکدا، کە بەدەر لە ئیرادە و ئینتخابی ئازادانەی خۆیان تیایدا لەدایک بوون، دەکرێتە فاکتۆرێک بۆ برانەوەی هەقی حاکمەیەتی بۆرژوازی و حزبە قەومیەکانی. ناسیونالیزم بەگشتی بۆئەوەی دەسەڵاتداریتی نەتەوەیی بەیەکسان بگرێ لەگەڵ دەخاڵەت و بەشداری تاکەکانی ئەو نەتەوەیە لەدەسەڵات وبەڕێوەبردنی وڵاتدا وپێیان بڵێ کە سنوری جوگرافی وخاک، ئەو مافە بەنەتەوە دەدات کە بەجیاواز لەوانیتر دەوڵەت ودەسەڵاتی خودی دامەزرێنێ. بەڵام ئەم ئیدعاو کردەیە پەردەپۆشکردنی ئەو راستیەیە کە خودی دامەزراندنی دەوڵەت و سیستەمی دەسەڵاتداریتی بەناوی نەتەوەوە، ناکۆکە لەگەڵ مافی بڕیاردانی هاوڵاتیان وسنوردارکردنی خەڵکە لەدیاریکردنی شێوەی ژیانیاندا. تەواوی دەسەڵاتە قەومیەکان ئەوەیان سەلماندووە کە چینی باڵادەست و حزبەکانی، بڕیاردەری ئەوەڵ وئاخری سیستمی سیاسی و ئابووری وڵاتن وتەنانەت نەک هەر ئەوان مافو ئازادیەکان لەوسنورە جوگرافیەدا بۆ هاولاتیان دیاری دەکەن، بەڵکو هەرکاتێک هاولاتی بن دەستیان بکەونە نارەزایەتی و خستنە ڕووی داواکاریەکانیانەوە بەئاگرو ئاسن وەڵامیان پێدەدەنەوە وخەبات وناڕەزایەتیەکەشیان بە"خیانەتی نیشتمانی" و ئاژەوەگێری مەحکوم دەکەن. کوردستانی بوون وەک سیاسەتێک و وەک ئینتمایەک لەلایەن بۆرژوازی خۆیەوە دروست دەکرێ ودەکرێتە چوارچیوەیەک بۆ دیاری کردنی قەڵەمڕەوی سیاسی و ئابوری و حقوقی. لەم سیاست و ئینتمایەشدا، پشتبەستن و بەدەستەوەگرتنی تایبەتمەندیەکانی وەک زمان، ئاین، خاک، کەلتور.. هەموو ئەمانە کە لەدەرەوەی ویستی ئینسانەکان فەرزکراون بەسەر خەڵکدا و لەدەرەوەی بڕیار و ئینتخابی تاکەکانی نێو جوگرافیایەکی دیاری کراو ئامادەگیان هەیە، ئەو ماتریالانەن کە لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە بەدەستەوە دەگیرێ تا خەڵکی کوردستان لە ئینسانەکانی تر و هاوچارەنوسی ئینسانیان جیایان بکاتەوە و دایانبڕنێت. وە لێرەشەوە مەشروعیەت بەمافی دەسەڵاتداریتی چینی بۆرژوازی کورد ببەخشێ. لەتەجروبەی "هەرێمی کوردستان"دا، بەڕۆشنی ئەوە دەرکەوتوە کە چۆن کوردستانی بوون وەک ئینتمایەک بۆ بەدەستەوەگرتنی جیاوازیەکانی زمان و ئیسنیکی و ئاینی و کەلتوریی نەتەوەی کورد، کرایە پرۆژەیەکی سیاسی تا حزبە ناسیونالیستەکان بەهۆیە هەم لە دەوڵەتی تازەی عێراقدا بەشداری بکەن وهەم ڕەسمیەت بە دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان لەژێرچەتری فیدرالیزمی قەومیدا بدەن. لەکاتێکدا ولەسەرتاپای ئەم تەجروبەیەو ئەم پرۆژە سیاسیەدا، نە پرسوڕایەک بەهاوڵاتیانی کوردستان کرا کە ئایا دەیانەوێت بکرێنەوە پاشکۆی دەوڵەتی مەرکەزی یان نا، وە نە لە پێکهێنانی حکومەتی خۆماڵیشدا، کەمترین ئاست لە دەخاڵەتکردن و بەڕێوەبردنی وڵاتدا بۆ بەرەسمی نەناسێندرا. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە پیرۆزکردنی خاکی کوردستان و تایبەتمەندیە ئیسنکی و ئاینی وکەلتوریەکان وەک جەهەری

"ئینتمای کوردستانی بوون"، شتێکی زیاتر نییە لەداتاشینی هەویەتی قەومی تا بۆرژوازی کورد، حەقانیەتی دەسەڵاتداریێتی خۆی لەسەرو ویستی خەڵکەوە وەرگرێ. ئەمە ئەوئامانجەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان وەک هەر حزبێکی تری ناسیونالیستی لەپشتی ئەم چەمکەوە بۆی دەڕوانێ.

٣/ **دیموکراتی**. چەمکی دیموکراتی لەدونیای ئەمڕۆدا چ وەک تەعبیرو ماناکەی و چ وەک فۆرمی دەسەڵاتداریێتی واتاو شێوازی جۆراوجۆری بەرهەم هێناوە، لە دیموکراسی ئەمریکایی و ئەوروپاییەوە تا نمونە کارتۆنیەکانی لە ولاتانی ئاسیا و ئەفریقیا، بەنمونە داتەپیوەکەی عێراق وکوردستانیشەوە، هەموویان لەوخاڵەدا هاوبەشن کە نمونە وفۆرمێکی دەسەڵاتداریێتی چینی بۆرژوازی وبالادەستبوونی حزبەکانیەتی بەسەر کردەی ئابوری و سیاسی و وقانونی لەکۆمەڵگادا، کە لەبنەڕەتەوە ڕۆڵی جەماوەرو ئاستی دەخاڵەتکردنی هاوولاتیان بەتەنها لەدەنگدان و هەڵبژاردنی ئەحزابگەلێکی ڕاست و کۆنەپەرست، قەومیو ئاینی وفاشیستدا، قەتیس دەکەنەوە. دیموکراسی وەک سیستەمێک جگەلەوەی کە دابەشبوونە چینایەتیەکان، لەنێوان سەرمایەدارو کرێکار، دەوڵەمەندو هەژاردا، دەهێڵێتەوە، هاوکات بڕیاری هاولاتیان لەسەر مەسەلە وردو درشتەکانی سیستەمی ئابوریو سیاسی کۆمەڵگا، تائەو ئاستەیە، کە هەرچوار ساڵ جارێک دەنگیان وەربگیرێ وپاشان ڕەوانەی ماڵەوە بکرێن و بەدیار سیاست وکارنامەی حزبەکانەوە دابنرێن. ئەمە ئەو سیستەمەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان ستایشی بۆدەکات. ئەگەر دیموکراسی بەگشتی لە ولاتانی ئەوروپاو ولاتگەلێکی تر بەرادەیەکی زۆر لەناسنامەی قەومی ونیشتمانی دورکەوتبێتەوە وبەجۆرێک سکولاریزمی لەسیستەمی دەسەڵاتداریێتیدا جێگیر کردبێت، بەڵام کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان، دیموکراتی لەڕیزبەندییەکدا دەکاتە پاشکۆ بۆ چەمکەکانی "نیشتمانی وکوردستانی بوون"، مانایەکی تایبەت تر وەردەگرێ و دەخرێتە ژێر حوکمی ئینتمای قەومیەوە، وەک بەرهەمێکیش بۆ ئەم ڕوانگە و بۆچونە بۆ دیموکراسی، فۆرم وسیستەمێک لەدەسەلاتداریێتی بەدوادادێت، کە ناسنامەی قەومی هەڵگرتووە. کاتێکیش کە نەتەوەی کورد زۆرینە و بالادەست بێت، بەپێویست هاولاتیانی تورکمان وئاشوریو کلدانی و.. دەبنە هاولاتیانێکی پلەدویی کەنارکەوتوو. لەمەش زیاتر کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان پشت لەسکولاریزەکردنی فۆرم وسیستەمی حکومڕانی دەکا و ئیسلام وەک "ئاینی زۆرینە" دەکاتە سەرچاوەیەک بۆ دەستورو یاساکان لەکوردستاندا، چەمکی دیموکراتی ناتوانێ شتێکی زیاتر لەواتاو فۆرمێک لەدەسەلاتداریێتی بڕوات کە لەسەر پلورالیزمی سیاسیو ئێتنیکی بەڕیوەدەڕوات. کۆکرنەوەی نوێنەرانی ئەحزاب و پێکهاتە کەمینییەکانی وەک تورکمان وئاشوری، موسوڵمان ومەسیحی، یەزیدی و فەیلی، عەرەبو کورد.. لەپەرلەماندا ودواتریش پاشکۆکردنی بەتەوافقی نێوان حزبەکانەوە، نەک جێگایەک بۆ کەمترین ئاست لەدەخاڵەت وبڕیاردانی خەڵک لەسەر مەسەلە ئابوری و سیاسیەکان ناهێڵێتەوە، بەڵکو خودی پەرلەمان ودەزگا قانونی وتەشریعیەکانی دەوروبەری، دەکاتە کارتۆنی و جێگایەک بۆ شەرو دەعوای نەبڕاوەی چەند ئەحزابێکی کۆنەپەرستی قەومی وئیسلامی.

٤/ **هاولاتی بوون**. ئەگەرچی بزوتنەوەی گۆڕان لەچەند جێگای پرۆگرامەکەیدا ئاماژە بەچەمکی هاولاتی بوون ومافی یەکسانی هاولاتیان دەکات، بەلام مادام ناسنامەی قەومی وئاینی لەفۆڕمی

حکومەتیدا جێگا دەکاتەوە، بەکردەوە ئەم چەمکە لەناوەڕۆکەکەی خاڵی دەکاتەوە و واتای یەکسانی هاوڵاتیان لەبەردەم یاسادا دەسڕێتەوە. بەتایبەتی کە مافی هاوڵاتی بونی یەکسان کاتێک دەتوانرێ دەستەبەربێت کە نیزامی سیاسی سکولارو بەدەر لەهەر ناسنامەیەکی قەومیو ئاینی پێناسەی بۆکرابێت.

بەڵام هەموو ئەم چەمکانە کاتێک ناوەڕۆکی بۆرژوایی وناسیونالیستانەیان دەردەکەوێت کاتێک بەپشتبەستن پێیان ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیکەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەدوتویی پلاتفۆرمی چاکسازی سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتیەکاندا گەڵاڵە دەبنەوە و وەک خاڵە سەرەکیەکانی پرۆگرام جێگیر دەکرێن. کەوایە باشترە وردتر لەسەر خودی تەوەرەکان ڕاوەستین.

## تەوەرەی یەکەم؛

## ئامانجە نیشتمانی ودیموکراتیەکان،

ئەم تەوەرە کە تایبەتە بەئامانجە سیاسیەکان وئاڵتەرناتیڤی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان بەرامبەر بەدەسەڵاتی ئێستا، لەپێشەکیەکەیدا و لەسەر بنەمای چەمکەکانی ئینتمای نیشتمانی، کوردستانی بوون، دیموکراتی وهاووڵاتیبوون... ئەم بزوتنەوەیە بە حزبێکی "نیشتمان پەروەری کوردستانی و دیموکراتخواز، کە بڕوای بە مافی هاوڵاتی هەیە، دەناسێندرێ. ئێمە لەسەرەوە بەشێک لەو ڕستانەمان خستە روو کە ئەم پێناسەیەیان لەخۆگرتووە، بەڵام ئەو دەربڕینانەی کە لەم پێناسەیەدا هاتووە دەرگا دەکاتەوە بۆئەوەی رەخنە ونیگەرانی بزوتنەوەی گۆڕان لەخیانەت و"پاوانکردنی نیشتمانپەروەری" حزبەکانی وەک پارتی ویەکیەتی بهێنێتە ئاراوە. هەر بۆیە بەرلەوەی بچینە سەر ناوەڕۆکی ئامانجە سیاسیەکان وئاڵتەرناتیڤێک کە بزوتنەوەی گۆڕان لەپرۆگرامەکەیدا جێگیری کردووە، بە باشی دەزانین لەسەر ئەو نیگەرانی و رەخنانە ڕاوەستین کە لەپێشەکی ئەم تەوەرەدا هاتووە:

> "گیانبەخشینی گەلەکەمان لە مێژوی دورو نزیکدا... بەری رەنج و قوربانیدان و گیانبەخشین، بەیەکسانی، بەسەر هەمو هاوڵاتیانی کوردستاندا دابەش ببێت و هیچ کەس و لایەنێک بۆی نەبێت بەتەنها خۆی بکاتە خاوەنیان.

هەروەها "پاوانکردنی سەروەریەکانی رابردوو"، "پیرۆزیەکانی گەڵ" بەدژی سەرەتاکانی دیموکراسیو نیشتمان پەروەری دەناسێنێ. ئەوەتا دەڵێت:

> پاوانکردنی بەرهەمی سەروەرییەکانی رابردو، پاوانکردنی پیرۆزیەکانی گەلەکەمان، لەلایەن هەر هێزو کەس و خێزان و بنەماڵەیەکەوە بێت، دژی سەرەتاکانی دیموکراسی و نیشتمانپەروەرییە.

وەلەمانەش زیاتر، "پاوانکردنی نیشتمانپەروەری" دەکاتە، "هۆکاری شەڕی ناوخۆ وپێکدادانی لایەنەکان" و"لێکترازانی پەیکەرەی کۆمەڵایەتی":

> کۆمەڵگەی کوردی مێژویەکی تاڵی لەگەڵ دیاردەی پاوانکردنی نیشتمانپەروەری، بەخشینەوەی خیانەت و تۆمەت لەنێوان هێزە سیاسیەکاندا هەیە، ئەم دیاردەیە هۆکاری

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

سەرەکی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ بوە، هۆکاری پێکدادانی نێوان ئەو پارت و هێزانە بوە کە ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی حیزبیان تێکەڵکردوە، هۆکاری لێکترازانی پەیکەرەی کۆمەڵایەتی و لاوازبونی هوشیاریی نیشتمانی بوە.

١/ مەبەستی سەرەکی حزبی گۆران لەم دەربڕینانەی سەرەوە، وەک هەر حزبێکی ناسیونالیستی تر کە شانازی بە ڕابردووەوە دەکات، بەدەستەوە گرتنی"گیانبەخشین وقوربانیدانەکانی مێژوی دورونزیک و پیرۆزیەکانی گەل"ە، وەک دەستمایەیەکی سیاسی و گشتگیر، بۆ مەشروعیەت دان بەخۆی وسیاسەتەکانی. هاوکات بەهای ئەم خۆ بەمیراتگریەی ڕابردوو بۆ بزوتنەوەی گۆڕان، چەند واتاو مەبەستی تریش بەدوای خۆیدا دێنێ، یەکەم ئەوەی کە ڕابردوی قوربانیدانەکان وهەموو ئەو ڕوداوانەی کە دەرد و مەئەساتیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا داسەپاندووە و لە بازنەی شەڕ و مفاوەزات و شکستی حزبە ناسیونالیستەکاندا بەرامەبەر بەدەوڵەتی مەرکەزی بەرهەم هاتووە، بەتاقە مێژوی خەڵکی کوردستان بناسرێ، کەتێیدا، بزوتنەوەی کوردایەتی چ وەک سیاسەت و فەرهەنگ، چ وەک مێژوو هەڵکەوتەکانی، بە بزوتنەوەی دایک جێگابگرێ و ئیتر هەرجۆرە جوڵانەوە و مێژویەکی تر و هەرجۆرە لێکدانەوەیەکی تر بۆ ڕوداوەکانی کوردستان لەدەرەوەی ئەم بزوتنەوەیە، ئینکارو نەفی بکرێتەوە. دووەم "شانازی کردن بەقوربانیەکان و پیرۆزیەکانی گەلەوە" تائەو ئاستە دەڕوات کە دەرگای لێپێچینەوە و مەحکومکردنی سەرانی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد وسیاسەتە هەڵەو دژە خەڵکیەکانیان ببەستێ. شانازی کردنی سەرانی یەکیەتی و پارتی بە"سەد هەزار شەهید"ەوە، وەیا ئەوەی کە"شۆڕشی گوڵانو بەرزان، شۆڕشی نوێ" بە سەروەری لە مێژوی کورد"دا لەقەڵەم دەدرێ، وەیاخود ئەوەی کە "هەموو خەڵکی کوردستان لەژێر کڵاوەکەی عومەری خاوەر"دا کۆدەکرێتەوە، تەنانەت ئەوەی کەساڵانە فرمێسک بۆ قوربانیانی ئەنفال وکیمایاباران، هەڵدەڕێژرێت، لەپاڵ سەدان نمونەی تردا، هەموویان بۆئەوەن کە ئەم ڕووداوانە وەک مێژویەکی سیاسی پیرۆزکراو بکرێنە فەرهەنگی گشتی خەڵکی کوردستان و پەردەش بدرێ بە ڕۆڵ وکارکردی ئەحزابەکان لەم ڕووداوانەدا، بەجۆرێک کەهەرگیز نەتوانرێ ڕاستیەکانی پشتی ئەم ڕووداوانە و سیاسەتی نادروستی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی هەڵدرێتەوە؟. بەڵام دەبێ لەبزوتنەوەی گۆڕان ئەو پرسیارەش بکرێ کەئایا مەبەستان چییە لە "سەروەری ودەستکەوتی قوربانیدانەکان"، کە بەهۆیانەوە نیشتمان پەروەری وخیانەتی پێدەپێون؟ ئایا بەکوشتدانی هەزاران لاو وئینسانی شەریفی ئەم کۆمەڵگایە جێگای شانازیە یان ڕەخنە و سەرزەنشتکردن؟ ئایا باڵاترین سەروەری و دەستکەوتی قوربانی دانەکان، شتێکی زیاترە لە حکومەت و پەرلەمانی ئێستا، کە ژیانی خەڵکی بەچ ڕۆژێک گەیاندووە؟

ڕاستیەکەی ئەوەیە کەناسیونالیزمی کورد، وەک جوڵانەوەیەک کە قاچی لەڕابردوودایە و ناسنامەی خۆی لەسەر مەئەسات وئەو روداوە تراژیدیانە دارشتووە کەسەرنجام گیان و ژیانی هاوڵاتیانی کوردستانی تیا کراوەتە ئامرازی قوربانیدانەکان، ناتوانێ هەڵگری هیچ ئاستێک لەپێشڕەوی کۆمەڵایەتی وهیچ ئاستێک لەپێشکەتن خوازو ئینسان دۆستی بێت. بزوتنەوەی گۆڕان کە شەڕی میراتگری ئەم ڕابردووە دەکات و"نیشتمان پەروەری" دەکاتە پێوانەی خۆجیاکردنەوە لەگەڵ

ئەوانیتردا، تا مەشروعیەت بەخۆی بدا. بەلام پالدانەوە بەم فەرهەنگە سیاسیەوە، ئەو ئیدعایە لەبنەوە بەدرۆدەخاتەوە، کەدەلێ، حزبی گۆڕان حزبێکی جیاوازە لە حزبە ناسیونالیستە تەقلیدیەکانیتر.

٢/ هەروەک لە تێکستەکانی سەرەوەدا ئاماژەی بۆ دەکرێ، بزوتنەوەی گۆڕان هەلگیرسانی شەڕی ناوخۆ وکێشەی نێوان حزبەکان لەڕابردو و ئێستادا، هەوەها " لێکترازانی پەیکەرەی کۆمەلایەتی و لاوازبونی هوشیاریی نیشتمانی" بەهۆکاری "پاوانکردنی نیشتمانپەروەری" لێکدەداتەوە. لەدەربڕینێکی ئاواشدا بەتەواوی ڕاستیە مێژوویی وسیاسیەکان ورووداوەکان، بەلاڕێدا دەبرێ. لەکاتێکدا ئەوە ڕۆشنە کە: یەکەم، شەری ناوخۆ لەئاکامی بوونی کوردستان بە "ئەرزی مەتروکە" لەسیاسەتەکانی ئەمریکادا، وەک بەرئەنجامێک لەخاووبوونەوەی کێشمەکێشی نێوان ئەمریکا و دەولەتانی ڕۆژئاوا، لەبەرامبەر ڕژێمی بەعسدا، یەکیەتی و پارتی لەسەر یەکلاکردنەوەی دەسەلاتو بەدەستهێنانی بالادەستی تاکحزبی بەسەر کوردستاندا، خستە بەرامبەر بەیەکەوە و بەم جۆرە شەڕی ناوخۆ هەلگیرسا، کەدواجار پارتی بەپشتبەستن بەسوپای عێراق هەولێری داگیرکردەوە و یەکیەتیش بەپشتیوانی ئێران ناوچەی سلێمانی کەوتەدەست. ڕوداوێکی ئاوا نەک هەر پەیوەندی بە"نیشتمان پەروەریەوە" نییە و نەبووە، بەلکو هێنانی وەک فاکتۆرێک بۆ ڕووودانی ئەم جەنگە نەگریس ومال وێرانکەرە، جگەلە شێواندنی ئەم مێژوە و ڕاستیەکانی شتێکیتری لە بە ئەنجام ناگیرێ. دووەم لە باسی کێشەی نێوان حزبەکانیشدا، چ لە ئێستاو ڕابردوودا، دیسانەوە بزوتنەوەی گۆڕان ئەو ڕاستیە پەردەپۆشدەکات، کە شەڕ وکێشەی نێوان ئەحزبی ناسیونالیستی کورد هەمیشە لەسەر بەدەستهێنانی مەقعیەتی بالادەستی و ڕابەری کردنی جولانەوەی کوردایەتی و لە ئەنجامی دابەشبوون وپاشکۆیەتیان بە سیاسەتی دەولەتانی ناوچەکەوە بووە، بەرادەی ئەوەی کە پێشلەشکری کردن وراکێشانی هێزی دەولەتانی ناوچەکەیان وەک ڕێگایەک بۆ یەکلاخستنی هاوکێشەی هێزی نێوانیان بەدەستەوەگرتووە. ڕاستیەکی ئاوا نیشان دەدات کەئەحزابی ناسیونالیستی کورد، ئەحزاب گەلێکی مەدەنی نین کە کێشەکانی نێوانیان بەخەباتی سیاسی ومەدەنی و بەدیالکۆک چارەسەر بکەن، بەلکو بۆگەیشتن بەئامانجەکانیان ئامادەبوون هەموو پرەنسیپێکی مەدەنی بخەنە ژێر پێوە و دەست بۆ هەر دەولەت و هێزێکی کۆنەپەرست درێژکەن. سێهەم، بەلام لەبارەی "لیکترازانی کۆمەلایەتی ولاواز بوونی هوشیاری نیشتمانیەوە" دەبێ لەلایەک پەنجە راکێشین بۆ سەپاندنی سیستەمێکی دواکەوتووی میلیشیایی سەرتاپا گەندەل، کە نەک هەر کەمترین بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەئازادی و بژیوی وخزمەتگوزاریەکانی هاولاتیان نیشان نەداوە، بەلکو تەوەقوعاتو ژیانی هاوچەرخی کۆمەلگایەکی چەند ملیۆنی بەیاساو فەرهەنگو سونەتی قەومیو ئیسلامی لەقاوداوە. لەلایەکی تریشەوە دەبێ پەنجە بخەینە سەر سەرهەلدانی ئەو جیاوازی و قەلشتە چینایەتیەی کە لەنێوان خەلکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان و چینی سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیا و بەرپرسیاراندا، لەئارادایە و تادێت بەرینو بەرینتر دەبێتەوە و هەموو ئەمانەش وەک هۆکاری سەرەکی بۆ پەرەگرتنی فەساد و لیکترازانی کۆمەلگا و پشتکردنی هاولاتیان لە"نیشتمان" ودەسەلاتێک کەبزوتنەوەی گۆڕان بەخەمیەوەیەتی، هاتۆتەبوون، نەک "پاوانکردنی

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

نیشتمان پەروەری"...

## خەونی دامەزراندنی"هەرێمێکی بەهێز"
## چاکسازیە سیاسیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان ڕووی لە چیە؟

پرۆگرام لەپێشەکی تەوەرەی "ئامانجە نیشتیمانی ودیموکراتیەکان"دا ئاوا وەلامی ئەم پرسیارە دەداتەوە:

" بنیاتنانی قەوارەی کوردستان .. و.. دامەزراندنی هەرێمێکی بەهێز، کە بەرگەی هەڕەشە دەرەکیەکان بگرێت"..."بنیاتنانی هەرێمێکی بەهێز پێویستی بە نیشتمانیکردنی دامودەزگاکانە، بەتایبەتی دامودەزگا سەربازی و ئەمنی و هەواڵگریەکان، بۆئەوەی ببنە ئامرازی بەرگریکردن لە خاک و قەوارە و دابینکردنی ئاسایشی هاولاتیان، نەک ئامرازی سەرکوتکردن و پاکتاوکردنی حساباتی سیاسی و حیزبی و سیخوڕیکردن بەسەر هاولاتیانەوە"..

"بزوتنەوەی گۆڕان لەو بڕوایە دلسۆزیی بۆ نیشتمان بە دروشمبازی و بەخشینەوەی تۆمەت و ترس بەسەر بەرهەلستکارانی سیاسیدا دروست نابێ، بەڵکو پێویستی بە گۆڕینی ریشەیی سیستمی سیاسییە، پێویستی بەنیشتمانیکردنی دەسەلاتەکانی حکومەت و پەرلەمان و دادوەرییە، پێویستی بەنیشتمانیکردنی هێزە چەکدارەکان و دامودەزگاکانی ئاسایشە. پێویستی بە سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەی ئەو دامەزراوە و هێزانەیە بەجۆرێک ببنە قەڵغانی پاراستنی قەوارەی نیشتمانی، کۆمەلگەی شارستانی، دەولەتی یاسا و سیستمی دیموکراتی"

بێگومان مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی، و خەبات بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلات مەسەلەیەکی سەرەکی هەر حزبێکی سیاسیە و لێرەشەوە ئامانج و ئەرکەکانی خۆی و ڕێگای گەیشتن پێی دیاری دەکات. تەنانەت هەر حزبێکی سیاسی بەو ئاستەی کە هەلوێست لە دەسەلات و سیستەمی مەوجود دەگرێ، لە چوارچێوەی هەمان هەلوێستدا بەدیلی خۆی بۆدەسەلات دەخاتە بەردەم کۆمەلگا و تیدەکۆشێ هێزی کۆمەلایەتی و چینایەتی لەدەور هەلخڕێنێ وبانگەوازیان بکات بۆ ئایندەیەکی نوێ. کەوایە لەپێشەوە بابزانین مەسەلەی دەسەلات و سیستەمێک کە ئێستا لەکوردستاندا حاکمە، چ جێگایەکی لەپرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕاندا هەیە و لەبەرامبەریدا چ هەلویستێکی گرتووە؟

بزوتنەوەی گۆڕان وەک خۆی ڕای گەیاندووە نە بەدوای وەلانانی دەسەلاتی ئێستاوەیە و نە شیعاری ڕوخانی حکومەتی ئێستای هەلبڕیوە، تەنانەت نە خواستی سەربەخۆیی وپێکهینانی دەولەت و جیابوونەوەی کوردستانی هەیە لەعێراق وە نە بەشوێن سکولاریزەکردنی دەسەلاتو سیستەمی مەوجودەوەیە. پێگەی چینایەتی وکۆمەلایەتی ئەم حزبە وەک حزبێکی بۆرژواناسیونالیست و یەکێک لە ئەندامانی نێو خێزانی بزوتنەوەی کوردایەتی، حکومەتی هەرێمو دەسەلاتی ئێستا بەئەزمون و"دەستکەوتی گەلی کوردستان" دەزانێ و پاراستن و مانەوەی بە

ئەرکێکی میحوەری وبنەڕەتی خۆی دیاریکردووە. بۆئەم حزبە خەونی "بنیاتنانی قەوارەی کوردستان ودامەزراندنی هەرێمێکی بەهێز کە بەرگەی شەڕە دەرەکیەکان"ی چینی بۆرژوازی بگرێ، ئامانجی ئەوەڵو ئاخرە. لەپێناو ئەم ئامانج وخەونەشدا، ڕێبازی بەنیشتمانی کردنی دامودەزگای سەربازی و ئەمنی وهەوالگریەکان، جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت و سنوردار کردنی جوڵەی حزبی سیاسی، کاراکردنەوەی پەرلەمان و بە یاسایی کردنی ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان.. لایەنەکانی ستراتیژی چاکسازی وتەعدیل کردنی دەسەڵاتی ئێستا وتەجروبەیەکی حکومرانیە کە زیاتر لە دوو دەهەیە ژیانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی هاڕیوە. خەون وئامانجێک کە بەمانەوە و هێشتنەوەی دەزگای سەرکوتی ئەمنی وهەوالگریەکان، لەبەرگی "نیشتمانی و دیموکراتیدا" بەسەر سەری کۆمەڵگاوە، گرێداوەتەوە، بەپاراستنی دەسەڵاتداریتی وحکومەتێک کە لەسەر بنەمای قوڵکردنەوەی جیاوازیە چینایەتیەکانی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت لەگەڵ خاوەن سەرمایە و کۆمپانیا بازرگانیەکانەوە، بەئاکتیڤکردنەوەی پەرلەمانێکی کارتۆنی و شوێنی کۆبوونەوەی دەستەجاتی قەومی و ئیسلامی، بەسەرپێخستنی دیمکراتیەک کە ئیسلام وشەریعەتەکەی سنوری دیاریکردنی ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیان بێت، بەستۆتەوە، بەیاسا و دەزگایەکی قەزایی کە چەکی ئەحزابی میلیشیایی لەسەروویەوەبێت... ئەمانە ئەنجامی بەدیهاتنی ئەو خەونەیە کە حزبی گۆڕان سەری بۆخستۆتەسەر سەرین.
بەجیا لەوەی کە ئەم ستراتیژەی بزوتنەوەی گۆڕان لە کەشوهەوای سیاسی کوردستاندا، چەندە شانسی بەسەرەنجام گەیشتنی هەیە و چەندە لە وەهمێکی بێئاکامەوە سەری دەرهێناوە، بەڵام خەون و ئامانج و ئەرکێک کە بزوتنەوەی گۆڕان لە دوتوێی پرۆگرامێکی سیاسیدا دایڕشتووە، پێمان ناڵێ ومەعلومی ناکات کە دەبێ چەند ساڵیتر خەڵکی کوردستان لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا بەدیار ئەم تەجوروبەیەی بۆرژوازی کوردەوە دانیشێ وتەحەمولی چەند کارەسات و مەینەتی تر لە حزبە ناسیونالیستەکان بکات، تا سەرلە" قەوارەیەکی شارستانیو یاسایی ودیموکراتی" دەربهێنێ!.
هەرچۆنێک بێت پرۆگرام لەراستای گەیشتن بەخەونی"دامەزراندنی هەرێمێکی بەهێز"دا چەند ڕێگایەکی خستۆتەڕوو. واتە ئەوڕێگایانەی کە "ئەرکە نیشتمانیو دیموکراتیەکان" بەدیدێنن و کۆتاییەکەیان بە"هەرێمێکی بەهێز" دەگات. کەوایە باشترە ڕەخنە و سەرنجەکانمان ببەینە سەر خودی ئەو بەندانەی کە لەژێر تایتڵی "ئامانجە نیشتمانیو دیومکراتیەکان"دا ڕیزبەندی کراون:

## یەکەم: "ئامانجە نیشتمانیەکان":

### ١) ئاسایشی نەتەوەییو بەرژەوەندیە باڵاکان:

لەبەندێکدا هاتووە:

" پێناسەکردن و دەستنیشانکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە باڵاکان بەشێوەیەکی ڕۆشن .."

ئەگەرچی بزوتنەوەی گۆڕان پێناسەی خۆی بەدیاریکراوی بۆ "ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیە باڵاکان" ناخاتە ڕوو، تەنانەت پێمان ناڵێ پێناسەکەی ئەوان چ جیاوازیەکی لەگەڵ پێناسەی

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

حزبەکانی ناودەسەڵاتداهەیە، بەڵام "ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندی باڵا" وەک ئەوەی لەفەرهەنگی سیاسی بۆرژوازی و دەوڵەتانی ئەوپەڕی دیموکراسیدا باوە، شتێکی زیاتر لەپاراستنی ئەمنیەتی دەوڵەت نییە لەبەرمبەر مەترسیە ناوخۆییو دەرەکیەکاندا. ئەم دەوڵەتانە کە دەزگای زەبەلاحی سوپا و ئاسایش و پۆلیس و هەواڵگریان لەسەر حسابی داهاتو قوتی خەڵک دامەزراندووە وبەرادەیەکی زۆریش سەربەخۆییان هەیە، وەک ئەوەی گۆڕان پێی دەڵێت"بەنیشتمانی" کراوە، هەموویان بەپاساوی مەترسی دەرەکی و ناوخۆیی بەسەر سەری کۆمەڵگاوە ڕاگیراوە. لەکاتێکدا ئەم دەزگایانە واوەتر لەپاساوی مەترسی شەر وپەلاماردانی سەربازی، زۆرجاریش بۆنەتە ئامرازی شەرهەڵگیرساندن وپەلاماردان بۆ سەر دەوڵەتانی دروسێ ولەناوخۆشدا، وەک مەکیەنەیەکی خوێناوی خراوەتە خزمەتی سیاسەتی سەرکوت و لەخوێن هەڵکێشانی نارەزایەتی و ڕاپەڕینی بەرهەقی خەڵکەوە. بزوتنەوەی گۆڕان کاتێک کە "ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندی باڵا" وەک ڕێگایەک بۆ دامەزراندنی "هەرێمێکی بەهێز" بەدەستەوە دەگرێ، دروست هەمان پاساوی دەوڵەتانی بۆرژوازی دەکاتە دەستمایەی ڕاگرتنی دەزگا سەرکوتگەرو سەروخەڵکیەکانی وەک سوپا وپۆلیس، هەواڵگری وجاسوسیکردن. ئایا ڕاگرتنی ئەم دەزگایانە بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە لەهەر شکڵ وقاوغیکدا بێت، شتێکی جیا لەوەی کە تائێستا بەرهەمی بووە ولەلایەن دەسەلات و سیستەمی حاکمەوە لێی ڕەچاوکراوە زیاترە؟ پاشان دەپرسین "بەرژەوەندیە باڵاکان" کامانەن و چ پەیوەندیەکیان بە بەرژەوەندی خەڵکەوەیە تارۆشن بکرێنەوە! ئایا ئەوەی تائێستا لەئەزمونی دەسەڵاتدارێتی وکارنامەی بۆرژوازی کورد و حزبە قەومیەکانیەوە بەرێوەبراوە هەر لەژێر ئەم ناوە و بەپاساوی بەرژەوەندیە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانەوە پەیرەوی لێنەکراوە؟ ئایا حزبی گۆڕان کە ئەم ئەزمونە و ئەم دەسەلاتە بە"دەستکەوتی گەلی کوردستان" دەزانێ وبەتوندی خۆی پێوە بەستوتەوە، بەرژەوەندیەکی جیاوازی باڵاتری لەبەرنامەیدا هەیە کە لەسەرو بەرژەوەندیە "قەومیو نیشتمانیەکانەوە" بێت؟ بەڵام ئەوەی کەلەپشتی "ئاسایشی نەتەوەیی وبەرژەوەندیە باڵاکان"ی بزوتنەوەی گۆڕانەوە بەفەرامۆشی سپێردراوە، ڕۆڵی خەڵک و جێگا و ڕێگای فاکتۆری جەماوەرە، وەک هێزێکی سەرەکی لەپاراستنی ئەمنی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستاندا. بەواتایەکیتر هەر سیستەم و دەسەلاتێک بەو ئاستە دەتوانێ گیانی بەرگری و پارێزەری ناوخۆ و دەرەکی بێت، کە لەسەر بەنەمای دەخاڵەتدانی خەڵک وهاوڵاتیان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا دامەزرابێ، هاوڵاتیەک کە دەسەلات لەهێزی خۆی و بەبڕیاری ئازادانەی ئەو بچێت بەڕێوە، باشترین زامنی ئەمنەیەت و ئارامیە. تەنانەت بەرژەوەندی باڵاش کاتێک بەکردەوە دەردێ کە شتێکی زیاتر لەبەرژوەندی ژیان و ئاسایشی خەڵک وهاوڵاتیان نەبێ، ئەمەش تەنها بەهێزی ڕێکخراو و دەخاڵەت پێدراوی جەماوەر لە بەڕێوەبدرنی سیستەمی حکومڕانیدا مسۆگەر دەبێ. بەڵام کاتێک حزبی گۆڕان نە ئەم جۆرە سیستەمەی لا مەبەستە و نە فاکتۆری جەماوەر جێگایەکی هەیە، بە پێویسیت سوپا و پۆلیس و دەزگاکانی ئاسایشی قەومی وهەواڵگریەکان و "بەنیشتمانی کردن"یان دەکاتە ئامانجی پاراستنی وڵات لە مەترسیەکان. ئەم حزبە کە بەدوای دورخستنەوەی نفوزی حزبیەوەیە لەم دەزگایانەدا وهاوکات هێشتنەوەیان وەک کۆمەڵە دەزگایەکی

سەرکوتگەر و سەروخەڵکی، گەرەکیەتی لەژێر ناوی "پاریزگاریکردن لەبەرژەوەندیە باڵاکان"دا، شەرعیەتیان پێبدا و ڕاستەوخۆش لەبەرامبەر خەڵکی کوردستاندا ڕایان دەگرێ. مەشروعیەت بەدەزگاگەلێک بدا کەدەستبردن بۆ سەرکوت و جاسوسی کردن وئینسان دزین وتیرۆر، پیشەی سەرەکیانە.

## ٢) ڕوحی نیشتمان پەروەری:

–_"بەرپەرچدانەوەی هەمو ئەو بڕیار و دیاردە و ئاکارانەی کە رۆحی نیشتمانپەروەریی لاوازدەکەن، وەک تاکڕەوی لە دەسەڵاتدا، ناڕۆشنی لە وەرگرتنی بڕیاری چارەنوسسازدا، ناوچەگەریی، خێڵگەریی، گەندەڵی، بێدادیی لە دابەشکردنی سامانی نیشتمانی و پۆست و بەرکەوتی هاوڵاتیاندا، لەنێوان بەرکەوتی شار و شارۆچکەو گوند و ناوچە جیاوازەکاندا." ..

لەم بەندەدا، بزوتنەوەی گۆڕان بەشێوەیەکی ئەخلاقی بەشوێن پاککردنەوەی "نیشتمان پەروەریەوەیە"و دەیەوێت بە ناسنامەی قەومیەکەیەوە نمونەیەکی بێگەردمان لە"نیشتمانپەروەری" پێبناسێنێ. لەکاتێکدا هەمو ئەو دیاردانەی کە ئاماژەی پێداوون بەشە سەرەکی و بەپیرۆزکراوەکانی فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سونەتی ناسیونالیزم وقەومپەرستی حزبەکانیەتی. بەڕادەی ئەوەی کە ناسیونالیزمی مۆدێرن وسکولار، پێشکەوتنخواز وئینسانی، نەک ئەفسانەیە بەڵکو بەتەواوی پێچەوانەو دژ بەیەکن. حزبی گۆڕان وەک هەرحزبێکی ناسیونالیستی تەقلیدی، کە چەمکەکانی خاک ونیشتمان ونەتەوەی کردۆتە سەرچاوەی ناسنامەی خۆی و لەدەرەوەی بازنەی چەمکەکانی سکولار، مۆدیرنیزم، ئینسانگەرایی.. ناتوانێ نمونەی"نیشتمان پەروەریەکی تر" لەدەرەوەی فەرهەنگی باوی ناسیونالیزم پێشکەس بکات. ڕێک بەپێچەوانەوە ئەوانەی دەیانەوێت کۆمەڵگا لەو دیاردانەی کە لەم بەندەدا ئاماژەیان بۆکراوە، ڕزگاری بێت، دەبێ لەپێشەوە سیستەم و دەسەڵات و فەرهەنگی باو لە ناسیونالیزم و ناسنامە و ئینتمای قەومی ودینی وپاشخانە ئایدیۆلۆژیەکانی پاکبکرێتەوە.

## ٣) پەیوەندیەکانی هەرێم بەدەرەوە:

_"دامەزراندنی پەیوەندیەکانی هەرێم بە دەرەوە لەسەر بنەمای رۆشنیی، لەڕێی کەناڵە یاسایی و دەستوریەکانەوە. یەکخستنی گوتاری فەرمی لەگەڵ دەرەوەدا، جیاکردنەوەی گوتاری حیزبی و دیدی شەخسیی سەرکردەکان لە گوتاری فەرمیی هەرێم."

ئەم بەندە مەبدەئێک بۆ کاری دیبلۆماسیو پەیوەندیە دەرەکیەکانی هەرێم دەخاتەڕوو، کەڕاستەوخۆ ڕووی لەترس ونیگەرانیەکە کە لە دەخاڵەتی "شەخسی سەرکردەکان و حزبەکانە"وە سەرچاوەی گرتووە، بەبێ ئەوەی کەپێمان بڵێت خودی "یەکخستنی گوتاری فەرمی لەگەڵ دەرەوەدا" لەسەر بنەمای چ سیاسەتو مەبدەئیک بەدی دێت!. ئایا گۆڕان سیاسەتێکی دیبلۆماسی و

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

دەرکی جیاواز لەوەی کە پەیڕەوی لێدەکرێ دەگرێتەبەر؟ ئایا کوردستان لە پاشکۆیەتی و وابەستەبوون بەسیاستەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەوە دەردەکێشی ولەسەر بنەمایەکی ئینسانی و هاوچارەنوسی وپێشکەوتخوازی پەیوەندیەکانی هەرێم بە دونیای دەرەوە پێناسەدەکاتەوە؟ .. کاتێک کە لەمبارانەوە ئاماژەیەک نادرێ، بەپێویست واتای "یەکخستنی گوتاری فەرمی" هەر بۆ رەواندنەوەی ترس و نیگەرانیەکانی خۆیەتی ونە ئالوگۆڕێکی زیاتر لەوەی کە هەیە. هەروەک پڕۆگرام ئاماژەی پێداوە، کە "کەناڵی یاسایی ودەستوری"، شوێنی "گوتاری حزبی ودیدی شەخسی سەرکردەکان" بگرێتەوە و وەک سەرچاوەیەک بۆ بەستنی پەیوەندیەکانی هەرێم بەدەرەوە، مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، بەڵام ئایا ناوەڕۆکی خودی ئەم "کەناڵە یاسایی ودەستوریانە" چین و لەبەرژەوەندی کێدا نوسراون؟ ئایا لەبنەرەتدا "ئەم کەناڵانە" لەدەرەوەی "گوتاری حزبەکان ودیدی شەخسی سەرکردەکانەوە" بەرهەمهاتوون، یان ئەوە هەرئەمان بوون لەنوسینەوەی دەستورو یاساکاندا خاوەن بڕیاربوون؟ لەراستیدا مەعلوم نییە بزوتنەوەی گۆڕان چۆن دەتوانێ پەیوەندیەکی فەرمی ویاسایی بۆهەرێم دامەزرێنێ لە دەرەوەی ڕۆڵی ئەحزاب و دیدی شەخسی سەرکردەکانیان، لەکاتێکدا دەسەڵات و نفوزی ئەوان کۆمەڵگای لەقاڵب دابێت!

### ٤) کێشەی کەرکوك و"ناوچە کێشەلەسەرەکان"

پڕۆگرام لەسەر کێشەی کەرکوک وناوچە دابڕاوەکان ئاوا سیاسەتی بزوتنەوەی گۆڕان دادەڕێژێ:

"سازش نەکردن لەسەر کوردستانیەتی کەرکوک، شەنگال، زەممار، تەلەعفەر، شێخان، مەخمور، خانەقین، دوز و مەندەلی و ناوچە دابڕاوەکانی تر.

" خستنەگەڕی هەمو کۆششێکی دەستوری، پەرلەمانی، جەماوەری، سیاسی و مەدەنی بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر خاکی هەرێم.

_"پەنابردن بۆ بایکۆتی سیاسی، کشاندنەوەی نوێنەرانی گەلی کوردستان لە دامەزراوەکانی عێراق، خۆسازدانی جەماوەی، سیاسی، دیبلۆماتی و سەربازی لە کاتی هەر سەرپێچیەکی مەترسیداری دەستوری عێراق سەبارەت بە کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان... ئامادەباشی فەرمی و میللی لە کاتی هەر سەرکێشیەکی سیاسی و سەربازی حکومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ سەر ئەو ناوچانە بە ئامانجی پاراستنی خاکی هەرێم و گەلی کوردستان، بە کورد و تورکمان و کلدۆئاشوری و عەرەبی ڕەسەنەوە *، لەو ناوچانەدا.

کۆی ئەم بەندانە ناوەرۆکی هەڵوێست و سیاسەتی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر مەسەلەی کەرکوک و"ناوچەکێشە لەسەرەکان" بەیان دەکات، کە لە جەوهەردا هیچ جیاوازی لەگەڵ هەڵوێست و

---

*) "عەرەبی رەسەن" کە داهێنانیکی فاشیستانەو تەسەر ئیسقان ڕاسیستیە، کەئەحزبی ناسیونالیزمی کورد بۆ تەسفەی خەڵکی عەرەب زمانی دانێستوی کەرکوک و ئەم ناوچانە لەدوای روخانی ڕژێمی بەعسدا، پشتیان ێیبەست بۆ وەدەرانی خەڵک وپێکهێنانی تەوازنی دیمۆگرافی تا هەقانیەتی خاکپەرستی و خاوەنداریەتی کەرکوک و ئەم ناوچانەی پێ بسەڵمینن، کەچی بزوتنەوەی گۆڕانیش لەپرۆگرامەکەیدا جیگیری ⟸

مامەلەی تا ئێستای حزبەکانی تردا نییە، بگرە لەوان زیاتر ڕوانگەی قەومی ونامەدەنیانە لەسەر ئەم کێشەیە دەخاتەڕوو. سەرەتا باسی "سازش نەکردن لەسەر کوردستانیەتی کەرکوک و ناوچەکانی تر" هەمان ئەو ئیدعایە دوپات دەکاتەوە کەهەموو حزبەکان تر لەسەروو ڕای خەڵکی ئەم ناوچانەو کەرکوک، ڕۆژانە ئاماژەی پێدەکەن. لەمەش زیاتر خستنەگەڕی هەموو ئەو کۆششانەی ئاماژەی پێدراوە بۆ گەڕانەوەی ئەم ناوچانە بۆسەر هەرێم، دیسانەوە گرتنەوەبەری هەمان سیاسەتی دانوسان و ساتوسەودا و مامەڵەیە کە تائێستا بەچارەنوسی خەڵکی ئەم ناوچانەوە کراوە و دەکرێت. یانی بزوتنەوەی گۆڕانیش وەک هەرحزبێکی قەومی و خاک پەرست چارەنوسی دانیشتوانی ئەم ناوچانە لەچوارچێوەی کێشەو دەعوای قەومیدا لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا دەهێڵێتەوە و بەقەد سەرە دەرزییەک بەلای ڕێگا چارەیەکی سیاسی و مەدەنی و ئینسانیدا ناڕوات، کە لەسەرەتاوە مافی بڕیاردانی خەڵکی کەرکوک وئەم ناوچانە بەئەسلێک وەربگرێ وڕێزی بۆدابنێ، بەڵکو ئەمیش وەک حزبەکانی تر هەمان شمشێری خاوەندارێتی قەومی بۆ خاکی ئەم ناوچانەی بەرز ڕاگرتووە وئەگەر لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوە بۆی بەڕەسمی نەناسرێ، وەیا لەحاڵەتێکدا ویستی گەڕانەوەی خەڵکی ئەم ناوچانە بۆلای دەوڵەتی مەرکەزی بێتەئاراوە، ئەوا ئەم شمشێرە لە شەڕی قەومیدا ملی هەزاران ئینسان دەپەڕێنێ. ئەمە ئەو سیاستە "لێبوردەیی ونیشتمان پەروەریەیە" کە بزوتنەوەی گۆڕان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک وئەم ناوچانە بەدەستیەوە گرتووە. ئەمە ئەو ڕێزگرتنەیە لەخەڵکی تورکمان و "عەرەبی ڕەسەن" وکلدو ئاشور، کە بڕیارە لەژێرسایەی هەرێمە بەهێزەکەی ئەودا بحەوێنەوە و بڕیاری خۆیان لەدەست خۆیاندابێت.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ناسیونالیزمی کورد وحزبەکانی بەخودی حزبی گۆڕانیشەوە، کاتێک بەناسنامەی قەومیەوە لەم کێشەیە دەڕوانن و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، مانەوە و وجودی خۆیان لە مانەوەی کێشەی کورد لەعێراقدا دەبیننەوە. بێگومان لەم چوارچێوەیەشدا، درێژەدان بە کێشەی کەرکوک وئەم ناوچانە وەک ئەڵقەیەک بۆ شەڕی نەبڕاوەی قەومی، لەسەر خاک ونەوت وەرگرتنی ئیمتیازات، وەک گۆشەیەکی سەرەکی و بەردەوام بۆ درێژەپێدان بە"کێشەی کورد"، چاوی لێدەکردێت، وەک بەشێک لە ماهیەتی سیاسی و کارنامەی حزبە ناسیونالیستەکانی کوردستاندا دەمێنیتەوە. لەکاتێکدا ڕێگا چارەی سیاسی ومەدەنی بۆ کەرکوک و ئەم ناوچانە لەپێشەوە دەبێ لە چوارچێوەی چارەسەرکردنی خودی کێشەی کورد لەکوردستانی عێراقدا سەرنجی بۆبدرێ. یانی ئەوەی کە لەپێشەوە ڕێز لە بڕیاری خەڵکی کوردستان بگیرێ و بەگەڕانەوە بۆڕای ئەوان لەڕیفراندۆمێکدا پرسیاریان لێبکرێ، کە ئایا دەیانەوێت لەعێراقدا بەمافی هاوڵاتی بوونی یەکسانەوە بمێننەوە وەیا جیاببنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێک بهێنن و بەدوای ئەمەشدا کێشەی ئەم ناوچانە بەکەرکوکێشەوە ڕێگای سیاسی ومەدەنی دەگرێتەبەر. واتە بۆ کۆتایی هێنان بەکێشەی ئەم

⟹

کردووە، لەمبارەوە دەبێ ئەوە بڵێێن ئەمە جیاکاریەکی بێناوەرۆک ودژی ئینسانیە، کەوەک پاساوێک بۆ دەستبردن بۆ سیاسەتی کۆمەلکوژی ووەدەرنانی بەکۆمەڵی ژن ومناڵ و خێزانی غەیرەکوردی ئەم ناوچانە لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە بەدەستەوە دەگیرێ و بەکردەوە ژێر پێی هەموو ئەو هەوڵە پوچانە خاڵی دەکاتەوە کە دەیانەوێت سیفەت و پێناسەی"لیبرالی ومۆدیرنیستی و سکولارسیتی و لێبوردەیی" لەگەڵ ناسیونالیزم و قەومپەرستی و نیشتمانپەرستیدا کۆبکەنەوە.

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ناوچانەش بەهەمان شێوە لە ڕێگای سازدانی ڕیفراندۆمێکەوە، ئیختیارو بڕیار بدرێتە دەست خۆیان و ڕێز لەبڕیاریان بگیرێت کە ئایا دەیانەوێت بەشێک بن لەهەرێمی کوردستان یان بگەڕێنەوە سەر عێراق.. کاتێک کە بزوتنەوەی گۆڕان بەلای ڕێگاچارەیەکی ئاوادا ناچێ و بە شمشیری قەومی و خاکپەرستیەوە بەرامبەر بەم کێشەیە دەوەستێ، بەپێویست شتێکی زیاتر لەدرێژەدان بەم کێشەیە و ڕاگرتنی خەڵکی ئەم ناوچانە لەشەڕێکی نەبڕاوەی قەومیدا، ناخاتەڕوو.

### ٥) جێگای "کەمایەتیەکان" لەپرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕاندا.

لەپرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕاندا، هاوڵاتیانێکی دانیشتووی کوردستان، کە "غەیرە کوردن"، لەوانە تورکمان، عەرەب، کلد و ئاشوری، بەجیا لەوەی کە لێرەولەوێ بە"کەمایەتیەکان" ناوزەد کراون، لە دووخاڵدا مافەکانیان وەک بەشێک لە"ئامانجە نیشتمانیەکان" ئاماژەی پێدراوە، لەخاڵی یەکەمدا هاتووە:

_"بەرپەرچدانەوەی هەر گوتار و رەفتار و ئاکارێکی شۆڤێنی و ناشارستانی دەرهەق بە تورکمان، عەرەب، کلدوئاشوری و هاوڵاتیانی سەر بە نەتەوە و ئاینەکانی تر لە کوردستاندا.

بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان چۆن ولە چ ڕێگایەکەوە "گوتارو رەفتارو ئاکاری شۆڤێنی وناشارستانی" بەرپەچ دەداتەوە؟ ئایا ئەم کارە لەڕێگای ئامۆژگاری و برەودان بە"لێبوردەیی وڕوحی نیشتمانپەروەری"وە دەباتە پێشەوە، یان لەڕێگای یاسا و سیستەمێکی جیاوازترەوە لەوەی کە لە ئارادایە؟. وەڵامی ئەم پرسیارە ڕۆشنە، بەتایبەتی کاتێک کە بزوتنەوەی گۆڕان وەک هەر حزبێکی قەومی، هاوڵاتیان لەسەر بنەمای کوردبوون وغەیرەکورد، بە"زۆرینەو کەمینە" دابەشکردووە ولەسەر ئەم بنەمایەش ماف و ئیختیاراتەکان دیاری دەکات، ئەمەش بە پێویست گوتار و رەفتاری "نەتەوەی زۆرینەو باڵادەست" لەسەر جیاکاری و بەکەمگرتنی ئەوانی تر، دەبێتە یەکێک لەگۆشەکانی سیاسەتی ڕاگەیاندن ورەفتاری ڕۆژانە. لەمبارەوە ئەگەر دور نەڕۆین لەخودی پرۆگرامەکەدا، نمونەگەلێک لە گوتاری شۆڤێنیستی و نەعرەتەی شەڕ و کینەتۆزی لەنێو ڕستە و دەستەواژەکاندا دەدۆزینەوە، لەوانە " سازش نەکردن لەسەر کوردستانیەتی کەرکوک..و ناوچە دابڕاوەکانی تر"، " ئامادەباشی فەرمی و میللی"، "عەرەبی ڕەسەن وناڕەسەن".. ئەم گوتارانە، ئەگەری شەڕی بەزۆر وەرگرتنی خاکی کوردستانی لەکۆشدا خەواندووە، بەجۆرێک کە نەک هەر دەرگا لەبەردەم دیالۆگ وڕێگاچارەی سیاسی بۆ کێشەی ئەم ناوچانە دادەخات، بەڵکو ئاماژەیەکیشە بۆ پوچەڵکردنەوەی واتای هەموو ئەو دەربڕینانەی کە بەزمانی "لێبوردەیی، هاوڵاتی یەکسان، شارستانی.."، لەپرۆگرامدا تۆمارکراوە. لەمەش زیاتر، بەرپەچدانەوەی "شۆڤێنیزم وجیاکاری" لە کۆمەڵگایەکدا و لەنێوان هاوڵاتیاندا، بەکردەوە لە ڕێگای چەسپاندنی یاسا و سیستەمێکەوە دەبێت کە لەبنەڕەتەوە، هەموو جۆرە ناسنامەیەکی قەومی و ئاینی و دابەشکردنی دانشتوانەکەی لەسەر بنەمای "کەمایەتی و پێکهاتە جیاوازەکان" ڕەتکردبێتەوە و لەوێدا، نە نەتەوەی باڵادەست و نە دینی ڕەسمی ونەزمانی ڕەسمی جێگایەکی هەبێ. بەڵام هەروەک ئاماژەمان پێدا،

بزوتنەوەی گۆڕان، وەک ئەوەی خۆی بە ناسنامەی قەومی و نیشتمانیەوە دەناسێنێ و"ڕێز لە ئیسلام وەک ئاینی زۆرینە" دەگرێ و بەتەواوی یاسا و سیستەمی سکۆلاری خستۆتەلاوە، بەپێویست گوفتار و کرداری بەدەرنابێت لە جیاکاری و فەرهەنگی "شۆڤێنستی" بەرامبەر بەهاوڵاتیانی غیرە کورد. لەیەک ووتەدا بەرپەچدانەوەی گوتارو ئاکاری شۆڤێنستی وناشارستانی" دەرهەق بە تورکمان و عەرەب و.. کاتێک بەکردەوە جێگیر دەبێ کە کارکردە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکانی ناسیونالیزمی کورد و ناسنامەی قەومی و نیشتمانپەروەری لە سیستەم و دەسەڵات جیابکرێتەوە و وەدەرنرێ.

لەخاڵی دووەمدا پرۆگرام بەم شێوەیە باس لە سەلماندنی مافی تورکمان، عەرەب و کلدو ئاشوری دەکات..

> _ سەلماندنی مافە سیاسی و کارگێڕی و کولتوریی و پەروەردەییەکانی تورکمان، عەرەب و کلدۆئاشورییەکان، دابینکردنی قوتابخانەی تایبەت بەزمانی دایک بۆ منداڵ و نەوە نوێیەکانیان."

لەفەرهەنگی سیاسی هەر نیزام وسیستەمێکی قەومیدا، کەدەسەلات لە"نەتەوەی زۆرینە" سازدەدرێ، مافی "کەمایەتیەکان" لەفەرهەنگو زمانی خوێندندا قەتیس دەمێنیتەوە ولەکەناریشەوە ئەو سیستەمو نیزامە بەدیموکراتی لەقەلەم دەرێ وبەمجۆرەش سیفەتی هاوڵاتی پلەدوو دەکەن بە بەرگی بەشێک لەدانیشتواندا، لەکاتێکدا کەئیختیاری ئازادانەی خۆیان نەبووە بەتایبەتمەندیەکانی خۆیانەوە ببنە هاوڵاتی نیو ئەو جوگرافیایە. بزوتنەوەی گۆڕان دروست هەمان جێگای بە تورکمان و عەرەب و کلد و ئاشوری و مەسیحیەکان داوە. بەتایبەتی کە لە پرۆگرامەکەیدا ڕاشکاوانە بەدوای نیزام وسیستەمێکی قەومیەوەیە و هاوکاتیش "سازش" لەسەر گەرانەوەی کەرکوک و ئەو ناوچانە ناکات کە هاوڵاتیانی غەیرە کورد تیایدا دەژین وبگرە ڕێزیش ناگرێ بۆ ڕای ئەوان تا لەریفراندۆمێکدا بڕیاربدەن لەسەر مانەوەیان لەعێراقدا وەیا پەیوەست بن بەهەرێمەوە. دانی مافی فەرهەنگی وخوێندن بەزمانی دایک ئەو بەهایەشی دەبێ کە ئەم بەشە لە دانیشتوان بە ناسنامەی قەمویەوە تاسەر بمێننەوەو بکرێنە ئامرازی ڕەسمیەتدان بەناسنامەی قەمی کورد وەک نەتەوەی زۆرینە، یانی هەمان کار کەڕژێمی بەعس لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا گرتیە پێش. لەپاڵ ئەم ڕاستیەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە"دابینکردنی قوتابخانەی تایبەت بەزمانی دایک" بۆ مناڵانی هاوڵاتیانی تورکمان و عەرەب وکلد و ئاشوری، کە وەک "ئیمتیازێکی سەقافی" بۆ ئەم "کەمایەتیانە" هێنراوەتە ناو پرۆگرامەکەی بزوتنەوەی گۆڕانەوە، دیسانەوە جیاکاری وهەڵاواردن ودەستەبەندی کردنی هاوڵاتیانی کوردستان، لەسەر بنەمای زمانە جیاوازەکان بەرهەم دێنێ وخودی ئەمەش دەکاتە مایەی سەرهەڵدانی گوتارو رەفتاری شۆڤینیستی، بەرامبەر بەهاوڵاتیانی غەیرەکورد. چونکە سیستەمێک  کە بزوتنەوەی گۆڕان بەدواوەیەتی وناسنامەی قەومی کوردی کردوە بەبەردا، بەپێویست "زمانی کوردی" وەک زمانی "نەتەوەی زۆرێنە" و زمانی ڕەسمی وڵات لە دەستور و یاساکاندا جێگیر دەکا و بەسەر تەواوی زمانەکانی تری نێو کۆمەڵگادا دایدەسەپێنێ. ئاکامی ئەم حاڵەتەش شتێکی تر نابێت جگەلە دەستەبەندی کردن و پلەدووکردنی هاولاتیانی زمانەکانی تر.

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

لەدۆخی ئێستای کوردستاندا، کە مافە فەرهەنگیەکان لەلایەن دەسەلاتی ناسیونالیزمی کوردەوە بەڕەسمی ناسراوە، پلەدوو بوونی هاوڵاتیانی تورکمانو کلدو ئاشوری و عەرەب لەوەدا خۆی بەرجەستە دەکاتەوە، کەسەر لە"حزبی بجوک و پاشکۆ" بە یەکیەتی و پارتیدا دەر بهێنن و بەتەواوی دەرگای گەیشتن بە پۆستی سەرۆکی هەرێم وسەرۆکی حکومەت و دەزگای ئاسایش و باقی پۆستە هەستیارەکانی تر بەڕوویاندا دابخرێ. بزوتنەوەی گۆران بە ماهیەتێکی قەومی و ئاینیەوە کە هەیەتی و بەوەی کە"هەرێمێکی بەهێز" خەون و ئالتەرناتیڤیەتی ناتوانێ سیاسەتێکی جیاواز لەوەی کە هەیە لەبەرامبەر هاوڵاتیانی غەیرەکوردو موسولمان بگرێتەبەر.

## ٦) مەسەلەی کورد لە "پارچەکانی تری کوردستان" و سیاسەتی بزوتنەوەی گۆڕان:

لە پێشەکی تەوەرەی "ئامانجە نیشتمانیەکان"دا پرۆگرام ڕوانگە و مەبدەئی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر مەسەلەی کورد لە"پارچەکانی تری کوردستان" ئاوا دەخاتەڕوو:

> "سەبارەت بەکێشەی رەوای کورد لە باکور و خۆرهەلات و خۆرئاوای کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان هوشیارە لەئاست ئەو پەیوەندییە تێکرژاو و ئالۆزەی کە هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە بە وڵاتانی دراوسێوە، لەئاست ئەو واقیعەی کە هەرێمی کوردستانی خستوەتە بەردەم دو ئەرکی جیاواز؛ لەلایەکەوە دەبێت پابەندی خزمایەتیی و هاوسۆزیی نەتەوەیی بێت لەگەڵ گەلی کوردی دابەشبو بەسەر ئەو وڵاتانەدا، لەلایەکیشەوە دەبێت وەک هەرێمێکی سەر بە کۆماری عێراقی فیدراڵ، پابەندی یاسا نێودەوڵەتیەکان بێت و ڕێز لە سنور و سەروەریی ئەو وڵاتانە بگرێت. بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە گەشەدان بە دامودەزگا دیموکرات و سیاسیی و کولتوریی و نیشتمانیەکانی ناوخۆی هەرێم، هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ دەرەوە لەسەر بنەمای هاوسێیەتی هاوبەش و بەرژەوەندیی هاوبەش، دور لە بەکارهێنانی زمانی ڕوپامایی ساختە یان هەڕەشەی وەهمی، زەمانەتێکی سیاسیی و یاساییە بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەو وڵاتانە سەبارەت بە ئاشتیخوازیی قەوارەی هەرێم، لە هەمان کاتیشدا ئیلهام دەبەخشێتە کوردانی ئەو وڵاتانە تا خەباتی دیموکراتی لەپێناو هاتنەدیی ئامانجەکانیان پێرەوبکەن، بەو جۆرەی خۆیان بڕیاری لەسەردەدەن، بێئەوەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق مافی دەستێوەردان و بڕیاردانیان لەوبارەیەوە هەبێت."

لەم پەرەگرافەی سەرەوە چەند ڕاستی خۆی بەرجەستەدەکاتەوە:

١/ بزوتنەوەی گۆڕان مەسەلەی کورد لەپارچەکانی تری کوردستان، بەدرێژکراوەی "خزمایەتی و هاوسۆزی نەتەوەیی" دەبینێ، نەک وەک کێشەیەکی سیاسی، کەڕووبەڕوی سەرجەم خەڵکی ناوچەکەیە، بە خەڵکی کوردو فارس وتورکو عەرەبەوە. لەم مەنتقەوە، پاباند بوونەکەشی تا ئەو ئاستەیە کە ڕووبەڕووی "نەتەوەی کوردە"، بەجیا لەمە جێگای باس و هەڵویستگرتن نیە.

٢/ "هەرێمی کوردستان و پەیوەندیە تیکڕژاو و ئالۆزەکانی بەوڵاتانی دراوسێوە" مەبنای تێروانین و هەڵوێست گرتنە لەم کێشەیە. واتە ئەوە بەرژەوەندیەکانی "هەرێمی کوردستانە"، (کە لەواقعدا مەبەست لێی دەسەڵاتی ئێستایە)، وادەخوازێ سەرنج و هەڵوێست لە کێشەی کورد بخاتەڕوو، نەک وەک ئەوەی کە ئەم کێشەیە، بەدژی هەموو خەڵکی ناوچەکەیە و چارەسەری خێرا و بنەڕەتیشی لەبەرژەوەندی هەمویاندایە.

٣/ بەڵام لەمانەش زیاتر ناوەرۆک و چوارچێوەی هەڵوێست و مامەڵەی بزوتنەوەی گۆڕان بەکێشەی کوردەوە، لە پارچەکانی تری کوردستان چییە؟. مادام لەلایەکەوە "هەرێمی کوردستان" پنتیکی سەرەکی لەڕوانگەی بزوتنەوەی گۆڕاندا بۆ کێشەی کورد لەپارچەکانی تر داگیر کردووە و لەلایەکیترەوە ئەم کێشەیە لە "خزمایەتی و هاوسۆزی نەتەوەیی"دا دەبینێ، مامەڵە و هەڵوێستێکی دیبلۆماسیانەی دولایەنە لەبەرامبەر بەم کێشەیەدا دەگرێتەبەر. لەسەرێکی ئەم هەڵوێستە دولایەنەدا، هاوسۆزی بۆ کوردی پارچەکانی تر دەگرێتەبەر و لەسەرەکەی تریشدا، خۆی لەژێر سایەی یاساکانی عێراقی فیدڕاڵدا دەبینێتەوە و "ڕێز لە سنور و سەروەری" ئەو وڵاتانە دەگرێ کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە. ئەم هەڵوێستە دوفاقی ودیبلۆماسیەی بزوتنەوەی گۆڕان کاتێک لەبەر چاوی هەر ئینسانێکی ئازادیخوازو لانی کەم پەیگیر لەسەر پرەنسیپی ئینسانی، مایەپوچی دەردەکەوێت، کە ئەم حزبە بۆقازانجی "هەرێمەکەی" بەچاوی <u>دۆستانە و هاوسێیەتی هاوبەش و بەرژەوەندیی هاوبەش و ئاشتیخوازیی</u>"وە لە دەوڵەتانێکی وەک ئێران و تورکیا بڕوانێ؟ لەکاتێکدا ئەم دەوڵەتانە نەک هەر "ئاشتی خواز نەبوون بەرامبەر بەکێشەی کورد، بگرە بە ئاگرو ئاسن، سەرکوتو ئیعدام،ماڵوێرانی و کاولکاری، مامەڵەیان لەگەڵ ئەم کێشەیەکردووە. ئایا بزوتنەوەی گۆڕان دەتوانێ شانازی بە چ گۆشەیەک لە مامەڵە و هەڵویستە دوفاقیە دیبلۆماسیەکەی بکات، کە هیچ جیاوزیەکی نەبێ لەگەڵ مامەلەیەک کە پارتی و یەکیەتی تائیستا بە مەسەلەی کوردەوە لە پارچەکانی تر کردوویانە؟ ئایا "خزمایەتی وهاوسۆزی نەتەوەیی" لەگەڵ کوردانی بەشەکانیتر لای یەکیەتی وپارتی کەمترە لەوەی حزبی گۆڕان هەیەتی؟ ئایا بۆ ئەمانیش "هەرێم بەشێک نییە لەعێراقی فیدراڵ"، کەدەبی لەژێر سایەی یاساکانیدا، دۆستایەتی و هاوسێیەتی و بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتانی وەک تورکیا وئێراندا، بپارێزن؟ بەڵام پرۆگرام بەمەبەستی جوانکردن و ڕازاندنەوەی ئەم هەڵوسیتە دوو فاقیە وداپۆشینی ناوەرۆکەکەی چەند خاڵێکی تر دەخاتە سەریەک:

" <u>بەرپەرچدانەوەی هەر گوتار و رەفتار و ئاکارێکی شۆڤێنی و ناشارستانی دەرهەق بە گەلی کورد لەو وڵاتانەی کە کوردستانی بەسەردا دابەشکراوە.</u>"

لەراستیدا لەم قسانە بێناوەرۆکتر نییە! ئاخر کەس هەیە ئەو ڕاستیە نەزانێ کە "ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە" لەسەر زوڵمی قەومی و رەفتار و ئاکاری شۆڤێنیستانە" دامەزراون و ڕۆژانە کردەوەی "ناشارستانی" و نامرۆڤانە دەرهەق بە خەڵکی کوردزمان ئەنجام دەدەن؟ حزبێک کە نەک هەر نایەوێت ئەم ڕاستیە ببینێ و خۆی بخاتە بەرامبەر ئەم دەوڵەتانەوە و بە دەوڵەتانێکی ستەمگەر و سەرکوتگەر بیانناسێنێ، بەڵکو ئامادەشە پەیوەندی "دۆستانە و ئاشتیخوازیانە"یان لەگەڵ دامەزرێنێ، "بەرپەچدانەوەی گوتار وکرداری شۆڤێنی" چ کۆمەکێک دەکات

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

بەچارەسەری ئەم کێشەیە؟.

" پێشکەشکردنی هاوکاریی کولتوری و سیاسی و دارایی پێویست بۆ کوردانی باکور و خۆرهەڵات و خۆرئاوای کوردستانی گەورە، لە چوراچێوەی نەریتە دیموکراتی و نێودەوڵەتیەکاندا، بەرەچاوکردنی مافەکانی هاوسێیەتی لەنێوان عێراق و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە".

دەبێ خەڵکی پارچەکانی کوردستان دەستی دوعا بۆ خێر و یارمەتیە کەلتوری وسیاسیەکانی بزوتنەوەی گۆران بەرزکەنەوە، کەوا رۆڵی رێکخراوە خێرخوازەکان لەمەسەلەی کورددا دەگێرێ!! بەڵام لەمەشدا کۆمەک و یارمەتیەکان سنورداره بەمەرجی لەبەرچاوگرتنی "نەریتە دیموکراتیەکان ومافەکانی هاوسێیەتی" لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە!-

"خستنەگەڕی چالاکی دیبلۆماسی هەرێم و پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری عێراقی فیدراڵ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و نێوەندە دیبلۆماسیەکانی جیهاندا بە ئاراستەی داکۆکیکردن لە مافە رەواکانی گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا"

ئەمە لاوازترین رۆڵگێرانی سیاسیە بەرامبەر بە کێشەیەکی سیاسی کە لە ناوچەکەدا هەیە، رۆڵێکی دیبلۆماسی کە قاچی بەتوندی بەستراوەتەوە بە پەیوەندی و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانێکی وەک ئیران و تورکیا و عێراقەوە. لەمەش خراپتر کاتێک بزوتنەوەی گۆران چاودەبڕێ لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق بۆ فشار هێنان بۆ ئەم دەوڵەتانە تا داکۆکی لە "مافە رەواکانی گەلی کورد" بکات، وەک دەستگرتن بەپەتی رزیوەوە وایە، بەتایبەتی کە خودی پەیوەندی هەرێم لەگەڵ بەغدا، پەیوەندێکی لاسەنگ و پرکێشە و پێکدادانی قەومی و بەرژەوەندیەکانە.

هەموو ئەوانەی کە باسمان کرد ئەوە دەسەلمێنن کە بزوتنەوەی گۆران نەک هەر سیاسەتێکی کارسازی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورد لەپارچەکانی تری کوردستاندا بەدەستەوە نییە، بەڵکو قاچی لەهەمان چوارچێوەی سیاسی و مامەڵەی حزبە دەسەڵاتدارەکانی ئیستای کوردستاندایە، بەهەندێ بەرگی ڕازاوەی وەک "پەرەدان بە دیموکراسی ناوخۆ، بەرپەچدانەوەی گوتار و ڕەفتاری شۆڤێنیستی" و شتی لەمجۆرە. بێگومان مەسەلەی کورد و ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کورد لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، یەکێک لەکێشە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستە، لەپاڵ کێشەی فەلەستیندا. ئەم کێشەیە کە ساڵهای ساڵە، بۆتە مایەی سەرکوت و کوشتار و کاولکاری و چەندین تراژیدیای ئینسانی، هاوکات وەک سەرچاوەیەکیش بۆ درێژەکێشانی شەڕ و دەعوای قەومی لەلایەن دەوڵەتانی مەرکەزی و ئەحزابی ناسیونالیستی کوردەوە، برینێکی قوڵی لەجەستەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەڵکەندووە، بەبێ ئەوەی کە هێشتا ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆ چارەسەرێکی سیاسی و بنەڕەتی لەبەرامبەریدا گیرابێتەبەر. لەبەرامبەر ئەم کێشەیەدا، دەوڵەتانێکی سەرکوتگەر و ئینسانکوژی وەک ڕژێمی بەعس لە عێراق، جمهوری ئیسلامی لە ئێران، ئۆردوغان لە تورکیا، جگەلەوەی ستەمی نەتەوایەتی و بێمافی و جیاکاری قەومیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان وبازاڕی سەرمایەداران، لەسەرخانی حکومەت و نیزامەکانیاندا، جێگیر کردووە، هاوکات دڕندانەترین شێوازی سەرکوت و زیندان و لە سێدارەدان و

دەربەدەرکردنیان بەرامبەر بە بەشێک لەهاولاتانی ژێردەستیاندا، بەوهۆیەوە کە کوردن داسەپاندووە. ئەحزابی ناسیونالیستی کوردیش وەک تەرەفێکی ئەم کێشەیە، خۆی بە ستەمی نەتەوایەتی سەر خەڵکی کوردستانەوە هەڵواسیوە و کردویەتی بە دەستمایەیەکی سیاسی بۆ گەیشتن و بەشداری لە دەسەڵاتدا. ئەم حزبانە وەک ئەحزابی بۆرژوازی کورد و چینی دەوڵەمەندان و سەرمایەداران، هەمیشە ئەم کێشەیەیان لەکایەی "مفاوەزەو شەڕدا" هێناوە و بردووە وهیچ کاتێکیش نەیان ویستووە ڕێگایەکی سیاسی و کارساز بۆ چارەسەرکردن وهەڵکەندنی ئەم برینە بگرنەبەر. تەنانەت زۆرجاریش بەرژەوەندیەکانی ئەم حزبانە لەپارچەیەکی کوردستاندا، وای خواستووە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانیان، شەری حزبە کوردیەکانی پارچەیەکی تری کوردستان بکەن. کۆتایی هێنان بەم کێشەیە و گرتنەبەری ڕێگایەکی کارساز، لەپلەی یەکەمدا، لەڕێگای دەرکێشانی ئەم کێشەیەوە دەبێت لەبازنەی سیاسەتەکانی ناسیونالیزمی کورد ودەوڵەتانی مەرکەزی، ئەمەش بەخەباتێکەوە گرێ دەخوات کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سکولاری نەقەومی ونەئاینی وچەسپاندنی مافی هاولاتی یەکسان بۆ تێکرای دانیشتوان لەو ولاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەشبووە، وەک ئامانج وپەرچەمێک لە خەباتی خەڵکی سەراسەری ولاتانی ناوچەکەوە، بە کورد و غەیرە کوردەوە بەدەستەوە گرتبێت. خەباتێکی ئاوا کە ڕیز لە ڕای خەڵکی کوردستان دەگرێ و ڕێدەکاتەوە، بۆ سازدانی ڕیفراندۆمێکی ئازادانە، تا بەهۆیەوە بڕیاری مانەوە بەمافی یەکسانەوە، وەیا جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ وەک مافێکی سەرەتایی خۆیان بڕیار بدەن. ئەمە ئەو ڕێگا چارە سیاسی و چیانیەتیەیە کە کۆمۆنیستەکان وهەر ئینسانێکی ئازادی خواز بۆ بەلاداخستنی کێشەی کورد ساڵهایە ڕایانگەیاندووە.

## ٧) سەربەخۆیی کوردستان وهەڵویستی بزوتنەروەی گۆڕان

پڕۆگرام ئاوا هەڵوێست لەخواستی سەربەخۆیی کوردستان دەگرێ:

"ئازادی گەلی کوردستان و مافی بڕیاردانی چارەنوس، بە بڕیاردانی سەربەخۆیی کوردستانیشەوە، ئامانجێکی باڵا و ستراتیجیی بزوتنەوەی گۆڕانە. گەلی کوردستان لەپێناو ئەو ئامانجەدا چەندین شۆڕشی بەرپاکردوە *، چەندین جار روبەڕوی جینۆساید و ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکاریی بۆتەوە. بەڵام ئەو ئامانجە نیشتمانیە باڵایە تەنها بە دروشم بەدی نایەت، بەڵکو پێویستی بەهەنگاوی کردەییە لەسەر زەمینی واقع، پێویستی بە نیشتمانیکردنی دامودەزگاکانی هەرێم و پاککردنەوەی هەمو ئەو دامودەزگایانەیە لە وەلای حیزبی و شەخسی و بنەماڵەیی بەرتەسک، پێویستی بە گەڕاندنەوەی کەرکوک و ناوچە

*) پڕۆگرام لەچەند شوێندا ئاماژە بە"شۆڕشەکانی گەلی کورد" لە کوردستانی عێراقدا دەک او وەک پێناسەیەک بۆ ئەو جوڵانەوە چەکداریانەی کە لەلایەن حزبە ناسیونالیستەکانەوە، بەرپاکراوە بەکاردێنێ. دروست هەروەک مەسعود بەرزانی و حزبەکەی کە "جولانەوەی بەرزان، گوڵان، ئەیلول" بەشۆڕش ناوزەد دەکا و تاڵەبانی و حزبەکەی ئەویش، جولانەوەی یەکیەتی نیشتمانی، بە"شۆڕشی نوێی گەلی ⇐

دابڕاوەکانە بۆ سەر خاکی هەرێم. ترساندنی داگیرکەران بە ئەگەری ڕاگەیاندنی کوردستانی سەربەخۆ بەبێ زەمینەسازی لەسەر زەمینی واقع، بەبێ گەڕاندنەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان، بەبێ بنیاتنانی دامەزراوەی نیشتمانی بان حیزبی، تەنها دروشمێکی کرچە، نە داگیرکەران دەترسێنێ، نە ڕۆحی بەرەنگاریش لەناوخۆدا دروستدەکات."

هەروەک لەم پەرەگرافەی سەرەوەدا دەردەکەوێ کە بزوتنەوەی گوران ڕاستەخۆ خواستی سەربەخۆیی کوردستان، ڕەت ناکاتەوە و وەک ووتن بە"ئامانجی باڵاو ستراتیژی" خۆی دەیناسێنێ. بەڵام بەو جۆرەی کە ئەم خواستە بە چەند مەرجێک و ئەماو ئەگەرەوە گرێدەداتەوە، بەکردەوە شانی خۆی لە بەدیهێنانی ئەم خواستە خاڵی دەکاتەوە. بەتایبەتی کاتێک کە ئەم خواستە بە مەرجی "بەنیشتمانی کردنی دامودەزگاکانی هەرێم و گەرانەوەی کەرکوک و ناوچە دابراوەکانەوە" دەبەستیتەوە. ئەمە جگەلەوەی کەلەپاڵ ئەم مەرجانەدا زۆرجار باسی "ئابوری بەهێز و نەهێشتنی دووئیدارەیی وهێنانەکایەوەی هێزێکی یەکگرتووی پێشمەرگە" لێرەولەوێ دێتە سەرگۆی سەرانی ئەم حزبە. بەڵام ئەگەر لەرابردوووداو بەتایبەتی لەسالانی دوای راپەرینی٩١ دا خواستی سەربەخۆیی لەلایەن جەماوەرو کۆمۆنیستەکانەوە، وەک ڕێگایەک بۆ کۆتایی هێنان بەستەمی نەتەوایەتی وکێشەی کورد لەکوردستانی عێراق وبۆ کۆتایی هێنان بەدۆخی سەرگەردانی و هەڵواسراوی کۆمەڵگای کوردستان، دەخرایە ڕوو، ئەوە سەرجەم حزبە ناسیونالیستەکانی ناو دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات بوون کە بە پاساوی ئەوەی دۆخەکە لەبار نییە و عێراق هێرش دەکاتە سەرمان، تورکیاو ئێرانو سوریا، ڕازی نابن، ئەمریکا پشتیوانیمان لێناکات، ئەم خواستەی خەڵکی کوردستانیان پایماڵ دەکرد و وەک بەربەستێک ڕێگربوون لەبەر دەمیدا. کەچی لە ئێستا و بەدوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو دەیە بەسەر بارودۆخەکاندا و لەکاتێکدا کە قەیرانی قوڵی سیاسی و ئابورری یەخەی دەوڵەتانی ناوچەکەی گرتوە و ڕۆڵی ئەمریکاش ڕوولەداشکانە، تازەبەتازە بزوتنەوەی گۆڕان بەمەرجەکانیەوە لەبەرامبەر ئەم خواستەی خەڵکی کوردستاندا ڕادەوەستێ ودەیەوێت خەڵکی بەوە قانع کات کە"خواستی سەربەخۆیی کوردستان ئامانجی باڵاو ستراتیژیەتی"

کورد" ناودەبات، بزوتنەوەی گۆڕانیش بەهەمان شیوە ئەم جوڵانەوانە بەشۆڕش و"خەبات و قوربانیدانەکانی گەلی کورد" دەیانناسێ و چاوی "لە دەستکەوت و سەروەریەکانی" بڕیوە، لەکاتێکدا ئەم جوڵانەوانە جگە لە شێوازی بزوتنەوەی چەکداری دژی ڕژێمی ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد، بۆ بەشداری لە دەسەڵات و وەرگرتنی ئیمتیازات لە دەوڵەتی مەرکەزی لەژێر ناوی ئۆتۆنۆمی وفیدڕالیزم و مافی چارەی خۆنوسیندا، شتێکی زیاتر نەبوون. چەمکی شۆڕش بە مانا زانستیەکەی دیاردەیەکە نە دروست دەکرێ و نە بەرپا دەکرێ، بەڵکو بەرئەنجامی ناکۆکیە چینایەتی و ئابوریەکانە لەهەروڵاتێکدا، کە لەدەرەوەی بیرو هۆش وبەرنامەی ئەحزابی سیاسی، سەرهەڵدەدا و دێتەکایەوە. بەم مانایە شۆڕش دیاردەیەکی بابەتی کۆمەڵگای چینایەتیە و ئەوە ئەحزاب و رەوتە سیاسیەکانن کە بە بەرنامە و ئامانجی سیاسی خۆیانەوە چالاکی تیا دەنوێنن ڕێگای گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی دەگرنەبەر. لەمەفهومی ناسیونالیستەکاندا، هەر گروپێکی چەکدار بەکڵاو و جامانە و بەچەکەوە لەڕژێم یاخی ببێ و دوای چەند ساڵ ڕێگای مفاوەزات و ساتو سەودا بۆ وەرگرتنی ئیمتیازات بگرێتەبەر بەشۆڕشی گەل ناسێندراوە و بەم لۆژیکەشەوە مێژوی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان دەنوسنەوە وئەم جوڵانەوانەش بە"شۆڕشی خەڵکی کوردستان" ناو دەبەن. ئامانج لەم ئاوەژووکردنەوەیەی هەقیقەتی ئەم جوڵانەوە چەکداریە، ئەوەیە کە ناسیونالیزم کردەی خۆی بەکردەی هەموو خەڵک و ئامانجەکانیشی بەئامانجی "نەتەوەی کورد" لەقاڵب بدات، تا لەم ڕێگەیەوە ڕەوابوونی سیاست و کارنامەی خۆی بەسەر خەڵکدا داسەپێنێ و ڕاستی دابەشبوونە چینایەتیەکان و بەرژەوەندیەکانیان ئینکار و نەفی بکاتەوە.

بەڵام مەرجەکانی ئامادەنیە.!!. بێگومان هەڵوێستێکی ئاوا بەکردەوە نەک هەر خواستی سەربەخۆی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەت بەپرۆسەیەکی مەحال دەسپێرێ، بگرە هەر ئەو مانایەش دەدات بەدەستەوە، کەچارەنوسی خەڵکی کوردستان لەتونێلێکدا بۆ دەیان ساڵی تر بەدیار دەسەڵاتی میلیشیایی و ناوچەیی ئەحزابی ناسیونالیست وباڵادەستیان بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا، ڕابگیرێ. ئەمە لەکاتێکدا کە بارودۆخی سیاسی و گێژاوێک کە کۆمەڵگای کوردستانی تیا ڕاگیراوە، بە پێویست خودی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کردۆتە ئەمرێکی فەوری ودەست بەجێ. بەواتایەکیتر، خواستی سەربەخۆیی بەومانایە زەرورو فەوریە، بۆئەوەی کۆتایی بە دەسەڵاتی ناوچەیی و میلیشیای بهێنرێ. تەنانەت بۆ ئەوەیە کە دامودەزگای دەوڵەتی و پێکهاتوە ئابوری و عەسکەریەکانی دامەزرێ و کۆمەڵگا لە فۆرم و شێوازی دەسەڵاتداریتی دوفاکتۆی ئێستای حزبە ناسیونالیستەکان دەرکێشرێ وکۆتاییش بەوگێژاوە بهێنرێ کە بەهۆی لکاندنەوەی کوردستان بەعێراق و فیدراڵیزمێکی قەمی ومایەپوچەوە، درێژەی پێدراوە و دەدرێ.
تەجروبەی جولانەوە ناسیونالیستەکان لەمێژودا، بەتایبەتی ئەوانەی دەوڵەتیان دامەزراندووە، وێنەیەکی پێچەوانە بە سیاسەت و هەڵوێستەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و ئەو حزبانە دەخاتەڕوو، کە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بەپرۆسەیەکی نادیاری چاکسازی لە ئیقتساد و ئیدارات و دامودەزگا و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەدا دەبیننەوە. ڕێک بە پێچەوانەوە ناسیونالیزم لە مێژوودا کاتێک دامەزراندنی "دەوڵەت / نەتەوە"ی وەک ئامانجێکی ستراتیژی بەدەستەوە گرتووە و بۆی تێکۆشاوە تا یەکیەتی "خاکو نیشتمان" لەڕێگای هەڵگرتنی دەسەڵاتە ناوچەییەکان، حوکمی خێڵ و حزب، سیستەمی زەربیە محەلیەکان کە لەلایەن دەسەڵاتە محەللەیەکانەوە دەسەپێندرا، هەڵگرێ و یەک بازاڕی هاوبەش لەژێر چەتری "نیشتمانو ودەوڵەتی نەتەوە"دا دامەزرێنێ. بەڵام بزوتنەوەی گۆڕانو حزبە کانی بزوتنەوەی کوردایەتی هەڵگری کەمترین ئاست لەپێشڕەوی کۆمەڵایەتی نین. هەربۆیە ئەم خواستەی خەڵکی کوردستان دەخەنە گرەوی ئامانجەکان و بەرژەوەندی خۆیانەوە. مانەوە لە فیدراڵیزمێکی قەومیدا، کە بڕیاری خەڵکی کوردستانی لەسەر نەبووە، دۆخێکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشەی نێوان حزبە ناسیونالیستەکانی کوردستان و دەوڵەتی مەرکەزی، لەسەر بەرژەوەندیەکانیان، چارەنوسی خەڵکیان لە گێژاوێکی بەردەوامدا داناوە ومەعلوم نییە کە لەهەردەورەیەکیدا چ بەڵاو موسیبەتێکی لێدەکەوێتەوە. سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەت وەک سیاسەتێک بۆچارەسی کێشەی کورد وئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە، لەڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕای هاوڵاتیان، نەک هەر ژیانی ئێستا و داهاتووی خەڵکی کوردستان لە بازنەی بەرژەوەندی و شەروکێشمەکێشەکانی نێوان ئەحزابی ناسیونالیست و دەوەڵەتی مەرکەزی دەردێنێ، بەلکو دەرگاش بەرووی خەڵکی کوردستاندا دەکاتەوە تا هەنگاو بەرەو ئاڵوگۆڕپێدانی سیستەم و شێوازی حکومڕانی ئێستا هەڵگرن. کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان ئاوا سیاسەت و هەڵوێستێکی ڕاشکاوانە لەبارەی پرسی سەربەخۆیی کوردستانەوە ناگرێتەبەر، بەپێویست قاچی لەچوار چێوەی هەمان سیاسەتی باوی حزبە ناسیونالیەتە باڵادەستەکاندا دەمێنێتەوەو ناتوانێ لەژێر ناوی چاکسازی و"ئامانجە نیشتمانیەکاندا" وەک لایەنێکی هاوبەش و بەرپرسیار لەدرێژەدان

بەدۆخی ئێستا وسیاسەتی نامەسئولانەی حزبە دەسەڵاتدارەکاندا جێگا نەگرێ.

## دووەم: "ئامانجە دیموکراتیەکان":

بەدوای "ئامانجە نیشتمانیەکان" پرۆگرام لە دوتوێی زیاتر لە دە خاڵدا ڕێگای گەیشتن بە"ئامانجە دیموکراتیەکان"ی بزوتنەوەی گۆڕان دەخاتەڕوو، لێرەدا هەوڵدەدەین لەسەر گۆشە سەرەکیەکانی ڕاوەستین و بزانین ئەو گۆڕانکاری وچاکسازیەی کە ئەم حزبە بەدواوەیەتی ڕووی لەچیە وتاچەند پەیوەندی بەبەرژەوەندیو هاولاتیانی کوردستانەوەیە:

### ١) واتای عەمەلی "پەرەدان بەدیموکراتی" وەك ئامانجێك:

لەم بەشەی پرۆگرامدا "پەرەدان بەدیموکراتی" وەک ڕێگای یەکەمی گەیشتن بە"ئامانجە دیموکراتیەکان" جێگیر کراوە:

پەرەدان بە دیموکراسی، ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی، جیاکردنەوەی ئەرکی حیزبی لە فەرمانی حکومی، دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی کۆمەڵگەی شارستانی، دەسەڵاتە ناوەندیەکانی هەرێم لە دەسەڵاتی پارێزگاکان، دابەشکردن و وردکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەسەر هەمو ئاستە کارگێری و ناوچەییەکان.

بەم جۆرە دەبینین بزوتنەوەی گۆڕان "پەرەدان بەدیموکراتی" لەخودی بەشە پێکهاتوەکانی خۆیدا دەبینێ و ڕۆڵ ودەخاڵەتی خەڵک، وەک بنەمایەکی سەرەکی، لە دەرەوەی بازنەی "سیسەتەمی دیموکراتی"دا ڕاگیراوە. دیارە ئەمەش بۆ ئەو تێڕوانین و خۆگرێدانەوەیەی بزوتنەوەی گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ دیموکراسی و یەکێک لە شێوە باوەکانی، کە ئێمە بە "پلورالیزمی سیاسی وئیسنیکی" ناومان بردوە. شێوەیەک لەسەر بنەمای ناسنامەی قەومی و"ڕێزگرتن لەئاینی ئیسلام وەک دینی زۆرینە" پێناسەی بۆکراوە. هاوکات شێوەیەکە کە ئەحزابی جۆراوجۆر لەڕێگای دەنگدان و هەڵبژاردنی پەرلەمان ودەسەڵاتە ناوچەییەکان و شارەوانیەکانەوە، نوێنەرایەتی جەماوەر دەکەن و دواتریش "ئەنجامی دەنگدانەکان" لەڕێگای تەوافقی حزبەکانەوە دەسەڵاتەکان لەئاستی سەراسەری وناوچەییدا دابەش دەکرێن بەسەر حزبە بەشداربوەکاندا. لە شێوازێکی ئاوای دیموکراسیدا کە ڕۆڵی خەڵک وهاولاتیان لاوەکیە و هەرجۆرە هەنگاونانێک بۆ برەودان بەم دیموکراسیە وهەرجۆرە چاکسازیکردن تیایدا، بە پێویست مانایەکی تەکنیکی بەخۆیەوە دەگرێ وڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لەسەر بەرین کردنەوەی مافو ئازادیەکانی خەڵک جێناهێڵێت. بەتایبەتی کە لەڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی خەڵکەوە پەرەدان بە دیموکراسی تەنها ئەو مانایەی هەیە کە گۆڕانکاری لە ژیانی ئەواندا و بەرینکردنەوەی ماف و ئازادیەکانی بەدوادابێت. بەڵام کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان جێگایەک بۆ ڕۆڵی خەڵک لە دیموکراسیدا نابینێتەوە و کاتێک کە کێشە و شەڕی ئەو لەسەر ڕۆڵی حزبەکان وقۆرغکاریان چەقی بەستبێ، ئەوا تەواوی هەنگاوەکان کە لەژێر ناوی "بەرینکردنەوە و پەرەدان بە دیموکراسی"دا دەخرێنەڕوو، لەبازنەی هەنگاوگەلێکی تەکنیکی دەرناچێت و سیاسەتی

چاکسازیەکیش کە ئەم هەنگاوانەی لەخۆگرتووە، بەتەنها ڕوو لەتەعدیل وجوانکردنی نەزم ونیزامی ئێستا دەکات، بەبێ ئەوەی کاریگەریەکی لەسەر مافو ئازادیەکانی هاولاَتیاندا بەجێبهێلێت.
لەواقعدا پەرەدان بە دیموکراسی نە بە ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی دەسەلاَتەکان و نە لەڕێگای جیاکردنەوەی ئەرکی حزبی لە فەرمانی حکومی دەستەبەردەبێت، تەنانەت وردکردنەوەی دەسەلاَتە کارگێڕیی وناوچەییەکان وەک ئەوەی هەنگاوگەلیکی تەکنیکین لەبەرامبەر ناوەندێتی کارگێڕیدا، ناتوانێت ڕۆلێکی ئەوتۆبگێڕێت. چونکە هەموو ئەمانە ڕوکاری دیموکراسی و شێواز وئارایشی دابەشکردنی جوگرافیانەی یەکە کارگێڕیەکان و ناوچەیەکان زامن دەکەن و ڕاستەوخۆ ڕۆلی خەلَک و هاولاَتیان چالاک ناکەنەوە. بە واتایەکی تر ئەوە فاکتۆری خەلَک خۆیانە کە بەکردەوە پەرەگرتنی دیموکراسی وبەرین کردنەوەی بەرهەم دێنێت، یانی ئەوە دەخالەتپێدانی ڕاستەوخۆی خەلَک و دەرکەوتنیانە وەک سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ دانانی یاساکان و وبەڕێوەبردنی کۆمەلگا، چ لە ئاستی سەراسەری و چ لە ئاستی ناوچەیی و یەکە کارگێڕیەکاندا، دەتوانێ زامنی پەرەگرتنی دیموکراسی بێت. کاتێک کە"جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت و بەنیشتمانی کردنی دەزگاکان" وەک دروشم و ئامانجێکی سەرەکی لە سیاسەت و پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕاندا، جێگای گرتبێ، کاتێک کە "دیموکراسی پەرلەمانی" لە شکلَی پلوڕالیزمی سیاسی وئسنیکیەکەدا، شوێنی دیموکراسی ڕاستەوخۆی جەماوەری گرتبێ، بەدلَنیاییەوە باسکردن لەسەر "پەرەگرتنی دیموکراسی" شتێکی تری بەدواوە نابێت جگە لە وردکردنەوەی دەسەلاَتەکان وئاستەکانی کارگێڕی، و داسەپاندنی فۆرمێک لە دیموکراسی کە فاکتۆری خەلَک تیایدا کراوەتە ئامرازێک بۆ برانەوەی دەسەلاَتی کەمایەتی لەپرۆسەی دەنگدانەکاندا، بەناوی "ئازادی دەنگدان ودیموکراسی نیابەتیەوە". هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، کەڕۆلی ئەحزاب و بالاَدەستیان، بەسەر کۆمەلَگا و سیستەمی سیاسیەوە لە کوردستان، ئەو دیاردە مەترسیدارەیە لەبەردەم حزبی گۆڕاندا، کە ئەگەر کەمبکرێتەوەی وەیا بەنەهێشتنی ئەوا "هەرێمێکی بەهێزی دیموکراسیو موئەسەساتی نیشتمانی" دێتەکایەوە. بۆ ئەم مەبەستەش وا نیشاند دەدات کە وردکردنەوەی دەسەلاَتە کارگێڕیەکان و ناوچەییەکان هۆکارێک دەبن بۆ نەهێشتنی هەیمەنەی حزبەکان بەسەر حکومەت و سیستەمی کارگێڕیەوە وئەمەش بە پەرەگرتنی دیموکراسی بەخەلَک دەفرۆشێ، وەک ئەوەی لە پرۆسەی ئەم وردکردنەوەیەدا، ڕۆلَ و وجودی حزبەکان ببن بەهەلَم و نەمێنن!! ئەمە جەوهەری ئامانج و ئالتەرناتیڤێکە کە بزوتنەوەی گۆڕان لەبارەی دیموکراسیەوە لە پرۆگرامەکەیدا تۆماری کردووە، ئامانج و ئەلتەرناتیڤێک کە دەورو ڕۆلی جەماوەر ئەگەر بەتەواوی پشتگوێ نەخرابێت ئاوا، ڕۆلێکی لاوەکی و ئامرازی پێدراوە. بەلاَم لەخالَێکی تردا پرۆگرام زیاتر دەرواو مەسەلەی "دامەزراندنی دەولَەتی یاسا" دێنێتە ئاراوە:

> <u>دامەزراندنی دەولَەتی یاسا</u> و ڕێزگرتن لە سەروەریی یاسا کە بەسەر هەمواندا بەشێوەیەکی یەکسان جێبەجێ ببێت. پێڕەوکردنی لێپرسینەوەی یاسایی بێ جیاوازیی لە پلەوپایەی حکومی، بێ جیاوازیی لە ئینتیمای حیزبی و کۆمەلاَیەتیدا.

دامەزراندنی دەولَەتی یاسا و سەروەربوونی ... خالَێکی ئیجابی و پێویستە بەلاَم لە فەزای ئێستای

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

کوردستاندا، کە ئەحزابی میلیشیای باڵادەستن و نفوزی ناوچەییان فۆرم وجەوهەری دەسەڵاتداریتیان شکڵپیداوە، ئەم قسانە جگە لە دەربڕینێکی ڕۆمانتیکانە بۆ هەڵخراندنی ڕای گشتی ناتوانرێ بەکردەوە هیچ ئەنجامێکی بەدواوەبێت. هاتنەکایەوەی دەوڵەتی یاسا، و سەرەوەری دەسەڵاتداریتی بەپلەی یەکەم کاتێک مەوزوعیەتی دەبێ و دەبێتە ئامانجێکی بەکردەوە، کە دەوڵەت لەئارادابێ و شوێنی دەسەلاتە میلیشیایی و ناوچەییەکانی گرتبێتەوە. بزوتنەوەی گۆڕان کە نە لایەنگری وەلانانی دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشیاییە و نە ڕاشکاوانە داکۆکی لە خواستی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەت دەکات و لەولاشەوە تەواوی ئامانجەکانی ڕووی لە هێنانەکایەوەی "هەرێمیکی بەهێز"ە، بەپێویست باسکردن لە دەوڵەتی یاسا و... دەخاتە خانەی شەڕێکی کەلامی و راگەیاندنەوە.

## ٢) دیدی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ ئازادیەکان و مافە مەدەنیەکان:

"پاراستنی ئازادیی و مافە سیاسی و مەدەنییەکان، ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان، ئازادیی نیشتەجێبون، ئازادیی ویژدان و رادەربڕین و بیروباوەڕ".

لەبارەی  ئەم بەندەوە چەند ناڕۆشنی لەئارادایە کەپرسیارکردن لەبارەیانەوە پێویستە. یەکەم ئایا پرۆگرام ئازادیەکان بەڕەسمی دەناسێنی یان دەی پارێزێ؟ پاشان کام جۆرە لەئازادی "دەپارێزێ".. ئایا مەبەست لەپارستنی ئەو ئازادیانەی ئێستایە کە دەسەلات بە خەڵکی داوە یان جۆرێکیترە؟ لەمەش زیاتر ئایا بزوتنەوەی گۆران ئازادی بێمەرجی هەڵسوڕانی سیاسی، مانگرتن و خۆپیشاندان، پێکهێنانی ئەحزاب و ڕێکخراوەی جەماوەری، کۆبوونەوە و میتینگ.. بەڕەسمی دەناسێنێ یان ئەویش وەک دەسەڵات بە ئەماو ئەگەرەوە دەیان بەستێتەوە. پاشان مەبەست لەمافە مەدنی و سیاسیەکان چییە و چ پیناسەیەکیان بۆ دەکات؟ بۆنمونە ئایا بزوتنەوەی گۆران مافی شۆڕشکردنی خەڵک وئازادی خەبات بۆ وەلانانی دەسەڵاتداران و بەرپرسان لەپۆستەکانایاندا بە مافێکی مەدەنی و ڕەسمی هاوڵاتیان دەزانێ؟ یان بەئاژاوەگێری و فیتنە لە قەڵەمی دەدات؟ ئایا ئازادی بێدینی ورەخنە لەموقەدەساتی قەومی و نیشتمانی و ئاینیەکان بە مافێکی مەدەنی دەناسێنێ؟ یان ئەویش وەک دەسەلات پیرۆزیەکانی نەتەوە و ئایین بە مەسەلەگەلێکی سەرو ئازادی لە قەلەم دەدات کە نابێ بکەونە بەردەم ڕەخنە و نارەزایەتی هاوڵاتیانەوە. لەیەک وتەدا کاتێک کەب زوتنەوەی گۆڕان باس لە "پاراستنی ئازادیەکان و مافەکان" دەکات و بەڕاشکاوانە دان نانێت بەئازادی بێمەرجی هەڵسوڕانی سیاسی، خۆپیشاندان و مانگرتن، پێکهێنانی حزب و ڕێکخراوە، ئازادی ڕەخنەو ئازادی بێدینی... بە پێویست جیاوزیەکی چۆنایەتی لەگەڵ ئەو ئاستە لە ئازادی و ماف دروست ناکات کە دەسەلاتی ئەحزابی میلیشیایی بۆخەڵکی بەڕەوا بینیوەتەوە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بۆرژوازی و حزبەکانی هەمیشە ترس لە ئازادی لە لایەک و خۆ هەڵخستنیان وەک لایەنگر لە ئازادیەکان ئەم مەسەلەیە لە دوتویی نارۆشنی وقابیلی تەفسیردا، دەهێڵنەوە. پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕان لەمبارەیەوە نمونەیەکیەتی.

## ٢) جێگای ئاین و ئازادی بێدینی لە پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕاندا.

ئاشکرایە کە هەڵوێست لە ئاین لەهەرسیتەمێکی سیاسیدا، ولە پرۆگرامی هەر حزبێکدا، ئەتوانێ بنەمایەک بێت بۆ ئاستی بەرین بوونەوەی ئازادیەکان و تەنانەت خودی "سیستەمی دیموکراتی". کۆمەڵگای ئازاد و "تاکی ئازاد" وەک ئەوەی بزوتنەوەی گۆران لە پرۆگرامەکەیدا کردویەتی بەسەرچاوەیەک بۆ "دامەزراندنی هەرێمێکی بەهێز"، بەو ئاستە بەدی دێت کە ئاین نە هەر وەک ئەمرێکی شەخسی تاکەکان بناسرێت، نەک هەر نابێ لەسەرو ئازادی ڕەخنەوە دانەنرێ، بەڵکو نەکرێتە شتێکی پیرۆز و پاساوی بۆ نەهێندرێتەوە وهیچ ئیمتیازێک نەدرێت بەئاینێک لەبەرامبەر ئاینەکانی تردا. بەڵام بابزانین لەمبارەوە پرۆگرام چیمان پێدەڵێت:

"<u>پاراستنی ئازادی دینداری و سروتی مەزهەبە دینیەکان</u>، <u>ڕێزگرتن لە ئاینی ئیسلام وەک ئاینی زۆرینەی خەڵکی کوردستان و عێراق</u>.

ئەم خاڵە بەڕۆشنی خەسڵەتی دژی ئازادی و ئازادیخوازی بزوتنەوەی گۆران وەک حزبێکی بۆرژواناسیونالیست ئاشکرادەبێت. بەتایبەتی کاتێک کە ئەو باسی ئازادی دینداری دەکات بەڵام بەلای ئازادی بێدینیدا ناچێت، تەنانەت کاتێک کەباس لە ئازدی ویژدان دەکات، ئازادی ڕەخنە لە دین و موقەدەساتە نەتەویی و ئاینەیەکان بەرەوا نابینێ ولەبارەیانەوە قسەیەک ناکات. لەمەش زیاتر "ڕیزگرتن لە ئاینی ئسیلام" بەبەهانەی زۆرینە بوونی" بەپێویست ئیمتیازات بەدینی ئسیلام" وپەیرەوانی دەدات، مەلاو شێخ و ئاخوند و مزگەوت و شەریعەت و ئادابەکانی دینی ئیسلام، لەچاو هەر دینێکیتر وپەیرەوانیاندا، (لە نمونەی مەسیحی و جولەکە..) جێگایەکی باڵادەستیان پێدەبەخشێ. هاوکات خودی ئەوەی کە "ئیسلام وەک ئاینی زۆرینە" دەناسرێ، بەپێویست وەک دینی ڕەسمی وڵات جێگای پێدەبەخشرێ، بەڕادەیەکی ئەوتۆ کە فرسەتێکی لەبار بۆ ئیسلامیەکان و پەیرەوانی ئاینی ئیسلام دابین دەکات کە مافی ڕاکێشانی شەریعەتیان هەبێ بۆناو دەستور و یاساکان و وەک سەرچاوەیەکیش مامەلەیان لەگەڵ بکرێ وهەرکەسیش کە بروای بەم دینە نەبێ دەکەوێتە بەردەم سزا و سەرکوتەوە، تەنانەت ئەم ڕێزلێگرتنەی بزوتنەوەی گۆران لە دینی ئیسلام ئەو بەهایەشی دەبێ بۆ ئیسلامیەکان کە وەزارەتی ئەوقاف بکەنە بەشێک لەوەزارەتەکانی حکومەت و لەسەر داهاتی خەڵک هەزاران مەلا و مزگەوت ببنە موچەخۆر و داهاتیان بۆ سەرف بکرێ. هەموو ئەمانەش بە پاساوی ئەوەی کە "دینی ئیسلام زۆرینەی خەڵکی کوردستان و عێراقە". بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر چ پێوانەیەک ئەم زۆرینایەتیەی بەئەنجام وەرگرتووە؟ ئایا سەرچاوەکەی بە ئسیلامی نوسینی بەزۆری خەڵکە لەناسنامەی باری کەسێتیاندا، یان لەبەر موسوڵمان بونی ئەوانە؟ ئایا برواوبوونی زۆرینەیەکی کۆمەڵایەتی بەدینێک دیارەیەکی ڕاوەستاو وئەبەدیە یان مێژوویی وقابیلی گۆڕانە؟ لەڕاستیدا هێنانی ئەم دەربڕیانە لەژێر ناوی ئازادی دینداریدا، تەنها ئەو ئەنجامەی هەیە کە حزبی گۆڕان نەک هەر بزوتنەوەیەکی سکولار و مەدەنی نییە، بەڵکو سەرتاپا کۆنەپەرست و پشتبەستووە بە دین و بۆ کۆکردنەوەی دەنگی هاوڵاتیان بەم دیاردەیەوە خۆی بەستۆتەوە، کە بێگومان ڕەواجدان بە جیاکاری ئینسانەکان لەسەر باوەڕی ئاینیان و سەرکوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. ئەمە ئەو ئامانجە دیموکراتیەیە کە

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

پرۆگرام وەک لایەنێکی چاکسازی پێشکەس بەخەڵکی کوردستانی دەکات.

### ٣) فەرهەنگ وفەرهەنگی دیموکراتی

پرۆگرام لەراستەی پەرەدان بە دیموکراسی دا ڕێگای فەرهەنگیش دەگرێتەبەر و وەک بابەتێک بۆ گەیشتن "بەئامانجە دیموکراتیەکان" بەدەستیەوە دەگرێ. بەڵام کام فەرهەنگ؟ پرۆگرام ئاوا باس دەکات:

"پەرەدان بە فەرهەنگی دیموکراتی، هەڵبژاردن، کاراکردنی ژیانی پەرلەمانی، کاراکردنی ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی لەسەر ئاستی پارێزگا و وردکردنەوەیان لەسەر ئاستی قەزا و ناحیە و گوندەکان.

"پەرەدان بە فەرهەنگی بەرهەڵستکاریی مەدەنی، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و رۆشنبیریی، رەخنەگرتن وەک مافێک کە دیوی دوەمی بەرپرسیارێتییە.

"پەرەدان بە فەرهەنگی پەسەندکردنی جیاوازیی لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیریی، پەسەندکردنی شکست لە هەڵبژاردندا، ململانێی ئاشتیانە و دەستاودەستکردنی دەسەلات لەسەر هەمو ئاستە سیاسیەکان، دەستاودەستکردنی بەرپرسیارێتی لەسەر ئاستی کارگێریی و کۆمەلایەتی، لەنێوان کەسە شیاوەکاندا، لەنێوان رەگەز و تەمەنە جیاوازەکاندا.

بەگژاچونەوەی هەر رەفتار و ئاکار و هزرێکی توندرەو و تیرۆریستانە، لەژێر هەر ناو و هەر پاساوێکدا بێت.

"زەمینەسازیی بۆئەوەی لە فەرهەنگی سیاسیدا زمانی دایەلۆگی رۆشن و ناونانی بەرژەوەندیەکان جێگەی زمانی دروشم و موزایەدە و گوتاری لاستیکیی بگرێتەوە.

ئەم بەندانە پێکەوە کەلەسەر فەرهەنگی دیموکراتی و فەرهەنگ بەگشتی رادەوەستێ، دەیەوێت وانیشان بدات کە بزوتنەوەی گۆڕان حزبێکی لیبڕاڵ ودیموکراتخوازە، بەڵام ماهییەتی ئەم ڕەوتە وەک ڕەوتێکی ناسیونالیستی کە بە توندی خۆی بە نەتەوە و خاک و نیشتمانەوە بەستۆتەوە و دابەشبوونە قەومی وئاینیەکانی وەک بنەما و ڕوانگەیەک بۆماف و ئازادیەکان بەدەستەوەداوە، هاوکات خودی ئەوەی کە ئاینی ئیسیام بەپیرۆز دەزانێ و ئامادە نییە یاسایەک کە پێچەوانە بێت بە شەریعەتی ئیسلامی جێگیر بکرێ، بەپێویست فەرهەنگی کوردایەتی و سونەتەکانی جولانەوەی ناسیونالیستی گۆشەیەکی سەرەکی فەرهەنگ وئاکاری سیاسی ئەم حزبە داگیر دەکات. کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان بەشوێن "دەستکەوتی قوربانیدانەکان و شۆڕشەکانی کوردەوەیە" کاتێک کە کارەساتە نەتەوەییەکان وهەڵسوکەوتی کەسایەتیە نەتەوەییەکان، لەشاعیران و مەلاو شێخو سەرۆک خێلەکان وەک مێژووی "گەلی کوردستان لەپێناو نیشمان"دا دەناسێنی، بەپێوسیت نوێنەرەوەی هەمان فەرهەنگی زاڵی ناسیونالیستی لەخۆیدا عەکس دەکاتەوە. لەلایەکیترەوە فەرهەنگ بەگشتی دیاردەیەکی کاریگەر تر نییە لەسیاسەتو ئابوری. هاوکات فەرهەنگی زاڵ لە کۆمەلگادا، هەمیشە فەرهەنگی ئەو چینەیە کە دەسەلاتی بەدەستەوەیە و نوێنەرەوەی نیزامێکی

سیاسی و ئابووری وچینایەتیە. کاتێک کە بزوتنەوەی گۆڕان دەسەلاتی چینی بۆرژوازی و حکومەتی هەرێم بە دەستکەوتی خەڵک دەزانێ ولە هەمانکاتدا لەسەر پێگەی هەمان سیستەمی ئابوری و سیاسیەک ڕادەوەستێ کە لەئارادایە، بەپێویست قاچی لەهەمان فەرهەنگو ئەخلاقیاتی زاڵی ئەم چینە و بزوتنەوە قەومیەکەیدا دەمێنیتەوە. ئەوەشی کە دەیەوێت ئەم فرهەنگە بە لیبرالیزمو دیموکراتی ئاوێزان بکات، کارێکە بۆ ڕەواپێدانی بەرنامەی چاکسازی و ڕیفۆرمەکردن وجوان کردنی هەرئەم دەسەلات و نیزامە و فەرهەنگ و ئاکارە زالەیە، لە بەردەم خەڵکی کوردستاندا. فەرهەنگ و ئاکارێک کە ژن کوشتن و پیاوسالاری و فەرهەنگی خێلەکی و دواکەوتوانەی ئاینی و پیرۆزکردنیان لەژێرناوی باوەری زۆرینەدا گۆشە سەرەکیەکانیەتی. لەراستیدا بۆرژوازی کورد و حزبە ناسیونالیستەکانی لەهەر بەرگێکی لیبراڵی و تۆلڕانس و دیمکوکراتخوازدا خۆیان هەڵخەن ناتوانن نوێنەری فەرهەنگی مەدەنی و ئینسانی وسکولاریستی بن، چونکە خۆیان لەسەر بنەمای جیاکاری نەتەوەیی وموقەدەسکردنی خسوسیاتی جوگرافی و زمان و میژووی نەتەوەیی دامەزراون و بەتوندی بە ئیسلام وشەریعەتەکەیەوە گرێیان خواردووە. لەواقعدا رەوتی فەرهەنگی مەدەنی و شارنشینی کۆمەلگای کوردستان یەکسەرە ناکۆک و بە چەندین فرسەخ لە ئاکار و فەرهەنگی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە پێشترە. هونەری رابردووپەرستی و کۆنەپارێزی، گۆشەیەکی سەرەکی ئاکاری سیاسی ئەم حزبانەیە بۆ هێنانەخوارەوەی ئاستی تەوەقعاتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ئامرازی دەستیانە بۆ پارچە پارچەکردنی ڕیزی خەباتی رادیکاڵ و مۆدێرنانەی جەماوەرە. ڕازاندنەوەی پرۆگرام بەدەستەواژەگەلێکی وەک" پەسەندکردنی جیاوازیەکان، بەرهەلستکاری مەدەنی، ململانێی ئاشتیانە، دژایەتی کردنی تونرەوی، زمانی دیالۆگ..."، تەنها ئەو بەهایەی هەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان لەژێر ناوی "فەرهەنگی دیموکراتیدا" لێکچوونە جەوهەریەکانی خۆی لەگەڵ ئەحزابی تەقلیدی ناسیونالیست و ئیسلامیدا، بشارێتەوە و خۆی وەک حزبێکی "جیاواز" لەوان هەڵخات و لێرەشەوە رەواج بە سیاسەتی ڕیفۆرمخوازیەکەی بدات.

## سێهەم: "ئامانجە نیشتمانیو دیموکراتیەکان" وڕێبازی چاکسازی:

لەکۆتایی ئەم تەوەرەدا پرۆگرام هێنانەدی "ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان"ی بزوتنەوەی گۆڕان دەخاتە گرەوی ڕێبازی چاکسازیەوە ووەک بەرئەنجامێک بۆ ڕیفۆرمی سیاسی لەسیستەمی دەسەلاتدارێتی ئێستای کوردستاندا، دای دەڕێژێتەوە. بەلام لایەنە سەرەکیەکانی ئەم چاکسازیو ڕیفۆرمە سیاسیە چین ورووویان لەکوی کردووە؟

بەیاسایی کردنی "ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان"، کاراکردنی پەرلەمان وحکومەت، سنوردارکردنی قەبارەو جووڵەی حزبی سیاسی، بەنیشتمانی کردنی دامودەزگا سەربازی وئەمنییەکان... ئەمانە لایەنە سەرەکیەکانی ئەو ڕیفۆرم وڕێبازە چاکسازیەیە کە پرۆگرام بۆ هەریەکەیان چەندخاڵیکی ڕیز کردووە و ئاراستەی پێداون:

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

**لایەنی یەکەم:**

"گەڕاندنەوە و هەموارکردنەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بەشێوازێک کە سیستمی سیاسی هەرێم سیستمێکی پەرلەمانی بێت، پرنسیپی نەناوەندێتی کارگێری و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پاراستنی ئازادییە سیاسیەکانی تێدا چەسپێت."

"ـ هەموارکردنەوەی هەمو ئەو یاسایانەی کە رەهەندی نیشتمانییان هەیە لەرێگای سازانی نیشتمانییەوە، بەتایبەتی ئەو یاسایانەی کە کاریگەریی لەسەر ژیانی دیموکراتی و رێساکانی گەمەی سیاسی هەرێم جێدێڵن."

"کاراکردن و بەنیشتمانیکردنی دیوانی چاودێریی دارایی، دەستەی نەزاهە و لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان بۆ بەدواداچون و ناونان و سزادانی گەندەڵکاران. سپاردنی هەمو دەسەڵاتێک بەو دیوان و دەستانە تا بۆیان هەبێت، بەپێی یاسا، لە هەمو کەس و بەرپرس و لایەنێک بپرسنەوە، داوای ئاشکراکردنی پارە و ماڵ و موڵکی هەر کەسێک بکەن کە بیانەوێت."

"ـ ....

لەمبەندانەی سەرەوە "گەڕانەوەی دەستور و هەموارکردنەوەی" خاڵێکی سەرەکیە بۆ بەیاسایی کردنی" ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان"، ڕیفۆرمێکی سیاسیش کەلەم ڕاستایەدا بزوتنەوەی گۆران بەدواوەیەتی، گۆڕینی "سیستەمی سیاسی هەرێمە، بە سیستەمێکی پەرلەمانی". بەڵام بەجیا لەوەی کە باڵادەستی ئەحزابی سیاسی بەسەر سیستەمی سیاسی ئیستای کوردستاندا، تاچەند ئەم داخوازیەی بزوتنەوەی گۆران لەقاڵبی خۆشخەیالی و وەهمێکدا دەهێڵێتەوە، هاوکات خودی چڕکردنەوەی مەسەلەی دەستور لە گۆڕینی سیستەمی سەرۆکایەتیەوە بۆ پەرلەمانی، ناتوانێ ڕیفۆرمێکی سیاسی گشتگیر بگرێتە خۆی و لە دەرەوەی بازنەی بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازی کورد و فەرمانڕەوایەتیەکەی دەرچێت. بەتایبەتی کە یەکەم، سیستەم ئەگەر پەرلەمانی بێت یان سەرۆکایەتی، هیچ گۆڕانکاریەک لەئاستی ژیان و بژێوی وبەرینکردنەوەی ئازادیەکاندا پێک ناهێنێ. بەتایبەتی کە بزوتنەوەی گۆڕان نە بەدوای سکولاریزمەکردنی سیستەمەوەیە و نە دەخاڵەتی هاوڵاتیان وەک بنەمایەک وەردەگرێ بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵگا. دووەم ئەوەی کە حزبی گۆڕان وەک مەبدەئێک خۆبەستە پێوەی "لەبەرچاوگرتنی دەستورو یاساکانی حکومەتی فیدڕالی عێراقە"و نایەویت لێی دەرچێت، بە پێوسیت دەستوری هەرێمی کوردستان وەک کۆپیەکی دەستوری عێراق بەڕەوا بۆخەڵکی کوردستان دەبینێ. دەستورێک کە لەسەر بنەمای تەوافقی لایەنە قەومی و ئیسلامەیکان و بە ناسنامەی ئەوانەوە دارێژراوە. لەڕوانگەیەکی ئاواشدا، هەموارکردنەوەی دەستور بۆ بزوتنەوەی گۆران تەنها کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکەیەتی لەخۆ دەگرێ و بەهیچ جۆرێک بەلای ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان و هێنانەکایەوەی سیستەمێکی سکولاردا ناچێت.

لەبارەی کاراکردنەوەی دەزگاکانی چاودێری و نەزاهە و لێژنە پەرلەمانیەکان و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانیشەوە، دیسانەوە مەسەلەکە لەئاست هەڵگرتنی "قۆرخکاری و باڵادەستی حزبەکاندا" قەستیس دەکا، بەبێ ئەوەی لەسەر بەرنامە و سیاسەتی ئەم پێکهاتوانە راوەستێ. کاتێک

بزوتنەوەی گۆڕان هەموارکردنەوەی دەستور لەمەسەلەی سیستەمی پەرلەمانیدا چردەکاتەوە، بە پێویست سازدانەوەی ئەم دامو دەزگایانەش کە دەکەونە ژێر کاریگەری دەستورەوە، چارەنوسیان لەوەوە باشتر نابێت کە لە "سیستەمە پەرلەمانیەکەی عێراق"دا بەڕێوەدەبرێت.

**لایەنی دووەم:**

"دامەزراندنی حکومەتێکی کارا، بچوککردنەوە و تەرشیقکردنی وەزارەت و دامودەزگاکانی لەسەر بنەمای چوستی نەک قەبەیی، دور لە بیرۆکراسی و هەڵاوسانی کارگێڕیی. هانگاونان بەرەو خێراکردن، نە-ناوەندێتی، بەئەلیکترۆنیکردنی پەیوەندییە کارگێڕییەکان،

"لێپێچینەوە وپرسیارکاریی پەرلەمانی لە هەمو بەرپرسەکان، لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتەوە تا وەزیر و هەمو پلەدارەکانی بەرپرسیارێتی، سزادان و سەندنەوەی متمانە لێیان لەکاتی سەرپێچیی دەستوریی و یاساییدا."

"دیاریکردنی رادەی باڵای نەسریە و ژمارەی پاسەوانی بەرپرسەکان بەپێی یاسا، لە سەرۆکی هەرێمەوە تا بچوکترین بەرپرس، بەجۆرێک لەگەڵ نەریتەکانی دنیای شارستانیدا بگونجێت و ئەوە بسەلمێنێت کە هەرێمی کوردستان لەباری ئەمنیی ئاساییدا دەژێت و متمانەی هاوبەش لەنێوان هاوڵاتی و بەرپرسدا هەیە."

"هەڵوەشاندنەوە، یان هەموارکردنی هەمو ئەو یاسا و رێنمایی و بڕیارە تایبەتانەی کە پەیوەندیدارن بە سیستمی موچە، خانەنشینی و ئیمتیازاتی بەرپرس و وەزیرو پەرلەمانتاران، بە جۆرێک هەمان تەمەنی یاسایی خانەنشینی راژەی مەدەنی بەسەریاندا جێبەجێ ببێت، دادی کۆمەڵایەتی لەنێوان خاوەن موچە بەرز و نزمەکاندا لەبەرچاو بگیرێت".

ئەم بەندانە جگەلەوەی کاریگەری ڕەوتی بێزاری و ناڕازیبون و ئەو هەستەی خەڵکی کوردستانی بەسەرەوەیە کە بە ڕۆشنی دەرکیان بە جیاوازی چینایەتی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتداران و موچە و داهاتی ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکانی حکومەتدا کردووە، لەهەمان کاتدا پرۆگرام هەوڵدەدات بەڕیفۆرمێکی ئیداری هاوشیوەی ڕیفۆرمەکانی عەبادی ئەم کاریگەریە لەسەر سیستەمی ئیستای دەسەڵاتداریتی بۆرژوازی کورد نەهێڵێ و لەقالبێکی بەرتەسکدا رایگرێ.

کاراکردنی حکومەت و پەرلەمان بە گەورەکردن و تەرشیقکردنەوەی ناکرێت. بەتایبەتی کە کارێکی ئاوا ئاستی بژێوی و گوزەران و ئازادیەکانی هاوڵاتیان ناباتە ئاستێکی ڕوولەپێشەوە، چونکە خودی حکومەت و دەسەڵات و پێکهاتوەکانی لەسەر بنەمای بازاڕی کار و سەرمایە و جیاوازیە چینایەتیەکان دامەزراوە. تەنانەت ناتوانێ کارتۆنی بوونی پەرلەمان لە باڵادەستی ئەحزابی میلیشیایی دەرکێشێ و بتوانێ کەیسی تاوان وتاڵانیەکانی سەرانی گەندەڵکار بخاتەبەردەم مێزی دادگاوە.

**لایەنی سێهمە:**

"دیاریکردنی سنوری دەسەڵات و چالاکیی حیزب وەک ڕێکخراوی سیاسی پەتی، کە بۆی نەبێت هێزی چەکدارو دەزگای نهێنیی تایبەتی هەبێت."

"حیزبەکانی ناو دەسەڵات تەنها بۆیان هەیە کارنامەی هەڵبژاردنی خۆیان جێبەجێ بکەن،

بێئەوەی مافی پاوانکردنی دارایی وڵات و بەکارهێنانی پۆستی گشتیان هەبێت بۆ ترساندن و کڕینی دەنگ و ویژدانی هاوڵاتیان.
-"ئاشکراکردنی پارە و موڵک و عەقار و بەرژەوەندی ئابوریی کۆمپانیا بازرگانییەکانی حیزب و ڕێگریی لە هەر پاوانکارییەکی حیزبیی بۆ سەر بازاڕو تەندەرو کەرتی تایبەت."
"حیزبەکان بەگوێرەی یاسا هاوکاریان لە حکومەتەوە بۆ دیاریدەکرێ بەپێی قەبارە و ژمارەی کورسیەکانیان لە ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتیکردندا دور لە هەر ئیعتبارێکی پێشینەی شۆڕشگێڕی."

بەڕاستی ئەم بەندانە خەیاڵیکی سەرسورهێنەر بەزەینی هەر ئینسانێکی "واقعبین"دا دێنێ. بەتایبەتی کە وێنای سیستەمیکی ئەوپەڕی لیبرالی، لەوینەی وڵاتانی ئەوروپایی بە سیستەمی ئێستای کوردستان دەبەخشێ. بچوک کردنەوەی ئەحزابی سیاسی تائاستی "ئەحزابی ئینتخاباتی" و دورکەوتنەوەیان لەدیاردەی چەکداری و دەزگای ئەمنی و ئیقتسادی تایبەت بە خۆیان، کردەیەکی تا بڵێی ئیجابیە، بەڵام ئایا ئەمە لە سیستەمێکدا دەگونجێ کە "ئیسلام وەک دینی رەسمی و زۆرینەی خەڵک" بناسرێ؟، ئایا سیستەمێک کەناسنامەی "نیشتمانیو نەتەوەیی" بۆکرابێت دەتوانێ خۆی لەئەحزابی قەومیو ئیسلامی وباڵادەستیان خاڵی بکاتەوە، تا مل بدەن بەئەنجامی هەڵبژاردنەکان و وەک ئەحزابی ئینتخاباتی بمیننەوە و لەدەرەوەی توندوتیژی ودەزگای ئەمنی و ئیقتسادی چالاکی سیاسی لە کۆمەڵگادا بەڕێوەببەن؟ ئایا دەکرێ و دەتوانرێ بەبێ بوونی دەوڵەت لەکوردستاندا، ئەم دەزگایانە بەسادەیی لە ئەحزابی چەکدار( بەو مێژووەوە کەهەیانە)، دابماڵرێت و تاسەر ئاستی "دەزگای پیشەیی و دەوڵەتی ببرێن؟ راستیەکەی ئەوەیە کاتێک کە ڕیفۆرمە سیاسیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و ئەو چەمکانەی کە دەیەویەت "هەرێمێکی بەهێز" لە کوردستاندا دابمەزرێنێ، ئەوێش لەڕێگای خەباتی پەرلەمانی و قانونیەوە، هەرگیز ناتوانێ ئەم گۆڕانکاریانە بەکردەوە دەربهێنێ، هەربۆیە هەنگاوەکانیشی وەک خەیاڵێکی لیبرالیستانە دەمێنیتەوە، بەتایبەتی لە فەزای سیاسی ئێستای کوردستانو ناوچەکە و لەژێر سایەی باڵادەستی دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشیایدا. بزوتنەوەی گۆران ئەگەر لەواقعدا و بەدور لەخەیاڵاتی لیبرالیستی و چاکسازی، دەیەوێت بەکردەوە گۆڕانکاری ڕیشەیی لەسیستەمی حکومرانی ئێستای کوردستاندا، بەدی بهێنێت وئەم دامو دەزگایانە (تەنانەت بۆ بەرژەوەندی خودی بۆرژوازی کورد) بخاتەوە سەرجێگای خۆیان، دەبێ لەیەکەم خاڵەکانی بەرنامە چاکسازیەکەیدا، ڕاستەوخۆ وەلانانی دەسەڵاتی ئیستای ئەحزابی میلیشیایی و بردنی کوردستان بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ، وەک مەسەلەیەکی سەرەکی بخاتە دەستوری خۆیەوە.

لەبارەی ڕۆلی حزبەوە پرۆگرام تائەو ئاستە دەڕوات کەچالاکی سیاسی حزبەکان لەدامودەزگاکانی وەک هێزی چەکدار و ئاسایشدا قەدەغە بکات، دیارە ئەمەش لەوبۆچوونەوە سەردەردێنێ کە گوایە بە"بچوک کردنەوەی ڕۆڵی حزبەکان" ئەتوانێ ئەم دەزگایانە بگۆرێ بەدەزگای نیشتمانی و ڕێگا بگرێ لە کارکرد و ڕۆڵی ئەحزابی میلیشیایی! بۆچوونێکی ئاوا جگەلەوەی چالاکی حزبەکان سنوردار دەکاتەوە و بەئاشکرا دژی ئازادی هەڵسورانی سیاسیە، لەدووسەرەوە ناکۆکە بەدنیای

سیاسیو ڕۆڵی واقعی ئەحزاب لەکۆمەڵگادا. لەسەرێکەوە ئەوە حزبەکانە دەسەڵات بەدەستەوەدەگرن و بەرپرسیاریێتی پۆستەکانی دوڵەت لەئەستۆدەگرن، تەنانەت لە لیبرالترین دەوڵەتی دنیادا ئەو حزبەی وەک براوەی هەڵبژاردن کابینەی حکومەتی پێکدێنێ هەرخۆی وەزیری بەرگری، دەزگای ئەمنی و پۆلیس، موخابەرات.. بەدەستەوە دەگرێ و سیاسەتی بۆدادەڕێژێ، بەبێ ئەوەی پێویستی بەهیچ "بریارێکی نیشتمانی" وەک ئەوەی گۆران دەیخوازێ بکات. کەوایە لەحاڵێکی ئاوادا چۆن دەتوانرێ ڕۆڵی حزبەکان لەم دەزگا دەوڵەتیانەدا قەدەغە بکرێ ونەهێڵرێ؟ لەسەرێکی تریشەوە بزوتنەوەی گۆران خۆی لە گێلی دەدا و نایەوێت ئەو واقعیەتە ببینێ کە ئەندامانی ئەم دەزگایانە کەسانی جۆراوجۆرو هەڵگری مەیل و بۆچوون و لایەنگری سیاسی جیاوازیان تێدایە، لەحاڵەتی قەدەغەکردنی چالاکی سیاسی وحزبایەتیدا، بزوتنەوەی گۆران چۆن بەر بەم واقعیەتە دەگرێ؟ ئایا بەرلەوەی ئەم کەسانە کار لەم دەزگایانەدا بکەن لە بۆچون و مەیلە سیاسیەکانیان پاک دەکاتەوە و بەڵین نامەیان پێپڕدەکاتەوە؟ یان چی؟ بەڵام کاتێک کە بزوتنەوەی گۆران لەهیچ جێگایەکی پرۆگرامەکەیدا راشکاوانە باس لەهەڵوەشانەوەی هێزی میلیشیای حزبەکان و دامودەزگای ئەمنی و ئاسایشیان ناکات، بگرە هەوڵی چاکسازی بۆ بەنیشتمانی کردنیان دەخاتە گەڕ، بەپێویست لەڕێگای واقعی دوردەکەوێتەوە وخەیاڵاتی لیبرالیستانە بەخەرج دەدا، تا ئەم دام ودەزگا سەروخەڵکیانە، بەخەیاڵی خۆی لەدەست یەکیەتی وپارتی دەربهێنێ و بیخاتە خزمەتی "نیشتمانەوە"!

**لایەنی چوارەم:**

"_ گەڕاندنەوەی ئەو یاسانەی کە پەیوەندییان بە ئەنجومەنی ئاسایش و دەزگای ئاسایشی هەرێمەوە هەیە، کە تاک لایەنە لەلایەن دەسەڵاتەوە تێپەڕێندراون، هەمواركردنەوەیان لەڕێگەی سازانی نیشتمانییەوە...."

"_...

"_ پێکهێنانی هێزی پاسەوانی هەرێم، بە سودوەرگرتن لە مادە پەیوەندیدارەکانی دەستوری عێراق، بەشێوازێکی نیزامیی مۆدێرن، بە سودوەرگرتن لە ئەزمونی هێزی پێشمەرگەی ئێستا، موتوربەکردنی ئەو هێزە بە نەوەی نوێ و کردنەوەی دەرگای پەیوەندیکردنی ئارەزومەندانە (تەتەوع)، دور لە لایەنگریی سیاسیی، حیزبیی، ناوچەیی و خێڵەکی.

"قەدەغەکردنی ڕێکخستنی حیزبی و سیاسی لەناو هێزی پاسەوانی هەرێم و وەزارەت و دامەزراوە سەربازی و ئەمنی و هەواڵگریەکاندا

"ئامادەکردن و ڕێکخستنەوەی هەمو ئەو هێزە چەکدارانەی کە ئینتیمایان بۆ حیزب و گروپ و تاکەکەس هەیە، سەرلەنوێ دامەزراندنیان لە هێزی پاسەوانی هەرێمدا، یان خانەنشینکردنیان .."

ئێمە پێشتر لەبارەی "دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی"ەوە ئەوەمان ووت کە فەلسەفەی بوون و مانەوەی ئەم دەزگایانە، کە دەسەلاتی چینی بۆرژوازی و حزبەکانی بە پاساوی "پاراستنی وڵات لە مەترسیە دەرەکی و ناوخۆییەکان" وەک ئامرازی سەرکوت لەبەرامبەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ناڕەزایەتیەکانیاندا، وەک دەزگایەکی سەروخەڵکی پەنای بۆدەبەن. هەروەها

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ئاماژەشمان بەوەدا، کە پاراستنی وولات وەک ئەرکێکی سەرجەم هاولاتیان کاتێک دابین دەکرێ، کە دەخاڵەتی ئەوان لە بەڕێوەبردنی ولات و بەهرەمەند بوونیان لە ئاستێکی باشبژێوی وئازادیەکان مسۆگەر کرابێت. لەپاڵ ئەم راستیەشدا، ئەمنیەتی کۆمەلایەتی کاتێک بەدی دێت چەکدارکردنی گشتی جەماوەر و راهێنان و هوشیارکردنەوەیان بەمەترسیەکان، تەنها ڕێگای عەمەلی و کارسازە. بەلام بزوتنەوەی گۆڕان وەک هەر رەوتێکی بۆرژوازی کە لەبەرنامەیدا نییە جەماوەر وبەرژەوەندیەکانی میحوەری هەر هەنگاوێکی سیاسی بێت بەپێویست ئەویش دەست بەدامو دەزگا سەروخەڵکیەکانەوە دەگرێ. تەنها ڕەخنەیەک کەلەم بارەوە هەیبێت ئەوەیە کەپێکهێنانی ئەنجومەنی ئاسایش بە"بڕیاری تاک لایەنە" دامەزراوە! لەمەش زیاتر بزوتنەوەی گۆڕان واوەتر دەڕوا و لەلایەک باس لە پێکهینانی"پاساوەنی هەرێم" بە پشتبەستن و گەڕانەوە بۆ دەستوری عێراق، دەکا و لەلایەکی تریشەوە نەک هەر هەڵوەشاندنەوەی هێزی میلیشیای حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی داواناکات، بەڵکو بەدوای گۆڕینی ئەم هیزانەوەیە بە"هێزێکی نیشتمانی وهاوچەرخ". بەمجۆرە بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر میراتی دامو دەزگا ئەمنیو میلیشیاییەکانی ئەحزابی دەسەلاتداری ئێستای کوردستان و خودی حکومەتی عێراق، بەشوێن "پاراستنی ولاتەوەیە" وگەرەکیەتی بەچاکسازی وتەعدیلی روالەتیانە، ئەم دەزگایانە بە دەزگاگەلێکی "نیشتمانی" و پێویست بۆخەڵکی کوردستان بەڕەوا ببینێ. ئەمە ئەو سیاسەتە چاکسازییە کە بزوتنەوەی گۆڕان لەسیستەمی ئیستای کوردستاندا بەدواوەیەتی!.

## ئەنجامگیری

بەمەبەستی ئەنجامگیری لەیەکەم تەوەرەی ئەم بەشەی پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان ڕەخنە و سەرنجەکانمان لەچەند خاڵێکدا ڕیزبەندی دەکەین:

١/ بەوپێیەی کەبزوتنەوەی گۆڕان وەک حزبیکی "نیشتمانی ونەتەوەیی" خۆی پیناسەدەکا و تەواوی پرۆگرامەکەی لەسەر "هەرێمی کوردستان و بەهێزکردن"ی چەق دەبەستێ. هاوکات بەو پێیەی ئەم بزوتنەوەیە دەسەڵاتی ئێستا بەدەستکەوت و ئەزمونی "گەلی کورد" ناوزەد دەکا و بەتەواوی سەرمایەداری بوونی کوردستان و جیاوازیە چینایەتیەکان، بەفەرامۆشی دەسپێرێ، بەپێویست وەک هەر حزبێکی تری ناسیونالیست مانەوە و پاراستنی دەسەلاتی ئێستا مەسەلەی میحوەریە لە"ئەرکە نیشتمانی و دیموکراتیەکان"دا و جیاوازیەکیش کە ئەم بزوتنەوەیە لەژێرناوی چاکسازیدا ئیدعای بۆ دەکات، شتێکی زیاتر لە تەعدیلی دەسەلات و حکومەتی ئێستا نییە.

٢/ تائەو جێگەیەی کە ئەم بزوتنەوەیە باس لە دیموکراتیکەکردنی دەسەلات و سیستەمی ئیستا دەکا و بۆئەمەش رەخنە و ڕوانگەی چاکسازی لەژێر ناوی "بەنیشتمانی کردنی دامو دەزگاکان و کاراکردنەوەی پەرلەمان و گۆرینی سیستەمی سەرۆکایەتی بۆ پەرلەمانی.." دەباتە پێش لەڕوانگەی یەکێک لەئەندامانی خێزانی حزبەبۆرژوا ناسیونالیستەکانی کوردەوە لە کێشەکانی خەڵکی کوردستان دەڕوانێ. ریفۆرمێکی سیاسی ودیموکراتیش کە بەشوێنیەوەیەتی بەهیچ جۆرێک و لەهیچ ئاستێکدا هەنگاوەکانی بۆ"بەرینکردنەوەی دیموکراتی" پەیوەند بە بەرژەوەندیەکانی خەڵکەوە

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

پەیدا ناکات. لەلایەکی تریشەوە دورکەوتنەوە لە سکولاریزم و جیایی دین لە دەسەلات و سیستەمی حکومرانی، دینی ئیسلام وەک دینی رەسمی و سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ دانانی یاساکان ڕادەکێشی و بوار بۆ مەلا و مزگەوت و پەیرەوانی ئەم دینە دەکاتەوە کە لەسەر داهاتی خەڵک کارنامەی کۆنەپەرستی و دژی ئازادیان ببەنەپیشەوە.

٣/ ئیسلام وەک ئاینی زۆرینە و ررێزلێگیراو دەناسێنێ هاوکات هێشتنەوەی دامو دەزگای سەروخەڵکی وسەرکوتگەری وەک "دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی، پۆلیس، ئاسایش وهیزی چەکدار.." بەپێویست ستەمو سەرکوتگەری وکۆنەپەرستی، لەبەرامبەر مافو ئازادیەکانی هاولاتیاندا رادەگرێ.

٤/ مادام بزوتنەوەی گۆڕان ناسنامەی قەومی وئاینی ئیسلام وەک بەهای سەرەکی بەسەر سیستەمی حکومرانیدا بەدەستەوە دەگرێ و هاونیشتمانی تورکمان وئاشوری ومەسیحی وکلدان، بەهاولاتیانی پلەدوو جیگیر دەکا و جیاکاری و چەوسانەوە و ستەمگەری دەکاتە بەشێک لەسەر خانی سیاسی وحکومڕانی، بەم پێیەش ناتوانێ هێزێکی دژی شۆڤێنیستی ودژی جیاکاری بێت.

٥/ بەوپێیەی کە بزوتنەوەی گۆڕان کێشەی کورد لەپارچەکانی تری کوردستان، لە درێژەی "خزمایەتیو هاوسۆزی نەتەوەیی" دا دەبێنی وهاوکاتیش خۆی بەفیدراڵیزم و دەستورو یاساکانی عێراقەوە گرێی دەداتەوە، بەپێویست پەیرەو لە سیاسەتی دوفاقی دیبلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتانی سەرکوتگەری ناوچەکە دەگرێتە بەرو کێشەی کوردیش لەم وڵاتانەدا، دەکاتە پاشکۆی بەرژەوەندیەکانی هەرێم.

٦/ بزوتنەوەی گۆڕان وێرای ئەوەی باس لەخواستی جیابوونەوە پیکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکاو بە" ئامانجی باڵای نەتەوەیی" لەقەلەمی دەدات، بەلام بەوهۆیەوە ئەم خواستە دەخاتە گرەوی ڕیفۆرم وبەرنامەی چاکسازیەکەیەوە، بەکردەوە دەست لەم خواستە دەشواتەوە.

ئێمە هەوڵدەدەین لەبەشەکانی داهاتویی ئەم باسەدا زیاتر پەردە لەسەر ناوەرۆکی بۆرژوازیانەی ئەو ڕیفۆرم و چاکسایە هەڵدەینەوە کە بزوتنەوەی گۆڕان بەدواوەیەتی...

ماویەتی



**دەشتی جەمال**

# تیرۆریزمی ئیسلامی وڕاسیزم لە ئەوروپا
# دەشتی جەمال

<u>تیبینی:</u>
ئەم باسە، کورتەی  سیمینارێکە کەلە شاری ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج بەزمانی ئینگلیزی پێشکەش کراوە لەژێر ناونیشانی " تیرۆریزمی ئیسلامی و ڕاسیزم (ڕەگەزپەرەستی)" دا، لە ٦ ی ئاپریلی ٢.١٦ دا.

تیرۆریزمی ئیسلامی وڕاسیزم (ڕەگەزپەرستی) وەک دوو دیاردە لەجیهانی ئەمڕۆدا، ئەگەرچی وەک دوو ئاڕاستەی پێچەوانە و تارادەیەک دژ بەیەک دەردەکەون، بەڵام هەردوک ئەم دیاردەیە دووڕووی یەک سیاسەت و یەک کارکردن کەلە فەزای میلیتاریستی وجەنگ وقەیرانی ئابووری و حکومەتی و لەجەرگەی کێشمەکێشی ڕەوت وهێزە سیاسی ودەوڵەتیەکاندا سەریان هەڵداوە. بەواتایەکی تر هەردووک ئەم دیاردەیە دەرهاویشتەی دونیای سەرمایەداری و ڕۆڵی هێز و دەوڵەتانی بۆرژوازیە.

## سەرەتا لەبارەی تیرۆریزمی ئیسلامیەوە:

لەم باسەدا نامەوێت لەسەر تیرۆر بە گشتی قسە بکەم بەتایبەتی کەلە مێژوودا، وەک ڕێگایەک بۆ تەسفیەی جەسەدی کەسانێک  لەلایەن زۆر گروپی سیاسی و ئاینیەوە بەرامبەر بە نەیارانی سیاسی وەیا کاربەدەستانێکی دەوڵەت دەستی بۆ براوە، بەڵکو ئەوەی جێگای مەبەستی منە لەم باسەدا تیرۆریزمی ئیسلامیە کە زیاتر لەتەسفیەی جەسەدی کەسانێک دەڕوا و زیاتر وەک یەکێک لەشیوازەکانی جەنگ خۆی دەنوێنێ، جەنگێک کە کۆمەڵکوژی و ویرانکردن و تێکدانی ئەمنیەتی کۆمەڵگا وهەڵوەشانەوەی شارستانیەتی بەدواوەیە. تایبەتمەندێتی سەرەکی ئەم تیرۆریزمەش جەنگێکە کە جەبهەکانی لەواقعدا ئاشکرانیە وەک ئەوەی لەجەنگە کلاسیکیەکاندا هەردوو بەرە بەچەک وتفاقی خۆیانەوە بەرامبەر بەیەک ڕادەوەستن. بێگومان تیرۆریزمی ئیسلامی وەک هەرجەنگێکی تر ئامانجی سیاسی خۆی هەیە و لە درێژەی

کێشمەکێشی سیاسی وبەئیمکاناتی مادی زۆر و لەرێگای ئامرازی تەکنۆلۆژی سەردەمەوە دەستی بۆدەبرێ بەبێ ئەوەی خۆی ئاشکرا بکات. ئەم دیاردەیە سەرەتا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لەجوگرافیایەکی دیاریکراوەوە ولەگەڵ دەرکەوتنی بزوتنەوە وگروپە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی سیاسیدا سەری هەڵداو دواتر لە پەیوەند بە بارودۆخی جیهانیەوە و ئاڵوگۆرەکانی دوای بلۆکی سۆڤیەت وەک دیاردەیەکی جیهانی هەڵکشا. بەمجۆرە ئەم تیرۆریزمە و جەنگەکەی تایبەتمەندیەکی جیهانییە لە پەرەگرتنی ئیسلامی سیاسی وسیاسەت و ستراتیژێک کەئەم جوڵانەوەیە بۆ دابەشکردنەوەی دەسەڵات لەدونیاو ناوچە جیاجیاکانیدا پەنای بۆبردووە.
بەمجۆرە باسی تیرۆریزمی ئیسلامی کە زۆرتر باس و بابەتی ئەمرۆ وئەم سیمینارەیە... بە پێویست دەبێ لەسەر هەڵکشان وبالاکردنی رەوتی ئیسلامی سیاسی قسە بکەین کە وەک بزووتنەوەیەکی بۆرژوازیی کۆنەپەرست و کۆنەپارێز و دژی ئینسانی و دژی ئارامی ووەک رەوتێکی دژی سکولاریستی سەردەردێنێ.

## تیرۆریزمی ئیسلامی بەرهەمی چیە:

تیرۆریزم کۆڵەکەی سەرەکی ستراتیژی ئیسلامی سیاسیە. لەباری مێژووییەوە ئەم تیرۆریزمە وەک کاردانەوەیەک بەرهەمی تیرۆریزمی دەوڵەتیە کە لەلایەن ئەمریکا و دەوڵەتانی رۆژئاواوە پایەکانی دامەزرێنراوە. بەواتایەکی تر تیرۆریزمی ئیسلامی لە باوەشی ئەمریکا و غەربدا گەورە بووە بە تایبەتی لە سەردەمی جەنگی سارددا و بۆ شکست پێدانی بلۆکی سوڤیەت لە ئەفغانساتان دەستی بۆبرا. پرچەک کردنی رەوتە ئیسلامیەکان لەئەفغانستان ولایەنگری سیاسی و مادی بۆ گروپە جیهادیەکان رێگایەک بوو بۆ دژایەتی کردنی بلۆکی سۆڤیەت و کۆمۆنیزم لەو سەردەمەدا کەدواتر وەک جەنگێک بۆ دژایەتکردن و لە ناوبردنی چەپ و بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا پەرەی پێدرا.
بەدوای سەرهەڵدانی جمهوری ئیسلامی لە ئێران و سیاسەتی پان ئیسلامیستی لەجەرگەی شەری ئێران و عێراقدا ودەرکەوتنی ئێران وەک هێزێکی ناوچەیی بەتایبەتی بە دوای روخانی بلۆکی شەرق، ئیسلامی سیاسی وتیرۆریزمەکەی وەک هێزێک کەوتە شەری بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا. سەرهەڵدانی قەیرانی حکومەتی وبنبەستی ناسیونالیزمی عەرەبی ومۆدێلی دەوڵەت و سیستەمێک کە لە دوای شەری دوومی جیهانەوە لەم ولاتانەدا دایمەزراندبوو، لە وەڵام بەرەوتی ئابووری وسیاسی و ژیان و گوزەرانی هاولاتیانی بن دەستیاندا، ئیسلامی سیاسی وتیرۆریزمەکەی وەک بەدیلێک بۆرێکخستنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگا بەپێی یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی دەوری گێرا. لەم دەورەیەدا فەلەستین، لوبنان، میسر، جەزائیر وگەلێکی تر... لەولاتەکانی رۆژهەڵات بوونە مەیدانی ئەم تیرۆریزمە، بەڵام بەدوای جەنگی یەکەمی کەنداو ودەرکەوتنی ئەمریکا وەک هێزێکی سەرەکی تیرۆریزمی دەوڵەتی، ئەمریکا، عیراقی کردە ناوەندێک بۆ نەزمی نویی جیهانی وهەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پێگەی هێزی یەکەم لەدونیای دوای هەڵوەشانەوەی هەردوو جەمسەری شەرق وغەربدا. بەجۆرێک کەئەمریکا بتوانێ کۆنترۆڵی جیهان بەدەستەوە بگرێ و دەوڵەتانی رۆژئاوا بکاتە پاشکۆ وملکەچ سیاسەتەکانی. بەمجۆرە و بۆ ئەم ئامانجەش ئیسلامی سیاسی بەدەستەوەگیراو رێگا خۆشکرا بۆ رەوتەکانی تا لەگۆرێنی ئارایشی دەوڵەتانی رۆژهەلاتدا دەست بۆ جەنگێک بەرن لەدژی سەرتاپای کۆمەڵگا.
بەڵام تیرۆریزمی ئیسلامی بەدوای جەنگی دووەمی کەنداو ورووخانی رژیمی بەعس فرسەتی ئەوەی بۆ پەیدابوو لە ستراتیژی ناوچەییەوە بۆ ستراتیژیەکی جیهانی جەنگەکەی هەڵکشێنێ. کردەوە تیرۆریستیەکەی ١١ی سێپتامبەر وبەنیشانەگرتنی هەردوو تاوەرە بازرگانیەکی ئەمریکا، راگەیاندنی ئەم ستراتیجیە جیهانیە وئەم جەنگە جیهانیەی ئیسلامی سیاسی بوو کەدواتر تیرۆریزمی بردە نیو جەرگەی ولاتانی ئەوروپاوە. ئەگەر تەماشای کارنامەی ئەم رەوتە بکەین لە سوریا تا عێراق و لیبیا و یەمەن و پاکستان و ئەفغانستان و باکوری ئەفریقا تا ناوجەرگەی ئەوروپا و گۆشە و کەنارەکانی جیهان چاوتدەکەوێت بە زنجیرەیەک لە کارنامەی کۆنەپەرستی و کۆشتن و تیرۆری کۆێرانەی کۆمەڵکوژی نێو ریستوران وشانۆ و کۆنسێرتەکان ومێترۆکان و دەستبرین وخۆتەقاندنەوە وسوتاندن تا زاڵکردنی یاسای کۆنەپەرستانەو بەربەریانە بەسەر خەڵکدا. هەر ئەم تیرۆریزمی ئیسلامیەش لە ئێستاشدا کۆمەکی گەورەی بە

## تیرۆریزمی ئیسلامی وڕاسیزم لە ئەوروپا

جێگیرکردن و ڕوخساری زلهێزی و هەژمۆنی تیرۆریزمی ڕۆژئاواکردوە لە بەرامبەر جەمسەرەکانی تری تیرۆریزمی دەولەتی روسیاو هاوپەیمانەکانی.... بەو تاوانانە تیرۆریستیە ئیسلامی ئەنجامی ئەدا بەهانەیەکی گەورەی داوەتە دەست تیرۆریزمی دەولەتی غەرب وئەمریکا و روسیا بۆ دەخاڵەتی زیاتری سەربازی و بەرپاکردنی جەنگی گەورە و تاوانی گەورە و داگیرکاری و هێزنواندی ئەوان لەهەرجێگایەک ئەمرۆ لە دنیادا پێویستبکات... هەروەک لە ١١سپتامبەر هێرشی تیرۆریستی قاعیدە وخۆکوژی بۆسەر هەردوو باڵەخانەی ناوەندی بازرگانی جیهان لە نیورک و پەنتاگۆن بەهانەیەکی دایە دەست ئەمریکا تا ستراتیژی (جەنگ لەدژی تیرۆر) بەڕێوە ببات دەرفەتی دەخاڵەتی سەربازی لە ئەفغانستان و عێراق بۆ فەراهەمکرد بۆ جێخستنی هەژمونی دەسەلاتی سیاسی و سەربازی ئەمریکا بەسەر جیهاندا... وەیان شەری ناوخۆی سوریا و سەرهەڵدانی ڕەوتی نەسرەو داعشی دەستسازی خۆیان لە ژێر ناوی ئۆپۆزسیۆنی رژێمی ئەسەد ودواتر تاوانەکانی رەوتی ئینسانکوژی داعش لە سوریاو عێراق، ئاواش بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی فرسەتێکی هەڵخستوە جێگایەک لە ڕێکخستنەوەی جیهان و خۆرهەلاتدا بگرێ هەروەک ئێستا دەیبینین لە سوریاو عێراقدا بەشێکی زۆر لە ناوچەکانیان گرتوە.

## دەوری غەرب لە پشتیوانی تیرۆریزمی ئیسلامیدا:

هەروەک چۆن لە ڕابردودا ئەم ڕەتە کۆنەپەرستو ئینساکوژانە لە پەراوێزی کۆمەڵگاکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاستەوە بە پشتیوانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا دەوریان پێدراو لە پێناو ڕووبەرووبونەوە لەگەل چەپ و کۆمۆنیست و سیستەمە سەرمایەداری تازەدەرکەوتۆکانەوە وهەڵخستنیان بەرامبەر بە بلۆکی ڕۆژهەلات، ئاواش سیاسەتی جەنگ خوازانە و دەستێوەردان و دەخالەتی سیاسی و سەربازی ولاتانی ئەمریکا و ئەوروپا و ڕوسیا، لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا و ولاتانی باکور ئەفریقا، دەست لەپشتدان و هاوکاریی بۆ ولاتانی وەک و ئیران و سعودیە و تورکیا و... لە پێناو بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوریەکانی خۆیاندا، سات و سەودای ولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا لەگەڵ بەشێکی زۆر لە ڕەوتگەلی ئیسلامی لە ژێر ناوی ئیسلامی میانەڕەو دانانی کۆمیوینتی لیدەر، کۆمەک و هاوکاری کردنی دەیان و سەدان باندی ئیسلامی لەناو خودی ولاتانی ئەوروپا و کردنەوەی دەیان مزگەوت و ناوەندو دەزگای ئیسلامی و هەڵرشتنی بێسنوری داهات بۆیان، تا دەگاتە ئەوەی بە ئاشکرا پشتیوانی لە دروستکردنی کۆمەڵگای ئیسلامی و ئتنیکی و لەناو جەرگەی ولاتانی ئەوروپیدا، لە ژێر ناوی "ماڵتی کەڵچراڵیزم" فرە کەلتوریدا.

ئەم سیاسەتە چەوتە نەک هەر دەستی گروپە ئیسلامیەکانی ئاوەڵاتر کردووە، بۆ کوشتار و کردەوەی تیۆریستی و خۆکوژی، بەڵکە هاوکات ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی ڕەوت و باندی ڕاسیستی (ڕەگەزپەرستانە) هەمەچەشن سەرهەڵبدەن و خەڵکانی پەنابەر و هاتوو لە ولاتانی ترەوە بکەنە نیشانە و هێرشیان بکەنەسەر.

تا ئەوکاتەش کە ولاتانی غەرب و ئەمریکا، دەست لە پشتوانی ولاتە ئیسلامیەکان بەرنەدەن، تائەوکاتەی دەست هەڵنەگرن لە دەستێوەردانی سیاسی و سەربازی لە ولاتانی دنیادا بە تایبەتیش ئەو ولاتانەی دەرگیری جەنگن، تا ئەوکاتەی ئیسلامی سیاسی پۆلێنی توندرەوە میانەرەو بکەن، تا ئەوکاتەی دەست لە سیاسەتی فرەکەلتوری بەرنەدەن و دەستی ڕاسیزمی هەوسار پچراو نەبەستن، ریسکی کردەوە تیرۆریستیەکانی جیهان لە داهاتودا زیاتر دەکات و دنیا ناتوانێ ئارامی بۆ بگێردرێتەوە و رێگە لە کردەوەی هاوشیوەی ١١ سیپتەمبەرو٧ جولای لەندەن و کردەوە ئینسان کوژەیەکانی فەرەنسا و بەلجیکا و باقی شوێنەکانی تر بگیرێت. ڕەوتی تیرۆریستی ئیسلامی، ڕەوتێکی جیهانیە لە دەیان رێکخراو و تۆرو ناوەندی دەولەتی وگروپ و شانەی جۆراجۆر پێک هاتوە. بەنهێنی خۆی ڕێک خستوە.

## ڕێگا چارە بەرامبەر بە تیرۆریزمی ئیسلامی:

دنیای شارستانی و بزووتنەوەی ئینسان دۆستی و ئازادیخوازی دەتوانێت بەر بەهەردوو تیرۆریزمی دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتی بگرێت. ئەم جەنگەی ئێستا پرۆپاگەندەی بۆ دەکرێت جەنگ بەرامبەر تیرۆریزمی ئیسلامی نیە، لەسەر ئارامی و ئازادی و ئەمنیەت نیە، لەسەر ئیسلام

ومەسیحیت نیە، لەسەر دیموکراسی و دیکتاتوری نیە... جەنگێکە لەسەر پاوانی دەسەلات و گۆرینی هاوسەنگی هێزی دەولەتە ئیمپریالیستیەکان... بەردی بناغەی ڕێگا چارەیەکی کارسازوعەمەلی بۆ دەستبەستنی ئەم تیرۆریزمە کوێرەی ئیسلامی سیاسی و ڕاوەستان بەرامبەری لەگرەوی جەنگێک نیە کە ئێستا ئەمریکا و ڕۆژئاوا وهاوپەیمانەکانی لە سعودیە و تورکیا و قەتەر لە لایەک و روسیا و چین وهاوپەیمانەکانی لە ئێران و ئەسەد و حزبولا و حوسیەکان لە خۆرهەلاتی ناوەراستدا بە پشبەستن بە بەشێک لە خودی ئیسلامی سیاسی وەک بەشێک لەو بەرە تیرۆریستیە بەرپێیانخستوە... لەلایەک لەژێر ناوی جەنگی تیرۆریستی ئیسلامیدا بەرەیەکی تر لەو رەوتە تیرۆریستیە لەژێر ناوی ئیسلامی میانەڕەودا سازش دەکەن و فەرشی سوریان بۆ دادەخەن وله لایەکی ترەوە پشتیوانی لەدەستە و تاقمێک و سیستەمێک لەو ولاتانەدا دەکەن کە نەک هیچ بەرپرسیاریتیەک بەرامبەر بە ژیانی هاولاتیانی ژێر دەستیان نیشانناەن بگرە کۆمەلگایان ڕاپێچی دۆزەخێک لە کێشمەکێش و شەڕی دەستەو تاقمی میلیشایی ومەزهەبی وقەومی وهێزە ئیسلامیە کۆنەپەرستەکانی وەک داعش کردووە.... ئەو کۆمەلگایانە لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەوە، تا هاتووە نائەمن تر و نائارامتر کراوە کە کەمترین دەرفەتی بۆ ژیانکردن تیا نەهیشتۆتەوە. ئەمانە هەمووی بەرهەمی سیاسەتو کارکردی دژی ئینسانی ئەو ئەحزاب و ودەسەلاتانەیە کەکراونەتە حاکم و دەسەلات لە و کۆمەلگایاندا. وە بە ناچار خەلکی ئەو کۆمەلگایانە ڕێگا چارەیەکی دیکەیان نیە جگە لەوەی دەریایی مەرگ هەلبژێرنو ڕوو لە ئەوروپا بکەن .

ئیسلامی سیاسی کە بناغەی تیرۆریزمی ئیسلامیە بە بێ پشتیوانی ڕۆژئاوا ناتوانێت لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا بەردەوامی بە خۆی بدات و بمێنێتەوە. ناکرێت شەڕ لەژێر ناوی دژی تیرۆردا بکەیت بەلام پشتیوانی لە رژیمی چنگ پر لە خوێنی وەک سعودیە و ئیران و تورکیا بکەیت وەیان ساتوسەودا لەگەڵ حکومەتی تورکیا بەو کەسانەوە بکەیت کە جەهنەمێکیان لە ولاتی خۆیان بۆ داگیرساوەو بە ناچار لەحال وژیانی خۆیان هەلکەنراون کەچی دیپۆرتی تورکیایان بکەیتەوە... ئەم سیاسەتی دوروویە (هیپۆکراسی) دەبێت کۆتایی پێ بێت. خەلکی خۆرهەلاتی ناوەڕاستیش لە و سیاسەتە دوفاقیە نەفرەت دەکەن و لەو رەوتە تیرۆیستیانە بێزارن. ناکرێت جەنگی لەدژی تیرۆریزمی ئیسلامی ڕاگەیەنیت بەلام کارت بەوهێزانە نەبێت کە شەری بەرگری لە سکولاریزم و پیشکەوتنخوازی دەکەن کە خواستێکی گرنگی خەلکی ئەو ناوچانەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستە بە تایبەتی بەدوای شکستە یەک لەدوا یەکەکانی بەدیلی ناسیونالستیدا. هێز و دەسەلاتەکانی ڕۆژئاوا پرۆپاگەندە و درۆی ئەوە دەکەن کە گوایە دژی تیرۆر و هێزە تیرۆریستیەکانن، کەچی کاتێک کە هێزی ئازادیخوازی و چەپ و سێکیولار و ئینسانی مقاوەمەت لەبەرامبەر ئەو هێزە تیرۆریستیانەدا دەکەن هەر ئەو دەولەتە بۆرژوازیە ڕۆژئاواییانە هەمان ئەو هێزانەی کە خۆیان بە تیرۆریست ناویان دەبەن دەکەنەوە بە گژی ئازادیخوازیدا.

## تیرۆریزمی ئیسلامی وڕاسیزم له ئەوروپا

### ڕاسیزم له ئەوروپا:

ڕەوتی ڕاسیزم لەئەوروپا مێژویەکی خۆی هەیە کە لەسەر بنەمای جیاکاری ڕەگەزی و پێناسەکردنی رەگەزی ئەوروپایی وەک ڕەگەزێکی باشتر لەنیو وجودە ئینسانیەکاندا دەرکەوتووە وبەم هۆیەشەوە وەک تەحقیر و بەکەم تەماشاکردنی ڕەگەزەکانیتر بەدەستەوەگیراوە. سەرهەڵدانی فاشیزمی هێتلەری وقەیران لەسیستەمی دەوڵەتی ڕەفاە وحکومەتە سۆسیال دیموکراتەکان، ڕاسیزم لەپیناو لێگرتنەوەی بیمەکان ودەستکەوتە کۆمەلایەتیەکان لەلایەک و بۆ پارچەپارچەکردنی جوڵانەوەی کرێکاری وهەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان بەشەکانی کۆمەڵگادا، هەویەتی ڕەگەزی بەرامبەر پەنابەران و کۆچکردوانێک کە بۆکار هاتبوونە ولاتە ئەوروپایەکانەوە لەلایەن باڵیکی بۆرژوازیەوە بەدەستەوە گیرا وکرایە بەرنامەیەک لە هەڵبژاردنەکاندا( ئینتخابات). بەڵام گەشەی ڕاسیزم و فاشیزمی نوێ لە ئەوروپادا هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕەوتی تیرۆریزمی ئیسلامی و پەرەگرتنی وەک دیاردەیەکی جیهانی، ئەویش گۆرانی بەسەرداهات و زیاتر لەوەی جوڵانەوەیەک بێت بۆ جیاکاری، وەک ڕەوتێکی هەڵگەڕاوە و پێچەوانەی بۆرژوازی کەوتە مەوقعیەتێکی ترەوە. بەواتایەکی تر لەئێستادا ڕاسیزم وفاشیزم لەئەوروپا، ڕاستەوخۆ بەرهەمی سیاسەتی جەنگخوازی هیزە ئیمپریالیستیەکانە بۆ گۆرینی هاوسەنگی هێز هەروەک چۆن تیرۆریزمی ئیسلامی ئامرازی دەستی ئەو هیزە ئیمریالیستیو لایەنە نیودەولەتیەکانە، ئاواش ڕاسیزمی نوێی ئەوروپا وەک ئامرازێکی دەستی هیزە ئیمپریالیستیەکان بەکاردەهینرێن بۆ ڕووبەروبوونەوە بەرامبەر بەقوربانیەکانی شکستی دەستی ئەم سیستەمەو قەیرانێکی قوڵی ئابوری کە ئاسەوارەکانیان لەسەر خەڵکی بیانیادا شکاندۆتەوە و بەوهۆیەوە ترس لە بیانی گەورە دەکات وەک مەترسیەک بۆ سەر کۆمەڵگاکانیان دەیناسێنێت، ئاگری رقەبەری ودوژمنکاری دەخاتە نێوان ئینسانەکان... گوایە ئەوە پەنابەرە سەرچاوەی گرفتە ئابوریەکان وکێشەکانیانن، ئەوە پەنابەرانە دیمۆگرافی ئەوروپا دەگۆڕن، سەرئەنجام ئاسەوارەکانی ئەو پرۆپاگەندانە بەزیان لەسەر ژیانی پەنابەران تەواو دەبێت لەبری هاوکاری و باوەشی ئینسان دۆستانە، دەکەونە بەردەم پەلاماردان، نمونەی سوتاندنی هایم و کەمپەکانی پەنابەران یەکێکن لە نمونە بەرچاوەکان.

دەمەوێ بلێم ڕاسیزم لەسەردەمی ئێستادا کە ڕیزەکانی بۆرژوازی پەرشو بڵاو و قەیرانی قوڵی ئابوری لەئارادایەو حکومەتەکانی ئەوروپا لەبەردەم گۆرانکاری گەورەی سیاسی و ئابوریدان، ڕاسیزم بەتەنها لە دژایەتی کردنی خەڵکی بیانی وجیاکاریکردنی نێوان ئینسانەکاندا نەماوەتەوە، بەڵکو ئێستا بۆتە بەرنامەیەکی سیاسی بەدەست چەندین ئەحزابی ڕاسترەوەوە کەڕێگایان پێدراوە بەئاشکرا لەهەڵبژاردنەکاندا بەشداربن ودەرگای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتیان لەڕوودا بکرێتەوە. بەرنامەی ئەم حزبە ڕاسیست و ڕاسترەوانە هەرئەوە نیە کە پەنابەر و کۆچکردوان تەحقیر بکات بەڵکو ڕووی لەوەیە کە کۆمەڵگا بەجۆرێک سازبداتەوە کە نزمی ئاستی کرێ وسەعات کاری زۆر جێگیر بکات، بیمە کۆمەلایەتیەکان وخزمەتگوزاریەکان هەڵوەشێنێتەوە، تەمەنی خانەنشینی بۆ ٧٠ ساڵ هەڵکشێنی، ژنان ومنالان وپیرو پەکەوتە لەخزمەتگوزاری تایبەت و بەرهەقی خۆیان بێبەریکات. هاوکات هەوڵدەدات کۆمەڵگای موتەمەدنی ئەوروپا لەشەڕێکی بەردەوامی ناوخۆی

ڕەگەزیدا ڕابگرێ. لەیەک وتەدا ئەم ڕاسیزمە وەک جولاَنەوە ورەوتو ئەحزابی ڕاست رەو ئامانجی پەلاماردنی هەموو دەستکەوتەکانی بەشەریەت وپاشەکشە پیکردنی شارستانیەتو مەدەنیەت وئینسانیتەی کۆمەڵگایە. گێرانەوەی کۆمەڵگای تۆلرانس وموتەمەدنی ئەوروپا بەرەو دەمارگیری وجیاکاری گۆشەیەکی سەرەکی بەرنامەی ڕاسیزمە لەئەوروپا.
بەڵام خودی ئەم واقعیەتە ڕووی دووەمی سیاسەتەکانی چینی بۆرژوازی ودەوڵەتە سەرمایەداریەکانی ئەوروپایە. حکومەتەکانی ئەوروپا درێغیان نەکردوە لەسەر بزواندن وڕاستکردنەوەی ڕەوت و حزبە فاشست و راسیستیەکان بۆ نێو دەسەڵاتوەرگرتنی ژمارەیەک لە کورسی پەرلەمانەکان وبەرزبوونەوەی پێگەیان لەم کۆمەڵگایانەدا دژ بەخەڵکی بیانی و موسوڵمان. بەتایبەتی ئەم ڕاسیزمە نوێیە دوژمنی کەلتوری جیاوازو دژایەتی بێگانە، پەیرەی سەرەکی و پرۆگرامیانە، دەیانەوێت ئەوروپا لە پەنابەران بپارێزن ئیدعای ئەوە دەکەن پەنابەران سەرچاوەی بیکاریو نەخۆشی وئەوقەیرانانەن کە بەرۆکی بە باڵی ڕاستی ئەو حکومەتانە گرتوە.
ئێستا کە ڕووی دزێو و نامرۆڤانەی هەریەک لەم دوو بزوتنەوە سیاسیە کۆنەپەرستانانەمان دەرخست، دەبێ بڵێین کە ئێمە نە تیرۆریزمان دەوێت ونەراسیزم. دەکرێ جیهان و کۆمەڵگایەک بەبێ تیرۆرو ڕاسیزم بەدەست بێت. تیرۆر و راسیزم دیاردەیەکی شەرمهێنەرە بەدونیای هاوچەرخ وکۆمەڵگای بەشەری ئەمرۆ. جیاکاری وئینسان کوژی لەگەڵ سروشتی ئینسان وکۆمەڵگای شارستانی ئەم سەردەمەدا نایەتەوە، بەتایبەتی کە ئینسانیەت، تۆلۆرانس وپێکەوە ژیانی ئینسانی بەدەر لەجیاوازی جوگرافی، ڕەگەزی وئاینی، یەک هەقیقەت وپێویستی ئینسانەکانە.. هەربۆیە دەبێ کۆمەلگای بەشەری لەم دوو دیاردەیە پاک بکرێتەوە.



مەنسور حکمەت

# داواکارییە بەرنامەییەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی "دنیایەکی باشتر" دەربارەی مافەکانی ژنان

گفتوگۆی ڕادیۆی ئینتەرناسیۆنال لەگەڵ مەنسور حکمەتدا، ٢٢ ی فێبریوەری ٢٠٠١

وەرگێڕانی لە فارسیەوە:
**جەمال موحسن**

ڕادیۆ ئینتەرناسیۆنال: ڕۆژی جیهانی ژنان ٨ ی مارس بەرامبەر بە ١٨ ی ئەسفەند نزیکە و ئێمە لە ماوەیەک لەمەوبەرەوە پێشوازیمان لەم ڕۆژە کرد و چەند بەرنامەیەکمان سەبارەت بە مافەکانی ژنان، جێگە و ڕێگەی ژنان، بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لە ڕادیۆوە پەخش کردەوە. ئەمڕۆ ئەمانەوێ لەگەڵ مەنسور حکمەت دەربارەی خواستەکانی بەرنامەی دنیایەکی باشتر، بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، لەبارەی مافەکانی ژنانەوە قسە و باس بکەین.
زۆر سوپاس. ئێوە نووسەری ئەم بەرنامەیەن [دنیایەکی باشتر-وەرگێڕ]. بەگشتی لەلایەن بەشێک لە بزووتنەوەی داکۆکی لە مافەکانی ژنان کە بە بزووتنەوەی فێمینیستی ناسراوە، پیاوان بەوە تاوانبار ئەکەن کە لە مەسەلەکانی ژنان تێناگەن. ئەو داواکاریانەی لەم بەرنامەیەدا هەن، باسیان لە

**ووردەکارییەکی زۆری مافەکانی ژنان کردووە. ئێوە چۆن توانیتان... ئەتوانم بەمجۆرە بیڵێم کە ئایا ئێوە لەبەرامبەر بەم ئیتهاماتانەی بزووتنەوەی فێمنیستیدا چی ئەڵێن؟**

**مەنسور حکمەت:** ئەم تۆمەتە ڕووکەشی و بۆ دڵی خۆ ڕازیکردنە. بزووتنەوەی ژنان لە کۆنەوە قەرزاری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و مارکسیستیە. بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بزووتنەوەیەکی ئێونەتەوەییە بۆ یەکسانی ئینسانەکان و یەکسانی ژن و پیاو بەشێکی گەورەی پلاتفۆرمی بزووتنەوەی کۆمۆنیستییە. سەرئەنجام ئەو فیکرانەی کە لە مارکسیزمدا سەبارەت بە یەکسانی ژن و پیاو هەیە، فیکرەی قوڵ و تا ڕاددەیەک گشتی و ڕادیکاڵەنەیە. بە بڕوای من بزووتنەوەی فێمینیستی تەنانەت خۆی لە ڕووکەشی مەسەلەی ژنانیش نادات. هەمان ئەو کەسانەی کە پێیان وایە دەرکی مەسەلەی ژن ئەکەن، هەتا زۆرێک لە فێمینیستەکان لە ووڵاتە جیاجیاکان ئێستا بەرەو باڵی چەپی ئەحزابی دەسەڵاتدار کێش بوون کە هەتا ئیمتیازاتە جوزئیەکانی ژنان ئەسێننەوە. سەرئەنجام من هەتا باسی ڕەخنەی فێمینیستەکان لە مارکسیستەکان، لەسەر بنەمای ئەوەی کە لەبەرئەوەی بۆ نمونە لە ناو مارکسیستەکاندا پیاو زۆر هەن یان ئەوەی کە بەشی پیاوان لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا مەسەلەی ژن دەرک ناکات، بە جدی وەرناگرم. ئەوە ڕۆشنە کە هیچ کەسێک تەجروبەی شەخسی کەسێکی تر دەرک ناکات. لە دوالێکدانەوەدا هەر کەسە خۆی باشتر لە هەر کەسێکی تر تەجروبەی ژیانی خۆی کردوە. بەڵام نازانم، بۆنمونە مارگرێت تاچەر، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کە لە ڕادەبەدەر کۆنەپەرست و ڕاسترەو بوو، یاخود ئەم نوێنەرە ژنانەی ناو شورای ئیسلامی، وەکو یەکەم کەس ئەبێ چ شتێک تەجروبە بکەن کە بۆنمونە، ئەو کۆمۆنیستانەی کە ٢٠_٣٠ ساڵ لە تەمەنیان لە پێناو یەکسانی ئینسانەکاندا خەباتیان کردووە، نەتوانن بیکەن و تێی بگەن. بە بڕوای من ئەمە بێمانایە. ئەو شتانە موزایدە کردنن. موزایەدە کردنی سیاسی زۆرن بە مانایەک کەسێک ئەڵێ "من سەر بە فلانە میللەتم و هەربۆیە هەست بە غەم و دەردەکانی ئەم میللەتە ئەکەم ..."هیچ بەڵگەیەکی نیە! غەم و دەردی ئینسانەکان هەمووان هەستی پێ ئەکەن. هەر کەسێک خەتی فیکری و سیاسیەکەی لە دژی چەوسانەوە و لە دژی نایەکسانی بێ ئەتوانێ خۆی بخاتە جێگەی بەشی چەوساوەی کۆمەڵگا و بیر لە مەسەلەکانی بکاتەوە. لە ڕووی مێژووییەوە هەڵوێستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی سەبارەت بە مەسەلەی ژن ڕادیکاڵترین و گشتیترین بووە.

**پرسیار: ئەوە وایە... ئێستا باسەکە جیا ئەبێتەوە، بەڵام ئەوەی کە، هەڵبەتە ئەو جۆرە تۆمەتە ئامادانە بۆ ئەوە بووە کە خودی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بۆ چەند ماوەیەک لە ڕاستیدا لە چوارچێوەیەکی بۆرژوازیدا قسەیان کردووە، سۆڤێت و چین وەک نمونە ئەهێنرێتەوە. مەسەلەکە لەبەر ئەمەیە یان لەبەر نمونەی چەپی سوونەتی؟...**

**مەنسور حکمەت:** هەتا لەوێش، هەتا لەوێش بە بڕوای من فێمینیستەکان لەسەر حەق نین. لەبەرئەوەی کە ووڵاتێکی وەک سۆڤیەت-بەهەر ڕەخنەیەکەوە کە لێمان هەیبوو، ووڵاتێکی سەرمایەداری دەوڵەتی بوو، کە ئێمە ئەمەمان لەسەرەتاوە ووتووە -بەڵام هەتا ئەگەر سەرمایەداری دەوڵەتی لەبەرچاو بگرن، ئەم سیستمە ئەبێ لەگەڵ هیندستان بەراورد بکەن. ئەگەر

## مافەکانی ژنان لەبەرنامەی"دنیایەکی باشتر"دا

سۆڤیەت نیزامێکی سەرمایەداری دەوڵەتی نەبووایە کە ئیدعای سۆسیالیزمی ئەکرد شتێک ئەبوو، وولاتێک ئەبوو وەک هیندستان. ئێستا مافی ژنان لە هیندستان بەراورد بکە بە مافی ژنان لە سۆڤیەت. ئێوە ناتوانن مافەکانی ژنان لە سوید بەراورد بکەن بە مافەکانی ژنان لە سۆڤیەت کە لە رووی تەکنیکی و ئابورییەوە لە ئاستێکی تردا بوو. هەتا لەو حاڵەتەشدا زۆر یاسا کە لە سۆڤیەت هەبوو ئێستاش لە سویددا نییە. سەرئەنجام بە بڕوای من رەخنەیەک کە فێمینیستەکان لە چەپە رێڤیزیۆنیست [ئینحرافی] و چەپە نا کۆمۆنیستیەکانیشی ئەگرن لەسەر حەق نییە. ئالای فێمینیستەکان لە دەستی کەسێکدایە وەک هێلاری کلینتۆن لە ئەمریکا، یان بزووتنەوەی باڵی چەپی چینی دەسەڵاتدار لە وولاتانێکی وەک ئینگلاند، لە تەنیشت پارتی کرێکارانی تازەوەن. ئەوانە فێمینیستن. فێمینیستەکان ئەو کەسانەن کە لەبەر خاتری فەرهەنگی مەحەلی هەر وولاتێک ئامادەن مافەکانی ژن بکەنە قوربانی. ئەمانە فێمینیستە واقعیەکانی ئەم سەردەم و زەمانەیەن. رەنگە هەندێکیان تیا بێ رادیکاڵتر بن لەوە. بەڵام بە بڕوای من کۆمۆنیستەکان -هەتا خراپترین جۆری کۆمۆنیستەکان -بە شێوەیەکی تایبەت قەرزارباری فێمینیستەکان نین سەبارەت بە مەسەلەی ژن.

**پرسیار: تا ئەو جێگایەی بە کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئەگەڕێتەوە -بابێینە سەر "دنیایەکی باشتر "کە ئەگەر کات کەم بوو جارێکی تر دێینەوە سەری گەر رێبدەن چونکە گرنگە -داخوازیەکانی لە مەیدانی بزووتنەوەی نێونەتەوەیی ژناندا پێشکەوتووترین و پێشرەوترین داخوازین لەبارەی بزووتنەوەی ئێرانەوە کە ئەسڵەن داخوازییەک بێجگە لە یەکسانی ژن و پیاو مەترەح نەکراوە. تا ئەو جێگایەی کە بە کردەوەش هەیە، وا دێتە بەرچاو کە کۆمۆنیزمی کرێکاری و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چالاکترین رەوتە کە بۆ یەکسانی ژن و پیاو خەبات ئەکات. ئایا ئێوە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی لەمجۆرەدا موافقن؟**

مەنسور حکمەت: لە ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا هەڵبەتە مەسەلەکە بەمجۆرەیە. تا ئەو رادەیەی ئێمە هەڵئەسورێین، هێشتا ئەمە بەشێکی بچووکیش نییە لەوەی بیری لێ ئەکەینەوە کە ئەبێ هەڵبسورێین. ئێمە ئێستا بە پێوانەکانی خۆمان، بە چاوەڕوانیەکانی خۆمان لە پلەی هەڵسوڕان بۆ مەسەلەی ژن نزیک نەبووینەتەوە بەڵام گەر بەراوردی بکەی بەو گروپ و مەحافلە زۆر و زەبەندانەی ناو ئۆپۆزسیۆنی ئێران، کە لانی زۆری داکۆکییان لە ژن ئەوەیە کە ئەڵێن "لێگەرێن با ئەو ژنانە، ئەو نازدارانە کاریان هەبێ، یا کەمێک جلوبەرگی ئازادانەتر بپۆشن، لە حجابەکەیان کەمێک بێنە خوارەوە، بەڵام کەسێک نەیووتووە قژەکانیان دەربخەن" ئەمە تەسەورێکە کە ئەم کۆڕ و کۆمەڵانە سەبارەت بە ئازادی ژن هەیانە! لە بەروارد بەواندا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، بەوپەڕی ئازادیخوازی حساب ئەکرێ، بەڵام خودی ئێمەش ئەبێ رێگەیەک ببڕین. ئەم رێگایە ئەبێ بە عەمەلی ببڕین. ئەبێ بەرەو ئەو جێیە بڕۆین کە ئەو دەسەڵاتە سیاسیە پەیدا بکەین کە ئەم بەرنامەیە پیادە بکەین و نیشانی بدەین کە وەفادار ئەمێنینەوە پێی. چونکە راگەیاندنی بەرنامەیەک لە ئۆپۆزسیۆندا شتێکە و پیادەکردنیشی بە کردەوە مەسەلەیەکی ترە. کاتێک ئێمە دەست بکەین بە پیادەکردنی عەمەلی ئەو بەرنامەیە، ئیسلامیەکان تەحریک ئەبن، قەومیەکان تەحریک ئەبن،

پیاوسالارەکان تەحریک ئەبن... وە لەو جێگەیەدا لەمەحەکدانی واقعی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دێتە ئاراوە کە ئایا ئەو مقاوەمانە ئەکوتێ و مافەکانی ژنان ئەدات، یان لە یاساکاندا دایانئەنێ و ئەیکاتە پراتیکی ئەسڵی کۆمەڵگا، یان مل ئەدات بەوانە؟ ئەم پرسیارە ئێستا لەبەرامبەر هەمووانداید. ئەگەر کەسێک، ئەگەر ڕەوتێکی سیاسی بیەوێ لە ڕیزی پێشەوەی ئازادی و یەکسانی ژن لە ئێراندا بێ، بە بڕوای من حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریە. خودی گوێگرانی ئێوە ئەتوانن بەراورد بکەن و ببینن کە ئەم قسانە لە زمانی چ گروپێکی تر یان ڕێکخراوێکی تر یان بزووتنەوەیەکی ترەوە ئەبیستن. کەسێکی تر نیە ئامادە بێ کە ئەم قسانەی ئێمە لەبارەی یەکسانی ژن و پیاوەوە ئەیلێین ئەسڵەن هەتا ڕاشیبگەیەنێ.

**پرسیار: ئێوە بەمەتان ووت "لە ئۆپۆزسیۆندا"، بەڵام من هەتا لەمە واوەتر ئەڕۆم، لە نێو شتێکدا کە خۆی بە بزووتنەوەی داکۆکی لە مافەکانی ژنان ئەزانێ، ئێمە ئێستا شاهیدی هەوڵێکی زۆر نین سەبارەت بە خەباتێکی عەمەلی بۆ ڕسوا کردنی جمهوری ئیسلامی، لە دژی ئیسلام، لە دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی و شتی تری لەو بابەتە. پێش ئەوەی بێمە سەر بەرنامە، ئێوە ئاماژەتان بە خاڵێکی سەرنجڕاکێش کرد. ووتتان سەرەتا ڕاگەیاندنی بەرنامەکە و دواتریش بە عەمەلی کردنەوەی. کرۆکی مەسەلەکە لێرەدایە. کەسانێکی زۆر هەن، ئەوانەی کە ئێستا هەوڵ ئەدەن بە ئاوازێکی تەعدیلکراوەوە ڕەخنەکانیان بگرن، بە ئێمە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەڵێن کە قسەکانی ئێوە زۆر باشە، بەڵام ئەم داواکاریانە کە ئێوە بۆ نمونە لە بارەی مافەکانی ژنانەوە هەتانە لە کۆمەڵگایەکی وەک ئێراندا قابیلی پیادە کردن نییە چونکە فەرهەنگی خەڵک دواکەوتووە. ئێوە لە بەرامبەر ئەم ڕەخنەیەدا ئەڵێن چی؟**

مەنسور حکمەت: ئێمە فەرهەنگی خەڵک ئەگۆڕین. لە جیاتی ئەوەی ئێوە بێن نیوەی کۆمەڵگا بکەنە قوربانی، ئەتوانن ئەو فەرهەنگە بکەنە قوربانی. زۆر سادەیە! ئێمە خەڵکی پێشکەوتوو و پێشڕەوی ئەو کۆمەڵگایە کۆئەکەینەوە و ڕێکی ئەخەین. ئێمە لەپاڵ هەر قوتابخانەیەکی کچاندا یان هەر قوتابخانەیەکی تێکەڵدا کە قەرارە لەو کۆمەڵگایەدا هەبێ، هەندێ خەڵکی ڕادیکاڵ دائەنێین کە پێش بەو هەمەجیەتە بگرێ. ئێمە کۆمەڵە یاسایەک دائەنێین و زەمانەتی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە بەوە ئەکەین کە بودجەی بۆ دابین ئەکەین بەجۆرێک کە زەمانەتی بەشداری ژنان لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکاندا بکات، پێش بە هەر جموجوڵێک لە دژی ئەوان بگرێ، پێش بە هێزە دواکەوتوو و کۆنەپەرستەکان بگرێ. ئێمە کارێکی وا ئەکەین کە ئەگەر کەسێک ڕێگر بێ لەبەردەم ئازادی ژن و مەسەلەی یەکسانی ژن و پیاودا کۆمەڵگا ئەو کەسە بە چاوی خەتابارەوە تەماشا بکات. ڕێک وەک ئەوەی کەسێک ڕێگر بێ لەبەردەم تەندروستی خەڵکدا، کەسێک ڕێگر بێ لەبەردەم ئاسودەیی خەڵکدا بە گشتی، ڕێک وەک ئەوەی کەسێک موڵکی دەوڵەتی و موڵکی ووڵاتی خواردبێ، ڕێک وەک ئەوەی کەسێک ڕێگر بووبێ لەبەردەم ئەوەی نەخۆشێک بگاتە لای دکتۆر... بە هەمان چاو تەماشای کەسێک بکات کە ڕێگر بووە لەبەردەم دەرس خوێندنی کچێکدا، ڕێگر بووە لەبەردەم کارکردنی ژنێکدا، یا ڕێگر بووە لەبەردەم ئەوەدا کە ژنێک هەر جلێکی پێ خۆشە بیپۆشێ و بڕواتە

سەر کار. ئێمە فەرهەنگ ئەگۆڕین. لە جیاتی ئەوەی کە خۆمان بگۆڕین، یان حەقیقەتێک کە باوڕەمان پێی هەیە بیخەینە ژێر پێوە، ئەو فەرهەنگە ئەگۆڕین.
ئەو فەرهەنگە لە کوێوە هاتووە؟ ئەو فەرهەنگەش لە ڕووی مێژووییەوە بەرهەمی چینی دەسەڵاتدارە لەو وولاتەدا، فەرهەنگێکە کە بە کەڵکی قازانجهێنانی سەرمایەداری هاتووە، فەرهەنگێکە کە بە کەڵکی حوکمی هەمان ئەو لات و لەوێرانەی کە لە ئێران لەسەر حوکمن هاتووە... ئێمە حکومەت ئەگۆڕین، فەرهەنگیش ئەگۆڕین. لە هەموو جێگایەکی دنیا بەمجۆرەیە. ئێوە ناتوانن ئازادی بهێننەدی بەبێ ئەوەی هێرش بەرنە سەر نەریتە دواکەوتووەکان. ئێمە ئەو نەریتانە ئەبەینە دواوە. زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران، بە بڕوای من زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران لە جوڵانەوەی دژی فەرهەنگی دواکەوتوودا لەگەڵ ئێمەدا ئەبن. ئەگەر بەشە دواکەوتوو و بەبەردبووەکانیش پەیدا ببن، هیچ چارەیەکیان نییە، ئەبێ ددان بە جەرگی خۆیاندا بگرن. سەرئەنجام خۆ ئەبێ یەکێک ددان بە جەرگی خۆیدا بگرێ. یان ئەبێ ژن ددان بە جەرگی خۆیدا بگرێ و لەژێر چەوسانەوەدا بمێنێتەوە، یان حاجی فلان ئەبێ ددان بە جەرگی خۆیدا بگرێ. ئێمە لەم مەسەلەیەدا ئەڵێین حاجی فلان بێرەحمەت ئیتر تۆ ددان بە جەرگی خۆتدا بگرە.

**پرسیار: باسەکان زۆر سەرنجڕاکێشن. هەروەک ووتم لە هەر جێگایەک باس دێتە سەر ئەوەی کە ئەبێ ئەم داواکاری و مافانە هەبن، بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە زیادەڕۆیی و توندڕەوەی تاوانبار ئەکەن و ئەڵێن ئەمانە عەمەلی ناکرێنەوە و هەندێ جار گوایە حیجاب خواستی خودی خەڵک خۆیەتی. ئەمانە چەند شتێکن کە ڕەنگە بتوانین لە جێگای تریش باسیان بکەین.**
**تەماشاکەن، لە بەرنامەی دنیایەکی باشتردا هاتووینەتە سەر تەواوی مەسەلەکان، ئابوری، سیاسەت، خێزان، ئەخلاق و فەرهەنگ و شتی تر. ئەم باسە لەباری سوننەتییەوە لانی کەم لەلایەن ئەو بزووتنەوە سوننەتیەی چەپی مارکسیستیەوە باسی لێکراوە کە جێگەوڕێگەیەکی زیاتری بە ئابوری داوە لە مەسەلەی هەڵگرتنی ستەمی سەر ژناندا. ئایا ئێوە هاوڕان لەگەڵ ئەو دید و بۆچوونەدا؟**
**مەنسور حکمەت:** لە دوا لێکدانەوەدا ئەگەر ژن لە بواری ئابوریدا نایەکسان بێ و ئەگەر لە بواری ئابوریدا لەژێر ستەمدا بێ، لە بواری سیاسی و فەرهەنگیدا ناتوانێ یەکسان بێ، لە دوالێکدانەوەدا بەمجۆرەیە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە ئەبێ سەبر بکەین تا لە پێشدا ژن لە ئابوریدا یەکسان بێ و دواتر بڕۆین بە سۆراغی مافە فەرهەنگی و سیاسیەکان و یەکسانییەوە. ئەمە ئەسڵەن و هەرگیز بەو مانایە نییە. هەموو ئەوانە ئەبێ هاوتەریبی یەک بڕۆنە پێشەوە و هەر ئێستا ئەبێ بڕواتە پێشەوە.
سیاسەتی ئێمە ئەمەیە: لە یەکەمین ڕۆژەوە کە لەو وولاتە دەستمان بگات بە جێگەیەک، ڕایئەگەیەنین کە ژن و پیاو یەکسانن، هەموو ئەو یاسایانەی بە کردەوە جوداسازی ئەهێنن هەڵئەوەشێنینەوە، ڕایئەگەیەنین کە مافە مەدەنیەکانی ژن و پیاو وەک یەکە، ڕایئەگەیەنین مافە سیاسیەکانی ژن و پیاو وەک یەکە، ڕایئەگەیەنین مافە فەرهەنگیەکانی ژن و پیاو وەک یەکە،

ڕاپئەگەیەنین بڕیاردانیان سەبارەت بە خۆیان، خێزانیان، شوێنی ژیانیان، شوێنی کاریان وەک یەکە و ڕاپئەگەیەنین لە بواری کار و شتی تردا ژن و پیاو مافی تەواو یەکسانیان هەیە. ئەمە ڕاپئەگەیەنین و ئەشیکەین بە یاسا، وە دەستبەجێ ئەم کارە ئەکەین نەک لە ڕەوەندێکی بەرە بەرە و شێنەییدا کە یاساکان یەک لە دوای یەک چەکوش کاری بکەین. بە عینوانی مانیفێستی سەرکەوتنی شۆڕش ئەمە ڕاپئەگەیەنین و ڕۆژی دوای ئەوە ئەمە یاسایە. کاتێکیش ئەمە یاسایە ئەبێ جێبەجێ بکرێ. ئیتر ئەوەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردنەکەیدا کارەکە چەند درێژە ئەکێشێ، چەند بەڕێوەبەری کارگە مقاوەمە ئەکەن، یان چەند بەڕێوەبەر و مامۆستای قوتابخانە مقاوەمە ئەکەن، ئەوە ڕەوەندێکە کە ڕەنگە تیایدا کاری سەرکەوتن بەسەر ئەو مقاوەمەتانەدا، ڕۆشنگەری دەربارەیان، بەدەستهێنانی سەرچاوە و ئیمکانیاتی تەواو بۆ دابینکردنی عەمەلی ئەو یەکسانییە، بەدەستهێنانی بودجە بۆ کارەکان و شتی لەو بابەتە، ئەمانە ڕەنگە کات بخایەنێ. بەڵام وەک یاسا دەستبەجێ ڕاپئەگەیەنین و ئەگەر ڕۆژی دوای ئەوە دەرکەوت کە لە جێگەیەک ژنێک لە مەوقعیەتێکی نایەکساندایە لەگەڵ پیاودا، سەبەبکاری ئەو مەسەلەیە کارێکی نایاسایی و دژ بە مافی مەدەنی کەسێکی تری ئەنجامداوە و ڕووبەڕووی یاسا ئەبێتەوە. سەرئەنجام لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەمە داواکردنێکی زیادەڕۆییانە نییە، بەڵکو حەقیقەت خۆیەتی. ئەگەر بە پێچەوانەی ئەوەوە بوایە، ئەگەر بۆ نمونە هەمان ئەو بزووتنەوەی میللی-ئیسلامییەی کە ئێمە بە زیادەڕۆیی تاوانبار ئەکات، هیچ کێشەیەکیان نەبێ کە بە تەواوەتی داواکاری سەربەخۆیی لە ئەمریکا بن، بۆ نمونە لە فڵانە وولاتدا وە کاتێک قسە لەسەر مافی میللیانە هیچ شتێک بە زیادەڕۆیی نازانن و هەموو شتێکیان ئەوێ. کاتێ قسە لەسەر مافە تیجاریەکانی ئەوانە، بۆ نمونە کاتێ کە ئەڵێن ئێمە ئەبێ فڵانە سەنعەتی خۆمان بە دەستی خۆمانەوە بێ و قورسایی فڵانە باج لەسەر شانمان لاببەن هیچ کێشەیەک نابینن ئەگەر بڵێم "من ئەمەم ئەوێ و ئەبێ جێبەجێ بکرێ ."کاتێ مەسەلەکە دێتە سەر ژنان، هەموویان ئەڵێن، کاکە زووە، ئێستا نابێ، و لەگەڵ فەرهەنگماندا نایەتەوە و شتی تری لەو بابەتە. ئێمە هیچ سازشێک لەگەڵ ئەو بەڵگەهێنانەوانەدا ناکەین. ئێمە ئەم خەتەمان قبوڵ نییە. ڕێک هەروەک مافی کرێکاری، وەک مافی ئابوری کرێکاران. ئێمە گەر ڕۆژێک بێینە سەر حوکم- ئومێدەوارم کە بتوانین بێینە سەر حوکم -هەمان ڕۆژ لانی کەمی کرێ ڕاپئەگەیەنین کە لانی کەم خێزانێک بتوانێ ژیانی پێ بەرێتە سەر، لەوە بگەڕێ هەر کەسێک کە ئەیەوێ مخالیفی ئەوە بێ.

**پرسیار: باشە، زۆر گرنگە یاسا بگۆڕدرێت و یاسا ڕابگەیەندرێت، سەرئەنجام بەم مانایەیە نەخشی دەوڵەتێک لە لابردنی نایەکسانیەکاندا گرنگە، کە ئەمە لایەنی حقوقیش ئەگرێتەوە، بەڵام کافی نییە. ئێوە ئەتوانن مافی یەکسان ڕابگەیەنن، بەڵام هێشتا لە خێزاندا پیاو وەک ڕاهاتووە هەر لە ژن ئەدات. لەم بارەیەوە ئەبێ چی بکرێ؟**

مەنسور حکمەت: بۆ هەڵگرتنی ئەم مەسەلانە ئەبێ هێزی ئینسانی و سەرچاوەی دارایی تەرخان بکرێ. بەشێک لەوە هوشیارکردنەوەیە. لە کۆتاییدا فەرهەنگێک نیە بتوانێ لەبەرامبەر دروستی و حەقانیەتی ئەم مەسەلەیەدا مقاوەمە بکات. بە بڕوای من لە ماوەی چەند ساڵێک لە

## مافەکانی ژنان لەبەرنامەی"دنیایەکی باشتر"دا

هوشیارکردنەوەدا ئەتوانی کارێک بکەی کە پیاوانی ئەو وولاتەش ئازاد بین لەو بەبەردبوون و ئەو دواکەوتووییە فەرهەنگییەی کە لەگەڵ ئیسلام و فەرهەنگی سوننەتیدا خۆی ژیاندووە. ئەبێ کار بکرێ، ئەبێ فێرکردن بکرێ، ئەبێ پێداگری بکرێ، ئەبێ بەدواداچوون و چاودێری بکرێ. ئێوە ناتوانن مەسەلەکە بسپێرن بە خێزان، وە وا تەسەوری بکەن کە تاریکستانێکە و کەس خەبەرێکی نییە لەبارەیەوە و ناتوانێ تەدەخولی تیا بکات...

**پرسیار: ببورە قسەکەتان پێ ئەبڕم، ئایا ئەمە وا باسی لێ ناکرێ کە تەدەخولی دەوڵەت و پۆلیسە لە ژیانی شەخسیدا؟**

**مەنسور حکمەت:** ئاخر خۆ مەسەلەکە بەوجۆرە نییە کە بڕۆن ماڵی خەڵک بشکێنن و بچنە ناوەوە. قسە لەسەر ئەوەیە کە ئەگەر ژنێک بە چاوی ئاوساوەوە هاتە سەرکار، ئیجازەیان هەبێ بڕۆن و ببینن چ کەسێک بە بۆکس لە چاوی داوە. ئەگەر ببینیت منداڵ نایەت بۆ قوتابخانە، ئیجازەت هەبێ و بڕۆی ببینی بۆ نەهاتووە بۆ قوتابخانە. ئەگەر خاوەنکارێک ئینتەرڤیوی کاری کردووە و لە پێنج وەزیفە کە هەیەتی هەر پێنجەکەی پیاو وەریگرتووە، لایەنێک هەبێ بتوانێ ببینێ کە ئەو خاوەنکارە بە ڕاستی لەسەر بنەمای توانایی و لێهاتوویی بۆ ئەو کارە حوکمی داوە یان پیاو بوونی ئەوان ڕۆڵی هەبووە. مەسەلەکە ڕۆشنە کە ئەگەر دەرکەوت حساب بۆ توانایی و لێهاتوویی کراوە هەڵبەتە ئیتر حەقیان بەسەرەوە نییە. ئەبێ کۆمیتەکان و دامودەزگای خەڵکی کە چاودێری جێبەجێکردنی دروستی ئەو یاسایانە ئەکەن لە ئارادا بن، ئەبێ دامودەزگای دڵسۆز کە پێیان ئەووترێ خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان لە ئارادا بن کە کۆمەکی ئەم کارە بکەن. بەشێکی زۆر لە مافەکانی ژنان ئیمکانی بە دەستهاتنیان هەیە. نابێ لەسەر سینیەک ببرێ و بدرێ بەوان. خودی ژنیش ئەبێ کۆمەک بکات و ئەو مافە وەربگرێ. سەرئەنجام ئەگەر ژنێک لێیبدرێ، ئەگەر ژنێک لە چوونە دەرەوە بێبەش بکرێ، ئەگەر ژنێک لە کار پەیدا کردن بێبەش بکرێ، ئەگەر ژنێک لە پەیوەندی درووستکردن لەگەڵ خەڵکی تر بەو جۆرەی کە خۆی پێی خۆشە بێبەش بکرێ، ئەبێ مراجەعەی سیستمێکی لەو بابەتە بکات و بخوازێ کە دەخاڵەت بکەن. تەسەوری ئەوەی کە هەر دەوڵەتێک دەخاڵەت بکات حەتمەن دەخاڵەتێکی توند و تیژ و پۆلیسییە، لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەتەکانی کە تا ئێستا هەبوون بەوجۆرە بوون، دەوڵەتە ئیستبدادیە پاشایەتیەکان، دەوڵەتەکانی باڵی ڕاست، دەوڵەتە پۆلیسیەکان، دەوڵەتە ئیسلامیەکان. ئێمە قسە لەسەر حکومەتێکی خەڵکی ئەکەین کە بنەماکەی شورای گەڕەکەکانە، بنەماکەی خودی خەڵکە. خودی خەڵکن کە خۆیان لە شێوەی دەوڵەتدا ئارایشت داوە. سەرئەنجام کەسێک کە ئەیەوێ دەخاڵەت بکات، هەمان ئەو کەسەیە کە هەمان ئینسانەکان بە عینوانی هاوکار و دۆست و ئاشنا سەروکاریان لەگەڵیدا هەیە، شورای گەڕەکە، شورای قوتابخانەیە، نەوەک دامودەزگایەک کە بە جلوبەرگی ڕەسمی و چەکەوە بێتە سەر ماڵی خەڵک و بڵێ بۆچی لەگەڵ یەک بەمجۆرە ڕەفتار ئەکەن... ئەم تەسەورە لە دەوڵەتی توندوتیژ یەکەمین شتێکە کە ئێمە ڕەتی ئەکەینەوە و ڕەخنەی لێئەگرین. دەوڵەتێک دێت کە لە بنەڕەتدا خودی خەڵکە، خەڵکێک کە ئەیانەوێ ئیدارەی ژیانی خۆیان بکەن.

## مافەکانی ژنان لەبەرنامەی"دنیایەکی باشتر"دا

* ئەم بابەتە لە ئەرشیڤی مەنسور حکمەت (hekmat.public-archive.net #٣٦٧٠fa.htm) دەست ئەکەوێت کە لە بنەڕەتدا گفتوگۆی شەفەهی ڕادیۆییە و دواتر نوسراوەتەوە. دەقە فارسی و عەرەبیەکەی لەوێ هەیە. ئەم دەقە کوردیە ماوەیەک لەوەوپێش وەرمگێڕاوە، بەڵام بۆ ئامادەکردنی بۆ دیدگای سۆشیالیستی دوبارە پیاداچومەتەوە و لە کوردیەکەیدا هەندێ گۆڕانکاریم، کە بە باشترم زانیوە، ئەنجام داوە. (جەمال محسن)



**فریدریك ئەنگلس**

# دەربارەی دەسەڵات

وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە:

**جبار محسن**

پێداچونەوەو بەراورد کردنی بە دەقە ئینگلیزیەکەی:

**جمال محسن**

مارسی ٢٠١٦ ، نەرویج

لەم ماوانەی دواییدا جەنگێکی ڕێکخراو کراوەتە سەر مەبدەئی دەسەڵاتداریێتی لەلایەن سۆسیالیستەکانەوە. تەنها ئەوەندە بۆ ئەوان بەسە کە فڵانە کار دەسەڵاتخوازانەیە بۆ ئەوەی مەحکومی بکەن، ڕەتی بکەنەوە. ئەم بیروڕایەش زۆر زیادەڕۆیی تیا کراوە، بە جۆرێک کە پێویستە بەووردی سەرنجی بخەینە سەر و لێکی بدەینەوە.

دەسەڵات بەو جۆرەی لێرەدا بەکارهاتووە بەمانای: سەپاندنی ئیرادەی لایەنێکە بەسەرلایەنێکی تردا، وە دەسەڵات ملکەچی دەکاتە پێش مەرجی خۆی. لەبەرئەوەی مانای ئەم دوو وشانە نەگەتیفانە دێنە پێشچاو و پەیوەندیەک کە ئەم ووشانە دروستی ئەکەن بۆ لایەنی ملکەچکەر جێگەی پێشوازی نییە، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لەم گرفتە هەیە؟ یانی ئایا دەتوانرێ بە پێی ئەم دۆخەی ئێستای کۆمەڵگا ، دەزگای کۆمەڵگایەکی نوێ پێکبهێنرێ، کە تیایدا ئەم دەسەڵاتە پشت بەو تایەبەتمەندێتیانە نەبەستێ و سەرئەنجام بپوکێتەوە؟

کاتێک وورد دەبینەوە لە هەلومەرجی ئابووری و پیشەسازی و جووتیاری، کە بنەمای کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستایان پێکهێناوە، دەبینین بەرەو ئەوە دەڕوات کە کاری تەریک وتاک تاکی کەسەکان بەرەو کاری هاوبەش و لێکهەڵپێکراو ڕۆیشتوون و ژمارەیەکی زیاتر لە کەسەکان

بەشداری تیا دەکەن. پیشەسازی تازە، بە کارگەو ئامێرە مەزنەکانیەوە کە سەدان کرێکاری لە دەوری ئامێرە ئاڵۆزەکانی هەڵم کۆکردۆتەوە، جێی وەرشە تەریکەکانی بەرهەمهێنانی گرتۆتەوە. بەهەمان شێوەش لە بری عەرەبانەو گالیسکەکان، هێڵەکانی ئاسن و شەمەندەفەر بەکارهێنران، رێک وەک گۆڕینی بەلەمە چارۆکەدارەکان بە بەلەمەکانی هەڵم. تەنانەت کشتوکاڵیشی داخزاندووە بەرەو باوەشی ئامێری هەڵمی، لەکاتێکدا بە هێواشی جێگەی خاوەن موڵکە بچوکەکانی زەوی چۆڵ کرد بۆ گەورە خاوەنانی سەرمایەدار کە بە یارمەتی کریکارانی کرێگرتە، بەرهەمی زەویە پانوبەرینەکانیان چنیوەتەوە.

لە هەموو شوێنێکیش کارە هاوبەش و لێکهەڵپێکراوەکان، کە بەروبومی پرۆسە ئاڵۆزە پێکەوەبەستراوەکانن، بەرە بەرە جێگای کارە فەردی و سەربەخۆکان دەگرنەوە. بە وورد بوونەوەیەکی سادەش لەم کارە هاوبەش ولێکهەڵپێکراوانە دەبینین کە دەبێ رێکخراو" ئۆرگانیسە" کرابن. کەواتە لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا رێکخستن بەبێ دەسەڵات دەتوانێ ببێت؟

با وای دابنێین بەهۆی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیەوە سەرمایەداران لەسەر کار لادەبرێن. لە حاڵەتێکی وادا کێ بڕیار بدا بەسەر بەرهەم و جموجۆڵی سامانەکاندا" circulation of wealth "؟ بەپێی بیروڕای نا دەسەڵاتخوازەکان بێت زەویوزارو پێداویستیەکانی بەرمهێنان بوون بە موڵکی گشتی کرێکارانێک کە بەکاریدێنن، ئایا دەسەڵات نامێنێ یان شکڵەکەی دەگۆڕدرێ؟ لەگەڵمان بن با بزانین چۆن دەبێ:

با ئامێری ڕستنی لۆکە وەربگرین بە نمونە. ئەو لۆکەیە بەلایەنی کەمەوە دەبێ بە شەش قۆناغدا بڕوات هەتا دەبێت بە دەزوو. هەموو ئەو قۆناغانەش هەریەکەی لە ژووری تایبەتی خۆیدا دەبێ. لەگەڵ ئەمەشدا پێویستمان بە ئەندازیارێک دەبێ کە چاودێری ئامێری هەڵمەکە بکات و میکانیکیەکیش کە هەڵبستێ بە چاک کردنەوەی ئامێرەکان لە کاتی پێویستدا، هەندێ کرێکاریش کاریان گوێزانەوەی بەرهەمەکە دەبێت لە ژوورێکەوە بۆ ژورێکی ترو بەم جۆرە...هتد. هەموو ئەو کرێکارانە، لە پیاو و ژن و منالان دەبێ لە کاتی دیاریکراودا دەست بەکار بکەن و کۆتایی بەکار بهێنن بە پێی چۆنێتی دەسەڵاتی ئامێری هەڵمەکە، کە تەواو سەربەخۆیە لە ئیرادەی کەسەکان. کەواتە پێش هەموو شتێک کرێکاران دەبێ رێک بکەون لەسەر سەعاتکارەکەیان و پابەندبن پێوەی، کە هەموویان پێکەوە دیاریانکردووەو بڕیاریان لەسەرداوە. بەدەر لەمانەش بۆ هەر ژوورێک و لە هەرکاتوساتێکدا پرسیاری تایبەت دێتە ئاراوە دەربارەی چۆنێتی بەرهەمهێنان و دابەش کردنی پێداویستیەکانی کارو ...هتد. بەم جۆرە پێویستە هەر ژوورێک نوێنەرێکی هەبێ و بتوانێ بڕیاربدا بەسەر ژوورەکەیدا، کە ئەگەر ئیمکان هەبوو لە رێگەی زۆرینەوە هەڵبژێردرێن، بەجۆرێک کە دەبێ هەموویان پەیڕەوی لێ بکەن و گوێ ڕایەڵی بڕیارەکەی بن، کەواتە لێرەدا بەهۆی بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە چارەسەری ئەم کێشەیە کراوە. بەڵام ئامێرە ئۆتۆماتیکیەکانی کارگە مەزنەکان زۆر زیاتر پێویستیان بەم سەپاندنی دەسەڵاتە هەیە، وەک لە سەرمایەدارە بچوکەکان، کە کرێکارانیان ئەخستە سەر کار. لانی کەم لەبارەی سەعاتکارەوە کە لەسەر دەرگاکانی کارگە مەزنەکانیان نوسیوە: واز لە هەموو سەربەخۆییەکانی خۆت بهێنە، تۆ کە دەچیتە ژوورەوە" *Lasciate ogni*

" voi che entrate ،autonomia

ئەگەر ئینسان بەهۆی زانیاری و عەبقەریەتی داهێنەرانەی خۆیەوە توانیبێتی هێزەكانی سروشت بخاتە ژێر ڕكێفی خۆیەوە، ئەوا تا ئەو ڕادەیەی كە ئینسان خودی ئەو هێزە سروشتیانەی بەكارهێناوە، هێزەكانی سروشتیش توانیویانە بەوجۆرە تۆڵە لە ئینسان بكەنەوە كە ملكەچی بكەن بۆ ئیستبدادێكی ڕاستەقینەی سەربەخۆ لە هەررێكخستنێكی كۆمەڵایەتی. ئارەزووی هەڵوەشانەوەی دەسەڵات لە پیشەسازی قورسدا ڕێك یەكسانە بە ئارەزووی هەڵوەشانەوەی پیشەسازیەكە خۆی. تێكشكاندنی ئامێری ڕستن و چنین یانی گەڕانەوە بۆ تەون.

با نمونەیەكی تر وەبگرین: هێڵە ئاسن: لێرەدا پێویستمان بە بەشداری ژمارەیەكی بێسنور لە خەڵك هەیە. ئەم كارە هاوبەشەش دەبێ بەشێوەیەكی زۆر ورد بەڕێوەببرێت، بۆ ئەوەی هچ ڕووداوێكی لێ نەكەوێتەوە. وە لێرەدا یەكەمین مەرجی كار ئیرادەیەكی دەسەڵاتدار و زاڵە بۆ ئەوەی ئەو كێشانەی لە میانەی كاردا دروست دەبن چارەسەر بكا. ئینجا چ ئیرادەی یەك نوێنەربێت یان لیژنەیەكی ڕاسپێردراو بێت، كە بەپێی خواستو زۆرینەی دەنگ دانراون و دەجوڵێنەوە. لە هەردوو حاڵەتەكەدا بەڕۆشنی دیارە كە دەسەڵات لە ئارادایە. لە لایەكی تریشەوە بیهێننە پێش چاو چی ڕوودەدا ئەگەر لە یەكەمین كاروانی شەمەندەفەردا گەشتیاران نەچنە ژێر ڕكێف و دەسەڵاتی كرێكارانی هێڵی ئاسنەوە؟

بەڵام پێویستی دەسەڵات و دەسەڵاتی خۆسەپێن زیاتر لەو كاتانەدا دەردەكەوێت كە بەلەمێك لە قوڵایی دەریادایە، لەوێ و لەكاتی مەترسیدا ژیانی هەموان بەستراوەتەوە بە ملكەچی دەستبەجێ و ڕەهایانەوە بە ئیرادەی تاكێكەوە.

كاتێك ئەم بەڵگانەم بۆ زۆرینەی لایەنگرانی كوێرانەی نا دەسەڵاتخوازان هێنایەوە، تاكە وەڵامێك كە توانیان بیدەنەوە ئەمە بوو: بەڵێ ڕاستە، بەڵام ئەوە مەسەلەی دەسەڵات نییە كە ئێمە دەیدەین بە نوێنەرەكانمان بەڵكومەسەلەی ڕاسپاردنیانە وەك كۆمسیۆن! ئەو بەڕێزانە پێیان وایە بە گۆڕینی ناوی شتەكان دەتوانن شتەكان خۆیان بگۆڕن. بەمجۆرە ئەم بیرمەندە عەبقەریانە گاڵتە بە هەموو جیهان دەكەن.

بەمجۆرە نیشانمان دا دەسەڵات بەدەرلەوەی لەلایەكەوە چۆن نوێنەرایەتی كراوە، و لە لایەكی تریشەوە تا چ ڕادەیەك پشتی بە ملكەچ كردن بەستووە، شتێكن كە سەربەخۆ لە هەر ڕێكخستنێكی كۆمەڵایەتی و هاوشان لەگەڵ ئەو هەلومەرجە مادیەی لەژێر سایەیدا بەرهەم دەهێنین و جوڵە بە بەرهەمەكان دەكەین، سەپێندراون بەسەرماندا.

لەگەڵ ئەمەشدا بینیمان كە زەمینەی ماددی بەرهەمهێنان وسوڕی بەرهەمهێنان هەمیشە پێش دەكەون لەگەڵ پێشكەوتنی پیشەسازی قورس و كشتوكاڵە پان وبەرینەكاندا، ئەمانەش سەرئەنجام بەشێوەیەكی ڕوولەسەر بوارەكانی ئەو دەسەڵاتە بەرفراوان دەكەن.بەمجۆرە باسكردن لە مەبدەئی دەسەڵات وەك شەڕێكی ڕەها و ئۆتۆنۆمی (سەربەخۆیی تاك) وەك خێرێكی ڕەها، شتێكی زۆر بێمانایە. دەسەڵات و سەربەخۆیی دوو شتی ڕێژەیین و بوارەكانی كاریگەرییان بەپێی قۆناغەكانی پێشكەوتنی كۆمەڵگە دەگۆڕێن. ئەگەر ئەم سەربەخۆییخوازانە بەوەندە ڕازی ببونایە و بیانووتایە

کە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە ئایندەدا دەسەڵات دەکاتە شتێکی حەتمی و بەرتەسکی دەکاتەوە لە سنوری هەلومەرجی بەرهەمهێنان دا، ئەوا دەمانتوانی لە یەک تێبگەین. بەڵام ئەوان لە ئاستی ئەو ڕاستیانەدا کە دەسەڵات دەکەنە زەرورەت، کوێرن و بەمجۆرەش بە شێوەیەکی حەماسیانە لەگەڵ وشەکەدا دەجەنگێن.

بۆچی نادەسەڵاتخوازەکان بە دژایەتی کردنی خۆیان بۆ دەسەڵاتی سیاسی، واتە دەوڵەت، ڕازی نابن؟ هەموو سۆسیالیستەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەوڵەتی سیاسی و دەسەلاتی سیاسی لە ئاکامی شۆڕشی کۆمەلایەتی ئایندەدا لەناودەچن. ئەمەش ماناکەی ئەوەیە کە کاروبارە گشتییەکان مۆرکە سیاسیەکەی خۆیان لەدەست دەدەن و دەگۆڕێن بۆ کاروباری ئیداری سادە، بۆ چاودێری کردنی بەرژەوەندی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا. بەڵام نادەسەڵاتخوازەکان داوا دەکەن یەکسەر دەوڵەتی سیاسی لە چاوتروکانێکدا هەڵوەشێتەوە بە بێ ئەوەی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەی دروستی کردووە تێکبشکێنن. ئەوان داوای ئەوە دەکەن کە هەڵوەشانەوەی دەسەڵات یەکەمین کاری شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەبێت. بەڵام ئایا ئەم بەڕێزانە هیچ شۆڕشێکیان بینیوە؟ شۆڕش خۆی بە دڵنیاییەوە کردەیەکی دەسەڵاتخوازانەیە، ئەو کردارەیە کە بەشێک لە خەڵک ئیرادەی خۆی دەسەپێنێت بەسەر بەشێکی تردا، لە ڕێگەی چەک و حەربە و تۆپەکانیەوە، یانی بەهۆی وەسیلەکانی دەسەڵاتەوە. وە لایەنی سەرکەوتوش ئەگەر ویستی سەرکەوتنەکەی بەهەدەر نەڕوا دەبێ پارێزگاری لێ بکا لە ڕێگەی چاوترسێن کردن و چەکەکانیەوە بۆ پاشەکشە پێکردنی کۆنەپەرستان. بۆ کۆمۆنەی پاریس دەیتوانی یەک ڕۆژ بەپێوە بمێنێ ئەگەر خەڵکی چەکدار ئەم دەسەڵاتەی بەکار نەهێنایە دژی بۆرژوازی؟ ئایا بە پێچەوانەوە پێویست نییە لۆمەیان بکەین کە بەتەواوی ئازادیەوە دەسەڵاتیان بەکارنەهێنا؟

کەواتە لێرەدا تەنها دوو ڕێگە هەیە نەک سیان: یان نادەسەڵاتخوازەکان باسی شتێک دەکەن کە دەربارەی هیچ نازانن، لەم حاڵەتەشدا هیچمان بۆ زیاد ناکەن تەنها سەرئێشە نەبێ، یان ئەوەتا دەزانن باسی چی دەکەن بەڵام خیانەت لە بزووتنەوەی پرۆلیتاری دەکەن. بەڵام لەهەردوو حاڵەتەکەدا پێویستە لە دژیان بوەستینەوە.

* فریدریک ئەنگلس لەساڵی ١٨٧٢دا نوسیویەتی لە ئیتالیا، ساڵی ١٨٧٤ لە ڕۆژنامەی ئەلمانوکۆ ڕوپەبلیکانو بڵاوکراوەتەوە.

** ئەم نوسیەنە لە سایتی مارکسیستەکان وەرگیراوە، بەشی عەرەبی. ئەمەش لینکەکەیەتی
https://www.marxists.org/arabic/archive/marx/1872/on_authority.htm

*** دەقە ئینگلیزیەکەی:
https://www.marxists.org/archive/marx/works/1872/10/authority.htm

**مەنسور حکمەت**

# دەربارەی هەڵوەشانەوەی کاری بە کرێ

گفتوگۆ لەگەڵ مەنسور حمکەت لە لایەن علی جوادی لە ڕادیۆی ئینتەرناسیۆنال، ئۆگەستی ٢٠٠٠

وەرگێڕانی لە فارسیەوە:

**جەمال محسن**

**علی جوادی: مەنسور حکمەت ئیجازە بدەن لەو خاڵەوە دەست پێ بکەین کە ئەسڵەن بۆچی ئێوە و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لایەنگری هەڵوەشانەوەی کاری بە کرێن؟ کێشەی ئێوە لەگەڵ ئەمە و ڕەخنەی فەلسەفی ئێوە لە هەبوونی کاری بە کرێ لە کۆمەڵگادا چییە؟**

**مەنسور حکمەت:** ئەگەر لە کاری بە کرێ لە کۆمەڵگادا بڕوانین، لەوە تێ ئەگەین کە چ مەسەلەیەکی نابەجێ بەڕێوەیە. تەماشاکەن، ئەوەی کە کەسێک ئەبێ لەپێناوی کرێدا کار بکات، شتێکی تایبەت بە هەلومەرجی مەوجودی ئەم کەسە بە دەستەوە ئەدات و ئەوەش هەرئەوەیە کە ئەم کەسە ناتوانێ بڕوات خۆی کار بکات، ئەبێ کارەکەی بفرۆشێت. مەبەستم لەوەی کە ئەبێ بڕوات خۆی کار بکات ئەوە نییە بەرهەمێکی بچوکی خۆی هەبێ. یانی لە هیچ ئامڕازێکی بەرهەمهێناندا بە هیچ شێوەیەک بەشدار نیە و ئیرادە و کۆنترۆڵی بەسەریدا نیە. سەرئەنجام ئەبێ کارەکەی بە کەسێک بفرۆشێت کە ڕووەکەی تری ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە کەسانێک هەن کار ئەکرن. وە سەرئەنجام ئەوە ئەمانن کە ئەبێ ئامڕازەکانی بەرهەمهێنانیان هەبێت. چەند کەسێک خاوەنی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتین کە ئەم ئامڕازانەی بەرهەمهێنان لە بزمار و چەکوش و بچوکترین ئامرازی

بەرهەمهێنانەوە بگرە تا کارگەکان، تا ئامێرەکانی بارهەڵگرتن و گواستنەوەی گەورە و تا ئەو دامەزراوە و سیستمانەی کە بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکان بەرهەم دێنن بە هەموو ئاڵۆزیەکانیەوە ئەگرێتەوە. ئەمانە تایبەتن بە توێژ و بەشێکی کۆمەڵگا و زۆرینەش ئەبێ برۆن و هێزی کاریان بەوان بفرۆشن تا بتوانن لە بەرامبەردا پارەیەک وەربگرن. یانی بە کرێیەک کە پارەیەکە لەبەرامبەر فرۆشتنی هێزی کاریاندا وەری ئەگرن. ئەبێ دوایی بتوانن برۆن لە بازاڕی بەرهەمی کارەکەی خۆیان کە دوێنێ خۆیان دروستیان کردوون بەو پارەیە لە بازاڕی بکڕن.
بە واتایەکی تر، ئێوە ئەچن کار ئەکەن، هێزی کارتان ئەفرۆشن، ئەوە هێزی کاری ئێوەیە. کەسانێک کە خاوەنی سەرمایەن، خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن سوود لەو هێزی کارە ئەبینن. ئەو هێزی کارە سەرف ئەبێ و چەند کاڵایەک بەرهەم دێ لەبەرئەوەی ئێوە کارتان بۆی کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی تایبەت بە کەسێکە کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە، تایبەت بە خاوەنی سەرمایەیە، ئەو بەرهەمەکان ئەهێنێتە بازاڕەوە و ئێوەش ئەچن بە کرێکەتان بەشێک لەوانە ئەکڕن تاکو بتوانن زیندوو بمێننەوە. ئەڕۆن ئەیکڕن تاکو بتوانن سبەی دووبارە بڕۆنەوە کار بکەنەوە. زۆرتر کرێکەی ئێوە، لە سەدا نەوەد و شتێکی کرێکەی ئێوە بۆ زیندوو مانەوەی ئێوە، بۆ سەرپەنادانی خۆتان و خێزانتان خەرج ئەکرێت بۆ ئەوەی کە بتوانن دووبارە سبەینی کار بکەن. ئەمە بەزمی لە ژیاندا مانەوەیە و هەموو ڕۆژێک دووبارە ئەبێتەوە.
کاری بەکرێ درێژکراوەی سیستمە چەوسێنەرەکانی ترە. سەردەمێک بوو کە خودی ئینسانی کارگەر، خودی لەشیشی تایبەت بە خاوەن کۆیلەکان بوو. کۆیلەتی شتێک نییە جگە لەوەی کۆیلە کار ئەکات و خاوەن کۆیلەش ئەو بە زیندوویتی ئەهێڵێتەوە. ئەم سیستمی کاری بە کرێیە بەجۆرێکە کە کۆمەڵگای هاوچەرخ، کۆمەڵگای مۆدێرنی سەرمایەداری ئەیەوێ هەمان پەیوەندی چەوسێنەرانەی کۆن لەوێدا شکڵ پێ بداتەوە. یانی کۆمەڵێک ئینسان ناچارن بۆ کەسانی تر کار بکەن. لە سیستمی پێشوودا ئەوە بە هۆی تەوقێکەوە بوو کە کرابووە ملی کۆیلەکان، کە پێیان ئەووت تەوقی کۆیلەتی. لەم کۆمەڵگایەدا بەهۆی جیایی لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و نەبوونی هیچ جۆرە کۆنترۆڵێک بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا ناچارە لە کۆمەڵگادا هێزی جەسەدی خۆی بە وێنەی کاڵا بفرۆشێت تاکو بتوانێت بەشێک لە بەرهەمەکانی خۆی بە دەست بهێنێت و بەکاری بهێنێت!
خودی ئەم هەلومەرجە هەلومەرجێکی قێزەونە. ئەم هەلومەرجە لە یەکەم ڕۆژەوە نەبووە و تا ئەبەدیش نابێ. هەلومەرجێک نییە کە ئەبێ ئینسان بە شێوەیەکی غەریزەیی تیایدا بێت. ئەمە بەرهەمی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە و ئەبێ ئەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانە بگۆڕدرێن. بنەمای ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە من و ئێوە و کەسانێکی تر کە ئەچین کار ئەکەین و هێزی جەسەدی خۆمان ئەفرۆشین بە کەسانێک کە پێشتر چنگیان لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان گیرکردووە کە هەر ئەو ئامرازانەی بەرهەمهێنان لە قۆناغەکانی پێشتردا بەرهەمی کاری خودی ئێمە بوون، و ئێمەیان لێ بێبەش کردوون. سەرئەنجام ئەبێ برۆین و بۆ ئەوەی بەشێک لەو ئامرازانە بۆ زیندەگی خۆمان بە کار بهێنین، ئەبێ کار بۆ ئەوان بکەین.

تەسەورکردنی سادەیە، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی تەواوی ئەو ئامرازانە لەبەر دەستی کۆمەڵگادا بوونایە، ئەوکات کەسێک کرێی بە کەسێکی تر نەئەدا. ئینسانەکان ئەڕۆیشتن و کاریان بەو ئامرازانە ئەکرد، جا بەهەر شێوە ڕێکخستنێک کە لە بەرهەمهێناندا هەیانە، و دواتر ئەگەڕانەوە ماڵەوە و بەرهەمەکانیان بەکار ئەهێنا، مۆڵەتیان هەبوو بچوونایە بڕێک بەنزین کە پێویستیان پێیەتی لەو کۆمەڵگایە وەریانگرتایە، کەسێک ئاڵوێری بە پارە نەئەکرد، کەسێک شتێکی نەئەفرۆشت. لە سیستمێکدا کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان مولکی تایبەتی تاقمێکی کەمە ئەوکات ئێوە ئەبێ هێزی کارتان بفرۆشن تا بتوانن بەو ئامرازانە کار بکەن و ژیانتان دابین بکەن.

**علی جوادی: لایەنێک لەو ڕەخنانەی کە ئێوە باستان کرد، ڕەخنەیەکی ئەخلاقییە لە سیستمی سەرمایەداری. ئایا وایە؟ لایەنەکانی تری ڕەخنەی ئێوە لە مەسەلەی فرۆشتنی هێزی کار چییە؟ بۆ نمونە کرێ بۆ فرۆشتنی هێزی کار، هەلومەرجی فرۆشتنی هێزی کار و شتی لەو بابەتە؟**

**مەنسور حکمەت:** ئەو ڕەخنە ئەخلاقییە ڕەنگە ووشەیەکی گونجاو نەبێ. ئەگەر ئێوە ئینسانێکی یەکسانیخواز بن و باوەڕتان بەوە بێ کە ئەبێ بە یەک چاو سەیری ئینسانەکان بکرێ و کۆمەڵگا نابێ پۆلێن بکرێ و ئینسانەکان لەسەر بنەمای سەرتر و خوارتر دابەش نەکرێن، ئەو کات ئێوە ناڕەزایەتی دەرئەبڕن بەرامبەر بەو پەیوەندیەی کە تیایدا بەشێک لە ئینسانەکان، کەمینەیەکی بچووک، بە حوکمی کۆنترۆڵیان بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە، حوکم ئەکەن و سەروەت پێکەوە ئەنێن و لە بەرامبەریشدا زۆرینەیەکی زۆریش بێجگە لە هێزی کاریان هیچی تریان نییە کە بیفرۆشن و توانای کارکردن یان توانای بەرهەمهێنانیان ئەفرۆشن. ئایا ئەم ڕەخنەیە ئەخلاقییە؟ بەو مانایە ئەخلاقییە کە لە یەکسانیخوازی ئێوەوە سەرچاوە ئەگرێ، بەڵام سەرئەنجام ئەخلاقی نییە، بگرە زۆریش زانستییە چونکە کۆمەڵگا ناتوانێ تەحەمولی ئەو نایەکسانیە بکات. ئەو زۆرینەیە تەحەمولی ئەم نایەکسانیە ناکات و سەرئەنجام ئەمەش بانگەوازێکە سەبارەت بە ئاینده و نیشاندانی ڕێگای ئایندەی کۆمەڵگایە.

سەبارەت بە لایەنە عەمەلیترەکانی ئەم مەسەلەیە مەعلومە کە لەم سیستمەدا ئەو زۆرینەیە لە زۆربەی خۆشیەکانی ژیان بێبەشن و لە کۆتایی تەمەنیاندا کە ئاوڕ ئەدەنەوە و سەیرێکی ژیانیان ئەکەن ئەبینن سی ساڵ، چل ساڵ ڕۆژ بە ڕۆژ کڕیاریان بۆ هێزی کارەکەیان پەیدا کردووە و فرۆشتوویانە و لە کۆتایی ئەم پرۆسەیەدا ئەگەر لەو ماوەیەدا بە هەزار فرتوفێڵی تر و یا بە هەزار فشاری تر مەسەلەی خانەنشینی خۆیان تەرتیب نەکردبێ، ئیتر خاوەنی هیچ شتێک نین. ئەمە لە کاتێکدا کە دێوێک کە لەبەرامبەر ئەواندا ساز کراوە، واتە دێوی سەرمایە، کە بە هێزی خودی ئەوان درووست بووە، سەد قات بەهێزتر بووە. هەرچی زیاتر کار بکەن لایەنی بەرامبەریان بەهێزتر ئەبێ. ئێوە هەرچی زیاتر کار بکەن، سەرمایەداری زیاتر گەشە ئەکات و سەرمایەداران بەهێزتر ئەبن و دەسەڵاتی ئابوری و سیاسیان فراوانتر ئەبێتەوە.

هێزی کار وەک کاڵایەک ئەبەیتە بازاڕ و ئەیفرۆشیت و ئەوان لە بەرامبەردا کرێیەک بەو بڕە ئەدەن کە ئێوە بتوانن بڕۆن و خۆتان بەرهەم بهێننەوە و دووبارە سبەینێ بێنەوە و لە ڕەوەندی

کاردا بەشداری بکەن. ئیتر ڕۆشنە کە ئەو خۆ بەرهەمهێنانەوەیە بە پێویست بە مانایەک مەمرە و مەژی نییە. بەڵام بەهەرحاڵ مەسەلەکە ئەوەیە کە کرێکار چ لە کۆمەڵگا پێشکەوتووە ڕۆژئاواییەکاندا و چ لە کۆمەڵگا دواکەوتووترەکانی وەک ئێراندا، بە بەراورد بە خاوەنانی سەرمایە و بەڕێوەبەران و شتی لەو بابەتە، ئەم توێژە کەمدەرامەتترن. هەمیشە کرێکار بە پێی پێناسەیەک کە هەیەتی و ئەبێ هێزی کارەکەی بفرۆشێ و ئەبێ لە پرۆسەی کاردا بەشداری بکات، لەبەر مەترسی مونافەسەیەک کە لە ڕیزەکانی ئەم هێزە گەورەیەدا هەیە، بە ئەندازەی مانەوەی لە چوارچێوەی ستانداردەکانی ئەو کاتەی کۆمەڵگادا کرێ وەرئەگرێ نەک زیاتر. ئەمە ئیتر دەستپێکردنی مەسەلەکانی لە چەشنی هەژاری، بێبەشی، دواکەوتوویی و زۆر شتی زەرەرمەندی تری وەک ئالودە بوون بە مادە هۆشبەرەکان، لەشفرۆشی، بێفەرهەنگی و هەزار و یەک موسیبەتی ترە کە کۆمەڵگای ئەمڕۆی لە خۆیدا نوقم کردووە. لە پشت هەموو ئەمانەوە هەمان ئەم پەیوەندیە کۆیلەتیەی کرێ ڕاوەستاوە.

**علی جوادی: ئیجازە بدەن من پرسیارێکی ترتان لێ بکەم. ئێوە کاتێک تەرحی ئەوە ئەکەن کە خوازیاری کۆمەڵگایەکن تیایدا کەس ناچار بە فرۆشتنی هێزی کارەکەی نەبێ و یان ئەسڵەن میکانیزمێکی لەو چەشنە بۆ دابینکردنی ژیان لە ئارادا نەبێ، یەکەمین پرسیارێک کە دێتە پێشەوە ئەوەیە بۆ نمونە چ میکانیزمێک جێی ئەو میکانیزمە ئەگرێتەوە کە لەژێر ڕەخنەدایە؟ هێنانەدی پێداویستیەکانی ئینسانەکان لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بە چ جۆرێک دابین ئەبێ؟**

**مەنسور حکمەت:** بەهەرحاڵ مەبستتان لەوەیە کە لەبارەی بەرهەمهێنانەوە قسە بکەین نەک دابەشکردنەکەی...

**علی جوادی:** بەڵێ

**مەنسور حکمەت:** لایەنی بەرهەمهێنانی میکانیزمەکانی جێگرتنەوەی ئەم سیستمە سادەیە. ئەگەر لە هەمان ئەم ئارایشی بەرهەمهێنانەدا کە ئێستا هەمانە بمانەوێ پەیوەندیەکانی هەبوون و موڵکداریێتی کە بەسەر ئەواندا زاڵە بگۆڕین ئەتوانێ تا چەند ماوەیەک کار بکات. ڕۆشنە کە ئاڵوگۆڕێک لە شێوەی بەڕێوەبردن و چەرخاندنەکەیدا بە دەستدێنین. ڕۆشنە کە ئاڵوگۆڕێک لە سەعاتی کار یان هەلومەرجی کار یان ئاسایشی شوێنی کار و شتی لەو بابەتەدا بەدەستدێنین.

با ئێستا بە فەرز وا وەربیگرین کە کارخانەیەکی دروستکردنی کۆمپیوتەر هەر ئێستا لە جێی خۆیدا هەیە من و ئێوە ئەچین لەوێدا کار ئەکەین بەڵام ئەو کارخانەیە ئیتر پەیوەست بە خاوەنێکی دیاریکراوی خۆیەوە بە ناوی کاک فڵان یان فڵان خانەوە نییە کە بەرهەمەکانی ببنە موڵکی ئەو و دواتر ئەو بەشێک لەوە بە شێوەی کرێ بدات بە ئێمە، بەڵکو ئەو کارخانەیە و بەرهەمەکانی موڵکی کۆمەڵگان. لەو حاڵەتەدا کۆمەڵگا هەموو ئێمە وەک هاوڵاتی یەکسان و هاوبەشانی خۆی تەماشا ئەکات، پارەیەک ئاڵوێری پێ ناکرێت. ئێمە ئەچین کار ئەکەین و ئەگەڕێینەوە ماڵەوە. قوباتخانەمان زانراوە، زانراوە دکتۆری ئێمە کێیە، ئەتوانین هەر کاتێک بمانەوێ ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی

بەکاربهێنین، ئەگەر بمانەوێ بچین بۆ شانۆ دەروازەکەی بە ڕووی هەمووانـدا کراوەیە، ئەگەر بمانەوێ خۆراکێکمان هەبێ لە بەردەستماندا ئەبێت. هەر ئێستا هەموو خەڵک لە ئەوروپا لە ڕێی ئینتەرنێتەوە شت ئەکڕن، ئێوە ئەو کات دەست بە دوو دوگمەدا ئەنێن یان ئەڕۆن لە سوپەرمارکێتێک شتێک ئەهێننەوە بە بێ ئەوەی لە کۆتاییدا ناچار بن پارەیەک بدەن.
بۆچی ئەبێ پارە وجودی هەبێ؟ لەبەرئەوەی لە هەلومەرجی باڵادەستی ئێستادا، ئەم کاڵایانە خاوەنیان هەیە و ئەیانەوێ پارە وەربگرن و لەو ڕێیەوە پارە پێکەوە بنێن، لەبەرئەوەی ئینسانەکان بێبەشن و لەبەرئەوەی بەشی کافی لە ئارادا نییە. ئەگەرنا ئەگەر مەسەلەی خانەولانە، بۆ نمونە، بە مافی هەر کەسێک بزانرێت و کۆمەڵگا خانەولانە و بەرهەمهێنانی ئەوە ڕێکبخات بە جۆرێک کە هەر کەسێک مافی هەبێ لە فەزایەکی گونجاو و خانەولانەیەکی گونجاو بەهرەمەند بێت، کە زۆرێک لە وولاتەکان هەتا لە هەلومەرجی ئێستادا تا ڕادەیەک لەم ڕووەوە چوونەتە پێشەوە، ئەو کات من و ئێوە کە ئەگەینە تەمەنی هەژدە ساڵی ئەڕۆین و داوا لە شورای نیشتەجێبوونی گەڕەکی ژیانمان ئەکەین و لەوێ ناوی هەموو ئێمە ئەنووسن و یەکێک لە خانووەکانمان ئەدەنێ و ئەتوانین تیایدا بژین. ئیتر بۆچی ئەبێ پارە بدرێ بە کەسێک؟ وە ئیتر ئەگەر من کرێ نەدەم و پارە بە قوتابخانە نەدەم، پارەی خۆراک نەدەم، کرێی خانو نەدەم، ئەگەر پارە بە گواستنەوە و هاتوچۆ نەدەم، پارە بە کۆمپیوتەریش نەدەم، پارە بە جلوبەرگ نەدەم، میکانیزمی کۆمەڵگا ئیتر پێویستیەکی بەوە نییە کە پارە بدات بە من تا بڕۆم ئەو شتانە بەو پارەیە بکڕم. هەر تەنها لەبەر ئەوەی کە هاووڵاتیم، ئەتوانم بڕۆم سوود لەو شتانە وەرگرم کە هەن.
سەرمایەداران بە ئێمە ئەڵێن: ئەو کاتە خەڵک هێرش ئەبەن هەموو شتەکان ئەبەن بۆ خۆیان. بەڵام واقعیەت ئەوەیە کە بەوجۆرە نابێ چونکە ئینسانەکان کاتێک مومکینە هێرش ببەن کە بیر ئەکەنەوە ئەو شتانەی تاڵانی ئەکەن بە شێوەی ئاسایی نایاندەنێ. ئێوە ئەگەر یەک لەحزە کارەبا لە لوس ئەنجلس ببڕن هەموو شار تاڵان ئەکرێ، یەک لەحزە، بیست دەقیقە کارەبا لە لوس ئەنجلس یان نیویۆرک ببڕێ شار تاڵان ئەکرێ. بەڵام کۆمەڵگایەک کە تیایدا ئەو شتانەی هەیە موڵکی هەمووانە و هەر کاتێک بتانەوێ ئەتوانن موراجەعە بکەن، بۆ نمونە ئەو کتێبخانانەی کە ئێستا هەن و ئێوە ئەتوانن سەردانیان بکەن و کتێب وەربگرن تووشی وەزعێکی لەو چەشنە نابن. ئێستا گەر کارەبا ببڕێ کەسانێک هێرش نابەن کتێب لەو کتێبخانانە قەرز بکەن بە بێ ئەوەی ناوی خۆیان بنووسن. خەڵک هێرش بۆ شتێک ئەبەن کە پێیان وایە بە گشتی پێیان نادەن و پێیان وایە ئیمتیازێکە کە هەرگیز دەست ئەوان ناکەوێ.
ئەگەر ئەوە مافێکی سرووشتی هەر کەسێک بێت کە بڕوات سوود لە سەنتەرە هونەرییەکان وەربگرێت، بڕوات و لە شەقامی گەڕەکەی خۆی سوود لە کۆمپیوتەری ناو سەنتەرە فەرهەنگیەکە وەربگرێت، لە مەلەوانگەکانی گەڕەکدا مەلە بکات، ئەوکات هێرش بکاتە سەر چی؟ کاڵایەک لە ئارادا نییە کە کەسێک بیەوێ بیبات بۆ شوێنێک. ئەو تەماع و چاوچنۆکیەی کە کۆمەڵگای سەرمایەداری خۆی بەرهەمی هێناوە بەشێکی داوە بە ئینسان. ئنجا لەبەرامبەر کۆمۆنیستەکاندا ئەو باسە دێتە پێشەوە کە وەزعیەتێکی کە من باسی ئەکەم، ئیمکانی نییە، لە کاتێکدا بە تەواوەتی مومکینە.

## دەربارەی هەڵوەشانەوەی کاری بە کرێ

**علی جوادی: ڕێگە بدەن من پرسیارێک بکەم. ڕەنگە لە وەڵامەکەی ئێوەدا ئەو پرسیارە بێتە پێشەوە کە چالاکیەکانی بەرهەمهێنان چۆن ڕێک ئەخرێن؟ چالاکیەکانی بەرهەمهێنانی ئابوری لە کۆمەڵگادا چۆن ڕێک ئەخرێن؟ بەشی هەر تاکێک لە بەرهەمهێنانی پێداویستییە کۆمەڵایەتیەکاندا چۆن ڕێک ئەخرێن و بەرنامەڕێژیان بۆ ئەکرێت؟**

**مەنسور حکمەت:** تەماشاکەن، دابەشکردنی کار بە مانای دابەشکردنی کار لە ناو ناچێت، بەڵام دابەشکردنی ئینسانەکان لەسەر بنەمای کار لە ناو ئەچێت. بۆ نمونە، بەوجۆرە نییە کە من ناچار بم کرێکاری قیر بم. ڕۆشنە کە دابەشکردنی کار هەیە یانی چەند کەسێک ئەبێ بڕۆن لە ڕۆژێکدا جادە قیر بکەن یان پاشەڕۆ کۆبکەنەوە یان کۆمەڵێک ئەبێ بڕۆن بەهەرحاڵ دکتۆری بکەن، کۆمەڵێک ئەبێ بڕۆن بەهەرحاڵ بیناسازی بکەن یان هەر کارێکی تر بکەن. بەڵام ئەم کۆمەڵەی کە ئەبێ ئەم کارە بکەن بە پێویست هەمان ئەو کۆمەڵە نین کە دوێنێ ئەو کارەیان کرد، وە بە پێویست ئەو کارە بە ناوچەوانی ئەوانەوە نەلکاوە. بەوجۆرە نییە کە من ئەبێ بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ لە ژیانمدا بەرپرسی کۆکردنەوەی زبڵ بم، یان کرێکاری کانەکان بم، یان حەتمەن هەر ئەبێ سەرباز بم یان شتێکی تر. کەسێک کە دێت لە کۆمەڵگادا کار ئەکات، بەگوێرەی ئامادەییەکەی یان ئارەزووی بۆ کاری جیاجیا کار لە ئەستۆ ئەگرێت. زۆر کار کە قورس و ناپەسەندە و ئینسان ماوەیەک لەگەڵی دەستەو یەخە ئەبێ، بۆ نمونە کاری قورس یان ئەو کارانەی کە قابیلی تووشکردنی نەخۆشیە، یەکەم تەکنەلۆژیا پێشیان ئەخات و دووەمیش ئەبن بە سەرە. سەرئەنجام ئینسان لە مانگێکدا دوو جاریش ئەڕوات لە تیمی پاککردنەوەی شوێنی ژیانی خۆیدا کار ئەکات. بەڵام لە ڕاستیدا ئینسانەکان ئەتوانن لەم کارەوە بڕۆن بۆ کارێکی تر. نەفەرێک ئەتوانێ، بە هەمان شێوە کە مارکس ئەڵێ، بەیانی وێنەکێش و ئێوارە ماسیگر بێ. ئینسان ناچار نییە کە کاری کانەکان و کاری شۆفێری گواستنەوەی گشتی ببێتە کاری هەموو ژیان و داستانی ژیانی من و ئێوە. بەڵێ ئەبێ بڕۆین لە مانگێکدا چەند سەعاتێکی دیاریکراو وەک شۆفێری شەمەندەفەر کار بکەین و چەند سەعاتێکی تریش لە زانکۆ وانە بڵێینەوە، ئەمە عەمەلییە، کۆمەڵگا ئەتوانێ ئەم کارە بکات. ئەوەی کە کێ ئەمە ڕێک ئەخات بە تایبەتی ئێستا بە بۆنەی بەهێزبوونی تۆڕەکانی پەیوەندی گرتن و ئینتەرنێت و پێشکەووتنە تەکنەلۆژیەکانی زانیاریەوە، ئەم مەسەلەیە زۆر سادەتر بۆتەوە، واتە ئەوەی کە چۆن خەڵکانێکی زۆر ئەتوانن دابنیشن و نەخشە دابڕێژن و وردبینی لە تەرحەکانیاندا بکەن و کار بخەنە بەردەمی ئەو کۆمەڵگایە و بۆ ئەوە جلی کار لەبەربکەن. بەهەرحاڵ دابشکردنی کار هەیە بەڵام کارەکان دابەش ئەکەین نەک ئینسانەکان. ئەو دابەشکردنی کارەش ئەبێ بە نەخشەیەک، بە پڕۆژەیەک. ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەری وڵات و گەیشتنی شەمەندەفەرەکان بۆ ئیستگەکان لە کاتی خۆیدا لە وولاتێکدا، ڕۆشنە کە خۆی لە خۆیدا کارێکە، بەڵام ئینسانەکان مراجەعە ئەکەن و لە پێشەوە زانراوە چ کەسێک و لە چ سەعاتێکدا ئەبێ ئەو کارە بکات. خەڵک لەو پێناوەدا خولی فێربوون ئەبینن، ئینسانەکان هەروەها پسپۆڕیی جیاجیا پەیدا ئەکەن، هەروەک ئەوەی کە ئێستا بەمجۆرەی لێهاتووە، زۆرێک لە کارەکان کە پێشتر ڕشتەی نەفەرێک بوون ئێستا زۆرێک لەو بوارەدا پسپۆڕن و شارەزان ئەنجامی بدەن. بە تایبەتی بە هۆی پێشکەوتنی

تەکنەلۆژیاوە فێربوونی کاری جیاجیا بە مانایەک سادە و سادەتر ئەبێ. ئینسانەکان ئەتوانن کون و کەلەبەری ئەو کارانەی کە هەن بەرنە پێشەوە و بە گوێرەی توانایان لە دابەشکردنی کاردا بەشداری بکەن.
ڕۆشنە کە پێویست بە تەمەرکوز و بڕیاردان هەیە، سەرئەنجام ئەو تەمەرکوز و بڕیاردانە بە مانای تەمەرکوزی سیاسی نییە، بە مانای دەسەڵاتی ئەو مەرکەزە نییە. کەسێک کە ئەیەوێت بڕیار بدات کە چۆن شار ئەبێ بە پاکی بمێنێتەوە، یا چۆن ئەبێ پارکەکان درووست ببن، یا بۆ نمونە پیشەسازی کانزا چۆن ئەبێ کارەکانی بڕواتە پێشەوە، بە پێویست هەمان ئەو کەسە نییە کە بڕیار ئەدات من و ئێوە کەی ئەخەنە زیندانەوە! دەسەڵاتی سیاسی هەڵئەوەشێتەوە، بەڵام دەسەڵاتی ئیداری و توانایی ئیداری لە نێوان هاوڵاتیاندا دابەش ئەکرێ.

**علی جوادی: ڕێگە بدەن لە کۆتایی باسەکەماندا بێینە سەر ئەو مەسەلەیە کە ئەویش مەسەلەی شادی ئینسانەکانە. لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیزمی کرێکاری و ئەدەبیاتی مارکسیزمی کلاسیکدا بە شێوەیەکی تایبەتی باس لەوە ئەکرێ کە مەسەلەی شادی ئینسانەکان گرێی خواردووە بە ئەنجامدانی شۆڕشی ئابوری و هەڵوەشاندنەوەی کاری بە کرێ بەتایبەتیەوە و هەوڵێکی زۆر کە لە مێژوودا بەڕێ کەوتوون و تا ئەو جێگایەی کە سەرکەوتوو نەبوون کاری بە کرێ هەڵبوەشێننەوە شکستیان خواردووە و لە مێژوویەکدا سەرلەنوێ دووبارە بۆتەوە. پێمان خۆشە ئەگەر بکرێ ئەم مەسەلەیە زیاتر ڕۆشن بکەنەوە.**
**مەنسور حکمەت:** من وا بیر ئەکەمەوە کە ژمارەی ئەو کەسانەی بتوانن مانگی دەنکە بادامێک بخۆن و تەماشای ئاسمان بکەن و هەست بە شادی بکەن بەهەرحاڵ کەمە. ئەزانم هەندێک هەن ئەڵێن پارە خۆشبەختی ناهێنێ و یان خۆشبەختی مەسەلەیەکی مەعنەوییە و مادی نییە. بەڵام ژمارەی کەسانێک کە بتوانن بەمجۆرە خۆشبەخت بن کەمن. زۆربەی زۆری خەڵک بۆ ئەوەی شاد بن پێویستیان بە ئیمکانات هەیە، پێویستیان بە خانە و لانە هەیە، پێویستیان بە دکتۆر هەیە، پیویستیان بەوەیە ئەمنیەتی ئابورییان هەبێ، پێویستیان بەوەیە ئازادی جموجۆڵیان هەبێ بتوانن لە سەر گۆی زەویەک کە لەسەری ئەژین سەفەر بکەن، پێویستیان بەوە هەیە بە ئینسانی تر ئاشنا ببن، پێویستیان بەوە هەیە دەست بەرن بۆ کاری جیاجیا و کاری تازە فێر ببن. هەموو ئەمانەش یانی ئازادی ئابوری ئینسان، یانی توانایی ئابوری ئینسان. ئەگەر ئێوە بێن بەشێک لە کۆمەڵگا بەوە حوکم بدەن کە ڕۆژی هەشت سەعات یان شەش یان هەرچەندێک بڕوات کارەکەی بفرۆشێ و دواتریش ماندوو و شەکەت بڕواتەوە ماڵەوە و خۆشی تازەی بکاتەوە، بە پێناسەی ووشەکە ئینسانەکانت لە شادی و خۆشبەختی بێبەش کردووە. ئینسانی خۆشبەخت ئینسانێکە کە خەلاقیەتی خۆی بخاتە گەڕ، ئینسانێکە دەرک ئەکات کە کاروبارەکانی و دیاریکردنی ژیانی لە دەستی خۆیدایە، ئینسانێکە کە بیر ئەکاتەوە کە ناچار نییە. ئینسانێکە کە بیر ئەکاتەوە کە ئەتوانێ خۆی ئازادانە بڕیارەکانی بدات. بەهەرحاڵ شادی پەیوەندی بە ئازادییەوە هەیە ئەم ئازادیەش بە بێ ئازادی ئابوری مومکین نییە.

## دەربارەی هەڵوەشانەوەی کاری بە کرێ

لە جەرگەی ئابوری کاری بەکرێدا، لە جەرگەی سیستمی کرێگرتەدا، زۆریک لە ئینسانەکان لە ئازادی بێبەشن. زۆرێک لە ئینسانەکان ناچارن هەموو ڕۆژێک هێزی کاری خۆیان بفرۆشن و گەرنا ئەوا سبەینێ نامێنن، نامێنن هەتا بە مانای فیزیکی ووشەکە. یانی ڕەنگە لە خۆراک و پێداویستی ڕۆژانە و خانەولانە و شتی تر، لە هەموو ئەو ئیمکاناتەی کە ڕێ ئەدات ئینسان بە ئینسانی بمێنێتەوە و هەتا لە پێداوستییە فەرهەنگی و جوانیەکانیش تێر نەبێ. سەرئەنجام فرۆشتنی هەر ڕۆژەی هێزی کار و هەموو ڕۆژێک زوو بەیانیان گەیشتنە بازاڕی کار و بە دوای موشتەریدا گەڕان و بە درێژایی عومر خەمی ئەوەی کە ڕەنگە کارەکەم لە دەست دەربهێنن، ئەمە دژایەتی هەیە لەگەڵ خۆشبەختی ئینسانەکاندا. مارکسیزم ئەو مەکتەبەیە کە لە پشت هەموو ئەو قسە فەلسەفی و سۆفیانە و غەیرە سۆفیانەوە کە سەبارەت بە مانای ژیان و خۆشبەختی ئینسان کراون وەڵامێکی ڕۆشن بەدەستەوە ئەدات و ئەڵێت: ئینسان ئەبێ خۆشگوزەران و ئازاد بێ، بۆ ئەوەی خۆشگوزەران و ئازاد بێ، ئەبێ ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییەی تیایدا ئەژی، سیستمێک بێ لەسەر بنەمای ئازادی، یەکسانی و خۆشگوزەرانی و خۆشگوزەرانکردنی ئینسانەکان فەلسەفەی ئەو سیستمە پێک بهێنێ.

کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەمە نییە، ئێمە ئازاد نین لەبەرئەوەی ناچارین هێزی کارمان بفرۆشین. ئازاد نین لەبەرئەوەی دەوڵەتی چینی دەسەڵاتدار بەسەر سەرمانەوەیە. خۆشگوزەرانی ئێمە ئامانجی کۆمەڵگا نییە، قازانج ئامانجی کۆمەڵگایە. هەربۆیە بەشی هەرەزۆری ئێمە هەست بە شادی ناکات.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئینسانیەت لە دانە دانەی ئێمەدا بە پلەیەک بەهێزە کە هەتا لەم چەرمەسەریەی تێیداین، لە جەرگەی ئەم هەلومەرجە و بەم هەموو فشارەوە، چاومان لە یەکترە و بە یەکترەوە مەشغوڵین و بە مناڵەکانمانەوە و بە مناڵی کەسانی ترەوە مەشغوڵین. کاتێک کە لەم هەلومەرجەی ئێستادا ئەتوانین هەست بە ڕادەیەک لە خۆشبەختی بکەین، بهێننە بەرچاوتان ئەگەر ئەو یەکسانیە ئابوریە دابین ببێ، ئەگەر ئەم کۆیلەتی کرێیە لە ناو بچێ، ئەگەر ناچاربوونی ڕۆژانە بە کارکردن بۆ کەسانی تر و تەسلیم بوون بە کەسانی تر یەخەی خەڵک بەربدات، ئینسان بە چ ئەندازەیەک ئیمکانیەتی ئەوەی هەیە کە بە شادی و خۆشبەختی بژی.

* لە دەقی فارسیەکەوە وەرگێڕدراوە کە لە هەڵبژاردەی کارەکانی مەنسور حکمەت، لە بڵاوکراوەکانی حزبی کۆمۆنیستی کارگەریی -حکمەتیست، ساڵی ٢٠٠٥. دا بڵاوکراوەتەوە (لاپەڕەکانی ١٥٣٣ تا ١٥٣٧)

دەقی فارسیەکە لە ژێر ناونیشانی )در باره لغو کار مزدی گفتگو با علی جوادی، رادیو انترناسیونال -اوت ٢٠٠٠، متن پیاده شده از روی مصاحبه رادیویی( دا لەسەر سایتی مەنسور حکمەت دەست ئەکەوێ: html.fa٣١٩٠# net.archive-public.hekmat . ئەم دەقە کوردیە ماوەیەک لەمەوپێش کراوە و ئێستا دوبارە پێداچونەوەم بۆ کردوە و بە پێویست هەندێ گۆڕانکاریم لە ڕوی زمانیەوە تێدا ئەنجام داوە. (وەگێڕی کوردی)

# بەڵگەنامەکان

# نەخشەڕێگای دەرهێنانی کۆمەڵگای کوردستان لە قەیران و بنبەستی ئێستا

## بۆ پێشەوە بەرەو دەسەڵاتدارێتی شورایی

لە کاتێکدا کۆمەڵگای کوردستان بەرەو پێنجەمین ساڵیادی نارەزایەتیەکانی ١٧ی شوبات دەچوو، جارێکی تر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ژنان و لاوان و خەڵکی ئازادیخواز و بێدەرەتان لەدژی هەژاری و تاڵان و بڕۆی حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستەکان هاتنەوە مەیدان. بزووتنەوەی١٧ی شوباتی رابردوو بەهۆی ئاستەنگیەکانەوە، بەتایبەتی بێبەریبوونی لە ڕابەرییەکی کارساز و شۆڕشگێڕ و سەراسەری و گرفتاربوونی بە ئاسۆی حزبە ناسیۆنالست و ئیسلامیەکان، ناکام مایەوە و سەرئەنجام بەبێ ئەوەی هیچ یەک لە داخوازییەکانی بەدیبێت، لەلایەن دەسەڵاتی میلیشیایی یەکێتی و پارتیەوە سەرکوت کرا.

تایبەتمەندی بزووتنەوەی نارەزایەتی ئەمجارە هاتنە مەیدانێکی راستەوخۆیە دژی هەژاری و برسێتی و تاڵان و بڕۆ و گەندەڵی حزبە دەسەڵاتدارەکانە. ئەویش لەکاتێکدا کە حکومەتی بنکەفراوانی حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکان، وەکو دواکارتی دەستیان دوچاری بنبەست و ناکامی بووە و راستەوخۆ لەلایەن خۆیانەوە هەڵوەشاوەتەوە. لەم هەلومەرجەدا سەرمایەداران و تاڵانچیان و ملیاردلێرە مشەخۆرەکانی سەرانی ئەحزابی حاکم، تەواوی سەروەت و سامانی کۆمەڵگایان بەتاڵان بردووەو هیچ بەرپرسیارێتیەکیش لەئاست ژیان و گوزەران و خزمەتگوزارییەکانی خەڵکدا لەئەستۆ ناگرن. لەوەش زیاتر دەیانەوێ ئەو قەیرانەی لەئاکامی تاڵان و بڕۆی خۆیانەوە پێکهاتوە بە برسیکردن و داتەکاندنی زیاتری گیرفانی خەڵک قەرەبوو بکەنەوە.

لەماوەی چارەکە سەدەیەکی رابردوودا دەسەڵاتی ئەم حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستانە بەهەموو شێواز و فۆرمەکانیەوە تاقی کرایەوە؛ دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی، دەسەڵاتی میلیشیایی

## بەڵگەنامەکان

رووپۆشکراو بە پەرلەمان، دەسەڵاتی ناوچەیی راستەوخۆی میلیشیایی یەکحزبی، دەسەڵاتی دووحزبی لەسەر بناغەی رێکەوتنی ستراتیژی، سەرئەنجامیش حکومەتی نیشتمانی و بنکەفراوانی هەموو حزبە بۆرژوازیەکان.. هەموو ئەمانە ئەزمونی چارەکە سەدەیەک نمایش دەکەن کە پڕە لەکارەسات و تالان و بڕۆ و سەرکوت و تیرۆر و لەژێرپێنانی مافەکانی خەڵک. ئەزمونێکە کە قەڵشتی چینایەتی کۆمەڵگای بەوپەڕی خۆی گەیاندوە؛ لەلایەک جەماوەرێکی ملیۆنی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی بێدەرەتان کە نوقمی هەژارین، لەلایەکی تریشەوە کەمایەتییەکی کەمی تالانچی و سەرمایەداری خاوەن کۆمپانیا کە نوقمی سەروەتن.
ئەم ئەزمونە بنبەست و شکستخواردوە سەلماندویەتی کە دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیۆنالسیتی کورد و حزبەکانی نەک هەر نوێنەری دەسەڵاتداریێتی خەڵک نیە و چاکسازی و بەرەوباشتربردنی ئەم دۆخەیان لەدەستوردا نیە، بەڵکو رێک بەپێچەوانەوە هۆکاری تێکشکاندنی ئیرادەی خەڵک و بەرەو وێرانی و کارەسات بردنی هەرچی زیاتری کۆمەڵگایە. بۆیە لەئێستادا کەئەم دەسەڵاتە لەلایەن خۆیانەوە هەڵوەشاوەتەوە و لە زەلکاوی قەیرانەکانیدا پەلەقاژەی ناکامی دەکات، پێویستە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخواز بەڕیزی رێکخراو و ئامادەوە بێنەمەدان بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم بارودۆخە و بەرپاکردنی دەسەڵاتی راستەوخۆی جەماوەری و بەدەستەوەگرتنی چارەنوس و کاروباری کۆمەڵگا. دامەزراندنی شوراکان و بەرپاکردنی دەسەڵاتداریێتی راستەوخۆ و شۆڕشگێرانەی جەماوەر لەسەربناغەی سیستەمی شورایی، تەنها رێگای شۆڕشگێڕانە و رزگاریبەخشە بۆ دەرهێنانی کۆمەڵگا لە گێژاوی سیاسی و برسێتی و بێدەرەتانی ئێستا.
هەژاری و برسێتی و بێمافی لەپاڵ هەڕەشەی تیرۆریزمی داعشدا، کۆمەڵگای کوردستانی لەناو دۆخێکی لەرادەبەدەر ترسناک و نالەباردا راگرتوە. بۆرژوازی کورد و حزبەکانی جگە لە داشکاندنەوەی ئاکامە کارەساتبارەکانی ئەم دۆخە بەسەر جەماوەری کرێکار و ستەمدیدە، هیچ رێگاچارەیەکی تریان پێنیە. ئەم دۆخە پڕمەترسی و نالەبارە تەنها دەتوانرێت لەرێگای هێنانەمەیدانی شۆڕشگێرانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازەوە بەرەو ئایندەیەکی درەوشاوە و باشتر تێپەڕبکرێت.
ئەزمونی چارەکە سەدەیەک نیشانیداوە کە خولانەوە لە بازنەی ئەو سیستەمە سیاسیانەی کە ئەحزابی بۆرژوازی لەژێر ناوی دەسەڵاتی نیشتمانی و گەل و دیموکراسی و پەرلەمانتاریزمدا، بە بریکاری خەڵک حوکمڕانی بکەن، جگە لە دوبارەکردنەوەی ئەزمونی شکستخواردوی ئەم چارەکە سەدەیە لە دەسەڵاتی بیروکراتیک و سەرو خەڵکی و راپێچکردنی کۆمەڵگا بۆ ناو کارەسات و بێدەرەتانی و بێمافی هیچی تر نیە.
سەرجەم ئەو پرۆژە و بڕیار و هەنگاوانەش کە ئێستا لەلایەن حزبە بۆرژوازیەکانەوە بەتایبەتی گۆڕان و یەکێتی و پارتی، وەکو نەخشەڕێگای دەرچوون لەم دۆخە دەخرێنەڕوو، یان بۆ خراپ کەڵک وەرگرتن لە ناڕەزایەتیەکان و بەکارهێنانی جەماوەرە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کۆنەپەرستانەی ناوخۆی حزبە بۆرژوازیەکان، یان بۆ جڵەوکردن و دامرکاندنەوەی ناڕەزایەتی

جەماوەری و کات کڕینە، بە مەبەستی سازدانەوەی دەسەلاتی گەندەڵ و سەروخەڵکی و بەردەوامیدان بە دۆخی چارەکە سەدەی رابردوو.
بۆیە دەسەلاتداریتی راستەوخۆی نوێنەرانی شوراکانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخواز تەنها ئەلتەرناتیڤی دەستبەجێ و کارسازە بۆ جێگاگرتنەوەی حکومەتی بنکەفراوانی هەڵوەشاوەی حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستەکان.
پێویستە بەوپەڕی هوشیاری و هەست بە بەرپرسیارێتیەوە هەموو هەوڵێک بخرێتەگەڕ بۆئەوەی پرۆسەی گوێزانەوەی دەسەلات بۆ دەستی شوراکان دور لە توندوتیژی و پێکدادان بڕواتە پێشەوە. پێویستە هەوڵی تەواو بدرێت بۆ داخستنی دەرگاکان بەڕووی پەلامار و سەرکوتی حزبە ناسیۆنالیستە چەکدارەکان و دەسەلاتی شکستخواردودا. پێویستە لێبڕاوانە هێزی پێشمەرگە و پۆلیس و هێزە چەکدارەکان بانگەواز بکرێن و بەرچاویان رۆشنبکرێتەوە، کە ئەوان بەشێکن لە جەماوەری برسی و ستەمدیدە و رۆڵەکانی کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز، نابێ بە فڕوفیشاڵی کوردایەتی فریوبخۆن و لولەی چەکەکانیان بۆ بەرگری لە تاقمێک تالانچی و گەندەڵ و مشەخۆر ئاڕاستەی سنگی هاوچین و هاوچارەنوسەکانی خۆیان بکەن کە لەدژی برسێتی و نانبڕین و لەپێناو ئازادی هاتونەمەیدان.
دەسەلاتی شوراکانی نوێنەری خەڵک دەتوانێ کۆنترۆڵی سامان و داهات و بەرهەمهێنان و دابەشکردن بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەدەستەوە بگرێت. بەجۆرێک کە ئازادی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموان مسۆگەر بکات. لەم رێگایەدا پێویستە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری ئێستای کرێکاران و کارمەندان و زەحمەتکێشان و مامۆستایان و ژنان و لاوان و بێکاران و سەرجەم ئازادیخوازان.. هاوکات لەگەڵ پێداگری توند لەسەر داخوازیە دەستبەجێیەکان و سوربون بۆ سەپاندنی بەسەر ئەوانەی داهاتی کۆمەڵگایان بەتالان بردوە، لەسەرجەم ناوەندەکانی کار و گەڕەک و زانکۆ و بەڕێوەبەرایەتیەکان، بە بەرپاکردنی کۆبوونەوە گشتیەکان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان شوراکان بەرپابکەن. شوراکان ئامرازی کارای بەگەڕخستنی ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرن هەم بۆ رێکخستن و رابەری کردنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی ئێستا و هەم بۆ فەراهەم کردنی بناغەکانی ئەلتەرناتیڤێکی دەسەلاتداریتی لەجێگای دەسەلاتی گەندەڵ و شکستخواردووی حزبە بۆرژوازیەکان.
دەسەلاتداریتی شوراکان دەستبەجێ ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ دەکات:
یەکەم: هەڵوەشاندنەوەی هەمو دام و دەزگا بیروکراسی و گەندەڵەکانی ئێستا، هەروەها سەرجەم هێزە چەکدارە میلیشیاییە حزبیەکان. هەموو کەرەسە و دارایی و ممتەلەکاتی ئەم دەزگا و میلیشیایانە لەلایەن نوێنەرانی سەراسەری شوراکانەوە تەرخان دەکرێن بۆ چەکدارکردنی گشتی جەماوەری رێکخراو لە شوراکانی خۆیاندا. هەروەها بانگەوازی هێزە چەکدارەکانی ئێستا (پێشمەرگە و پۆلیس و...) دەکرێن کە ئازادانە بە هاوچارەنوسەکانی خۆیان و هێزی چەکداری شوراکانەوە پەیوەست بن بۆ پاراستی ئازادی و ئاسایشی کۆمەڵگا و دەسەلاتداریتی شوراکان و بەرپەچدانەوەی هەرەشەی داعش.

## بەڵگەنامەکان

دووەم: ئەم هەنگاوانەی خوارەوە وەکو سەرخەت و بنەما سەرەکیەکانی دەستور و قانونی وڵات رادەگەیەنرێن؛

١- گرتنەبەری هەنگاوی بەپەلەو کارساز بۆ گێڕانەوەی هەموو ئەو موڵک و سامانەنەی کە لەم چەند ساڵەدا لەلایەن ئەحزاب و سەران و دەست و پێوەندەکانیانەوە بەتاڵان براوە. ئەوانە لەگەڵ داهاتی نەوت و داهاتەکانی دیکە، تەرخان دەکرێن بۆ باشکردنی ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریە گشتیەکان.

٢- دەستبەجێ لەو داهاتانە هەموو کرێ و موچە نەدراوەکانی سەرجەم کرێکاران و کارمەندان و پێشمەرگە و پۆلیس و مامۆستا و خانەنشین و بیمەکانی تر.. بەسەریەکەوە دابین و دابەش دەکرێن. هەروەها سەرجەم کرێ و موچەکان بەپێی ئاستی گرانی زیاد دەکرێن.

٣- بیمەی بێکاری تەسەل بۆ هەموو بێکارانی ئامادە بەکار دابین دەکرێت.

٤- هەموو بانکەکان لە یەک بانکی گشتی ژێردەسەڵاتی شوراکاندا یەکدەخرێن و داهاتی نەوت و سەرجەم داهاتەکان، هەروەها خەرج و بودجەبەندی وڵات بەشێوەیەکی شەفاف دەخرێتە بەرچاوی جەماوەر و لەژێر کۆنترۆلی راستەوخۆی نوێنەرانی شوراکاندا دەبێت.

٥ –دین لە دەوڵەت و پەروەدە و فێرکردن جیادەکرێتەوە، هەموو ئەو یاسا و رێسایانەی کە سەرچاوەی دینیان هەیە هەڵدەوەشێنەوە، هەرکەس ئازادە هەر دینێکی هەبێت یان هیچ دینێکی نەبێت.

٦- ئازادی بیروباوەڕ، رادەربڕین، چاپەمەنی، مانگرتن و خۆپیشاندان و کۆبوونەوە و رێکخراوبوون و پێکهێنانی ئەحزابی سیاسی بەبێ هیچ قەیدو بەندێک.

٧- یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو لە هەموو مافێکدا وە هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو یاساو رێسایانەی کە ناکۆک بێت لەگەڵ ئەمەدا.

٨- یەکسانی هەموو دانیشتوان بەدەر لە رەگەز و دین و ئەتنیک و...

٩- هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان.

١٠- هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیماننامە و گرێبەستە ئابووری و سیاسیانەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ دوڵەت و کۆمپانیاکاندا بەستویانە و دژ بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانن.

١١- دابینکردنی بیمەی تێروتەسەل بۆ هەموو کەسانێک کە بەهۆی باری تەندروستیەوە توانای کارکردنیان نیە.

١٢- گرتنەبەری هەنگاوی بەپەلە و پێویست بۆ دابینکردن و رێکخستنی گوزەرانێکی گونجاو بۆ ئاوارەکان.

سێهەم: بەرپاکردنی ریفراندومێکی گشتی و ئازادنە لەژێر چاودێری دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان. لەم ریفراندۆمەدا خەڵکی کوردستان ئازادانە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە ئایا دەیانەوێ لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە یان جیابنەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن. پێویستە بەر لە ریفراندۆم ٦ مانگ لە هەلومەرجێکی ئازادانەدا بوار بدرێت هەموو ئەحزاب و رێکخراوەکان ئەلتەرناتیڤی خۆیان بۆ رای گشتی روون بکەنەوە. ئەنجامی دەنگدانی خەڵک هەرچیەک بێت، ئەوە

## بەڵگەنامەکان

تاقە بڕیاری شەرعی خەڵکی کوردستانە و دەسەڵاتی شوراکان بەهەموو توانا بۆ جێبەجێ کردنی دەست بەکار دەبێت.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بانگەوازی هەموو جەماوەری ناڕازی و ئازادیخواز دەکات کە لەپێناو ئەم ئامانجانە و تێپەڕاندنی دۆخی پڕمەترسی ئێستاو بەرپاکردنی دەسەڵاتێکی راستەوخۆی جەماوەری و شۆڕشگێڕانە، لەپشتی ئەم ئەڵتەرناتیڤە رابوەستن و بۆ بەرپاکردنی شوراکان دەستبەکار بن. هەروەها بانگەوازی هەموو هەڵسوڕاوانی کرێکاری و کۆمۆنیست و ئازادیخواز دەکات بۆ نواندنی رۆڵی دەستپێشخەری و پێشڕەوانە لەم رێگایەدا.
هاوکات حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە هەموو حزبە سیاسیەکان پابەندبن بە خواست و ئیرادەی شۆڕشگیرانەی جەماوری کرێکار و ئازادیخوازی بەمەیدان هاتوو و خۆیان نەخەنە بەرامبەر ئەم ئیرادەیەوە. ئەمە تەنها رێگای دەرهێنانی کۆمەڵگایە لە قەیران و بنبەستی ئێستا و دوور راگرتنی لە توندوتیژی و پێکدادانی خوێناوی. سیستەمی شورایی لەگەڵ ئەوەی تەنها شێوازی دەسەڵاتدارێتی راستەوخۆی جەماوەرە، لە هەمانکاتدا باڵاترین جۆری دیموکراتیک و ئازادی سیاسی مسۆگەر دەکات. هەموو حزبە سیاسیەکان دەرفەتی ئەوەیان هەیە بەرێزگرتن لە ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر و بەشدارییەکی سیاسی لەم پرۆسە دیموکراتیک و ئازادانەیە رۆڵی خۆیان بگێڕن و پێگەی خۆیان بەدەست بهێنن.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان
شوباتی٢٠١٦ ٢

# بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری و ئەرکەکانمان

بەرامبەر بە قەیرانی سیاسی و ئابووری و بارودۆخی سەختی هەژاری و برسێتی کە بەهۆی دەسەڵات و بنبەستی دەسەڵاتی ئەحزابی بۆرژوایی کوردەوە روبەرووی جەماوەری کرێکار و کەمدەرامەتی کوردستان بوەتەوە، ڕێگاچارە و بەدیلی سیاسی دامەزراندنی دەسەڵاتی شوراکانی کرێکاران و خەڵکی چەوساوە و زەحمەتکێشی کوردستانە.

بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بێبەش و چەوساوەی کوردستان سەرەنجام دەبێت مەسەلەی دەسەڵات بە قازانجی خۆی یەکلابکاتەوە تا لەو ڕێگایەوە سەرجەم خواست و داواکان و بەرنامەی گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری خۆی بەئەنجام بگەیەنێت. بەڵام بۆ گەیشتنی بزووتنەوەکە بەو ئامانجە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە پێویستن:

• پێویستە بەرامبەر بەم هێرشەی دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆسەر ژیان و گوزەران و تاڵانکردنی گیرفانی مامۆستایان و کارمەندان و کرێکاران و خانەنشینان بزووتنەوە و جموجوڵێکی فراوان و سەراسەری بەرپێبخرێت. ناڕەزایەتیەکان بە فراوانی و لەهەموو شار و شارۆچکەیەک، لەهەموو دامەزراوە و فەرمانگە و نەخۆشخانە و خوێندنگا و زانکۆیەک دەست پێبکات و درێژەی هەبێت.

• ناڕەزایەتیەکان هەموو شێوازەکانی مانگرتن و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان لەناو فەرمانگەو نەخۆشخانە و زانکۆ و خوێندنگاکاندا بگرێتەخۆی. پێویستە بەردەوام شێوازەکانی خەبات و ناڕەزایەتی دەربڕینەکان بگۆڕدرێن و تەنها بەیەک شێوازی ناڕەزایەتیەوە خۆمان تەنگەبەر و قەتیس نەکەینەوە.

## بەڵگەنامەکان

• لەهەموو ناوەندەکانی کار و فەرمانگە و خوێندنگا و زانکۆ و پەیمانگاکان و خەستەخانەکان "دەستەکانی سەرپەرشتی" ناڕەزایەتیەکان لەلایەن هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەرییەوە لە چالاکترین و هەڵسوڕاواترین کەسەکان دروست بکرێن.

• کاری ئەم دەستانە بریتی دەبێت لە دوو ئەرکی سەرەکی:

یەکەم؛ دابینکردنی رابەریەکی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ بۆ سەرپەرشتی ناڕەزایەتیەکان کە هەنگاو بەهەنگاو ئاسۆی داهاتووی روون دەکاتەوە و پێ بەپێ بەرەوپێشچوونی توانای نارەزایەتیەکان، خواستەکان و شێوازی ناڕەزایەتیەکان دەگۆڕن.

دووەم؛ هەنگاونان بەرەو پێکهێنانی رێکخراوەی جەماوەری ئیدامەکار و شوراکان لە ناوەندەکان و شوێنی ژیان و کاردا و لەناو توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگادا. فاکتەرێکی گرنگ بۆدەرکیشانی ناڕەزایەتیەکانی جەماوەر لە پرشوبڵاوی و خۆرسک بوونی، بوونی رابەریەکی موعتەبەر و رێکخراوەی خەباتکاری جەماوەریە.

• بەڵام هەنگاونان بۆ دروستکردنی شورا و رێکخراوەی جەماوەری ئیدامەکار لە دوو ئاستدا بەرجەستە دەبێت:

یەکەم؛ دەستەکانی هەمان پیشە لەناوەندە جیاوازەکاندا پێکەوە تۆڕی دەستەکان دروست بکەن بۆ سەرپەرشتی ناڕەزایەتیەکان لەو ناوەندانەدا. هەروەها دەستەکانی هەرناوەندە هاوکاتی سەرپەرشتی ناڕەزایەتیەکان پێویستە خەریکی رێکخستنی جەماوەری ناڕازی ناوەندەکەی خۆیان بن و ناوبەناو کۆبوونەوەی گشتی سازبکەن و کرێکاران و کارمەندانی ناوەندەکەیان بکەنە بەشداری بڕیارەکان.

دووەم؛ لەگەڵ دەستەکانی دیکەدا لەناوەندە جیاجاکاندا پەیوەندی دروست بکەن بەمەبەستی هاوئاهەنگکردنی کارەکان و ناڕەزایەتیەکان. هەروەها پەیوەندی ئەم دەستانە تا ئاستی شار و شارۆچکەیەک و هەروەها تائاستی سەرجەم شار و شارۆچکەکان بچێت و تۆڕێکی سەراسەری دەستەکانی ناڕەزایەتی لە کوردستاندا دروست بکەن. پەیوەندی نێوان دەستەکانیش بنەمای پەیوەندی نێوان شورا و رێکخراوە جەماوەرییەکان لەئاستی ناوەندەکان و شاروشارۆچکەکاندا فەراهەم دەکات.

• شێوازی کار و دەخالەتی دەستەکان و لەهەنگاوی دواتردا شورا و رێکخراوە جەماوەرییەکان بەوجۆرە دەبێت کە:

یەکەم؛ گرتنەبەری شێوەی گونجاو لە دەربرین و بەرێخستنی ناڕەزایەتیەکاندا و خۆبەدوورگرتن لە رووبەڕووبوونەوەی پێشوەخت لەگەڵ دەسەڵاتدا.

دووەم؛ خستنەڕووی خواستەکان و دەستبردن بۆ شێوازی ناڕەزایەتی دەربرین بەپێی ئاستی ناڕەزایەتیەکان و هاوسەنگی هێزی نێوان جەماوەر و دەسەڵات.

سێهەم؛ لەو شوێنانەدا کە خزمەتگوزاری زۆر پێویست پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکرێ و کاریگەری راستەوخۆی بۆسەر سەلامەتی ژیانی هاوڵاتیان دەبێ، بەشێوەی درێژماوە کار راگرتن ئەنجام نەدرێ، یان سیستەمی خەفارەت رەچاوبکرێ.

## بەڵگەنامەکان

چوارەم؛ دەستەکان و ڕێکخراوەکان و شوراکان لەو ناوەندانەی کە داهاتیان هەیە ئیدارە و حکومەت ناچاربکەن کە بەشێک لەو داهاتە تەرخان بکرێ بۆ موچەی کرێکار و فەرمانبەران و کارمەندانی ئەو شوێنانە. هەروەها لەکاتی پێویست و گونجاودا خۆیان دەستبەرن بۆ جێبەجێ کردنی.

پێنجەم؛ پروپاگەندەی فراوان لەناو جەماوەردا بۆ شورا و ڕێکخراوەی جەماوەری و هەروەها ناساندنی شورا لە ئاستێکی فراواندا. هەوڵدانی بەبەرنامە بۆ سود وەرگرتن لە میدیا بۆ ئەو مەبەستە.

شەشەم؛ وەڵامدانەوەی دەستبەجێ و گونجاو دژی بڕیار و هەنگاوەکانی دەسەڵات بۆ پشتگوێ خستنی خواستەکان بە بەیانی کورت و شێوازی گونجاو. توندکردنەوەی فشار لەسەر ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە بەشێوەی بەیناوبەینی و ناپەیگرانە بەرگری لە ناڕەزایەتی و خواستەکانی جەماوەر دەکەن.

### • داواکارییەکان: داواکارییە دەستبەجێکان؛

١- هەڵوەشاندنەوەی پاشەکەوتی زۆرەملێی موچە و دانی موچە بەبێ دواکەوتن و لەکاتی خۆیدا. گێڕانەوەی موچە دەستبەسەرداگیراوەکان لەلایەن حکومەتەوە.

٢- دابینکردنی لانیکەمی بژێوی بۆ ئەو کەس و خێزانانەی کە بەهۆی قەیرانەوە کارەکانیان لەدەستداوە.

٣- دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتی و سەرەتاییەکان، وەکو دابینکردنی ئاو و کارەبا و نەخۆشخانە و سوتەمەنی...

٤- ئازادیی بێچەندوچوونی ناڕەزایەتی دەربڕین بەشێوەی جەماوەری: کۆبوونەوە، مانگرتن، دەستلەکارکێشانەوە، ڕێپێوان و خۆپیشاندان. ئازادیی بێچەندوچونی ڕێکخراوبوون و دروستکردنی ڕێکخراوەی جەماوەری سەربەخۆ لە دەسەڵات.

• کێشەی خەڵک تەنها کێشەی موچە و نەبوونی خزمەتگوزاری نیە، بەڵکو کێشەیەکی ئابووری و سیاسی هەمەلایەنە کە سەرتاپای کۆمەڵگای بەرەو داڕوخان بردوە. برسێتی و بێدەرەتانی ڕووبەڕووی دەیان هەزار خێزان بۆتەوە کە هیچ سەرچاوەیەکی داراییان نەماوە بەهۆی ڕاوەستانی پرۆژەکان و قەیرانی ئابووریەوە. بارودۆخی ژیان و گوزەرانی لاوان و بێکاران بەشێوەیەکی سامناک خراپ بوە. ژنان باری سەختی ئەم بارودۆخە قەیرانگرتوەیان بەکۆڵدا دراوە و ئەوەندەی دیکە مافەکانیان پایەماڵ کراوە. بۆیە ناڕەزایەتی جەماوەر بوعدێکی فراوان و هەمەلایەنی بەخۆوە گرتوە.

لەو ڕووەوە، هاوکاتی ڕێکخستنی نارەزایەتیەکان و پێکهێنانی دەستە و ڕێکخراوەی جەماوەری و شوراکان لە ناوەندەکانی کاردا، پێویستە هەڵسوڕاوانی ڕادیکاڵ و ئازادیخواز و یەکسانیخواز و کۆمۆنیستی ناو بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری لەهەوڵی ئەوەدابن و دەست بەرن بۆ

دروستکردنی دەستە و گروپ و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لەناو توێژە ناڕازی و بێماف و چەوساوەکانی کوردستاندا:

١- پێکهێنانی دەستەکانی گەڕەک لە کەسانی هەڵسوڕاو و چالاکی گەڕەک و بەتایبەتی گەنجان بۆئەوەی سەرپەرشتی نارەزایەتیەکانی گەڕەکەکان بکەن و ڕووبەڕووی دامودەزگا پەیوەندیدارەکانیان بکەنەوە. هەروەها ئەو گروپی گەنجانە لەکاتی پێویستدا دەتوانن هەستن بە پاراستنی ئارامی و ئاسایشی گەڕەکەکانیان و ڕێگا بگرن لەکاری پشێوی و تاڵانکردن.

٢- بەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی دژی بێکاری. دەستەکان و گروپەکانی ناڕەزایەتی لەناو ئەم بەشانەدا پێک بهێنرێن و لێک گرێبدرێنەوە و گەشەی پێبدرێ بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی جەماوەری کە دروشمی دابینکردنی بژێوی و بیمەی بێکاری بەرز بکاتەوە و لەگەڵ بزووتنەوەی گشتی جەماوەریدا گرێبخواتەوە. گەنجان و دەستە و گروپەکانی گەڕەکەکان دەتوانن دەورێکی بەرچاویان هەبێ لەم بزووتنەوەیەدا.

٣- بەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازی ژنان لەلایەن هەڵسوڕاوانی یەکسانیخوازی ژنانەوە کە هاوکات بۆ بەدیهێنانی مافە سەرەتاییەکانی ژنان و پرسی یەکسانبوونیان لەگەڵ پیاواندا تێبکۆشێت و هاوکات ببێتە بەشێک لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی گشتی بۆ نان و ئازادی.

• یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی ئێستا کە فرسەتی سەرکەوتنیشی کەم دەکاتەوە ئەوەیە کە چینی کرێکار لە کوردستان دەورێکی بەرچاوی تێدانیە، بەتایبەتی کرێکارانی ناوەند و دامەزراوە ئابووریە هەستیارەکانی وەکو نەوت و گاز و بەرهەمهێنانی کارەبا و چیمەنتۆ و... تاد. پێویستە بەشێوەیەکی لێبڕاوانە کاربکرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە.

دەبێ هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری و بەتایبەتی هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست و چەپ هەوڵی جدی بدەن بۆ دەستڕاگەیشتن بەم ناوەندانە. پێویستە گروپ و دەستەی جۆرواجۆری کرێکاران لەو ناوەندانەش دروست بکرێن. هەنگاو بەرەو دروستکردنی ڕێکخراوەی جەماوەری و شوراکانی خۆیان بنێن. بزووتنەوەی کرێکاری لەم ناوەندانە لەگەڵ بزووتنەوەی گشتی لێک هەڵپێکرێن.

ئەم هەنگاوانەی سەرەوە لە پرۆسەیەکی ئامادەسازی سیاسی و ڕێخکراوەیی جەماوەردا دەچێتە پێشەوە تا ئەوکاتەی کە دەستە ناڕەزایەتیەکان فراوان بوونەتەوە و جەماوەرێکی فراوانتر پێیانەوە پەیوەست بوون و هەنگاویان ناوە بەرەو دروستکردنی شورا و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لەناو خەستەخانە و فەرمانگە و ناوەندەکانی خوێندن و دامەزاروە ئابوورییەکان و پاشانیش گەڕەکەکان. ئەم پرۆسەیە لەگەڵ چونەسەری هێز و توانای جەماوەر بۆ سەپاندنی خواستەکان و بەدیهێنانیان بەرەوپێش دەچێت. لەو جێگایانەی کە دەسەڵات وەڵام ناداتەوە خۆی ئەوەندە هێزی پەیدا کردوە کە تەرحەکان و ڕێگاچارەکانی خۆی جێبەجێ دەکات و بەوجۆرە لەگەڵ دروستبوون و بەهێزبوونی شورا و ڕێکخراوە جەماوەریەکاندا لە ناوەندەکان و گەڕەکەکاندا ئیتر لە خوارەوە جەماوەری ناڕازی و هوشیار و ڕێکخراو دەست دەبات بۆ جێبەجێکردنی فەرمان و بڕیارەکانی خۆی لە خوارەوە. بەکردەوە دەسەڵاتداریتی شورا و ئەنجومەنەکانی خەڵک لە خوارەوە جومگە

## بەڵگەنامەکان

ئابووری و سیاسیەکانی کۆمەڵگا دەخاتە ژێر دەستی خۆیەوە و بەکردەوە زەمینەی ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی شوراکان فەراهەم دەبێت.

لەکۆتاییدا بانگەوازی سەرجەم ئەندام و لایەنگرانی حیزب، هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست و چەپ، ئازادیخواز و یەکسانیخواز و هەموو ئەو کەس و لایەن و گروپانە دەکەین کە خوازیاری کۆتاییهێنان بەم بارودۆخە کارەساتبارەی خەڵکی کرێکار و کەدەمدەرامەتی کوردستانن، پێکەوە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئەرکانە هەنگاوبنێین .

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
٢٠١٦-٣-١٩

بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

# سەبارەت بە ڕاگەیاندنی فیدراڵیزم لە "ڕۆژئاوا- باکوری سوریا"

ڕۆژی پێنجشەممە ١٧-٣-٢٠١٦ لە شارۆچکەی ڕومێلان لە سوریا، لە کۆنفرانسێکدا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی لایەن و هێزە سیاسیەکان و هاووڵاتیانی هەرسێ کانتۆنی جەزیرە و کوبانێ و عەفرین، سیستەمی فیدراڵی لەژێرناوی "سیستەمی فیدراڵی دیموکراتیک لە ڕۆژاڤا - باکوری سوریا" ڕاگەیەنرا. بەپێی ڕاگەیاندنەکە، ئازادی ژنان و شێوازی بەڕێوەبردنی زاتی دوو پرەنسیپی بنەڕەتی دەسەڵات دەبن. بەرپرسانی پەیەدە کە حزبەکەیان خاوەنی هێز و دەسەڵاتی سەرەکییە لەو ناوچانەدا و خاوەنی پرۆژەکەشن، ئەوەیان ڕاگەیاندوە کە سیستەمی فیدراڵی لە "ڕۆژاڤا -باکوری سوریا" نەتەوەیی نیە و بەڵکو فیدرالیزمێکی ناوچەییە و بۆسەرجەم دانیشتوانی ئەو ناوچانەیە کە لە کورد و عەرەب و تورکمان و سریان و نەتەوەی دیکە پێکهاتوون.
بێگومان بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە دژی ڕێکخراوی دڕندە و هەوسارپچڕاوی داعش و ئیسلامی سیاسی، دوورخستنەوەی لە گێژاوی شەڕی ناوخۆ و سیناریۆی ڕەشی سوریا، پەسەندکردنی مەرسومی مافەکانی ژنان و هەروەها خۆپاراستن لە بەرجەستەکردنی ناسنامەی قەومی و دەستەبەندی نەکردنی هاوڵاتیان لەسەر بناغەی ناسنامەی کۆنەپەرستانەی قەومی و دینی.. کۆمەڵە دەسکەوتێکن بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە کە دەبێ پارێزگارییان لێبکرێت. بەدەرلەوەی کە هێزەکانی پشتی ئەم ڕاگەیاندنی فیدرالیەتە بەدوای چ بەرژەوەندییەکی سیاسیەوەن، هەروەها بەدەر

## بەڵگەنامەکان

لە لایەنە نێگەتیفەکانی سیستەمی فیدرالی، تەنانەت ئەگەر نەتەوەییش نەبێت، بەڵام پاراستن و پەرەپێدانی ئەو دەستکەوتانە بە دەسەڵات و ئیدارەیەکی یەکگرتوو و سەراسەری باشتر مەیسەر دەبێت کە لانیکەم ئەوناوچانە لێک گرێبداتەوە و بە یەک دەستور و یاسای پێشکەوتووانە بەڕێوەیان بەرێت. بەڵام نەک هەر مەرج نیە بەڵکو پێویستیش نیە ئەمە بەرگی فیدرالیزمی بەبەردا بکرێت. باشتر وایە دەسەڵاتێکی سەراسەری دیفاکتۆی سەربەخۆی کاتی تا هەلومەرجی سیاسی سوریا یەکلایی دەبێتەوە، دابمەزرێنن. چونکە ئەم فیدراڵیزمە یەکلایەنە هیچ بوارێک بۆ خەڵکی سەراسەری سوریا ناهێڵێتەوە بۆ بڕیاردان لەسەر شێوازی دەسەڵاتی سیاسی.

لەهەلومەرجی سەخت و لێکئالۆزکاوی ئێستای ناوچەکەدا و دژایەتی دەوڵەتی تورکیا و سوریا و سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی -نەتەوەپەرستی سوریا و پیلانەکانیان بۆ خنکاندنی ئەم گیانی بەرەنگارییە و شکاندنی ئیرادەی خەڵکی ئەو ناوچانە و هەروەها پاشەکشەکردن بە دەستکەوتەکانی خەڵک، گرتنەپێشی سیاسەتی هوشیارانە بەرپرسیارێتیەکی گرنگ و چارەنوسسازە بۆ هەر هێز و لایەن و حزبێک کە ژیان و ئایندە و دەستکەوتەکانی خەڵکی ئەو ناوچانەی بۆ گرنگە. مەرجێکی سەرەکی پاراستنی ئەو دەستکەوتانە و پەرەپێدانی ژیانی مەدەنی و دوور راگرتنی لە سیناریۆی تەڵخی کێشمەکێشی قەومی و دینی، قوڵکردنەوەی گیانی هاوچارەنوسی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەیە بە دوور لە ناسنامە داتاشراوە نەتەوەیی و دینیەکان. لەکاتێکدا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نوقمی کارەساتە قەومی و دینیەکانە، خۆ دورگرتنی هەر دەسەڵاتێک لە ناسنامە کۆنەپەرستە قەومی و دینیەکان، مەرجی سەرەکییە بۆ تەبایی لەگەڵ ئاوات و ئارەزوە ئینسانی و پێشکەوتووەکان.

پاراستنی دەستکەوتەکانی خەڵک و کردنەوەی دەرگای ئومێد و ئاسۆیەکی ئینسانی کە ماف و ئازادییەکانی جەماوەر و بەتایبەتی ژنان دەستەبەر و جێگیر بکرێت، پێویستی بەوەیە کە سیستەمێکی سیکولار و غەیرە قەومی دابمەزرێت، دەسەڵاتی خەڵک لە خوارەوە و دیموکراسی راستەوخۆ و ئیرادەی جەماوەر بەرجەستە بکرێت، هەروەها لە گرەوی ئەوەدایە کە سیستەمی سیاسی ئەو ناوچانە بە سیستەمی شورایی بەڕێوەببرێت. بە پێچەوانەی پارلەمانتاریزم و شێوەکانی دیکەی دیموکراسی بۆرژوازیەوە کە هەموو رۆڵ و بەشداری جەماوەر لە دەسەڵاتدا تەنها لەوەدا بەرتەسک دەکاتەوە کە چوارساڵ جارێک ببرێنە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، سیستەمی شورایی بەشێوەی بەردەوام جەماوەر لەمەیدان رادەگرێت و دەسەڵاتی راستەوخۆی خەڵک دەکاتە زامنی پاراستنی ماف و بەرژەوەندیەکانیان. سیستەمێکی شورایی کە لەسەر بنەمای چەکدارکردنی گشتی جەماوەر وەستابێت و هەموو جۆرە سیمایەکی چەکداریی حزبی و میلیشیایی حزبی نەهێڵێت. یاسای یەکسانی ژن و پیاو لەهەموو بوارێکی سیاسی، یاسایی و کۆمەڵایەتیدا جێگیر بکات. جیایی دین لە دەوڵەت بەکردەوە ئەنجام بدات. یاسایەکی کاری پێشڕەو پەسەند بکات کە مافە سەرەتاییەکانی کرێکاران و هەلومەرجێکی ئینسانیتر بۆ ژیان و کاریان فەراهەم بکات. ئازادیی هەڵسوڕانی سیاسی و رێکخراوبوونی سیاسی و جەماوەری دەستەبەر بکات و مافی هاوڵاتیبوون، سەربەخۆ لە باکگراوندی دینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و رەگەزی، بۆ دانیشتوانی

## بەڵگەنامەکان

ئەو ناوچانە دابین بکات... تەنها شێوازێکی دەسەڵاتی سیاسی دیموکراتیک و جەماوەرییە کە لەسەر بنەمای ئەوپەڕی ئیرادە نواندنی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخواز و یەکسانیخواز دامەزرابێت. هەر هێز و لایەنێکی سیاسی کە بەڕاستی بیەوێ بەئاقاری ئازادی و دەستەبەرکردنی ئاوات و ئارەزووەکانی خەڵکدا هەنگاو هەڵگرێت، پێویستە پێداگری لەسەر دامەزراندنی سیستەمی شورایی بکات.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
٢٠١٦-٣-٣٠

A political intellectual quarterly issued by
Worker-communist Party of Kurdistan

THIRD Issue, APRIL 2016